

# یەکەم بەردی سەنگەر

هیوا سەید سەلیم

بەردی یەکەم نادەم بە کەس

ئەو بەردەم ناسنامەیە

ئەگەر دوژمن

تانك و فرۆکە دەنێرێ

با بزانێ

منیش یەکەم بەردم هەیە

- ناوی کتێب: یەکەم بەردی سەنگەر
- بابەت: بیرەوەری | پێشمەرگایەتی | بەڵگەنامەیی
- ئامادەکردن: هیوا سەید سەلیم
- پێداچونەوەی هونەری، دیزاینی ناوەوە: دادیار ئازاد
- بەرگ: زاگرۆس ڕێباز
- چاپخانە: هێڤی
- چاپ و ساڵ: یەکەم - ٢٠٢٤
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان، ژمارەی سپاردنی (١٢١٤ )ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

**ئەم کتێبە پێشکەشە بە:**

- ئەوانەی بوونە سەدەقەی کوردستان.
- ئەوانەی لە ڕێبازی (کوردایەتی) لایان نەدا.
- هاوڕێیانی سەید سەلیم.
- دایکم.

**سوپاس و پێزانین:**

لەپای هاوکاری و بەدەمەوەهاتنیان، لە کانگای دڵمەوە سوپاس بۆ:

- ئەو هاوڕێ قەدرگرانانەی هەلی دیمانەیان بۆ ڕەخساندین و زانیارییان پێداین.
- هاوڕێیان: ڕێباز مستەفا، مەریوان زەندی، کە بە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا چوونەوە و گەلێك زانیاریی گرنگیان پێدام.
- زاگرۆس ڕێباز، دیزاینی بەرگ و پێداچونەوەی کتێبەکەی لەئەستۆ گرتوە.
- دادیار ئازاد، ئەرکی دیزاینی ناوەڕۆك و پێداچونەوەی هونەریی کتێبەکەی لەئەستۆ گرتوە.

## پەیکەری کتێب


ناوەڕۆك | ل: ١٦ - ١٩٢

پاشکۆ: بەڵگەنامە و وێنە | ل: ١٩٢ - ٢٨٢

فەرهەنگۆك: | ل: ٢٨٢ - ٣١١

کەسەکان | ل: ٢٨٢

شوێنەکان | ل: ٣٠٦

سەرچاوەکان | ل: ٣١١ - ٣١٣


هەواڵنامەی کتێب

## پێرست


پێشەکی ........ ١٢

**بەشی یەکەم: ڕواندز لە سەردەمی دوو جەنگی جیهانیدا:** ........ ١٦

١-١: ڕواندز لە یەکەم جەنگی جیهانیدا ........ ١٦

١-٢: جوڵانەوەی سیاسی لە ڕواندز ........ ١٨

١-٣: ڕواندز لە دوای دووەم جەنگی جیهانی ........ ٢٠

١-٤: سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڕێکخستنی پارتی لە گوندەکانی ڕواندز ........ ٢٣

**بەشی دووەم: ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەیدەکان** ........ ٢٧

٢-١: ڕۆڵی سەیدەکانی لە بزاڤی کوردایەتی ........ ٢٧

٢-٢ هاتنی سەیدەکان بۆ ڕواندز و دەوروبەری ........ ٢٩

٢-٣: چیای کوڕەک، هاوینەهەواری سەیدەکان ........ ٣٠

٢-٤: ژیان لە گوندەکانی کانیەقوڕ و بێخاڵ ........ ٣٢

٢-٥: دووبەرەکیی حزبایەتی لەنێو خێزانی کورددیا ........ ٣٥

٢-٦: شکاندنی دەرگای زیندان ........ ٣٦

٢-٧: ئازادبوون لە زیندان ........ ٣٨

**بەشی سێیەم: شۆڕشی ئەیلول و ڕۆڵی خەڵکی دەڤەری ڕواندز لەو شۆڕشەدا** ........ ٤٠

٣-١: پێشمەرگایەتی ........ ٤٠

٣-٢: گیرانی کەسوکاری پێشمەرگە ........ ٤٢

٣-٣: سوتاندنی ماڵە پێشمەرگە ........ ٤٤

٣-٤: ئاوەدانکردنەوەی کانیەقوڕ و داڕمانی گرکەند ........ ٤٦

٣-٥: بۆردمانی تۆپەکان و تەقەکردن لە ماڵە پێشمەرگە ........ ٤٧

٣-٦: بەشداری لە یەکەمین شەڕی بەرەیی ........ ٤٨

٣-٧: شەڕەکانی ناو گەلی عەلیبەگ ........ ٥٠

٣-٨: هەیکەلی دامەزراوە سەربازییەکان لە شۆڕشی ئەیلول ........ ٥١

٣-٩: بەشداری لە پەیمانگەی کادیران ........ ٥٢

**چوارەم: شکستی گفتوگۆ و دەستپێکردنەوەی شەڕ** ........ ٥٥

٤-١: دامەزراندنی هێزی باڵەک ........ ٥٥

٤-٢: گواستنەوە بۆ لیژنەی ناوچەی باڵەک ..... ٥٧
٤-٣: شەڕی گوندەکانی سەرچیا ..... ٥٨
٤-٤: گفتوگۆی ١١ ئادار و گەڕانەوە بۆ ڕواندز ..... ٦٠
٤-٥: ئاودانکردنەوەی گەڕەکی شۆڕش ..... ٦١
٤-٦: ڕواندز لە چوار ساڵی گفتوگۆی ١٩٧٤دا ..... ٦٢
٤-٧: دامەزراندنی لقێکی تایبەت بە هێزی پێشمەرگە ..... ٦٤
٤-٨: شکستی دانوستان و دەستپێکردنەوەی شەڕی پێشمەرگە و ڕژێم ..... ٦٧
٤-٩: شەڕی گرتنەوەی سەنگەرەکانی گۆڕنۆک ..... ٦٩
٤-١٠: گواستنەوە بۆ هێزی حەمرین ..... ٧١
٤-١١: هێرشی پێچەوانەی دوژمن ..... ٧٣
٤-١٢: یەکەم بەردی سەنگەر ..... ٧٦
**پێنجەم: لە پاداشتی ئازایەتی** ..... ٧٩
٥-١: سەید سەلیم لە سەنگەری بەرگریەوە بۆ زیندانی شۆڕش ..... ٧٩
٥-٢: ئازادبوون لە زیندانی خەلان ..... ٨٢
٥-٣: ڕۆڵی دێهاتەکان لە دالدەدانی کەسوکاری پێشمەرگە ..... ٨٣
٥-٤: شەڕی گرتنەوەی سەنگەرەکانی چیای زۆزک ..... ٨٥
٥-٥: دیدار لەگەڵ بارزانی ..... ٨٦
٥-٦: لە گردوگۆ چ باس بوو؟ ..... ٨٧
**بەشی شەشەم: هەرسی شۆڕشی ئەیلول و سەردەمی ئاوارەیی** ..... ٩٠
٦-١: گوندی ئۆمەراوە و لەدایکبوونی هێرش ..... ٩٠
٦-٢: ئاوارەبوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ..... ٩١
٦-٣: چوون بۆ کەرەج ..... ٩٣
٦-٤: دەستگیرکردنی دوو برا لەلایەن ساواک ..... ٩٥
**بەشی حەوتەم: قۆناغی هەستانەوەی دوای نائومێدی** ..... ٩٨
٧-١: گەڕانەوە بۆ باشوری کوردستان ..... ٩٨
٧-٢: دوو ساڵ لەژێر چاودێریدا ..... ٩٩
٧-٣: ڕۆڵی جوامێرانەی خەڵکی باڵەکایەتی ..... ١٠١

**بەشی هەشتەم: سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ** ........ ١٠٤
٨-١: دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان ........ ١٠٤
٨-٢: جموجۆڵەکانی دەستپێکردنەوەی شۆڕش ........ ١٠٥
٨-٣: دەربازبوون لە بازگەی دەربەندی شەقڵاوە ........ ١٠٧
٨-٤: بەرەو ناوچەی ئازادکراو، یەکەم دیداری پێشمەرگە ........ ١٠٨
٨-٥: دامەزراندنی هەرێمەکان و هەرێمی (١٢) بە تایبەت ........ ١١٠
٨-٦: کێشەکانی بزوتنەوە لەنێو نیمچە بەرەی یەکێتی ........ ١١٣
٨-٧: هەڵوێست لە تەعریبی سیستەمی خوێندن ........ ١١٤
٨-٨: پاکسازیی پیاوانی ڕژێم ........ ١١٦
٨-٩: خیانەتی میرمحێ و ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکان ........ ١١٧
٨-١٠: فشارەکانی ڕژێم بۆسەر کەسوکاری پێشمەرگە ........ ١١٩
٨-١١: شین و شایی ........ ١٢٠
٨-١٢: ژیانی خانەوادەی پێشمەرگە لە شار ........ ١٢١
٨-١٣: گیران لە کاتی چوونە سەرکار ........ ١٢٣
٨-١٤: ئەمنەکان چۆن گەیشتبوونە سەر سەربان؟ ........ ١٢٥
٨-١٥: مودیر ئەمن هات ........ ١٢٦
٨-١٦: یەکەمین دیدار لەگەڵ سەید سەلیم ........ ١٢٧
**بەشی نۆیەم: بەشێک لە شەڕو داستانەکانی شۆڕشی نوێ** ........ ١٣٠
٩-١: کەمینی ناو گەلیی عەلیبەگ ........ ١٣٠
٩-٢: ڕەشبگیریی خەڵکی گوندی سرێشمە ........ ١٣١
٩-٣: ئەو کەمینەی گەورەترین شەڕی بەرەیی لێکەوتەوە ........ ١٣٢
٩-٤: چۆن قەمسەڵەکەی سەید سەلیم گەیشتە دائیرەی ئەمن؟ ........ ١٣٤
**بەشی دەیەم: گەشتکردن بۆ سەرکردایەتی** ........ ١٣٨
١٠-١: دیدار لەگەڵ مام جەلال ........ ١٣٨
١٠-٢: تورەبوونی مام جەلال لە عەلی نەبی ........ ١٣٩
١٠-٣: شەهیدکردنی مەلا ئەحمەد بوورانی ........ ١٤٠
١٠-٤: بەشداری لە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ........ ١٤٢

١٠-٥: گەڕانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ........ ١٤٦
١٠-٦: تیرۆرکردنی عەزیزی ڕابێ ........ ١٤٩
١٠-٧: لەناو گەمارۆی جاشەکاندا ........ ١٥٠
١٠-٨: هەواڵی شەهیدبوونی حەوێز هیرانی ........ ١٥٢
١٠-٩: کێ بوو گوتی بەلاغی شەهیدبوونی سەید سەلیم ناخوێنمەوە؟ ........ ١٥٤
**بەشی یازدەم: ساڵی ١٩٧٩ دوایین ساڵی تەمەنی سەید سەلیم** ........ ١٥٧
١١-١: گفتوگۆی شۆڕش و بەعس ........ ١٥٧
١١-٢: گفتوگۆی سۆسیالیست و ڕژێم ........ ١٥٨
١١-٣: شەڕی سماقولی و شکستی گفتوگۆکان ........ ١٥٩
**بەشی دوازدەم: داستانی سماقولی** ........ ١٦٣
١٢-١: نمایشی هێزی سەربازی ........ ١٦٣
١٢-٢: لە گوندی سماقولی گرتک هەمان بەزم ڕوودەدات ........ ١٦٤
١٢-٣: ئەو سەربازانەی لە کۆپتەر دابەزێندران چۆن ڕەوانەی دۆزەخ کران؟ ........ ١٦٥
١٢-٤: کاتێک شەهید شینەی بۆڵێ بەرنامەی پەلاماری تانکێک دادەنێت ........ ١٦٧
١٢-٥: بۆچی شەهید سەید سەلیم داوایکرد بیکوژن؟ ........ ١٦٨
١٢-٦: تێکشکاندنی سریەی (ئەلعەزم)ی مغاویر لە سماقولی ........ ١٧٠
١٢-٧: چەند زانیارییەکی دیکە سەبارەت بە گرنگی داستانی سماقولی ........ ١٧١
١٢-٨: داستانی سماقولی لە زاری ئەوانی دیکەوە ........ ١٧٤
**بەشی سێزدەم: پرسەی باوك و خۆڕاگریی دایك** ........ ١٨٣
١٣-١: بەخاکسپاردنی شەهید سەید سەلیم ........ ١٨٣
١٣-٢: ڕێگرتنی بەعس لە ماتەمگێڕان بۆ شەهید سەید سەلیم ........ ١٨٤
١٣-٣: ئۆدا حەلیم، هەم دایک، هەم باوک ........ ١٨٥
١٣-٤: بەشێک لە یاداشتەکانی ناو ڕۆژژمێری سەید سەلیم ........ ١٨٦
**دوا بەند** ........ ١٨٨
**بەشی چواردەم: پاشکۆ** ........ ١٩٢
١٤-١: بەڵگەنامەکان ........ ١٩٢
١٤-٢: شۆڕشی ئەیلول: ........ ٢٠٧

١٤-٣: شۆڕشی نوێ:........................................................................................................ ٢٤٥

**بەشی پازدەم: فەرهەنگۆك** ................................................................................ ٢٨٢

١٥-١: فەرهەنگۆکی کەسەکان.................................................................................. ٢٨٢

١٥-٢: فەرهەنگۆکی شوێنەکان ................................................................................ ٣٠٦

سەرچاوەکان: ...................................................................................................... ٣١١

ژیاننامەی سەید سەلیم ........................................................................................ ٣١٤


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی



هیوا سەید سەلیم

ئەو کتێبەی لەبەردەستتانە، مێژووی تێکۆشانی پێشمەرگەیەکە، کە لە (٣٩) ساڵی تەمەن و ژیانی شکۆداری خۆیدا (١٩٤٠-١٩٧٩)، شازدە ساڵی بۆ کوردایەتی و پێشمەرگایەتی و گیانبەختکردن تەرخان کردووە. لە پێشەنگی ئەو تێکۆشەرانە بووە، کە لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول لە دەڤەری ڕواندز، چەکی پێشمەرگایەتیی هەڵگرتووە، تا هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، بێپسانەوە پێشمەرگە بووە. سەرکردایەتیی دەیان داستانی پێشمەرگانەی کردووە؛ بە پاڵەوانی داستانی کورەک ناوی دەرکردووە. لە تەمەنی پێشمەرگایەتیدا، سێ جار بریندار بووە.

سەید سەلیم، جگە لە ئەرکی پێشمەرگایەتیی، لەو ساڵانەی شۆڕش و ڕژێم دەکەونە گفتوگۆ و دانوستان، بە تایبەت لە (١٩٧٠-١٩٧٤)، ئەرکی سیاسی و ئیداری و خزمەتگوزاریی هەڵسوڕاندووە.

لەدوای هەرەس، لە دەستپێکی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێدا، هەر زوو پەیوەندیی بە شۆڕش کردووەتەوە. سەرەتا لە ڕێکخستن کاری کردووە و ڕۆڵی لە ناردنەدەرەوەی چەندین مەفرەزەی پێشمەرگەدا هەبووە. پاش کارەساتی هەکاریش، سەرکردایەتیی شۆڕش داوای لێ کردووە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکات، بێ دوودڵی بەدەم داوایەکە چووە و بووەتە پێشمەرگە. لە دوو ساڵی تەمەنی کورتی پێشمەرگایەتیی لە شۆڕشی نوێدا (١٩٧٨-١٩٧٩)، ڕۆڵی سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازیی گێڕاوە؛ چەندین سەرەوەری بۆ خۆی و گەلەکەی تۆمار کردووە. لە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەشدار و هاوکار بووە.

لە شۆڕشی نوێدا، دەستپێشخەری دەکات لە شەڕی ناو شارەکان و دەستوەشاندن لە پیاوان و بەکرێگیراوانی ڕژێمی بەعس. سەرکردایەتیی دەیان داستانی گەورە دەکات، تا دواجار لە داستانی بەناوبانگی سماقولی لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ سوپای بەعس بە گوللەی کۆپتەر دەپێکرێت؛ دوای چەند کاتژمێرێک مانەوە بە برینداری، ئێوارەی (١٩٧٩/١٢/٢٤) گیانی خۆی دەکاتە قوربانیی خاکی کوردستان.

ئەم کتێبە ژیانی ئەم فەرماندە دلێرە دەگێڕێتەوە، بۆ نوسینەوە و ئامادەکردنیشی دوو شێوازمان گرتووەتەبەر:

- **یەکەمیان:** سودمان لەو بەڵگەنامانەی شەهید سەید سەلیم وەرگرتووە، کە لەدوای خۆیدا بەجێیهێشتوون.
- **دووەمیان:** چاوپێکەوتن و ڕیپۆرتاژی مەیدانیمان لەگەڵ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کردووە، هەروەها سودمان لەو نوسین (کتێب، وتار، بیرەوەری)یانە وەرگرتووە، کە ناو و ڕۆڵی سەید سەلیمیان تێدا باسکراوە.

ئامادەکردنی ئەم کتێبە بەبێ ئاستەنگ نەبوو، لە سەرووی هەموو ئەو ئاستەنگانە نەمانی بەشی زۆری ئەو ڕۆژمێرانە بوو، کە شەهید سەید سەلیم ڕۆژانە یاداشتەکانی خۆی تێدا تۆمار کردبوو، بە تایبەتی لە شۆڕشی نوێدا. ئاستەنگێکی دیکە ئەوە بوو، کە ئێمە درەنگ دەستمان بە نوسین و ئامادەکردنی ئەو کتێبە کرد، کە بەشێک لە کارەکتەرە نزیکەکانی شەهید سەید سەلیم لە ژیاندا نەماون. هەروەها ئاستەنگێکی دیکەی بەردەممان ئەوە بوو، کە بەشێک لەو پێشمەرگانەی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول، بەهۆی ئەوەی پەراوێز خراون، یان ڕوداوەکانیان بەبیر نەمابوو، وەک پێویست ئامادە نەبوون ڕوداوەکانمان بۆ بگێڕنەوە.

سەرباری هەموو ئەو ئاستەنگانە، لەپێناو وننەبوونی ڕاستییەکان و نوسینەوەی مێژوویێکی پڕ

هەواڵنامەی کتێب

سەروەری و شانازی، ئەرکی خۆمان ڕاپەڕاند و ئەوەی دەستمان پێڕاگەیشت، نوسیمانەوە. ئەمە بە داوا و هاندانی هاوسەنگەر و دۆستانی شەهید سەلیمیش بووە.

لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا، کەمێک ئاماژەمان بە ژیانی خێزانیی شەهید سەید سەلیم کردووە، لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی تێیدا ژیاوە؛ لەمبارەیەوە ئەگەر ناوی کەسێک لەبیرکرابێت، داوای لێبوردن دەکەین، بە دەستی ئەنقەست نەبووە. لە ناوهێنانی کەسەکان هەوڵی زۆرم داوە گرنگی بە شەهیدەکان بدەین، شەهیدانی ناوچەکە بە گشتی و بەتایبەتیش ئەو شەهیدانەی هاوسەنگەری شەهید سەید سەلیم بوونە. لەپاڵ شەهیدەکانیش، ویستوومە ناوی پێشمەرگەکان بە زیندووی بهێڵمەوە، کە بەشێکیان وەک سەربازی ون کەس باسی نەکردوون.

دواجار دەڵێم: ئەگەرچی بەندە، لە بواری نوسین کارم کردووە، بەڵام ئەمەیانم یەکەمین پرۆژەی نوسینی کتێبە. کتێبێک لەبارەی باوکم، گێڕانەوەی مێژوو و ڕوداوگەلێك، کە خۆم تێیاندا بەشدار نەبوومە و ئەوکات زۆر بچوک بوومە، بەڵام وەک ڕۆژنامەنوسێک لە چاوپێکەوتنەکاندا خۆم لەو سیفەتە کۆمەڵایەتییە داماڵیوە، کە کوڕی ئەو کەسە بم، کتێبەکەی لەبارەوە دەنوسرێت. هەمیشە ویستومە کەشێک بۆ ئەو کەسانەی بڕەخسێنم، کە خۆیان لە هیچ زانیارییەکی تایبەت بە سەید سەلیم نەبوێرن.

هەر کەموکورتییەک لەم کارەمدا هەبێت، پێشوەختە داوای لێبوردن لە خوێنەرانی دەکەم؛ ئومێدەوارم ئەم بەرهەمەمان لە ئاست تێکۆشانی ئەو فەرماندەیەدا بێت، کە هەر بەڕاستی شایەنی ئەوەیە پێی بگوترێت: کەم ژیا و کەڵ ژیا.

**بەشی یەکەم: ڕو اندز لە سەردەمی دوو جەنگی جیهانیدا:**

١-١: ڕواندز لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا

١-٢: جوڵانەوەی سیاسی لە ڕواندز

١-٣: ڕواندز لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمدا

١ - ٤: سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڕێکخستنی پارتی لە ڕواندز

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم: ڕواندز لە سەردەمی دوو جەنگی جیهانیدا:

### ١-١: ڕواندز لە یەکەم جەنگی جیهانیدا

لە ٢٨ی تەموزی ١٩١٤ جەنگی جیهانیی یەکەم هەڵگیرسا. شاری ڕواندز تا ئەو کاتە لەژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو. لەو جەنگەدا دەوڵەتی عوسمانی چووە پاڵ بەرەی ئەڵمانیا، چونکە دەوڵەتی عوسمانی ناکۆکیی لەگەڵ دەوڵەتی ڕوسیادا هەبوو. بەرەی هاوپەیمانان، کە پێکهاتبوو لە (ڕوسیا، بەریتانیا، فەرەنسا و سربیا)، دژی بەرەی میحوەر لەجەنگدابوو کە پێکهاتبوو لە (ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا و دەوڵەتی عوسمانی). جەنگەکە بە شکستی بەرەی دووەم تەواوبوو، عوسمانییەکان کە تا ئەو کاتە حاکمی ناوچەکە بوون، کەوتنە بەرەی دۆڕاوی جەنگی جیهانیی یەکەم.

ڕواندز وەک چەند شارێکی دیکەی کوردستان بوو بە مەیدانی شەڕی زلهێزەکان، بە تایبەت لەبەر هەڵکەوتەی جوگرافیایی و گرنگییە بازرگانی و مێژووییەکەی. دوای شکستی دەوڵەتی عوسمانی، سوپای ڕوسیا لە سێ قۆڵەوە هێرشی کردە سەر باشوری کوردستان:

- شنۆ، خانە، حاجی ئۆمەران، ڕواندز.
- سەردەشت، پشدەر.
- سەقز، بانە، پێنجوین، شارەزور.[١]

سنوری یەکەم باسی ئەم کتێبەیە، بۆیە لەبارەی لەشکرکێشیی ئەم قۆڵە زانیاری دەخەینەڕوو.

لە بەهاری (١٩١٦) سوپای ڕوس بە سەرکردایەتیی ژەنەڕاڵ (جیورنوزویوف)، بە هەماهەنگیی ئەرمەنەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سنوری حاجی ئۆمەران هێرش دەکاتە سەر دەڤەری ڕواندز. بەرەبەیانی ٨ی ئایاری ١٩١٦، دەگاتە گوندی ڕایەت لە دەڤەری باڵەکایەتی. سوپای عوسمانی، کە تا ئەو کاتە حوکمی ئەو دەڤەرەی دەکرد، ناتوانێت بەر بە

١ ڕەفیق حیلمی، یاداشت، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود،٢٠٢٠چاپی یەکەم لا: ١١٨.

پێشڕەوییەکانی سوپای ڕوس بگرێت، ئیدی دوای پێنج ڕۆژ سوپای ڕوس لە ١٣ی ئایار دەگاتە جوندیان، ڕۆژی دواتر لە شاخی هەندرێنەوە هێرش دەکاتە سەر شاری ڕواندز و داگیری دەکات. زۆر شارەزای مێژوو، بێزاریی خەڵکی ناوچەکە لە دەسەڵاتی عوسمانییەکان و هاوکاریی بەشێکی کوردەکان بۆ سوپای ڕوس، بە هۆکاری داگیرکردنی ڕواندز دەزانن،[٢] بەڵام زۆری پێناچێت خەڵکی ناوچەکە و ئەوانەی پێشقەرەوڵی سوپای ڕوس بوون، لە دەسەڵاتی ڕوسەکان بێزار دەبن، چونکە سوپای ڕوسیش هاوشێوەی تورکە داگیرکەرەکان هەر زوو دەکەونە گیانی دانیشتوانی ناوچەکە؛ باس لەوە دەکرێت کە بەشێک لە ژنانی ڕواندز لە ترسی هەتککردنی ناموسیان بە دەستی ڕوسەکان، خۆیان لە خەرەندی ڕواندزێ هەڵدێراوە، هەندێکیشیان لەگەڵ خێزانەکانیان ناوچەکەیان جێهێشتووە.[٣]

حوکمی ڕوسەکان لە ڕواندز زۆر ناخایێنێت؛ دوای (٦٧) ڕۆژ تورکەکان بە هاوکاریی بەشێک سەرۆک عەشیرەت، پەلاماری ڕواندز دەدەنەوە و لە ١٨ی تەموزی ١٩١٦ سوپای عوسمانی ڕواندز لە چنگی ڕوسەکانی دەردەهێنێت، جارێکی دیکە ڕواندز داگیردەکەنەوە.[٤]

لێرەدا تێدەگەین، کە لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم چۆن ڕواندز کراوەتە مەیدانی شەڕی زلهێزەکان، لەبەر ئەو شەڕانە ٨٠٪ خەڵکی ناوچەکە ناچار بووە زێدی خۆی جێبهێڵێت.[٥]

دەسەڵاتی تورکەکان لە ڕواندز درێژەی کێشا، تا ئەو کاتەی ئینگلیزەکان (کە دەسەڵاتی عێراقیان بەدەست بوو) سمایل بەگ دەکەنە حاکمی ڕواندز و دەسەڵاتی تەواوی پێدەدەن. سمایل بەگ لە ١٩٢٢ سوپای تورکی لە ڕواندز دەرکرد. ساڵێک دوای دەرکردنی ئۆزدەمیر، ئینگلیزەکان لە ئایاری ١٩٢٣، سەید تەهای نەهری دەکەن بە یەکەم قائیمقامی ڕواندز.[٦]

---

[٢] ڕەسوڵ بۆسکێنی، شەڕی عرووسان، چاپی یەکەم، ٢٠٢١، ل١٤٧

[٣] هەمان سەرچاوە.

٤ هەمان سەرچاوە، ل١٤٨.

[٥] هەمان سەرچاوە، ل ١٥٠.

[٦] ڕەفیق حیلمی، یاداشت، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، ٢٠٢٠، چاپی یەکەم، ل ١١٩.

## ١-٢: جولانەوەی سیاسی لە ڕواندز

دوای کۆتایهاتنی یەکەم جەنگی جیهانی، شاری ڕواندز دەکەوێتە ژێر قەڵەمڕەوی ئینگلیزەکان، بۆیە دەتوانین بڵێین ساڵانی دوای ئەم جەنگە بزاڤی سیاسی لەو ناوچەیە خۆی لە سێ قۆناغ دەبینیەوە، یەکەمیان نزیکبوونەوەی سەرۆک هۆزەکان لە مێجەر نۆئێل و بەرپرسانی دیکەی ئینگلیز تا سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید. ڕەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کە دوای ئەوەی خەڵکی ڕواندز لە شۆڕشی شێخ مەحمود لە دژی ئینگلیز ئاگادار دەکرێنەوە کەسانێک لە ناو ڕواندز خوازیاری ئەوە دەبن کە بتوانن شۆڕشەکەی شێخ مەحمود پەڕەبسێنێت و ئەوانیش خۆیان لە نێو شۆڕشەکە ببینەوە[٧].

قۆناغی دووەم لە دوای کۆتایهاتنی ئینتیدابی ئینگلیزەکان لە عێراق و دەستپێکی ساڵانی سەربەخۆیی عێراق دەستپێدەکات کە بزاڤی سیاسی لە ڕواندز خۆی دەبینیەوە لە سەرهەڵدانی چەند کەسایەتییەک لەنێویاندا ( عەبدوڵلا موخلیس بەگ، سمایل بەگی ڕواندزی، مەعروف جیاوک)کە دواتر ڕۆڵی گرنگیان لە خەباتی پەرلەمانی بینی.

قۆناغی سێیەم دەتوانین ناوی بنێین قۆناغی بەشداری لە ڕێکخراوە سیاسییەکان.

لەو سەردەمەدا لە کوردستان بە گشتی چەندین ڕێکخراوی سیاسی سەرهەڵدەدەن، ئەویش بە دوو ئاڕاستەی جیاوازی فکریی چەپ و نەتەوەیی. هەڵبەت وەک تەواوی دنیا، هەردوو ئاڕاستە فیکرییەکە دەکەونە ژێر کاریگەریی فاکتەرە دەرەکییەکان، بەڵام فاکتەری ناوخۆیش کاریگەریی زۆری لە سەرهەڵدانی ئەو ڕەوتە سیاسیانەدا هەبوو، بە تایبەت لەوەی کە پەیوەندیی بە داکۆکیردن لە پرسی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە هەبوو. لە پاڵ پرسە نیشتمانییەکاندا، خەباتی چینایەتی کە لەو سەردەمە لە برەودا بوو، خەڵکی هان دا تا لەدەوری هێزە چەپەکان کۆببنەوە.

---

[٧] هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.

هەولێر - ئەحمەد کیز...

دیارترین هێز و ڕێکخراوی ئەو سەردەمە کە لە کۆمەڵگای کوردی دەرکەوتن هیوا، ڕێکخراوی دارکەر، شۆڕش و دواتر حزبی شیوعیی عێراق بوون[٨]. لەو سەردەمەدا چەند کەسایەتییەکی دیاری ڕواندز وەک ئەندامی چالاکی نێو (کۆمەڵەی دارکەر)[٩] دەردەکەون، کە دواتر لە نێو حزبی هیوا درێژە بە چالاکیی سیاسییان دەدەن و لەنێو بزاڤی سیاسیی ناوچەکەدا زیاتر دەردەکەون، مامۆستا شەفیق سەعدوڵا ساڵی ١٩٣٩ لقی ڕواندزی حزبی هیوا دادەمەزرێنێت و هەریەک لە ئەمین ڕواندزی، میر محەمەد ئەمین دەرگەڵەیی، شێخ سلێمان مستەفا بەگ، وەهاب ئاغای ڕواندزی، ئەحمەد دیاب، مامۆستا جەلال سەعید خەیلانی، ئیبراهیم حەسەن، سەبری نەجیب نەورۆز، عەلی مەکتەبە، وسو ئاغای کاولۆکان، سامی ڕواندزی، سیدەی حاجی برایمی، نەجات سەعید قادر، جەلال بەگی دەرگەڵەیی و چەندین کەسی چالاکی دیکە[١٠] لە نێو ئەو لقە دەبنە ئەندامی حزبی هیوا. ئەندامانی حزبی هیوا لە ڕواندز دەستنوسێک دەردەکەن بە ناوی {کوردستان}، لەو دەستنوسەدا باس لەشۆڕشەکانی شێخ عوبێدڵای نەهری، شێخ سەعید، شێخ مەحمود و هەروەها سمکۆی شکاک دەکەن.[١١] ئەم جموجۆڵە ڕێکخراوەییە نیشاندەدات حزبی هیوا لە ڕواندز لە دەستپێکی ئەو ڕێکخراوانە بووە کە ڕۆڵی گرنگی لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی ناوچەکە بینیوە.

---

[٨] چەند ڕێکخراوێکی سیاسیی کوردی و کوردستانی بوون دوای جەنگی جیهانیی یەکەم لەلایەن چەند کەسایەتی و دەستەبژێری کورد دامەزران و ڕۆڵیان لە نەخشی سیاسیی کوردستان هەبوو.

[٩] کۆمەڵەی (دارکەر)، ئەو ڕێکخراوە لەلایەن دەستەیەك لە خوێندکار و لاوانی کوردی هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و کۆیە و کفری و ڕواندز دامەزرا، کە ئامانجیان ڕزگارکردنی کوردستان بوو، بەڵام ڕێکخراوەکە نەبووە پارتێکی جەماوەری فراوان، تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٣٩ مامۆستا ڕەفیق حیلمی کرا بە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە، ناوەکەیشی لەسەر داخوازی ئەو سەرۆکە کرا بە (پارتی هیوا)، بە هەوڵ و کۆششی بێوچانی ئەو سەرکردە نەتەوەییە لێهاتووە، زۆر لە ئەفسەری کوردپەروەر و کاسبکار و ڕووناکبیر، بوونە ئەندامی کارای ئەو ڕێکخراوە سیاسییەی کوردستان، تا گەیشتە ڕادەیەکی وا بە هەوڵ و هیمەتی ئەو پارتە (مەلا مستەفای بارزانی) لە سلێمانی دەرباز کرا بۆ ناو خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لەوێشەوە لە ١٩٤٣/٧/٢٨ گەیشتەوە خاکی بارزان، بۆ خۆکۆکردنەوە و سەرلەنوێ بەرپاکردنی شۆڕشی (١٩٤٣١٩٤٥)ی بارزان.

10 ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ڕواندز توێژینەویەکی مێژووی سیاسی ١٩١٨-١٩٣٩، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦، ل ١٥.

11 هەمان سەرچاوە، ل ١٦.

دوای حزبی هیوا و دامەزراندنی کۆمەڵەی برایەتیی نیشتمانی لە عێراق[12] لە ساڵی ١٩٣٠، چالاکیەکانی ئەو کۆمەڵەیەش دەگاتە کوردستان و شاری ڕواندز، سلێمان بەگی سیلاحشۆر کە سەردانی بەغدا دەکات و بە چالاکیەکانی ئەم کۆمەڵەیە ئاشنا دەبێت چالاکیی ئەم کۆمەڵەیە بۆ ڕواندز دەگوازێتەوە و شیخ کاکەمینی سەران دەکرێتە سەرۆکی لقی کۆمەڵەی برایەتیی نیشتمانی، هەروەها ئەحمەد کەمال عەبدولکەیم خەتی-ش بەسکرتێری لقی ڕواندزی کۆمەڵەکە دادەنرێت، دواتر کۆمەڵەکە لە ژێر کاریگەریی نووسینێکی حوسێن حوزنی موکریانی لقەکەی لە ڕواندز هەڵدەوشێتەوە.[13]

دوای دامەزراندنی حزبی شیوعی لە عێراق ژمارەیەک ئەندامی حزبی هیوا پەیوەندی بەو حزبەوە دەکەن؛ لە ڕواندز هەریەک لە شەفیق سەعدوللا، شێخ سلێمان شێخ مستەفا، سەید عومەر ڕواندزی، سەید فەتاح ڕواندزی، عەلی مەکتەبە، ئەنوەر مستەفا مەزهەر، عەزیز مەلا حەکیم، ئەنوەر عەبدوللا لە حزبی هیواوە دەچنە ڕیزی حزبی شیوعی[14]، بەشێکی دیکەش لە ناوەڕاستی پەنجاکان دەچنە ڕیزی پارتی دیموکراتی کورد  کە لە بەشی داهاتوو بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

## ١-٣: ڕواندز لە دوای دووەم جەنگی جیهانی

ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لەئەنجامی پاککردنەوەی حساباتی سیاسیی نێوان وڵاتانی براوەو دۆڕاوی جەنگی جیهانیی دووەم، بۆ تەواوی جیهان ساڵانێکی پڕ کارەسات بوون.

---

١٢کۆمەڵەی برایەتیی نیشتمانی (جمعية الإخاء الوطني) کۆمەڵەیەکی ڕکابەری حکومەتی عێراق بوو ساڵی ١٩٣٠ دوای پەیماننامەی عێراقیبەریتانی دامەزرا یەکەمین دەستەی بەڕێوەبەری ئەم کۆمەڵەیە بریتی بوون لە (ڕەشید عالی گەیلانی، عەلی جەوودەت ئەیوبی، دوکتۆر عەبدولئیلا حافز، یاسین هاشمی، حیکمت سلێمان، محەمەد ئەمین زەکی، ڕەزا شەبیبی، حاجی عەبدولواحید سوکەر، سەید موحسین)

[13] هەمان سەرچاوە، ل١٦

[14] مەغدید حاجی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزووتنەوەی چەپ لە ڕواندز، چاپی دووەم٢٠٢٣، ل ٢٥.

لێکەوتەکانی ئەو جەنگە هاوشێوەی جەنگی جیهانیی یەکەم لە گرانی، بێکاری و ناسەقامگیریی سیاسی کاریگەریی لەسەر تەواوی جیهاندا هەبوو، بۆ کوردیش وێڕای هەموو ئەو کارەسات و نەهامەتییانەی بەگشتی جیهانی گرتبووەوە، ساڵانی دوای شکستی کۆماری کوردستان بوو،[15] ساڵانی ئاوارەیی ئەو پێشمەرگانە بوو کە لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی ڕوویان لە یەکێتیی سۆڤیەت کردبوو. بەشێکی خەڵکی دەڤەری ڕواندز کە بۆ پشتیوانیی ئەو کۆمارە چووبوونە مهاباد، دواتریش لەگەڵ بارزانی ساڵانێک لە ئاوارەیی وڵاتانی سۆڤیەت مانەوە.

لە شاریش ڕواندزییەکان وەک تەواوی خەڵکی کوردستان لە دۆخی هەژاری و نەداریدا بوون. خێزانەکان پێداویستیی ژیانی ڕۆژانەیان زۆر بەزەحمەت پێ دابین دەکرا. ئەوانەی بژێویان هەبوو، بە پەنجەی دەست دەژمێردران. لەگەڵ ئەوەشدا، لە بزاڤی سیاسیدا ڕواندز شارێکی زیندوو بوو. لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە، ژمارەیەک ڕواندزی، {عەبدوڵا موخلیس بەگ، سمایل بەگ، مەعروف جیاوک و ئەمین ڕواندزی} وەک نوێنەری کوردستان گەیشتبوونە ئەندامێتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. لە دامەزراندنی حزبی هیوادا کەسانێک لە ڕواندز دەبن بە ئەندامی ئەو پارتە کوردییە، لە ناوەڕاستی چلەکانیش سلێمان بەگی دەرگەڵە، مام زرار سلیمان بەگ، عزەت سلێمان بەگ، شەوقی سلێمان بەگ، حەمەدئەمین

---

[15] کۆماری کوردستان، لە ٢ی ڕێبەندانی ٢٦٤٦ی کوردی، بەرامبەر بە ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرێنرا و پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرۆک کۆمار سوێندی یاسایی خوارد، وڵاتێکی کوردی کەمتەمەن بوو کە لە سەدەی بیست دا و لە دوای کۆماری ئاراراتی باکووری کوردستان دامەزرا. پایتەختەکەی شاری مەهاباد بووە کە ئەکەوێتە باکووری خۆراوای ئێران. دامەزران و لەناوچوونی کۆمار ڕاستە بەشێک بوو لەو قەیرانەی ئێرانی تێکەوتبوو، ئەو ململانێیەی لەنێوان ئەمریکا و سۆڤییەت دا هەبوو کە جەنگی ساردی لێکەوتەوە، بەڵام خواستی لەمێژینە و ئاواتی گەلی کورد بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و وڵاتێک بەناوی کوردستان، پێشینە لە ئابی ١٩٤١، ڕاپەڕینێکی جەماوەریی جلەوی ناوچە کوردییەکانی لە دەستی میری ناوەندیی ئێران دەرهێنا. لە شاری مەهاباد، کۆمیتەیەک لە کەسانی چینی ناوەند بە پشتگیریی سەرۆک خێڵەکان دەسەڵاتی ناوچەکەیان گرتە دەست. پارتێکی ڕامیاری بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ک) دامەزرێنرا. قازی محەممەد، سەرۆکی بنەماڵەی قازی، بە سکرتێریی پارتەکە هەڵبژێردرا. کۆمیتەکە بە سەرکردایەتیی قازی محەممەد ناوچەکەیان بە لێهاتوویی و سەرکەوتنێکی بەرچاوەوە پێنج ساڵ تا ڕووخانی کۆمار بەڕێوەبرد.

فەقێ حەسەن و وەسمان خەلیل بەگ بۆ بەشداری لە کۆماری کوردستان و پشتیوانیی پێشەوا قازی محەمەد دەچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە دەرکەوتنی پارتی دیموکراتی کورد-یشدا، چەندین کارەکتەری دیار لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا لە مەیدانی سیاسەتدا لە ڕیزی پارتی لە ڕواندز دەرکەوتن، لەناویاندا جەلال مەلا حەسەن شەقلاوەیی، لەتیف نادر، ئەسعەد خەیلانی، سەید عومەر سەید نەبی، ئاغەی حاجی لەتیف ڕواندزی، جەلال خەیلانی، سەیدەی حاجی برایم، ئەمین ڕواندزی، سەید سەلیم سەید نەبی، جەلال بەگ دەرگەڵەیی، برایم حەمەدەلاو، فەرهاد شاکر مەجروم، نەبی حەمەدەلاوی، حەسەن وسوەخێل، محەمەد مەولود، مستەفا حاجی ڕەزاق، وسو ئاغا، خورشید ڕواندزی، عوسمان حەمەدەمین، عارف مەلا حەسەن، سەدیق مەلا حەمەدئەمین، مەمەدەڕەش فەقیانی، جواد ئەسعد شێتنە، کاکە سور، زرار محەمەد مستەفا، حەمەدئەمین گورگۆ، جەمیل جەرجیس، ئەسعەد کاروانچی، عەدیل ئاغا[١٦]. ئەم ڕواندزیانە لە بزاڤی سیاسیی کوردستان ڕۆڵێکی دیاریان دەبێت.

جگە لەوانەی باگراوندی تێکۆشانیان لە ڕیزی حزبی هیوا دەبێت، ئەوانەی دیکە زۆربەیان لە ڕێگای مامۆستا جەلال مەلا حەسەن شەقلاوەیی و لەتیف نادر بۆ ڕیزەکانی بەغدا ڕێکخراون.[١٧]

مامۆستا فەرهاد شێرکۆ دەگێڕێتەوە کە ڕێکخستنەکانی پارتی لە سەرەتا لە لایەن مەلا ماتۆڕ سەرپەرشتی دەکران. دوای ئەوەیش سەرپەرشتیکردنی ڕێکخستەکانی پارتی لە سنووری ڕواندز بە ساڵح حەیدەری دەسپێردرێت.[١٨]

---

[١٦] دیمانە لەگەڵ فەرهاد شاکر مەجروم ٢٠٢٤/٩/٢٢.

[١٧] هەمان سەرچاوە.

[١٨] هەمان سەرچاوە.



هەواڵنامەی کتێب

## ٤-١: سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڕێکخستنی پارتی لە گوندەکانی ڕواندز

بەر لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە ١٩٤٦، کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بە پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵانیکیش دوای دامەزراندنی ئەو حزبە، زۆربەی خەڵکی دەڤەری ڕواندز بە گوندەکانیشیەوە لایەنگری حزبی شیوعیی عێراق بوون. جگە لەو ئەندامانەی لە حزبی هیوا چوونە ڕیزی حزبی شیوعی، ئەوانی دیکە زۆربەیان دەچنە ڕێزی پارتی دیموکراتی کورد. جگە لەوان، لە ساڵانی پەنجاکان هەندێك خوێندەوار و بەشێک لەو گەنجانەی چووبوونە ڕیزی خزمەتی سەربازی، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتییەوە دەکەن، لەو گەنجانەی کە ڕۆڵی دیاریان لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پارتیدا هەبووە، هەریەک لە (لەتیف نادر و جەلال مەلا حەسەن شەقلاوەیی) بوون.[19]

ئەسعەد کاروانچی (ناساندنی ئەم ناوانە زەرووره) دەڵێت: "من لە ڕێگەی مامۆستا جەلال و سەید سەلیم و لەتیف نادر پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردەوە کرد."[20] دیارە ئەو پەیوەندییەی ئەوان لە ساڵی ١٩٥٧دا دەبێت.

لە دامەزراندنیەوە لە ١٩٤٦ تا هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٤ بەرپرسیارێتیی ناوچەی پارتی لەرواندز دراوەتە هەریەک لە مامۆستا جەلال مەلاحەسەن شەقلاوەیی و جەلال خەیلانی، سەید عومەر سەید نەبی، برایم حەمەدلاو و سەعید خەیات .

دیارترین کەسایەتیی ڕواندز کە لەناو سوپای عێراق لەخزمەت ڕێکخستنەکانی پارتی کاری کردووە سەید عومەر سەید نەبی بوو. سەید عومەر لەخانەوادەی سەیدەکانی ڕواندز بوو. لەبەشەکانی داهاتوودا سەبارەت بە ڕۆڵی سەیدەکانی ڕواندز لە بزاڤی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەڤەری ڕواندز زانیاریی زیاتر دەخەینەڕوو.

---

[19] دیمانە لەگەڵ ئەسعەد کاروانچی ڕۆژی ٢٠٢٤/٩/٢٤

[20] هەمان سەرچاوە



هەواڵنامەی کتێب

سەید عومەر سەید نەبی لە ڕێکخستنەکانی پارتی لەناو سوپا بەخێرایی دەچێتەپێشەوەو، زۆرناباتا پلەی بەرپرسیارەتیی ڕێکخستنەکانی پێ دەدرێت؛ بەهۆی چالاکیە سیاسیەکانی، دوای ئاشکرابوونی، دەسەڵاتدارانی ئەوسای عێراق سەید عومەر لە ١٩٥٩ دەخەنە زیندان. دوو ساڵ لە زیندانەکانی بەغدا و بەعقوبە دەمێنێتەوە. تەنانەت سەید عومەر لە زیندانیش وازی لە کاری حزبی نەهێناوە و زۆرجار نامەکانی بە سەید ڕابی بێخاڵیی هاوسەری بۆ بەرپرسانی سەرووی خۆی لە دەرەوەی زیندان ناردووە.

دوای شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨، شیوعیبوون دەبێتە مۆدێلی حزبایەتی، بە تایبەت دوای پڕوپاگەندەی چاکسازیی کشتوکاڵی (ئیسلاح زراعی) خەڵک کەمتر لە پارتی نزیک دەبووەوە. ڕواندزییەکان زیاتر هەواداری حزبی شیوعی بوون، تەنانەت لەو کەسانەی کە لەگەڵ مستەفا بارزانی چووبوون بۆ کۆماری کوردستان و لەوێشەوە بۆ سۆڤیەت، هەبوو دوای گەڕانەوە چوبووەوە ڕیزی حزبی شیوعی. لەتەک زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، لە کەسایەتییە هەرە دیارەکانی ئەو سەردەمەی حزبی شیوعی لە ڕواندز عەلی مەکتەبە، فەتاح تۆفیق، شێخ سلێمان مستەفا، سەیدەی وەستا عومەری و حەسەن حاجی تاهیر بوون.[٢١]

ئەرکی پارتایەتی لە ڕواندز کەوتبووە ئەستۆی چەند خانەوادەیەک. شیوعییەکان پڕوپاگەندەی چینایەتییان دەکرد، وایان بڵاودەکردەوە کە ئەوانەی بەدوای پارتی دەکەون، خزمەتی چینی دەرەبەگ دەکەن. پێچەوانەی ئەو پڕوپاگەندانە، ئەو کەسانەی لە کانیەقوڕی ڕواندز چووبوونە ڕیزەکانی پارتی و دواتریش بوون بە پێشمەرگە، هەموویان لە خانەوادە زەحمەتکێشەکانی ڕواندز بوون، سەید عومەر یەکێک بوو لەوان.

سەبارەت بە ڕۆڵی سەید عومەر لەناو سوپای عێراق، حەمید ڕەشاش لە کتێبی (توولە

---

[٢١] مەغدید حاجی، سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزووتنەوەی چەپ لە ڕواندز ١٩٣٩١٩٤٩، ل: ٤٣.

ڕێیەکانی کوردایەتی) نوسیویەتی: "چەند جارێک بە هۆی ئاشکرابوونیان بەرپرسەکانمان لەناو سوپا دەگیران، یان پەیوەندیان بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکرد. سەید عومەر سەید نەبی، کە خەڵکی گوندی کانیەقوڕ بوو، بەرپرسی ڕێکخستنی پارتی بوو لەو لیوایەی کە ئێمە تێیدا سەرباز بووین."[22] حەمید ڕەشاش لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی کەناڵی گەلی کوردستان-یش بەم شێوەیە باسی سەید عومەر دەکات: "کەسێکی باڵابەرزی بە دیسپلینی سەربازی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسیارەتی نهێنی کاری پارتایەتی لە ڕیزەکانی سوپای عێراق هەڵگرتبوو، ئەو خەڵکی گوندی کانیەقوڕی سەر بە ڕواندز بوو".[23]

ئەوەی ئاماژەمان پێدا سەرەتای کاری پارتایەتی بووە لە دەڤەری ڕواندز، دواى ساڵی ١٩٦٠ و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول، نەوەیەکی دیکە دێنە ناو بزاڤی سیاسیەوە.

هەواڵنامەی کتێب

---

[22] ستار محەمەدئەمین، حەمید ڕەشاش و تووڵە ڕێیەکانی کوردایەتی، چاپی یەکەم ٢٠٢٢ل: ٣٢.
[23] حەمید ڕەشاش، دیمانەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.

**بەشی دووەم: ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەیدکان:**

٢-١: ڕۆڵی سەیدەکان لە بزاڤی کوردایەتی

٢-٢: چیای کورەک هاوینەهەواری سەیدەکان

٢-٣: ژیان لەنێوان گوندەکانی کانیەقوڕ و بێخاڵدا

٢-٤: دووبەرەکیی حزبایەتی لەنێو خێزانی کوردیدا

٢-٥: شکاندنی دەرگای زیندان

٢-٦: ئازادبوون لە زیندان

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم: ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەیدەکان

### ٢-١: ڕۆڵی سەیدەکانی لە بزاڤی کوردایەتی

لەناو میللەتی کورددا سەیدەکان سەرەڕای ڕایەڵەی بەهێزیان بەئایینەوە و پێگەی تایبەتیان بەهۆی قودسیەتی ئاینیەوە، لەژێر کاریگەریی دین لە بزاڤی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردایەتی دانەبڕاون، بگرە زۆرن ئەوانەی لەخانەوادەی سەیدەکانەوە دەرکەوتوون و بوونەتە سەرقافڵەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان، لەوانە شێخ سەعیدی پیران، سەید تەهای نەهری، شێخ مەحمودی نەمر و سەید ڕەزای دەرسیم.

لە ئایاری ١٩٢٣دا، ئینگلیزەکان سەید تەهای کوڕی شێخ محەمەد سەدیقی شەمزینان دەکەنە یەکەمین قائیمقامی ڕواندز؛ واتە دوای کشانەوەی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە ناوچەکە، سەید تەها ئەو پۆستە وەردەگرێت.

لەبارەی کارەکانی سەید تەهای نەهری، کاپتن (های) حاکمی سیاسیی ئینگلیز لە ڕواندز، ساڵی ١٩١٩ لە ڕاپۆرتێکی کارگێریدا لەبارەی ڕواندز نوسیویەتی: "بە هۆکاری مانەوەم لە شارەکە هەلێکم بۆ هەڵکەوت سەید تەها ببینم و لەبارەی بونیادی دەوڵەتی کوردی ڕاوێژمان کرد، سەید تەها کەسایەتییەکی شایستە و ڕێزێکی زۆری لە ناوچەکەدا هەیە".[٢٤]

بەهەمان شێوە (لیچمان)، حاکمی سیاسیی موسڵ لە کوردستانی باشور، پێشنیاری دەوڵەتێك دەکات بە سەرۆکایەتیی سەید تەها. هەروەها (ئیدمۆنس) دەڵێت: "هەندێك لە پیاوەکانمان پێشنیاری گەڕانەوەی شێخ مەحمودیان دەکرد، من گوتم ئەو کەسێکی سەرەڕۆیە و پێویستە کەڵك لە سەید تەها وەربگرین." هەرچی (هاملتۆن)ە دەڵێت: "سەید تەهای شەمزینی بۆ مەلیکی کوردستان پیاوێکی درەوشاوە بوو، هەرچەندە لەناو سەرۆکەکانی کورددا بێهاوتا بوو،

[٢٤] ولیم ڕۆبرت های، دوو ساڵ لە کوردستان ١٩١٨-١٩٢٠ ل ٢٤٥

ئەو تەنیا بوو چواردەوریشی بە دوژمن تەنرابوو، تەنها دۆستیشی بەریتانیا بوو."[٢٥]

بە بڕوای زرار محەمەد مستەفا هاتنی (سەید تەهای شەمزینانی) بۆ ڕواندز و دەستبەکاربوونی وەکو قائیمقام، وەرچەرخانێکی زۆر گەورە بوو بۆ شارەکە و تەواوی ناوچەکە بە گشتی، بەتایبەت لە ڕووی ئاوەدانی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، پەروەردە، هونەر هەروەها بارودۆخی سیاسیشەوە، چونکە سەید تەها کەسایەتییەکی ناوداری بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر بووە، هەروەها کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و پێشکەوتنخواز بووە، بە عەقڵیەتێکی سەردەمییانە لە کێشەکانی ڕوانیوە و بە ڕاوێژکردن لەگەڵ خەڵکی هۆشیار و شارەزادا کارەکانی بەڕێوەبردووە، تاڕادەیەکیش دەسەڵاتی ئینگلیز و حکومەتی عێراق لێی ڕازی بوون.[٢٦]

سنوری ئیدارەی قائیمقامیەتی ڕواندز لەسەردەمی سەید تەها ئەم ناوچانەی لەخۆ دەگرت: (شەقڵاوە، هەریر، هیران، نازەنین، مێرگەسۆر، بلە، بارزان، شێروان مەزن، سیدەکان، کانییەڕەش، هەموو دەڤەری باڵەک).[٢٧]

سەید تەهای نەهری لەگەڵ دەستبەکاربونی هەوڵی داوە کەسایەتییە دیارەکانی ناوچەکە کۆبکاتەوە، یەکێک لەو کەسایەتییانەی پەیوەندی پێوە کردووە (سەید نەبی سەید تەها)ی باوکی شەهید سەید سەلیم بووە. ئەمە بۆ سەید نەبی دەستپێکی چوونە ناو خەباتی کوردایەتییە، بە کۆبوونەوە لە دەوری بەرپرسێکی سیاسی و ناوداری وەک سەید تەهای نەهری.

هەروەها یەکێکی دیکە لەو کەسایەتییە سیاسییانەی کە کاریگەرییان لەسەر سەید نەبی داناوە، سمایل بەگی ڕواندزی بووە، کە لەناو ڕواندزییەکان بە (سمایلی لەعلی خانێ) ناسراوە. سەید نەبی هێندە لێی نزیک بووە و خۆشیویستووە، دوای ڕوداوی تیرۆرکردنی، لاوکێکی بۆ

---

[٢٥] هەمان سەرچاوە.

[٢٦] مەلا ئەحمەدی حەداد دەرگەڵەیی، ڕواندز- باڵەک- برادۆست.

[٢٧] هەمان سەرچاوە.

هەواڵنامەی کتێب

ڕوداوی شەهیدکردنی سمایل بەگ گوتووە و تۆماری لاوکەکە بە دەنگی خۆی نەفەوتاوە.

سەید نەبی دەیگێڕایەوە، لە ١٩٢٥ کە حوزنی موکریانی دێتە شاری ڕواندز، لەلایەن قائیمقامی ڕواندزەوە ڕایدەسپێردرن کارئاسانی بۆ حوسێن حوزنی موکریانی بکات و پشتیوانی بێت و هاوکاریی بکات، سەید نەبی سەردانی دەکات و پشتیوانی خۆی بۆ دەردەبڕێت، ئەو دووە کاتی زۆر لەگەڵ یەکدی بەسەردەبەن و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی حوسێن حوزنی موکریانی.

## ٢-٢ هاتنی سەیدەکان بۆ ڕواندز و دەوروبەری

بەدیاریکراوی مێژووی هاتنی سەیدەکان بۆ ڕواندز و لەوێشەوە بۆ گوندەکانی کانیەقوڕ و بێخاڵ دیار نییە، بەڵام ئەوەی دیار و زانراوە لە سەردەمێکی یەکجار زووەوە لە گوندی بێخاڵ و دواتریش کانیەقوڕ نیشتەجێ بوونە. زانیارییە زارەکییەکان باس لەوە دەکەن کە سەیدەکان بنەگەیان لە گوندی کانیەقوڕ بووە کە دەکەوێتە خۆرئاوای شاری ڕواندز، سەیدەکان خانەوادەیەکی وابەستە بە ئایینن، هاوکات لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە کراوەو ئازاد، لەکۆندا بژێوی ژیانیان لەسەر ئاژەڵداری بووە .

لە سەردەمی حوکمی پاشای گەورەی ڕواندز، باپیرە گەورەیان کە بە (سەید مەلا وسو) ناسراوە، کەسێکی نزیکی پاشا بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە زۆرجار قسەی لە قسەی پاشا کردووە، بە تایبەت ئەو کاتانەی پاشا ویستویەتی ڕاوێژی پێ بکات، لەگەڵ میر محەمەد نەگونجاوە، بۆیە داوای لە پاشا کردووە مۆڵەتی بدات لە نزیک سەروچاوەی ئاوی بێخاڵ باقیی ژیانی بەسەرببات. هەر ئەو کاتە سەیدەکان گەوری ئاژەڵەکانیان لە گوندی بێخاڵ دروست کردووە و بەشێکیشیان لە گوندی بێخاڵ بەرەو کانیەقوڕ هەوراز هاتوونەتەوە. هاوینان چەند خێزانێک بۆ دابینکردنی لەوەڕگای مەڕومالات چوونەتە سەر چیای کوڕەک، دوای جەنگی

جیهانیی یەکەم کاتێک گرانی ڕوو لە ناوچەکە دەکات، هەریەک لە (سەید نەبی، سەید هەینی، سەید خدر) بە بەردەوامی هاوینان چوونەتە سەر کانیاوەکانی چیای کورەک، هەر بۆیەشە تا ئێستا هەندێک کانی و ئەشکەوت هەر بەناوی ئەوانەوەن.

دوای فراوانبوونی بنەماڵەی سەیدەکان و بۆ پەیداکردنی بژێو، بەشێکی خێزانەکانیان لە گوندی بێخاڵ دەمێننەوە، بەشێکی دیکەشیان لە گوندی کانیەقوڕ نیشتەجێ دەبن، چەند خێزانێک لە بناری هەندرێن گوندێک بە ناوی گوندی {بنەکاول} ئاوەدان دەکەنەوە، چەند خێزانێکی دیکەش دەچنە خەلیفان و ئاکرێ و دەشتی هەولێر و بێتواتە و هەندێکیش دەچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئێستا بەشێکیان لە ناوچەی مەرگەوەڕ نیشتەجێن.

یەکێک لەو خێزانە دیارانەی تەواوی وابەستەی چیای کورەک بووە، خێزانی سەید نەبی سەید تەها بووە، کە زستانان لە گوندی کانیەقوڕ بووە و گەوری ئاژەڵەکانی لە بێخاڵ بووە، هاوینەهەواریشی سەر چیای کورەک بووە.

سەید نەبی لە ١٩٠٤ لەدایکبووە، بەڵام دیار نییە کە چ ساڵێک ژن و ژنخوازی لەگەڵ گوندی {فەقیان} کردووە، بەڵام ئەوەی دیارە سەید نەبی لەنێو بنەماڵەی سەیدەکان تاقانەی دایک و باوکی بووە. دوای ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک لە بنەماڵەیەکی دیاری فەقیان پێکدەهێنێت، دەبێتە خاوەنی پێنج کوڕ و کچێک.[٢٨]

## ٢-٣: چیای کورەك، هاوینەهەواری سەیدەکان

شاری ڕواندز لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە بە کۆمەڵە چیایەک دەورە دراوە: (زۆزک، هەندرێن، کورەک، ئارموشە، ڕەشمارۆک، گۆڕەز و بەنەباپشتیان). لە ڕۆژهەڵاتەوە

٢٨ دیمانە: سەید عەبدوڵڵا سەید نەبی، ٢٠٠٣/٧/١٧.

چیای هەندرێن و لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە چیای زۆزک و لە ڕۆژئاوایەوە چیاکانی کوڕەک و ئارموشە و ڕەشمارۆک هەڵکەوتوون، لە باشوریش گۆڕەز و بەنە باپشتیان هەیە، کە گەلی خارەڕەش لە ڕواندز جیایان دەکاتەوە.

لێرەدا مەبەستمانە زیاتر قسە لەبارەی چیای کوڕەک بکەین، دواتر دێینە سەر خودی شاری ڕواندز، چونکە چیای کوڕەک پەیوەستە بە ژیانی منداڵی و قۆناغەکانی دیکەی ژیانی سەید سەلیم، بە قۆناغی تێکۆشان و پێشمەرگایەتییشەوە.

چیای کوڕەک، ئەگەرچی لەدەرەوەی ڕواندز بە {کۆڕەک} ناوی دێت، بەڵام ناوەکەی لای ڕواندزی و خەڵکی کۆن و ڕەسەنی ناوچەکە {کوڕەک} بووە، دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری ڕواندز، لە دیوی ڕواندز واتە ڕۆژهەڵاتەکەی، هەریەک لە گوندەکانی (بێخاڵ و کانیەقوڕ) دەکەونە دامێنی ئەو چیایە، لە دیوی باشووریشەوە گوندەکانی (کەڕەک، فەقیان) هەڵکەوتوون، لە ڕۆژئاوای چیای کوڕەک، لەنێو دۆڵی ئالانەدا گوندەکانی (جۆلەمێرگ و شەڕکان و ئالانە و ڕماوێژ) هەن، لە باکوریشەوە جگە لە شارۆچکەی خەلیفان و گەلی عەلیبەگ، گوندی سرێشمە هەڵکەوتووە.

لە زەمانی زووەوە ئەو چیایە هاوینەهەواری سەیدەکان بووە، هاوینان ئاژەڵەکانیان بردووەتە سەر ئەو کانیاوانەی کەوتوونەتە سەر بەرزاییەکانی. کانیاوەکان بریتین لە کانیی مێو، هەواری سەید نەبی، کانیی خێوبیر، کانیی مام ئارەبی و کانیی ماران).

لە نزیک چیای کوڕەک (چیای ڕەشمارۆک، ئارموشە، گەرووی بێجان، کێلکێل، گۆڕنۆک، دارەقەسپ، باسکە کرۆسک) و چەندین لوتکە و گەلیی دیکە هەیە.

چیای کوڕەک بە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دەژمێردرێت، دەکەوێتە دووریی (٥٠) کیلۆمەتر

لە سنوری نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرزییەکەی (٢١٢٧م)، (٦٩٧٨) پێیە[٢٩]، لە سەردەمی دەستەڵاتی ئەحمەد حەسەن بەکر گەورەترین ڕوانگەی فەلەکناسی (المرصد الفلكي) لێ دانراوە، بەڵام لە جەنگی هەشت ساڵەی عێراق- ئێران فڕۆکەکانی ئێران ئەو پڕۆژەیە بۆردومان دەکەن و پەکی دەخەن. لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ کەلوپەلەکانی ئەو پڕۆژەیە تاڵانکران. ئێستا ئەو شوێنە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە کراوەتە شوێنێکی گەشتیاری.

چیای کورەک بەهۆی هەڵکەوتەکەیەوە، لە کن ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بایەخی سەربازیی هەبووە؛ دەیان داستانی پێشمەرگەی لێ تۆمارکراوە. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، جەیش و جاش هێرشی بۆ دەکەن و پێشمەرگە دەیپارێزێت. لە شەڕەکانی ساڵانی (١٩٦٣، ١٩٦٥، ١٩٦٦، ١٩٧٤) دوژمنان ئەو شاخەیان بە ئامانج گرتووە و پێشمەرگەش بە سەرپەرشتیی فەرماندە ناودارەکانی ناوچەکە، کە هەریەک لە سەید سەلیم، سەید مستەفا، مەمەدەڕەش فەقیانی، حەمەزیاد، ساڵح ئاکۆیی، شێخ نەجیمی سەران، عزەت سلێمان بەگ، سەید خدر، زرار سلێمان بەگ و خۆبەخشی دیکە، پارێزگاریی لێدەکەن و خوێنی بۆ دەڕێژن. هەریەک لە شەهیدان (سەید سەلیم و حەمەزیاد فەقیانی)، بەهۆی شەڕەکانی ساڵی ١٩٧٤ و ڕۆڵی قارەمانەیان، بە پاڵەوانی چیای کورەک ناویان دەرکردبوو.

## ٢-٤: ژیان لە گوندەکانی کانیەقوڕ و بێخاڵ

دێهاتەکانی کوردستان بە گشتی شوێنی ژیان و گوزەران بوون، بۆیە لەدێر زەمانەوە گوندەکانی بێخاڵ و کانیەقوڕ ئاوەدان بوون. مێژووی ژیان لەم گوندانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی زۆر کۆن.

[٢٩] ویکیپیدیا کوردی سەبارەت بە چیای کورەک.

گوندی کانیەقوڕ دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری ڕواندز، لە دامێنی چیای ڕەشمارۆک و ئارموشەیە. باس لەوە دەکرێت، کە پێش ئەوەی ڕواندزی جاران (کاولۆکان) بۆ شوێنی ڕواندزی ئێستا بگوازرێتەوە، گوندی کانیەقوڕ هەر ئاوەدان بووە.[٣٠] لە زووەوە خەڵکەکەی خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵن، هەبوونی سەرچاوەی ئاوی (مێگر) لە نزیک گوندی کانیەقوڕەوە دەرفەتی بۆ ئاوەدانیی ئەو گوندە ڕەخساندووە. خەڵکی کانیەقوڕ لە زەوییەکانی بێشۆران، گۆمی شەومۆ، تاوک، بانەزێوک و کەرۆک و هی دیکە دانەوێڵەیان چاندووە و لە کاتی دروێنەشدا هەرەوەزیان بۆ کردووە.[٣١] دواتر بەشێک لەو زەوییانە کرانە ڕەزی دێمی، ئێستاش کە پرۆژەی نیشتەجێبوونی لێ ئەنجامدراوە، ڕەزە دێمییەکان وەک جاران نەماون، بە تایبەت لە بانەزێوک کە ئێستا گەڕەکێکی ئاوەدانی شاری ڕواندزە.[٣٢]

ناوی گوندی کانیەقوڕ لەوە هاتووە، کە کانییەکی لێبووە. وەک هەر گوندێکی دیکەی کوردستان ژنان لەو کانییە بە تەنەکە ئاویان بۆ پێویستیی ڕۆژانەیان بردووەتەوە ماڵەوە. کانییەکە جگە لەوەی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە بووە، خەڵکی گوند بۆ کاری سەرشۆریش بەکاریانهێناوە، کانی پیاوان (مرۆیان)[٣٣] و ژنان لەیەک جیاواز بووە. خەڵکی گوندەکە سەربردەی خۆشیان لەگەڵ کانییەکەدا هەیە، بەتایبەت لە زستانان کاتێک کانییەکە دەیبەست و پیاوانیش دەبوو لەگەڵ هەڵاتنی خۆرەتاو خۆی لێ بسمیل بکەن.

دەگێڕنەوە کە کەسێک زۆر بە سەرما هەستیار (قەڵس) بووە، بەیانییەکی زستان کاتێک خۆی هاوێشتووەتە کانی گوند، گوتویەتی: (خوایە تۆبە گوم خوارد!)

---

[٣٠] دیمانە لەگەڵ ئەسعەد کاروانچی ٢٠٢٣/٩/٢٤.

[٣١] واتا کاری بە کۆمەڵ، جاران لە گوندەکان خەڵکی بۆ دروێنەوە و جۆمار و دێ کردن پەنایان بۆ دەبرد، سەید نەبی باوکی سەید سەلیم بەوە ناسرابووە کە لە کاری زبارەکردن زۆر بەدەست بووە، هەمیشە سەرپالەی جوتیارانی گوند بووە و لە کاتی دروێنە گۆرانی تایبەت بەو کارەی وتوتەوە (هەدروونە دروونە دروونە).

[٣٢] دیامنە لەگەڵ ئەسعەد کاروانچی ٢٠٢٣/٩/٢٤.

٣٣ لەبری وشەی پیاوان لە ناوچەکە زیاتر بەکاردەهات.

ئێستا گوندی کانیەقوڕ گەڕەکێکی جوانی شاری ڕواندزە، بەم دواییە شارەوانی ناوەکەی بۆ (گەڕەکی کانی) گۆڕی، بەڵام خەڵکەکە هێشتا بە کانیەقوڕ ناوی دێنن.

دیارترین خێزانەکانی سەردەمی کۆنی گوندی کانیەقوڕ بریتی بوون لە بنەماڵەی سەیدەکان: (سەید نەبی سەید تەها، حاجی سەید، سەید ئەحمەدە ڕەش، سەید عەزیز، سەید محەمەد سەید ڕەسول)، بنەماڵەکانی دیکە: سلێمان ئاغای کانیەقوڕ، مەلا برایم، حاجی ڕەسول، حاجی ئەحمەد کاروانچی، حەمەدئەمین چاوەش، حاجی سمایل، مام تەها و بنەماڵەی دیکەش).

دانیشتوانی گوندی کانیەقوڕ بەسەر دوو چین دابەشبوون، ئەوانیش (سەید و کرمانج)ن. هەردوو لا لەدێر زەمانەوە بەتەبایی لە گوندەکە ژیاون، بەیەکەوە جۆمار و زبارەی دروێنەیان کردووە.[٣٤] هەرچی گوندی بێخاڵ-ە، تەواوی دانیشتوانەکەی سەیدن و بە چەند نەوەیەک دەگەڕێنەوە سەر یەک بنەماڵە.

دوابەدوای جەنگی جیهانیی دووەم و بێکاری و گرانی ناوچەکەی گرتبووەوە، زۆربەی دانیشتوانی گوندی کانیەقوڕ و گوندەکانی دیکەش بۆ بژێویان ڕوویانکردە جوتیاری و دارهێنان. زەوییەکانی بێشۆرا و بانەزێوک ئەوەی نەکرابوو بە ڕەزی دێمی، گەنم و جۆی لێ دەچێندرا؛ ڕۆژانەش لەگەڵ بانگی بەیانی قافڵەی دارکەران بەرەو چیای کوڕەک دەکەوتنە ڕێ و لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن دەگەیشتنەوە ناو شاری ڕواندز. خەڵکی ڕواندز بە دەنگی سمی ئەسپ و گوێدرێژەکان و بردەبردی کانیەقوڕییان خەبەریان دەبووەوە. ئەوان بارەدارەکانیان لە بازاڕی ڕواندز ڕادەگرت، تا کڕیارێکیان لێ ڕاستدەهات، دواتر ملی ڕێگایان دەگرت بەرەو کانیەقوڕ هەوراز دەبوونەوە.

خەڵکی کانیەقوڕ زۆربەیان خەڵکێکی هەژار و زەحمەتکێش بوونە، ئەوەیان هۆکار بوو تا

---

٣٤ دیمانە: ئەسعەد کاروانچی، ٢٠٢٣/٩/٢٤.

کادیرەکانی حزبی شیوعی لە ڕواندز ئەو ژیانە سەختەی خەڵکی کانیەقوڕ بقۆزنەوە، قەناعەتیان بە زۆریان هێنابوو بیانبەنە ڕیزی حزبی شیوعی، لەنێو ئەو کەسانەی چووبوونە ڕیزەکانی حزبی شیوعی، کوڕە گەورەی (سەید نەبی) بوو بە ناوی سەید تەها. دەگێڕنەوە کە ئێواران شیوعییەکانی کانیەقوڕ بە کۆمەڵ دەهاتنە ناو شاری ڕواندز و ئەو دروشمەیان دەگوتەوە: "ئەمە شەعبی کانیەقوڕین، زگێ خائینا ئەدڕین، بە کیلۆیا ئاردیە کڕین." مەبەستیان لە خائینان ئەو کەسانە بوون، کە بەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتبوون، گوایە ئەوان لەبەرەی ئیستعمارن، بۆیە لای ئەوان بە خائین ناودەبران.[٣٥]

سەیدەکان جگە لە گوندی کانیەقوڕ، لەبەر ئاژەڵداری زووتر لە گوندی بێخاڵ بوونە، بەشێکیان کوێستان و گەرمیانیان کردووە، ئەوانەشی کە نەچوونەتە کوێستان، هاوینان چوونەتە سەر چیای کوڕەک.

ئێستا گوندی بێخاڵ شوێنێکی گەشتیارییە و ساڵانە بە هەزاران کەس لە کوردستان و خواروی عێراق ڕووی تێدەکەن، دەیان خێزانیشی لێ نیشتەجێن کە هەموویان سەیدن.

## ٢-٥: دووبەرەکیی حزبایەتی لەنێو خێزانی کوردیدا

ساڵانی نێوان (١٩٥٠-١٩٧٠) ناوچەکە لە گەرمەی ململانێی نێوان شیوعی و پارتیدا بوو. شاری ڕواندز جیا لەهەر ناوچەیەکی دیکەی کوردستان بۆ پارتایەتی ئاستەنگی زۆری هەبوو، چونکە پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆربەی خەڵکی ئەو دەڤەرە لایەنگری حزبی شیوعی بوون، ململانێی حزبی لەو دەڤەرە بەشێوەیەک بوو کە خێزانی ڕواندزی بەسەر لایەنگری و ئەندامیەتیی ئەو دوو حزبە دابەش ببوون.

---

٣٥ دیمانە: ئیبراهیم حەمەدئەمین چاوەش، ٢٠٢٣/٩/٢٩.

لەنێو کوڕەکانی سەید نەبی تەنها سەید تەها دەچێتە ڕیزەکانی حزبی شیوعی، ئەوانی دیکە {سەید عومەر، سەید عەبدوڵا، سەید ڕەشید، و سەید سەلیم}، هەموویان پارتی دەبن. هەروەها خزمەکانی دیکەیان لە نمونەی سۆفی عەلی و دواتر کوڕەکانی، مەمەدەڕەش، هەرهەموویان لە ڕێکخستی حزبی شیوعی بوون، ساڵانی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول هەریەک لە سەید عومەر و سەید سەلیم چوونەتە خزمەتی سەربازی.

ئەو کاتەی سەید عومەر لە زیندان بووە، کوڕە گەورەکەی توشی نەخۆشییەکی سەخت دەبێت. سەید ڕابی خێزانی، کەس شک نابات کوڕەکەی بۆ بباتە نەخۆشخانە، دەچێتە لای سەید تەها و پێی دەڵێت: (موسلیح)ی برازات زۆر نەخۆشە و سەید عومەری براشت وا لە زیندانە، ئەگەر لەگەڵمان بێیت بیبەین بۆ دکتۆر. سەید تەها کە شیوعی بووە و ململانێی نێوان شیوعی و پارتییش لە لوتکەدا بووە، لەجیاتی ئەوەی بڵێت ئاساییە و برازامە و لێیان قەوماوە، بە براژنەکەی گوتووە: بڕۆن با حلفی ناتۆ[٣٦] چارەسەرتان بکات.

مەبەستی لەو قسەیە ئەوە بووە، گوایە پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرەی دژی کۆمۆنیستە و سەر بە هاوپەیمانی ناتۆیە.

### ٢-٦: شکاندنی دەرگای زیندان

لە ساڵانی سەرەتای شەستەکاندا بارودۆخی عێراق زۆر ناجێگیر دەبێت، بەردەوام ڕوداوی سیاسی ڕودەدەن، تا دواجار گەیشتە کودەتای بەعسی و قەومییەکان دژ بە دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم.[٣٧] سەید عومەر لەگەڵ خەڵکێکی زۆری کورد لەو سەردەمە لە زیندان

[٣٦] شیوعییەکان پێیان وابوو لەبەر نزیکیی پارتی لە شای ئێران، دژی کۆمۆنیستن و دۆستی هاوپەیمانیی ناتۆن.

[٣٧] ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ بەعسییەکان و قەومیە توندڕەوە عێراقیەکان کودەتایەکی ڕەشیان بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کرد. دواتر کۆمەڵێک بە ناوی "حەرەس قەومی" بە ناو کوچە و کۆڵانەکانی بەغدا بڵاو بوونەوە و

دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کاری ڕێکخستنی پارتی دانابڕێت، زۆربەی جاریش ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی لە ڕێگەی سەید ڕابی هاوژینی ڕەدوبەدەل دەکرد، ڕۆژێک کە سەید ڕابی بۆ چاوپێکەوتن دەچێتە زیندان، بەسەر هەڵلای شکاندنی دەرگای زینداندا دەچێت، ئەو دڵی خۆش دەبێت کە ئێستا نا دەمێکی دیکە چاوی بە سەید عومەر دەکەوێتەوە، ئەویش وەک ئەوانی دیکە لە زیندان ئازاد دەبێت، لەنێو ئەو زیندانیانەی ئازادبوونە سەید ڕابی دوو کەس دەناسێتەوە کە لەگەڵ سەید عومەر لە زیندان بوونە، بە ناوەکانی (سەعید و شەریف) کە ئەوانیش بە تۆمەتی پارتیبوون گیرابوون، کاتێک سۆراخی سەید عومەر لەو دوو کەسە دەپرسێت، ئەوان دەڵێن مخابن دوو ڕۆژە ئەو گواستراوتەوە بۆ زیندانی بەعقوبە، سەید ڕابی دوو زیندانە هەڵاتووەکە بەگەڵ خۆی دەدات، لە ماڵەکەیان کە ئەو کاتە لە بەغدا بوون، یەکەو دەستی جلی ژنانیان لەبەر دەکات، ئەوان بەو جلی ژنانەوە بەرەو کوردستان دەربازیان دەبێت، بەڵام مخابن تا ماوەیەکی زۆر سەید عومەر هەر لە زیندان دەمێنێتەوە.

ئەو سەردەمە زۆرێک لە تێکۆشەرە کوردەکان زوو زوو دەخرانە زیندانی دەسەڵاتدارە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، سەید عومەر سەید نەبی بە تۆمەتی ئەوەی بە پێچەوانەی یاسا بەرکارەکان کاری حزبایەتی لە قازانجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕیزەکانی سوپای عێراق کردبوو، زیندانی کرابوو.

---

کەوتنە کوشتن و گرتنی خەڵکی سڤیل و کوردیش یەکێک بوو لە قوربانییەکانی دەستی ئەو کەسانەی پێیان دەگوترا حەرەس قەومی. بەعسییەکان دوای کودەتاکە ئاگربەستیان لەگەڵ کوردا کرد و لە ئەنجامی ئەوە ٣ تا ٤ مانگ جۆرە ئاشتەواییەك پەیدابوو، بەڵام بەعسییەکان لە ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣سەرلەنوێ ئاگری شەڕیان داگیرساندەوە.

## ٢-٧: ئازادبوون لە زیندان

دوای مانەوەی زیاتر لە دوو ساڵ لە زیندان، بە پێی ڕێکەوتنێک کە لەنێوان پارتی و حکومەتی ئەوسای عێراق کرابوو، لە گفتوگۆی سێ مانگەی نێوان شۆڕش و عەبدولڕەحمان عارف (١٩٦٣/٣-١٩٦٣/٦)، سەید عومەر ئازاد دەکرێت، لە چوارچێوەی ئەو گفتوگۆیەدا بوو کە تاهیر یەحیای سەرۆکی ئەرکانی سوپا، سەردانی بارزانیی کرد بوو لە قەزای ڕانیە، یەکێك لە یاوەرانیشی لوقمان بارزانی بووە کە لە زیندانی ژمارە (١)ی سەربازگەی (ڕەشید) دوای ڕوخان و کۆتاییهاتنی حوکمی زەعیم عەبدولکەریم قاسم دەرچووبوو،[٣٨] هەمان ئەو زیندانەی کە پێشتر سەید عومەر لێی زیندانی کرابوو. دوای چەند مانگێک لە گەڕانەوەی لە بەغداوە بە خۆی و خێزانەکەی کە بەهۆی ئەرکی سەربازییەوە ماڵەکەی بردبووە بەغدا، دەگەڕێتەوە کوردستان، ئەوسا دەبیستێ کە هەندێک ناوچەی کوردستان ئازاد کراوە و بارەگا و بنکەی پێشمەرگەی لێ دامەزراوە، نمونەی دۆڵی ئاکۆیان،لە ڕواندزیش پۆلێک پێشمەرگە چوونەتە شاخ کە زۆربەیان لە خزم و کەسوکاری ئەو بوون، بۆیە دوای چەند مانگ مانەوە لە ڕواندز، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات، لە یەکەمین تەشکیلەی بەتالیۆنی ٣ی سەر بە هێزی باڵەک وەک جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی سێ دەستبەکار دەبێت.[٣٩] درێژەی ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتیی سەید عومەر سەید نەبی، لە بەشەکانی داهاتوو هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین، چونکە مەبەستمانە قۆناغ بە قۆناغ بڕۆین.

سەید عومەر، پێشتریش زیندانی کرابوو، هەروەها لە ١٩٧٩ جارێکی دیکە لەگەڵ پۆلێک هاوشاری، حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا، کە سەدام دەستەڵاتی گرتەدەست، بەر لێبوردنی گشتی کەوتن، لە بەشەکانی دواتردا لەبارەی هۆکاری دەستگیرکردنیان دەنوسین.

---

[٣٨] شەکیب ئاکرەیی، ساڵانی مەینەتی لە کوردستان، چاپی یەکەم ٢٠٢٣ل: ١٦٦.

[٣٩] عەبدوڵا مەلازادە، شێوەی تەشکیلاتی عەسکەری شۆڕشی ئەیلولی مەزن چاپی یەکەم ، ل: ٣٩.

**بەشی سێیەم: شۆڕشی ئەیلول و ڕۆڵی خەڵکی دەڤەری ڕواندزلەو شۆڕشەدا:**

٣-١: پەیوەندیکردن بە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیی

٣-٢: گیرانی کەسوکاری پێشمەرگە

٣-٣: سوتاندنی ماڵە پێشمەرگە

٣-٤: ئاوەدانکردنەوەی کانیەقوڕ و داڕمانی گڵکەند

٣-٥: بۆردمانی تۆپەکان و تەقەکردن لە ماڵە پێشمەرگە

٣-٦: بەشداری لە یەکەمین شەڕی بەرەیی

٣-٧: شەڕەکانی ناو گەلیی عەلیبەگ

٣-٨: هەیکەلی دامەزراوە سەربازییەکان لە شۆڕشی ئەیلول

٣-٩: بەشداری لە پەیمانگەی کادیران

## بەشی سێیەم: شۆڕشی ئەیلول و ڕۆڵی خەڵکی دەڤەری ڕواندز لەو شۆڕشەدا

### ٣-١: پێشمەرگایەتی

بە هۆی ئاڵۆزی و تێکچوونی باری سیاسی لە عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، لە ئەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی (عەبدولکەریم قاسم) بەرامبەر بە گەلی کورد، هەروەها بێمتمانەیی کورد بەرامبەر بەڵێنەکانی بەغدا، شۆڕشی ١١ ئەیلول هەڵدەگیرسێت.

لە ساڵی ١٩٦٢لە ناوچەکە دەنگۆی هەڵکوتانە سەر قشڵەی ڕایەت، لەلایەن هێزێکی پێشمەرگە بڵاودەبێتەوە، سەبارەت بەو ڕوداوە شەکیب ئاکرەی نوسیویەتی:

"هێزەکانی پۆلیسی عێراق و مەڵبەندەکانیان لە ناحیەی باڵەکدا بوو، هەموو کارمەندانی خۆیان لە بنکە (مخفەر)ی ڕایەت بوو، کە نزیکەی دە کیلۆمەتر لە سنوری ئێرانەوە دوورە، کۆکردبووەوە و ژمارەشیان نزیکەی حەفتا کەس بوو، شۆڕشگێڕانی کوردیش توانیان گەمارۆی مەڵبەندەکە بدەن، لەو کاتەدا فڕۆکە هیلیکۆپتەرەکانی سەر بە هێزی ئاسمانیی عێراق، خۆراك و ئازوقەیان لە ئاسمانەوە بۆ بەردانەوە، ئەم یارمەتیەش بووە هۆی خۆڕاگرتن و بەرگری لەخۆکردنی پۆلیسەکان، بۆیە خۆیان بەدەستەوە نەدا، تا ئەو کاتەی پێشمەرگەکان تونێل (نفق)ێکیان لەژێر بینای (مخفەرکەوە) لێدا. هێزەکانی شۆڕشی کورد، پۆلیسە عێراقییەکانیان بەرەو خاڵی سنوری ئێران لە نزیك گوندی حاجی ئۆمەران برد و سپاردیان بە حکومەتی ئێران، حکومەتی ئەوسای ئێرانیش بڕیاری گەڕانەوەیانی بۆ لای حکومەتی عێراق دا و لە ڕێگای خاڵی سنوریی نزیك قەزای (خانەقین)، بە عێراقیان سپاردنەوە"[٤٠] ئەمەیان لە ناوچەکە دەستپێکی چالاکیی پێشمەرگانە بووە.

دوای ئەو چالاکییەی شۆڕشگێڕانی کورد هەواڵی چوونە شاخی دەستەدەستەی پێشمەرگە

---

[٤٠] شەکیب ئاکرەیی، ساڵانی مەینەتی لە کوردستان چاپی یەکەم ٢٠٢٣ل: ١١١.

دەگاتە خەڵکی ڕواندز. لە ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٦٢(ئەسعەد کاروانچی و سەید سەلیم) کە ئەوسا ئەندامی پارتی بوون، چەند خزم و هاوڕێیەکیان لە ماڵی برایمی هۆرێ کۆدەکەنەوە، هەواڵی شەڕەکانی پێشمەرگە و ڕژێم لە (ماوەت و چوارتا و سەفین) و چوونە شاخی پێشمەرگەیان پێدەڵێن، بەشی هەر زۆری ئامادەبووانی ئەو کۆبوونەوەیە بڕیاردەدەن ببنە پێشمەرگە، هەموو ئەوانەی لە کۆبوونەوەکەدا بوون، سەید سەلیم، ئەسعەد ئەحمەد کاروانچی، برایم حەمەد ئەمین چاوەش، ساڵح گەرەوەیی، عەبدوڵا سەید حوسێن بێخاڵی، جەلال ڕەسوڵ گەرەوەیی، سەید مەعروف سەید هەینی بێخاڵی، دەڵێن ئامادەین بچینە شاخ.

سەبارەت بەو بڕیارەیان ئەسعەد کاروانچی دەگێڕێتەوە دەڵێت: "نیوەڕۆیەک سەید سەلیم بەدوایدا ناردم کە بچمە ماڵی برایمی هۆرێ، نێردراو موسلیحی سەید عومەری برازای سەید سەلیم بوو هاتە لام و گوتی: نان مەخۆ، مام سەید سەلیم داوات دەکات.

لە دانیشتنەکە سەید سەلیم، داوای لێکردم بچین ببینە پێشمەرگە.."[٤١] ئەسعەد کاروانچی دەڵی: "بەیەکەوە بەدوای برایم حەمەدەمین چاوەشماندا نارد، لە بەرنامەی خۆمان ئاگادارمان کردەوە.

سەبارەت بەو داوایەی ئەوان برایم چاوەش دەڵێت: "سەید سەلیم و ئەسعەد کاروانچی پێیان گوتم دەبێ بێی بەیەکەوە ببینە پێشمەرگە. سەرەتا دوودڵ بووم، کە پێیانگوتم کەوایە ئەو ساقە[٤٢] داکەنە و بیدە سەید سەلیم، هەڵچووم و گوتم: دیارە سەید سەلیم لە من پیاوترە! بۆئەوەی دایک و بابم لە بەرنامەی خۆمان ئاگادار بکەمەوە چوومەوە ماڵی خۆمان؛ دایکم کە زانی بەنیازی پێشمەرگایەتیم، ڕووی تێکردم گوتی: برایم ئەو شیرەت لێ حەڕام بێت

---

[٤١] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول ئیبراهیم حەمەدئەمین چاوەش ٢٠٢٣/٩/٢٩.

[٤٢] بووزەوانە، هەندێک بەلەکپێچی پێدەڵێن، بۆ خۆپارێزی لە بەفر و سەرما لەبەر دەکرێت، لە داوی مەرەز یان لە سوف لەلایەن ژنە دەست ڕەنگینەکانی کورد دروست دەکرێت.

ئەگەر بەجێمان بهێڵی. پاڵێکم بەدایکمەوە نا کە بەر دەرگای لێگرتبووم و چوومە شاخ." [٤٣]

پێشتر لە گوندەکانی دەوروبەری ڕواندز خەڵکانێک چەکیان هەڵگرتبوو، بەڵام ئەو پۆلە پێشمەرگەیە بە ڕێکخراوی دەچنە شاخ، سەرەتا لە بێرۆ چاویان بە هێزێکی پێشمەرگە دەکەوێت بە فەرماندەیی شێخە شەل، پاشان لە گوندی دەرگەڵە لە بناری چیای هەندرێن دەگەنە هێزێکی دیکە کە فەرماندەکەیان فاخیر حەمەد ئاغای مێرگەسۆری و عەباسی مامەند ئاغای سەرکەپکان دەبێت، دووەمیان داوایان لێدەکات کە لەگەڵ ئەوان بمێننەوە، بەڵام ئەوان لە وەڵامدا پێی دەڵێن ئێمە هاتووین پەیوەندی بکەین بە عەلی عەسکەری.[٤٤] دوای ئەوەی دەزانن عەلی عەسکەری و هێزەکەی لە ناوچەکە نەماوە، دەچنە لای مەلا تەهای شێخ وەتمانی لە گوندی پیروسوان[٤٥].

ئەسعەد کاروانچی گێڕایەوە یەکەمین چالاکی پێشمەرگانەی سەید سەلیم و ئەسعەد کاروانچی لە ساڵی ١٩٦٢ ڕێگریکردنیان بووە لە سەرۆك جاشێکی ناوچەکە تاڵانی مەڕدارەکانی گوندی پیروسوان بکات.[٤٦]

## ٣-٢: گیرانی کەسوکاری پێشمەرگە

لە زەمانی زووەوە دوژمنان بۆ ئەوەی زەفەر بە پێشمەرگەکان ببەن، ناچاریان بکەن واز لە پێشمەرگایەتی بهێنن و چەک دابنێن، پەنایان بردۆتە بەر گرتن و زیندانیکردنی کەسوکاری پێشمەرگە. لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولیشدا کە پۆلە پێشمەرگەیەک لە ڕواندز دژ بە دوژمن چەک هەڵدەگرن، خێزانەکانیان بە دۆخێکی سەختدا تێدەپەڕن. لە لایەک بەهۆی سەختی

[٤٣] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول ئیبراهیم حەمەدئەمین چاوەش، ٢٠٢٣/٩/٢٩
[٤٤] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەسعەد ئەحمەد کاروانچی، ٢٠٢٣/٩/٢٤.
[٤٥] گوندێکی سەر بەقەزای ڕواندزە، دەکەوێتە سنوری نێوان ڕواندز و دۆڵی باڵەکایەتی.
[٤٦] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول ئەسعەد ئەحمەد کاروانچی، ٢٠٢٣/٩/٢٤.

ژیان، لەلایەکی دی بەهۆی ئاشکرایی خانەوادەی پێشمەرگە لەناو خەڵکدا بەوپێیەی پێشمەرگایەتی هێشتا هێندە زۆر بەربڵاو نەبوو، خەڵکێکی زۆر کەم لە ناوچەکە وەک ئەشقیا چووبوونە شاخەکان.

کاتێک حکومەت بەوە دەزانێت کە ئەو خەڵکانە بوونەتە پێشمەرگە هێزێکی زۆری جاش دەنێرێتە سەر کەسوکاریان، ڕایاندەسپێرن ئەگەر لەو چەند ڕۆژە کوڕەکانیان نەگەڕێنەوە کەسوکاریان دەخرێنە زیندان. مخابن زۆربەی جاشەکانیش خەڵکی ناوچەکە بوون، کە ئەوسا لەلای هەریەک لە ئەسعەد شێتنە و کوردۆی باویل ئاغا چەکیان هەڵگرتبوو و ببوونە جاش.

قاسید دەگاتە گوندی پیروسوا، مقۆمقۆ دەکەوێتە ناو ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی کە لە ڕواندزەوە لە بەهاری ١٩٦٢ چووبوونە ڕێزی پێشمەرگایەتی، مەلا تەهای شێخ وەتمانی کە بەرپرسیان دەبێت و لە گفتوگۆکەیان ئاگاداردەکرێتەوە، پێیان دەڵێت: "ئەگەر دەزانن کەسوکارتان دەگیرێن دەتوانن بچنەوە"، بۆیە هەر هەمان ساڵ واتا ١٩٦٢ لەو حەوت کەسەی لەکۆبوونەوەکەی ماڵی برایمی هۆرێ بڕیاریاندابوو پێکەوە بچنە شاخ سەید سەلیم، ئەسعەد کاروانچی و برایم چاوەش دەمێنەوە و ئەوانی دیکە لەژێر فشاری گیرانی کەسوکاریان دەگەڕێنەوە و چەک دادەنێن.[٤٧]

تا پێشمەرگەکان دەگەنەوە ڕواندز، دەبینن کە تەواوی کەسوکاریان خراوەتە زیندان، کە دواتر ئازاددەکرێن، بەڵام کەسوکاری سێ پێشمەرگەکەی دیکە، سەید نەبی باوکی سەید سەلیم، ئەحمەد کاروانچی باوکی ئەسعەد، محەمەد برای برایم چاوەش لە زیندان دەهێڵدرێنەوە. ئەوان لە هەولێر و کەرکوک زیندانی دەکرێن و ناخۆشی زۆر دەبینین، بەڵام سەرەڕای درێژەکێشانی ماوەی زیندانیی کەسوکاریان، ئەو سێ پێشمەرگەیە ئامادە نابن چەک

[٤٧] هەمان سەرچاوە.

دابنێن و واز لە پێشمەرگایەتی بهێنن.

بەسەرهاتێکی زیندان دەگێڕنەوە: بەرپرسانی زیندان بۆ لێکۆڵینەوە بانگی سەید هەینی ئامۆزای سەید نەبی دەکەن لێی دەپرسن ناوی باوکت چییە؟ ئەویش کەمێك ڕادەوستێت و بێدەنگ دەبێت تا ناوی باوکی بە بیردێتەوە! دواتر دەڵێت (مستەفا). یەکسەر بەدوای ئەو لێی دەپرسن ناوی باپیرت؟ ئەم جارەیان یەکسەر وەڵام دەداتەوە و دەڵێت دەمێک بیرم لێ کردەوە تا زانیم باوکم ناوی چییە، ئێستا چوزانم باپیرم ناوی چییە!

هەر بەڕاستی، زیندان و لێپرسینەوەی ڕژێم لەو سەردەمەدا ترس و سامی خۆی هەبوو، هیچ سەیر نەبوو مرۆڤ ناوی باوک و باپیری لەبیر بکات.[٤٨]

## ٣-٢: سوتاندنی ماڵە پێشمەرگە

ساڵی ١٩٦٣ ماڵی سەید نەبی لە چیای کوڕەک بووە، لەو کاتەدا هێزێکی پێشمەرگە لە چیای (دارەقەسپ)ی نزیک چیای کوڕەک بۆ پاراستنی ئەو ناوچەیە ئەرکدار بوون، فەرماندەکانی ئەو هێزە شێخ نەجیمی سەران و حەمەزیاد فەقیانی بوون.

شەوی ١٦-١٩٦٣/٧/١٧سوپای عێراقی بە چاوساغیی جاشەکانی سورچی و ڕێکانی هێرش بۆ سەر چیای کوڕەک[٤٩] دەهێنن، سەید نەبی ئەو کاتە بۆ کڕینی پێداویستیی ماڵ لە ڕواندز بووە و هەریەک لە سەید عومەر و سەید سەلیمیش پێشمەرگە بوون، چەند ڕۆژێکیش بوو هەریەک لە کوڕەکانی دیکەی سەید نەبی (سەید عەبدوڵا و سەید ڕەشید) لە گەڵی دارەقەسپ لەکاتی شوانیدا، هەورە بروسکە لێیان دەدات، هەردووکیان زۆر بە خراپی دەسوتێن، لەم کارەساتە سروشتییەدا جگە لە سوتانی ئەمان، چەند سەرمەڕێکیش مردار

[٤٨] هەمان سەرچاوە.

[٤٩] سعيد عمو، مذكرات امر لوا مشاة ١٩٧٧ ل٩٢

بوونەتەوە و لە ناوچەکە دەنگۆی بڵاودەبێتەوە.

سەید نەبی، کە هەواڵی پەلاماری جاش و جەیشی پێدەگات، بە هاواری دوو بووکەکەی (مەدینە و حەلیمە) دەچێت. کە بەتەنیا لە ڕەشماڵەکانی کوڕەکی بوونە، بەڵام دەچێتە سەر هەواری خاڵی، کاتێک دەبینێت ڕەشماڵەکانیان لەلایەن جاشەکانەوە سوتاوە و ئەوەی هەشیان بووە لە پەنیر و ڕۆنی خۆماڵی جاشەکان بە تاڵانی بردوویانە[٥٠]، بەڵام مەڕەکانیان بۆ نەبردراوە چونکە بەر لە گەیشتنیان ژنەکان بۆ خوارەوە لێیان خوڕیون، بە هاوکاریی ماڵەکانی دیکە لە کوڕانی (سەید نوری بێخاڵی)، کە لە هاوینە هەوارەکانی کوڕەک بوون مەڕەکان دەرباز دەکەن.

حکومەتی عێراق بەو ڕوداوەی سەر چیای کوڕەک دڵی ئاو ناخواتەوە، بگرە لە کانونی یەکەمی ١٩٦٣، لە گوندی کانیەقوڕیش هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکانی (سەید نەبی، ئەحمەد کاروانچی، حەمەدئەمین چاوەش) ئاگر لە خانوەکانیان بەردەدەن، هەر بەو هۆیە تەواوی ماڵەکانی کانیەقوڕ دەسوتێن و بەو زستانە خەڵکی کانیەقوڕ کە هیچیان بۆ دەرباز نابێت ئاوارەی ناو ڕواندز و گوندەکانی دەوروبەری دەبن.

سوتانی گوندی کانیەقوڕ بە تۆمەتی ئەوەی سێ کەسیان (ئەسعەد، سەید سەلیم، برایم) پێشمەرگە بوونە، کارەساتێکی گەورە دەبێت، چونکە ڕوداوەکە لە ناوەڕاستی زستان بووە، کە زستانان خەڵکی ئەو گوندە جگە لە دارهێنان هیچ کارێکی دیکەیان نەبووە، بگرە دەبوو لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرما ئازوقە دابکەن، کە نەک هەر ئازوقەی خۆیان، بگرە ئالیکی گوێدرێژ و ئاژەڵەکانیشیان تەواو سوتابوون، هیچیان بۆ دەرباز نەکرابوو.

[٥٠] تاڵانکردن: دیاردەیەک بوو سوپا سەرکەوتووەکان پەنایان بۆ دەبرد، جاشەکان هەمیشە لە پەنای سوپای عێراقی وەک هێزێکی تاڵانچی ناسرابوون، لە پرۆسەی ئەنفالەکان بەشێکی جاشەکان ڕۆڵی خراپیان بینیوە لە تاڵانکردنی گوندەکانی کوردستان.

## ٤-٣: ئاوەدانکردنەوەی کانیەقوڕ و داڕمانی گرکەند [51]

ساڵی ١٩٦٤حکومەت ڕازی دەبێ خەڵکی گوندی کانیەقوڕ کە ساڵێک بوو خانووەکانیان سوتێندرابوو جارێکی دیکە خانووەکان دروست بکەنەوە، لەو ساڵەدا لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و میری جۆرێک لە دانوستان هەبووە، سەید نەبی کە هێشتا زامی سوتانی دوو کوڕەکەی سارێژ نەببوو، کوڕە گەورەکەشی (سەید تەها)، توشی کارەساتێکی گەورە دەبێت، کاتێک خەریکی دروستکردنی خشتی خانوو بوون، خۆی و کچێکی و کوڕە تاقانەکەی بە ناوەکانی (جەواهیر و خورشید)، لەگەڵ کچێکی دیکەی گوندی کانیەقوڕ بەناوی (دوڕێ مستەفا) لەئەنجامی داڕمانی گرکەند دەکەونە ژێر گڵ و خورشیدی کوڕی دەمودەست گیان لەدەست دەدات.

ئەمەشیان کارەساتێکی دیکە دەبێت کە بەرۆکی خێزانی سەید نەبی دەگرێت، بەڵام چونکە پیاوێکی بە هیمەت و خۆڕاگر بووە، هەر زوو بەسەر ئەو ناخۆشییانە زاڵ بووە.

دوای ئەو ڕوداوە جارێکی دیکە ژیان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی کانیەقوڕ تا ساڵی ١٩٧٥ جارێکی دیکە بەشێکی گوندەکە بە هەمان تۆمەتی ئەوەی کە پێشمەرگەن تێکدەدرێت.

دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بۆ دژایەتیی شۆڕش پەنایان بردووەتە بەر هەموو شێوازێکی سەرکوتکردن بە تێکدانی سەرچاوەکانی ژیانیشەوە، لە سوتاندن و داڕماندنی دێهاتەکان و تەقاندنەوەی کانیاوەکان. کەم گوندی کوردستان هەیە بەر هەڵمەتی سوتاندن و ڕاگواستن نەکەوتبێت، لوتکەی ئەم هەڵمەتەی بە سوتماککردنی کوردستان بە تایبەت لەم پارچەی باشور لە هەڵمەتی بەدناوی ئەنفال خۆی بینیەوە، کاتێک ڕژێمی لەناوچووی بەعس بە بیانووی دابڕاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دێهاتەکان دەستی دایە ئەو هەڵمەتە و

---

[51] ڕواندزییەکان بەوپێیەی پیتی (ڵ) بە (ر) دەردەبڕن بە گڵکەند دەڵێن گرکەند، پێموایە ناو دەبێ بەوشێوەیە بنوسرێت و بخوێندرێتەوە کە خەڵکی خۆجێیی دەریدەبڕن

بە چەندین قۆناغ سیاسەتی سوتماکی لە کوردستان خستە بەرنامەی خۆی.

شایانی باسە، بەشێک لە گوندەکانی کوردستان کە لە سەردەمی خۆیدا گوندی ئاوەدان بوون و بە سەدان خێزان تێیاندا ژیانی ئاسایی خۆیان دەکرد، تا ئێستا ئاسەواری ئەو سیاسەتەی ڕژێمی بەعسیان پێوە دیارە، دوای ٣٢ ساڵ لە ئازادیی باشووری کوردستان، هێشتا زۆر لە گوندەکان ئاوەدان نەبوونەتەوە.

## ٣-٥: بۆردمانی تۆپەکان و تەقەکردن لە ماڵە پێشمەرگە

پێشمەرگە لە ناوچە ڕزگارکراوەکان بە تایبەت لە دۆڵی ئاکۆیان چەند تۆپێکی لە بەرامبەر ڕواندز و حامیەی ڕواندز دامەزراندبوو، هەر لە سەرەتاوە هەریەک لە ئەسعەد عەلی نەبی کە دواتر بە (فەتحی تۆپچی) ناوی دەرکرد و (فریاد) لەسەر ئەو تۆپانە تۆپچی دەبن، دوایی ئەوان (سەید عومەر) کە لە ڕیزەکانی سوپای عێراق ڕەئیس عورەفا وەحدە بووە و شارەزایەکی باشی لە تۆپخانە پەیداکردووە، دوای ئەوەی دەبێتە پێشمەرگە بۆ ماوەیەک هاوکاریی تۆپخانە دەکات، ڕۆژێکیان چەند تۆپێک بەر مۆڵگەی جاشەکانەوە دەنێن، شەو لە تۆڵەی ئەو تۆپانە جاشەکان تەقە لە ژن و منداڵی (سەید عومەر) دەکەن کە ئەوسا کرێچی ماڵی (حەسەن عارەب) بوون لە ڕواندز. لەو سەردەمە زۆربەی پێشمەرگەکان خێزانەکانیان لەناو شاری ڕواندز بەجێهێشتبوو، بەشی هەرە زۆریشیان کرێچی بوون.

شایانی باسە، ئەو فیشەکانەی نرابوون بە ماڵی سەید عومەر هیچ زیانی گیانیان نەبووبوو، پێدەچوو هەر بۆ چاوترساندن جاشەکان دەستڕێژیان لە تەشت و مەنجەڵی ئەو ماڵە کردبێت، ئەمەشیان بەشێک دەبێت لە سیاسەتی تۆقاندنی کەسوکاری پێشمەرگە، ڕۆژی دواتر فاتم محمەد ئەمین، هاوژینی حەسەن عارەب تەشت و مەنجەڵە کونبووەکان، کە بە دەستدرێژی

گولەی جاشەکان کون ببون دەباتە ماڵی کوردۆی باویل ئاغا، کە سەرۆک جاش بووە، دەڵێت: ئەمە ئەو پێشمەرگانەن کە شەو جاشەکانت بە تەقە بریندارکیان کردوون. وەک توانجێک بۆ سوکایەتیکردن بە جاشەکان، بەو واتایەی ئێوە کەسانی ترسنۆکن و دەتانەوێت تۆڵەی پێشمەرگە لە ژن و منداڵەکانیان بکەنەوە.

## ٣-٦: بەشداری لە یەکەمین شەڕی بەرەیی

لە تەمووزی ١٩٦٣، دوای شکستی گفتوگۆی چوار مانگەی نێوان بەغدا و مستەفا بارزانی، سوپای دوژمن دەیەوێت لە هەولێرەوە پەلاماری ناوچە شاخاوییەکان بدات، لە کۆیە و دەشتی هەریر دەست بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەکات، هێرشی یەکەمی لە ناوچەی کۆیە و دەشتی هەریر بووە بۆ گرتنی هەیبەت سوڵتان و سپیلک، لیوا نزار بەرزنجی لە بیرەوەرییەکانی خۆی نوسیویەتی:[٥٢] ڕۆژی ١٠ حوزەیرانی ١٩٦٣ لیوای پێنجی پیادە بە فەرماندەیی (سەعید حەمۆ) هێرشی کردە سەر چیای هەیبەت سوڵتان، بەڵام بەهۆی خۆڕاگریی پێشمەرگە هێرشەکە شکستی هێنا، ئەو زانیارییانەی بەدەستی هەواڵگریی فرقەی سوپا کەوتبوون، ئەوسا فەرماندەکەی پێشمەرگە گوتبووی: هەیبەت سوڵتان دەکەینە ستالینگراد.[٥٣]

شایانی باسە دوای گۆڕینی پلانی شەڕەکە لەلایەن سوپای عێراق و هێرشکردن لە قۆڵی

[٥٢] بیرەوەرییەکانی فەریقی یەکەمی ڕوکن ئیبراهیم ئەنساری، کتێبی (أيام لا تنسى).

[٥٣] شەڕی ستالینگراد (ماوەی شەڕەکە: ٢٣ی ئابی ١٩٤٢ تاکوو ٢ی شوباتی ١٩٤٣)، ئەم شەڕە بە ستالینگراد ناسراوە چونکە شەڕەکە لە شاری ستالینگراد بوو کە ئێستا پێی دەڵێن ڤۆڵگۆگراد، شەڕەکە لەمیانەی شەڕی دووەمی جیهانیی لەنێوان یەکێتیی سۆڤیەت و ئاڵمانیای نازی و هاوپەیمانەکانی (ڕۆمانیا - ئیتاڵیا - هەنگاریا - کرۆاتییا) بوو، شەڕەکە لە ئەنجامی هێرشەکانی ئاڵمانیای نازی دەستی پێکرد بۆ خاکی یەکێتیی سۆڤیەت، لە ئابی ١٩٤٢ سوپای ئاڵمانییەکان لە بەردەم ستالینگراد دا وەستابوون بەڵام بەهۆی سەرماوسۆڵە و نەبوونی ئارزووقەوە تێکشان، لە ئاکامدا لە ٣١ی کانونی یەکەمی ١٩٤٣ سوپای ئاڵمانییەکان بەتەواوی خۆیان بەدەستەوەدا و دواتر ئەرتەشی سوری سۆڤییەت ڕزگارکردنی ڕووسیای ڕۆژئاوای گرتە ئەستۆ و لە ئەنجامی ئەمەش شەڕی کۆرسیک دەستی پێکرد، لەساڵی ١٩٤٥یش ئەرتەشی سور ئاڵای یەکێتیی سۆڤییەتی لە بەرلینی ئاڵمانیا شەکاندەوە، شەڕی ستالینگراد بە هۆکاری کوژرانی نزیکەی دوو میلیۆن کەس لە سەرباز و هاوڵاتییان دەخەملێندرێت.

دیکە، چیای هەیبەت سوڵتان دەگیرێت، بەڵام سوپا زیاتر بەرەو ڕانیە پێشڕەوی ناکات، بگرە شەڕەکە دەگوازنەوە بۆ بەنی هەریر بۆ شکاندنی گەمارۆی پێشمەرگە لەسەر سەربازگەی سپیلک و فەوجی سەربازی لە خەلیفان، کە ٤٠ ڕۆژ بوو لەژێر گەمارۆی پێشمەرگەدا بوون. هەریەک لە سەید سەلیم و ئەسعەد کاروانچی و برایم چاوەش کە تا ئەو کاتەش هەر لە لای هێزەکەی (مەلا تەها شێخ وەتمانی) پێشمەرگە بوون، بۆ یەکەمجار لە دەشتی هەریر دەکەونە ناو شەڕێکی بەرەیی، ئامانج لەو شەڕەش پێش پێگرتنی دوژمن بوو بۆ ئەوەی سوپای داگیرکەری عێراق زیاتر نەهێتە پێشەوە، لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەی قارەمانی باڵەکایەتی کە خەڵکی گوندی شیوەڵۆک دەبن شەهید دەبن، هەروەها پێنجی دیکەش بەدیلی دەکەونە دەست دوژمن کە دواتر ئەوانیش شەهید دەکرێن. ئەو شەڕە یەکەمین شەڕ دەبێ کە سەید سەلیم و ئەسعەد کاروانچی و برایم چاوەش بەشداریی تێدا دەکەن.

لە ناوچەی ڕواندز و بە تایبەت لە گەرووی بێجان، لەسەر چیای کورەک چەند جارێک هێزەکەی حەمە زیاد فەقیانی پەلاماری سوپای دابوو، بە هۆی بڵاوبوونەوەی دەنگۆی شەڕی پێشمەرگە و سوپای دوژمن سەنگەرەکانی پێشمەرگە ئاوەدانتر دەبن، لە ناوچەکە جگە لە حەمە زیاد و ئەو پێشمەرگانەی باسمان کرد، فەرماندەی ئازای وەک سەید مستەفای بنەکاولی، ساڵح ئاکۆیی و مەمەدەڕەش فەقیانی و دەیان پێشمەرگەی ئازای دیکە پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکەن.[٥٤]

[٥٤] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول ئەسعەد کاروانچی، ٢٠٢٣/٩/٢٤.

## ٣-٧: شەڕەکانی ناو گەلیی عەلیبەگ

گەلیی عەلیبەگ دەکەوێتە تەنیشت چیای کوڕەک، درێژی ئەو گەلییە (١٢کم)ە، ڕێگای نێودەوڵەتیی هاملتۆنی پێدا تێدەپەڕێت، کە شاری هەولێر بە خاڵی سنوریی حاجی ئۆمەران دەبەستێتەوە، تاڤگەیەکی تێدایە کە خاڵی پەڕینەوەی سێ ڕوباری جیاوازە لە هەریەک لە ڕوبارەکانی (ڕواندز و باڵەکیان و خەلیفان).[٥٥]

شارەزایانی سەربازی گەرووی گەلیی عەلیبەگ بە یەکێک لە گرنگترین و ئاڵۆزترین گەرووی چیا لە جیهاندا بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی دادەنێن، پێیان وایە گەلیی عەلیبەگ لە ڕووی جیۆسەربازی بە کلیلی دەستی هێزی سەربازی دادەنرێت کە کۆنترۆڵی دەکات، بۆ ڕێگریکردن لە تێپەڕبوونی یەکە سەربازییە پێشکەوتووەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی حاجی ئۆمەران یان لە باشوری ڕۆژئاوای موسڵ - ناوچەی هەولێر.[٥٦]

لە مێژوودا چەندین جار لە گەلیی عەلیبەگ جەنگ ڕوویداوە، لەوانە شەڕی نێوان پاشای گەورەی ڕواندز و عەلی بەگی داسنی، هەروەها نمونەی شەڕە گەورەکانی نێوان قەیسەری ڕوس و دەوڵەتی عوسمانی لە ١٣ ئایاری ١٩١٦ کاتێک سوپای ڕوس لە حاجی ئۆمەرانەوە هات بۆ داگیرکردنی ڕواندز.

سەید سەلیم لە سێ دەیەی تەمەنی پێشمەرگایەتیی خۆیدا لە شەستەکان و ناوەڕاست و کۆتایی حەفتاکاندا چەندین جار لەناو گەلیی عەلیبەگ چالاکیی پێشمەرگانەی ئەنجامداوە. لە ساڵەکانی (١٩٦٤،١٩٧٤،١٩٧٨). سەید سەلیم لە سێ زەمەنی جیاواز لە گەلیی عەلیبەگ شەڕی سوپای عێراقی کردووە. (عەلی عاشق) یەکێکە لەشاهیدەکانی ئەو چالاکیانە. عەلی عاشق پیاوێکی خەڵکی گوندی سرێشمە بوو بە هۆکاری تایبەت و شکستی خۆشەویستی لەنێو

---

[٥٥] سەرچاوە: ویکیپیدیایی کوردی

[٥٦] محیەدین موحەمەد یونس: الصراع العلنی و الخلفی بین السلطة فی العراق و الحرکة الکردیة ١٩٦٨-١٩٧٥

گەلی عەلیبەگ دەژیا، لە دوا ساڵەکانی تەمەنی ببوە بابەتی ڕاگەیاندنەکان، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لێی دەپرسن تۆ لە گەلی عەلیبەگ چۆن بە تەنیا دەژیت و کێ خۆراکت بۆ دابین دەکات؟ ئەو لە وەڵامدا گوتی: "زەمانی حکومەتی زابتەک هەبوو هەر جارەکی لێرەوە ڕەت ببا ئازوقەی لۆ دەهینام، ڕۆژەکی سەید سەلیم لە گەلی عەلیبەگ کەمینی داناوە ئەو زابتەی کوشت و منی بێ ئازوقە کرد."[٥٧]

## ٣-٨: هەیکەلی دامەزراوە سەربازییەکان لە شۆڕشی ئەیلول

ساڵی ١٩٦٤ هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوی لێنرا (لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان)، ئەو لەشکرە دابەشکرایە سەر سێ لەشکر، هەر لەشکرێک لە (٣-٤) هێز پێکهاتبوو، هەر هێزێک دەبوو لە سێ بەتالیۆن کەمتر نەبێ، هەر بەتالیۆنیش بریتی بوو لە سێ لق، لقیش لە سێ پەل پێک دەهات، هەر پەلێکیش لە سێ دەستە، دەبوو هەر دەستەیەک لە ١٠ پێشمەرگە کەمتر نەبێت، هەیکەلەکەش بەم شێوەی خوارەوە بوو:

ناو: سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان (س. ش. ک)

مەکتەبی عەسکەری (٧) ئەندام ڕاستەوخۆ بەسترابوو بە بارەگای بارزانییەوە.

ناو: سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان (س. ش. ک)، پێکهاتبوو لە ١٨ هێز لەوانە هێزەکانی (باڵەک، شێخان، ئاکرێ، سەفین، دەشتی هەولێر، کەرکوک، خەبات، زمناکۆ، کاوە، حەمرین، ئەزمەر، هەڵگورد، ڕزگاری).

- هەر هێزێک پێکهاتبوو لە چەند پەتالیۆنێک
- هەر بەتالیۆنێک لە ٣-٤ لق

[٥٧] دیمانەی عەلی عاشق لە کوردستان تیڤی.

- هەر لقێک ٣-٤ پەل
- هەر پەلێک لە ٣-٤ دەستە
- هەر دەستەیەک لە ٩-١٢ پێشمەرگە.[٥٨]

بەرپرسیارەتی لە هەریەک لەو پۆستانەی ناو لەشکری شۆڕشگێڕیی کوردستان دەبوو لەسەر بنەمای لێهاتووی و ئازایەتی بێت، بەڵام هەندێک جار ئەو پێوەرە لەبەرچاو نەدەگیرا بگرە خزمایەتی و پێوەری عەشایری دەکرایە بنەما. جگە لەو دامەزراوە سەربازییەی سەرەوە لەنێو لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان خولی بەردەوام بۆ بەشەکانی (بێتەل، هەندەسە، تۆپخانە، برینپێچی، تەنانەت کادیر و مامۆستایی) دەکرایەوە.

## ٣-٩: بەشداری لە پەیمانگەی کادیران

لەنێو دامەزراوەکانی شۆڕشی ئەیلول، وێڕای دامەزراندنی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە، شۆڕش دامەزراوەی وەک پێگەیاندن و تەندروستی و ئیداریشی کردەوە، بۆ پێگەیاندنی کادیرانی حزبی، خولی پێگەیاندنی بۆ کادیران دەکردەوە، لەو بارەیەوە بە سەدان کادیر خرانە خوێندن و دوای بەشدارییان لەو خولانە کادیری سیاسی و ئیداری و پزیشکیان لێدەردەچوو.

سەید سەلیم ساڵی ١٩٦٩ بەشداری لە پەیمانگای کادیران دەکات، لەوێ وێڕای سودوەرگرتن لەو بابەتانەی لە خولەکە دەگوترانەوە، ئاشنایەتیی لەگەڵ کادیرانی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان پەیدا کردووە، هەروەها لە خولەکە بە پلەی زۆرباش دەرچووە و بڕوانامەی کادیریی بە واژۆی (هاشم ئاکرەیی) پێدراوە، کە بەڕێوەبەری خولەکە بووە.

بەپێی ئەو وێنانەی، لە ئەرشیفی شەهید سەید سەلیم پارێزراون، عومەر حاجی حەسەن،

---

[٥٨] نەوشیروان مستەفا، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن چاپی یەکەم ١٩٩٧ ، ل: ١١٣.

حوسێن حەمەدەڕەق ناسراو بە حوسێن کادیر، مەلا عەزیز باڵەک، کاکە مەلا بێراوەیی، محەمەد حاجی هەولێری هەندێک لەو کەسانە بوون کە لەو خولەدا بەشدارییان کردووە. بەشداریی سەید سەلیم لە خولی کادیران دەرفەت بووە تا ساڵانی دواتر وەک کادیرێکی هۆشیار لەنێو جەماوەر دەربکەوێت و دواتر پلە حزبییە جیاجیاکان وەربگرێت.

**چوارەم: شکستی گفتوگۆ و دەستپێکردنەوەی شەڕ:**

٤-١: دامەزراندنی هێزی باڵەک

٤-٢: گواستنەوە بۆ لیژنەی ناوچەی باڵەک

٤-٣: شەڕی گوندەکانی سەرچیا

٤-٤: گفتوگۆی ١١ ئادار و گەڕانەوە بۆ ڕواندز

٤-٥: ئاوەدانکردنەوەی گەڕەکی شۆڕش

٤-٦: ڕواندز لە چوار ساڵی گفتوگۆی ١٩٧٤دا

٤-٧: دامەزراندنی لقێکی تایبەت بە هێزی پێشمەرگە

٤-٨: شکستی دانوستان و دەستپیکردنەوەی شەڕی پێشمەرگە و ڕژێم

٤-٩: شەڕی گرتنەوەی سەنگەرەکانی گۆڕنۆک

٤-١٠: گواستنەوە بۆ هێزی حەمرین

٤-١١: هێرشی پێچەوانەی دوژمن

٤-١٢: بەردی یەکەمی سەنگەر

## چوارەم: شکستی گفتوگۆ و دەستپێکردنەوەی شەڕ

### ٤-١: دامەزراندنی هێزی باڵەك

دوای ئەوەی ناوچەی باڵەکایەتی لەلایەن پێشمەرگەکانی ناوچەکە، کە زۆربەیان خەڵکی ئازای باڵەکایەتی و ڕواندز بوون، بە فەرماندەیی مەلا تەها شێخ وەتمانی ئازادکرا، لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕش هێزی باڵەک بە فەرماندەی موقەدەم عەزیز ئاکرەیی دامەزرا، عەبدوڵا پشدەری کە لە ساڵی١٩٦٥ فەرماندی بەتالیۆن دەبێت و دوای ترازانەکانی ناو پارتی و جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لەنێوان ڕژێمی بەغدا لە سەردەمی سەرۆکایەتیی عەبدولسەلام عارف و شۆڕشی کوردستان، بە فەرماندەی هێزی باڵەک ڕادەسپێردرێت و سەرلەنوێ ئەو هێزە دادەمەزرێتەوە، پێکهاتەی هێزی باڵەک بەم شێوەی خوارەوە بووە:

- عەبدوڵا پشدەری، فەرماندەی هێز.
- سەدیق ئەفەندی و عەبدولڕەزاق بێتوشی، هەریەکە و بۆ ماوەیەک جێگری فەرماندی هێز بوون.
- فەرانسۆ هەریری، بەرپرسی پاراستن.
- حەسەن ناسر یاریدەدەری فەرماندی هێز.

هێزی باڵەک لە حەوت بەتالیۆن پێکهاتبوو بەم شێوەی خوارەوە:

- حەجی بێرۆخی، فەرماندەی بەتالیۆنی (١)
- مستەفا ساڵح حاجی نێروەیی، بەتالیۆنی (٢)
- مەلا ئەمین بارزانی، بەتالیۆنی (٣)
- عزەت سلێمان بەگ، بەتالیۆنی (٤)
- عەریف یاسین محەمەد دۆسکی، بەتالیۆنی (٥)
- حەمید ئەفەندی، بەتالیۆنی (٦)

**- عەلی، بەتالیۆنی (٧)**[٥٩]

ئەو بەتالیۆنانەی کە سنوری ڕواندزیان پێدەسپێردرێت بەتالیۆنی (٣-٤) دەبن، بۆیە زیاتر باس لە پێکهاتەی ئەودوو بەتالیۆنە دەکەین.

بەتالیۆنی (٣) فەرماندەکەی مەلائەمین بارزانی بووە؛ سەید عومەر سەید نەبی جێگری فەرماندەی بەتالیۆن؛ حاجی محەمەد ئیدارەی بەتالیۆن بووە. لە چەندین لق پێکدەهات و ناوی سەرلقەکان:

- وەسمان حوجرانی
- سەید سەلیم سەید نەبی
- حەمە زیاد فەقیانی
- میرکە خەیلانی
- زوبێر عالی
- سلێمان عەبدوڵا چاربۆتی.
- شاکر بەگ گەردی.

بەتالیۆنی (٤)یش فەرماندەکەی عزەت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی بوو؛ حەمەدەمین فەقێ حەسەن دەرگەڵەیی جێگری بەتالیۆن بوو. سەرلقەکانی بەتالیۆن ئەمانە بوون:

- سەید مستەفا سەید جەعفەر بنەکاولی
- مەجید بەگ حەمەدئەمین
- شەهید سەید عەبدوڵا بۆڵی
- مام ئەلیاس ڕواندزی
- ڕەئیس کەمال سەرلقی شوعییەکان بووە[٦٠]

---

[٥٩] عزت سلێمان بەگ دەرگەڵەیی، شانێک بە بن باری نیشتمانەوە.چاپی یەکەم ٢٠٢١ ل١٩٢

[٦٠] عەبدوڵڵا مەلا زادە، شێوەی تەشکیلاتی عەسکەری شۆڕشی ئەیلول، چاپی یەکەم ٢٠٢٠ل: ٤١.

## ٤-٢: گواستنەوە بۆ لیژنەی ناوچەی باڵەك

زستانی ١٩٦٨، سەید سەلیم دەگوازرێتەوە بۆ لیژنەی ناوچەی باڵەک کە بارەگاکەی لە شارۆچکەی گەلاڵە بوو، هۆکاری گواستنەوەکەی بەهۆی نەسازانی بوو لەگەڵ مەلائەمین بارزانی کە لەو سەردەمە فەرماندەی بەتالیۆنی ٣ بوو لە دۆڵی ئاکۆیان.

زۆر جار ناکۆکییەکانی ناو شۆڕش هۆکار دەبوون کە فەرماندەیەک، یان کادیرێکی حزبی دەڤەری خۆی بە جێ بهێڵێت و ڕوو لە ناوچەیەکی دیکە بکات، دوای سەید سەلیم هەریک لە سەید خدر و سەید مستەفا بە هۆی نەسازانیان دەچنە بەتالیۆنی ٤ کە فەرماندەکەی عزەتی سلێمان بەگ بوو.

شارۆچکەی گەلاڵە لەو سەردەمە ناوەندێکی گرنگی سیاسی و سەربازی و ئابووری بوو بۆ شۆڕش، وەک پایتەختی شۆڕشی ئەیلول ناسرابوو، ئەویش بەهۆی نزیکی لە بارەگاکانی بارزانی و سەرکردایەتی و ئێزگەی شۆڕش و نەخۆشخانەی شۆڕش لە ناوپردان هەروەها نزیکیشی لە ئێران. ماوەیەکی زۆر فەڕەنسۆ هەریری قائمقامی قەزای چۆمان بوو، خەڵکێکی زۆری شارەکانی کوردستان لە کورد و نەتەوەکانی دیکە لە شارۆچکەی گەلاڵە دەژیان، ئەو چەند ساڵەی سەید سەلیم لە شارۆچکەکە دەبێت سەرەتا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ژن و کوڕە تاقانەکەی لە ماڵی سەیدەی حاجی برایمی ڕواندزی[٦١] دەگیرسێنەوە، بۆ خێزانی سەید سەلیم گواستنەوەیان بۆ گەلاڵەو دووەرکەوتنەوە لە خزم و کەس یەکجار ناخۆش دەبێت، بەڵام میهرەبانیی خەڵکی ئەو ناوچەیە وادەکات ئەوان هەست بە غەریبی نەکەن، ماڵی عەمەر ئاغای ئەحمەد شاباز سرێشمەیی و حاجی محەمەد گەلاڵی و دایکی ئەحمەد شەم گەلاڵی تەواوی خەڵکی دەبنە خانەخوێی زۆر چاک بۆ ژن و کوڕەکەی سەید سەلیم، هەروەها بەو پێیەی شارۆچکەی گەلاڵە

[٦١] سەیدەی حاجی برایمی، کەسایەتی شاری ڕواندز بوو بەهۆی ئەوەی هەریەک لە کوڕەکانی (جەبار و جەمال و جەلال) پێشمەرگە بوون ئاوارەی شارۆچکەی گەلاڵە بوون.

خەڵکی جۆراوجۆری لێدەژیا سەید سەلیم ئاشنایەتی لەگەڵ توێژێکی بەرفراوانی کەسانی ناو شۆڕش پەیدا دەکات، لەوانە جەلیل فەیلی کە ئەوسا بەرپرسی لیژنەی ناوچەی بالەک دەبێت، هەروەها (مەعاویە ئێزیدی) کە فەرماندەیەکی شۆڕش دەبێ و بەهۆی بەشداریان لە شۆڕشی کوردستان کەوتوونەتە ئەو دەڤەرە، معاویە کوڕەکەی شەهید سەید سەلیم بە کریڤی خۆی[٦٢] قەبول دەکات. یەکێک لەتایبەتمەندیە جوانەکانی خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتی ئەوەیە کە بە ئاسانی لەخۆت دەگرن و زوو تێکەڵاوبی کۆمەڵایەتی نیشانی میوان دەدەن، لەوێ هیچ کەس هەستی بە نامۆیی و غەریبی ناکات. ساڵی ١٩٧٠ لەسەر بڕیاری سەرکردایەتیی شۆڕش داوا لە سەید سەلیم دەکرێت بەشداریی شەڕی سەرچیا بکات. بەوپێیەی کەسێکی بە دیسپلین دەبێ لە بوارەکانی سەربازی و حزبایەتی، جارێکی دیکە وەک فەرماندەیەکی سەربازی دەستبەکار دەبێت و بێ دوودڵی و بەبێ ئەوەی بڕیاری گواستنەوە و دوورخستنەوەی هیچ کاریگەری لەسەر دابنێت، دەچێتە ژێر باری ئەو بەرپرسیاریەتییەی کە سەرکردایەتیی شۆڕش پێی دەسپێرێت.

## ٤-٣: شەڕی گوندەکانی سەرچیا

سەرکردایەتیی شۆڕش، بە دیاریکراوی بارزانی، نێوانی لەگەڵ بەشێکی سەرۆک عەشیرەتەکان باش نەبوو، بە تایبەت عەشیرەتەکانی سورچی و هەرکی و زێباری، ئەوەیان بووە هۆی ئەوەی شەڕ لە گوندەکانی سەرچیا ڕووبدات. هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو شەڕە هێزی زۆری لە دەوروبەری گوندەکانی سەرچیا کۆکردبووەوە، ئامانج هێرشکردنە سەر گوندەکانی سەرچیا و ڕاوەدوونانی ئەو سەرۆک جاشانە بوو کە لە شۆڕش هەڵگەڕابوونەوە. جاشەکان

[٦٢] کریڤ: قەبوڵکردن، ڕێوڕەسمێکی کاتی خەتەنەکردنی کوڕانە، ئەگەر کەسایەتییەکی ئێزیدی ئامادەبێت، ئەو کوڕە دەبێتە کریڤی کەسایەتییەکە.

دەستپێشخەری دەکەن. ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٢٥، شەڕ لەنێوان پێشمەرگە و ئەوان دروست دەبێت، لەو شەڕەدا هێزی پێشمەرگە چوار شەهیدی دەبێت، لەنێو ئەو شەهیدانەدا سەید عەلی سەید ڕەسول، پورزای سەید سەلیم، کە گەنجێکی تازە زاوا بووە و سێ مانگ بوو چووبووە ناو ژیانی هاوسەرگیری.

سەبارەت بەو شەڕە مستەفا سەڵتە پێشمەرگەی بەشداربوو لەو شەڕە، بۆی گێڕاینەوە: پێش ئەوەی هێزی ئەوان بگاتە گوندەکانی سەرچیا، هێزەکانی حەمەزیاد فەقیانی و ساڵح ئاکۆیی توشی بەرگریی جاشەکان دەبن و دوو شەهیدیان داوە، بە ناوەکانی سەید عەلی سەید ڕەسول کانیەقوڕی، ڕەفعەت ئاکۆیی. ڕۆژی دواتر هێزەکەی سەید سەلیم (لقی یەک) دەگاتە گۆڕەپانی شەڕەکە لە گوندەکانی ساوا. گۆڕەز و جۆنەرە و بەنۆکە، دوای ڕاونانی جاشەکان لەو گوندانە و بەشێکی خەڵکی ئەو گوندانە لە ماڵەکانیان دەمێننەوە. لەسەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکەکە، حەمە زیاد و سەید سەلیم بۆچونیان جیاواز بووە؛ حەمەزیاد، کە ڕۆژی پێشتر دوو شەهیدی دابوو، دەیەویست مامەڵەیەکی توند لەگەڵ خەڵکی ئەو گوندانە بکات، کە خۆیان بە دەستەوە دابوو، هەرچی سەید سەلیم بوو دەیویست بڕیاری سەرکردایەتیی جێبەجێبکات و هەوڵ بدرێت کەمترین خەڵک لەگەڵ سەرۆک جاشەکان بڕۆن.[٦٣]

حەمەزیاد، کە لەو نەرمینواندنەی سەید سەلیم نیگەران دەبێت ڕووی تێدەکات پێی دەڵێت: "دوێنێ ئامۆزایەکت بە ناوی سەید عەلی بە دەستی ئەو چەکدارانە شەهید بووە، چۆن دەبێت لە خەڵکی ئەو گوندانە خۆشبیت و عەفویان بکەیت؟"

ئەگەرچی حەمەزیاد بە نیگەرانییەوە ناوچەکە جێدەهێڵێت، بەڵام خۆشبەختانە مامەڵەی

[٦٣] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول مستەفا سەڵتە ٢٠٢٣/٧/٢٩

سەید سەلیم ئەنجامێکی باشتری لێدەکەوێتەوە، ڕێگری دەکات لە کوژرانی خەڵکێکی زۆر و فراوانبوونی ژمارەی نەیارانی شۆڕش لەو ناوچە ستراتیژیە. تا ئێستاشی لەگەڵدابێت خەڵکی ئەو ناوچانە باس لە هەڵوێستی جوامێرانەی سەید سەلیم دەکەن، کە ڕێگری لە کوشتارێکی زۆر کردووە لە ناوچەکە.

## ٤-٤: گفتوگۆی ١١ ئادار و گەڕانەوە بۆ ڕواندز

لەگەڵ دەرچوونی بەیاننامەی (١١) ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠و کۆتایهێنان بە شەڕ و گەڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ کوردستان، کەشێکی سیاسی هاتە کایەوە کە بووە هۆی گەڕانەوەی بەشی هەرە زۆری پێشمەرگەکان بۆ زێدی خۆیان و شادبوونەوەیان بە کەسوکاریان. ڕواندزیش وەکو هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان پێشوازیی لەو بەیاننامەیە کرد، لە ڕێوڕەسمێکی فراوانی جەماوەریدا سەید عومەر سەید نەبی، کە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ڕواندزی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، دەقی بەیاننامەی ١١ ئاداری خوێندەوە، لە هەموو کوچە و کۆڵانەکان شایی و ڕەشبەڵەك و ئاهەنگ و خۆشی و دەهۆڵ و زوڕنا بوو، جموجۆڵ و چالاکیی هونەری لە سەرتاسەری کوردستاندا بەڕێوەدەچوو، بە تایبەتیش لە ڕواندز، لە هەموو بوارەکانی هونەر بە تایبەتی لە بواری شانۆ کەوتنە داهێنان و کارکردن، بە هۆی ئەو کەشە ئازاد و لەبارەی کە بۆ پەرەپێدانی بزاڤی هونەری و ڕۆشنبری و ئەدەبی ڕەخسا بوو. مامۆستا و خوێندکار و ئارەزومەندانی هونەر لە ڕواندز سەرلەنوێ تەختەی شانۆی قوتابخانەی (پاشای گەورە)یان نۆژەنکرەوە و پێداویستییەکانیان بۆ دابینکرد، کە بتوانن چالاکیی شانۆیی و ئاهەنگی تێدا سازبکرێت.[٦٤]

[٦٤] زرار مستەفا، هونەر لە ڕواندزێ، کورتە باسێکی هونەری... ١٩٩١ لا٥٨

ساڵێک دوای گفتوگۆی نێوان شۆڕش و حکومەت، لە ١٩٧١ سەید سەلیم لە ناوچەی باڵەک وەک ئەندامی ناوچە دەگوازێتەوە بۆ لیژنەی ناوچەی ڕواندز، کە ئەوسا سەید عومەر بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ڕواندز دەبێت، لە ساڵانی گفتوگۆ لەگەڵ شاندی باڵای شۆڕش دەچێتە کەرکوک، لە تۆپزاوە بەشداری مەڕاسیمێک دەبن بە یاوەریی شێخ محەمەد هەرسین، کە ئەو کاتە لە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت.

شاری ڕواندز لە ساڵانی گفتوگۆ، جوڵەی زۆری سیاسی و بازرگانیی تێدەکەوێت، بەوپێیەی شارێک بووە نزیک لە بارەگاکانی سەرکردایەتیی شۆڕش، لەو چوار ساڵە بە بەردەوامی ڤیستیڤاڵی وەرزشی و هونەری و جارجاریش نمایشی سەربازی لە شاری ڕواندز کراوە؛ مەیدانی گەردەگەرد جێی ئەم چالاکییانە بووە.

## ٤-٥: ئاودانکردنەوەی گەڕەکی شۆڕش

ساڵی ١٩٧٠ ساڵی پێشمەرگە بوو، ئەوان زۆربەیان گەڕابوونەوە باوەشی خێزانەکانیان کە بەهۆی ئەرکی پێشمەرگایەتی لێیانەوە دوور بوون، لە ١٩٧١ شەهید سەید سەلیم دەستپێشخەری دەکات بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەر ئەو پێشمەرگانەی کە گەڕابوونەوە شاری ڕواندز، ئەو سەرپەرشتیی ئاودانکردنەوەی گەڕەکێک دەکات بۆ ئەو خێزانانەی پێشتر خانوەکانیان سوتێندرابوون، یان ئاوارە ببوون، بەم شێوەی خوارەوە:

زەوییەکانی گۆڕی دارتێلا کە ناویانلێنا گەڕەکی شۆڕش بەسەر ئەم ماڵانە دابەشکرا: (حاجی کەریم سەرانەیی، سەید تەها، عەلی گاور، سلێمان برای عەلی گاور، سەید خدر ئەحمەدەڕەش، سەید حەمید، برایمی هۆریێ).

زەویەکانی گەردەگەرد لە دیواری مەکتەبی ناوەندی ڕواندزەوە، کە پێشتر جاشەکان

کردبوویانە شینایی، بەسەر ماڵی: (سەید عەبدوڵا، سەید سەلیم، سەید ڕەشید، مەمەدەڕەش فەقیانی، جەمیل حاجی شێخ فەقیانی، مستەفا خۆشناو، خدر خۆشناو، خدر خدر، حاجی شێخە شێخە).

ماڵەکانی پشت مزگەوتی شۆڕشی کۆنیش دابەشکران بەسەر: (سەید یونس، ساڵح ئاکۆیی، سەید عومەر، مستەفا خەیات، سەعید خەیات، مەولودە سۆر).

بەو پێیەی دانیشتوانی گەڕەکە تازەکە هەموویان پێشمەرگەی شۆڕش بوون، بۆیە گەڕەکەکەش ناونرا بە (گەڕەکی شۆڕش). شایانی باسە ئەم ماڵانە لە دوای تێکچوونی شۆڕش لە ١٩٧٥ و داگیرکردنەوەی ڕواندز، جارێکی دیکە هەموویان تەختکران، بەڵام گەڕەکەکە ناوی هەر بە گەڕەکی شۆڕش مایەوە.

## ٤-٦: ڕواندز لە چوار ساڵی گفتوگۆی ١٩٧٤دا

وەک باسمان کرد بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای شاری ڕواندز، نزیکیی لە بارەگاکانی سەرکردایەتیی شۆڕش، گڕوتینی جوڵانەوەی هونەری و ئەدەبی لەم شارە و ڕۆڵی لقی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردیی ڕواندز لە پێگەیاندنی نەوەیەک لە بواری شانۆ و مۆسیقا، ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ شاری ڕواندز بوو بە ناوەندێکی گرنگی جموجۆڵە هونەری و ئەدەبی و وەرزشییەکان لە کوردستان. کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردیی لقی ڕواندز دەستی بە چالاکییەکانی خۆی دەکات، لیژنەی ناوچەی ڕواندزی پارتی کە لەو ساڵانەدا سەید عومەر سەید نەبی بەرپرسی بووە، پشتیوانییەکی زۆری ئەو چالاکییانە دەکات، تەنانەت وایلێدێت سەید عومەر سەید نەبی، کە کەسی یەکەمی حزب بوو هانی کچەکانی خۆی بدات تا ببن بە کۆرسی ئاهەنگەکان و بچنە سەر تەختی شانۆ. سەید ڕەشیدی برا بچوکی لەگەڵ تیپی

مۆسیقای ڕواندز سروود دەڵێتەوە، پێشمەرگەکان لە بۆنەکانی نەورۆز و یادی دامەزراندنی پارتی چەکەکان دادەنێن، ڕۆڵی ئەکتەر دەبینن، سەید سەلیم سەید نەبی چەندین جار ڕۆڵی کاوەی ئاسنگەری بینیوە. لەنێو هەموو ئەو چالاکییانەدا، دەبێت ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی مامۆستا زرار مستەفا کە بە ڕابەری هونەر لەرواندز ناسراوەو ئەوسا کادیری پارتی بوو لەبیرنەکرێت. ڤیستیڤاڵی قوتابخانەکان لە گۆڕەپانی وەرزشی لە گەردەگەردی ڕواندز ئەنجام دراون، جگە لە ڕواندز لە دۆڵی ئاکۆیان ساڵانە چالاکیی هونەری پێشکەش کراون.

سەید سەلیم، ساڵانی گفتوگۆ دەقۆزێتەوە بۆ کاری پارتایەتی و خەڵکێکی زۆر لە ڕواندز و دەڤەری باڵەکایەتی لە ڕێگەی ئەوەوە دەخرێنە ناو تەشکلیاتی فەوجەکانی پاسەوانی سنور و ئەوانی دیکەش وەک ئەندامی پارتی کاردەکەن.[٦٥]

لەمبارەیەوە هونەرمەند زرار مستەفا نوسیویەتی: "بە بۆنەی جەژنی نەورۆز، ڕۆژی ١٩٧٢/٤/٦، لە گۆڕەپانی گەردەگەرد لە ڕواندز، لە ئاهەنگی نەورۆزدا شانۆگەریی (کاوەی ئاسەنگەر) نمایشکرا، لەو شانۆگەرییەدا سەید سەلیم ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا، کە (کاوەی ئاسەنگەر) بوو".[٦٦] شایانی باسە ئەوانەی لەو شانۆگەریەد بەشداریان کرد بریتیی بوون لە: "زرار مستەفا، محەمەد یەحیا بەگ، سەید سەلیم، دلاوەر محەمەد عەلی، حەسەن حوسێن، سیروان عومەر، حەسەن ڕەمەزان، فەوزی جەودەت، قانیعە عەبدوڵا، حەلیمە حوسێن، ئەمەل خەیری، ساجدە عەباس، کوردستان ئەسعەد، پەیمان هادی، ڕەشید ئەسعەد"[٦٧].

جگە لەو چالاکییانە سەید سەلیم کەسێک بوو لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی زۆر سەرکەوتووبوو، ئەو لەگەڵ خەڵکی شار شارستانی بووە، لەگەڵ گوندیان دەبوو بە

---

[٦٥] عەبدوڵا مەلازادە، شێوەی تەشکیلاتی عەسکەری شۆڕشی ئەیلول چاپی یەکەم ٢٠٢٣، ل: ٤٢.
[٦٦] زرار مستەفا، هونەر لە ڕواندزێ.
[٦٧] هەمان سەرچاوە

گوندی. لەو ساڵانەی کە بەهۆی گفتووگۆ هاتبوونەوە شار هەمیشە سەردان و هامشۆی خەڵکی دەکرد، تەواوی کورەکانی حاجی لەتیف ڕواندزی (ئاغە، حەسەن، حوسێن) کە جگە لەوەی دراوسێ بوون لەگەڵ سەید سەلیم پەیوەندی توندوتۆڵیان هەبووە، (حوسێنی مەمی خانێ، کوڕەکانی سەیدەی حاجی برایمی (جەبار، جەمال. جەلال)، حوسێنی حاجی برایمی، لەتیف نادر، فەوزی جەودەت، عەبدوڵا حەبیب، دلاوەر محەمەد عەلی، زرار مستەفا) ئەوانە کە بەشی هەرە زۆریان کادیری ئۆرگانەکانی پارتی بوون لە ڕواندز، لە دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندیی سەید سەلیم لەگەڵ گەنجانی شار ڕۆڵیان بینیوە.

## ٤-٧: دامەزراندنی لقێکی تایبەت بە هێزی پێشمەرگە

ناوچەکە لە ڕووی سەربازییەوە لەژێر دەسەڵاتی هێزی باڵەک بوو، ئەو هێزە لە چەند بەتالیۆنێک پێکهاتبوو، سەید سەلیم لە ساڵانی گفتوگۆ (١٩٧٠-١٩٧٤) کرابوو بە فەرماندەی پاسەوانی سنور (حرس حدود)، کە بڕیاربوو لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار دابمەزرێت. شکستی گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕژێمی بەعس بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی شەڕ، بۆیە لەسەر بڕیاری بارەگای بارزانی لقێکی تایبەتی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی باڵەک دادەمەزرێت، مەرجی وەرگرتنی پێشمەرگە لەو لقە تایبەتییە ئەوە بووە کە پێشمەرگەکان ئەزمونی شەڕیان هەبێت. بۆ فەرماندەیی ئەو لقە تایبەتە ڕکابەری دەکەوێتە نێوان سەید سەلیم و محەمەد کانی ئەسپینداری بارزانی، تەواوی سەرکردایەتیی شۆڕش پشتگیری لە سەید سەلیم دەکەن و سەرەنجام لقەکە پێکدێت لەم پێشمەرگانە کە ژمارەیەکی زۆریان دەبنە ناوی پرشنگدار لەمێژووی بزاڤی شۆڕشگێڕیی ناوچەکە و گشت کوردستان، بەتایبەت لەقۆناغی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش:

١- سەید سەلیم سەید نەبی - سەرلق
٢- عومەر ڕەشاش - جێگری سەرلق
٣- مەحمود سەیدە – سەرپەل
٤- مەلا یەحیای مێرگێ – سەرپەل
٥- سەید عەبدوڵا سەید نەبی – سەرپەل
٦- برایمی حاجی کوێخای کۆیلێ
٧- عەلی سمایل ئاغای مێرگێ
٨- حەمەدی مەڕان
٩- عەزەی داودی
١٠- مەحمود سەیدە
١١- برایم حەمەدئەمین چاوەش کانیەقوڕی
١٢- دڵشاد حوسێن ئەفەندی
١٣- کەوسەر عەزیز ئاغای کاولۆکان
١٤- دلاوەر حوسێن ئەفەندی
١٥-حەمەدئەمین شەریف گەڵاڵی
١٦- حاجی خدۆ فەقیانی
١٧- سەید یونس بێخاڵی
١٨- سەید تەها سەید نەبی
١٩- عەوڵا ماویلی
٢٠- ڕەسوڵ ڕوستایی
٢١- عەولا کۆسە ڕوستایی
٢٢- محەمەد ئۆمەراوەیی
٢٣- حەسەن ئۆمەراوەیی
٢٤- ئەحمەد کەرکوکی وەڵزێ
٢٥- برایم ئۆمەراوەیی
٢٦- جیهاد محەمەد یوسف
٢٧- مستەفا سەڵتە
٢٨- مستەفا کەریم
٢٩- سەید خدر سەید عەوڵا
٣٠- ڕەسوڵ شەکۆی وەڵزێ
٣١- ئەحمەد شەم گەڵاڵی
٣٢- جەلال حاجی ڕوستایی
٣٣- عەلی ئاغای بوران
٣٤- مەلا تەهای مێرگێ
٣٥ - مستەفا حەمە ئاغای مێرگێ
٣٦- مینەی سمایل ئاغای مێرگێ
٣٧- سلێمان حەمە ئاغای مێرگێ
٣٨- حەسەن حوسێن مێرگی
٣٩- ئەحمەد محەمەد مەحمود
٤٠- ئەحمەد خدر مەحمود
٤١- حەمەد ئەمین حایز تاهیر
٤٢- عەزیز حوسێن (میران)
٤٣- کەریم مینەی گەڵاڵی
٤٤- سەید موسا سەید نوری

٤٥- سەید ڕەشید سەید نەبی
٤٦- سەید عوسمان سەید ڕەسول
٤٧- حوسێن حاجی خدۆی فەقیانی
٤٨- سەلمان حاجی خدۆ فەقیانی
٤٩- مستەفای ڕەسوڵ شەکۆی وەڵزێ
٥٠- مزەفەر حاجی ئەنوەر
٥١- ساڵح هەولێری
٥٢- قادر مەلا حەسەن ڕواندزی
٥٣- محەمەد مەلا ڕەسول شیوەڵۆکی
٥٤- ئاغەی دۆرانی
٥٥- سەیدە برای ئاغە دۆرانی[٦٨]
٥٦- بایەزید جزوک
٥٧- باپیر ئەحمەدڕەش ڕوستایی
٥٨- باپیر ئێنەیی
٥٩- مەحمود ئێنەیی
٦٠- نەجمە ڕوستایی
٦١- ڕەحمان برای عەزەی داودی
٦٢- فاتح هەولێری
٦٣- ئەحمەد خورشید خەلیفانی
٦٤- ئیسماعیل ڕەسول خەلیفانی
٦٥- عەبدوڵا تۆفیق ڕواندزی
٦٦- شێخەی قادری گرتکی
٦٧- عەوڵای وسو شینی گرتکی
٦٨- مستەفای ڕابی گرتکی
٦٩- حەسەن شوان گرتکی
٧٠- حەمەد ڕابی گرتکی
٧١- خدر بۆرە گرتکی
٧٢- ئەحمەد برنۆ گرتکی
٧٣- قادر حەسەن کانیەقوڕی
٧٤- عەزیز ئەحمەد بۆرە
٧٥- شێخەی حاجی سەرکان
٧٦- حەمەدی حەمەی سەرکان
٧٧- عوسمان سەیدە.

دوای شکستی دانوستان و مەترسیی پەلاماری هێزەکانی دوژمن، ئەو هێزە لە ستراتیژیترین شوێن ئەرکیان پێدەسپێردرێت، ئەویش چاودێریی ڕێگای هاملتۆنە لەناو گەلیی عەلیبەگ.[٦٩]

[٦٨] ناوەکەیمان دەست نەکەوت.
[٦٩] دیمانە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول حەمەد ئەمین شەریف، ٢٠٢٣/١٠/١٧.

## ٤-٨: شکستی دانوستان و دەستپێکردنەوەی شەڕی پێشمەرگە و ڕژێم

لە ساڵانی دانوستانی نێوان شۆڕش و حکومەتی ناوەندی لە دەڤەری خەلیفان و ڕواندز چەند سەربازگەیەک مابوون، چونکە لە ساڵانی دانوستان دوژمن چۆڵی نەکردبوون، ئەگەرچی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول چەندین جار داوای لە بەرپرسانی بەغدا کردبوو وەک نیشاندانی نیازپاکی، لەو سەنگەرانە پاشەکشە بکەن، بەڵام حکومەت ئامادە نەببوو هێزەکانی لەو سەنگەرانە بکێشێتەوە. نمونەی سەربازگەی سپیلک لە ڕۆژئاوای خەلیفان، ڕەبایەکانی سەرچیای گۆڕەز، ڕەبایەکانی سەرچیای کوڕەک، سەربازگەی باپشتیان، هەروەها حامیەی ڕواندز.

کاتێک حکومەت شەڕ هەڵدەگیرسێنێت، پێشمەرگە هەوڵ دەدات بەر بە پەلاماری دوژمن بگرێت. لەو بارەیەوە مەسعود بارزانی لە کتێبی (بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)دا سەبارەت بەو شەڕانە نوسیویەتی: "هێزەکانی دەشتی هەولێر و سەفین ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ نەکرد."[٧٠]

بۆیە لە دەربەندی کۆڕێ، هێزێک بە فەرماندەیی حەمید ئەفەندی جێگیر دەکرێت و هاوکات هەوڵی ڕاماڵینی سەربازگەی سپیلک دەدرێت، بەڵام نە لە دەربەندی کۆڕێ بەرگری دەکرێت، نە سەربازگەکەی سپیلکیش ئازاد دەکرێت، هەر بۆیە شەڕی گەورە دەکەوێتە ڕەبایەکانی دەوروبەری گەلیی عەلیبەگ، لە دیوی چیای گۆڕەز و چیای کوڕەک، کە هەردوو شوێنەکە دەڕواننە سەر گەلیی عەلیبەگ، ڕێگای هاملتۆنی پێدا ڕەت دەبێت، ئەو لقە تایبەتەی سەید سەلیم سەرلقی دەبێت، ئەرکی پاراستنی گەلیی عەلیبەگ بووە، لە گەلیی خوری لە زنجیرە چیای کوڕەک.

---

[٧٠] مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل: ١٥٥.

گەلیی خوری دەکەوێتەوە سەر یەکەمین پردی گەلیی عەلیبەگ، کە لە خەلیفانەوە بۆی دێت، تەواوی پێشمەرگەکان لەو شەڕە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن، لەوان ڕۆژاندا ڕۆڵی مارفە ڕەش زۆر گرنگ بووە کە بە چەکی دۆشکا ڕێگای هاملتۆنی کردۆتە ئامانج. پێشمەرگەکان چەند ڕۆژێک لە سەنگەرەکانیان دەمێننەوە، بەرگری دەکەن و لێناگەڕێن تانک و سەیارەکانی دوژمن لەو پردە بە ئاڕاستەی گەلیی عەلیبەگ پێشڕەوی بکەن.

حەمەدئەمین شەریف، دەگێڕێتەوە دەڵێت: بارودۆخی پێشمەرگەکان لە ڕووی تەقەمەنیەوە بەرەو خراپی دەچوو، بۆیە فەرماندەکەمان (سەید سەلیم)، داوای لێکردم بچم لە بارەگای لق لە گوندی بنەکاول لە بناری هەندرێن فیشەک بهێنم، ئەرکێکی قورس بوو، چونکە دەبوو سەرکەوم بۆ دیوی گۆڕنۆک و لەوێوە بۆ کانی مەلانەبی و پاشان بەرەوە گوندی بنەکاول بچم، کاتێک گەیشتمە گۆڕنۆک پێشمەرگەیەکم لەگەڵ بوو، گوێمان لە تەقەی زۆر بوو، زانیم کە دوژمن لەو قۆڵە پێشڕەوی کردووە، پێشمەرگەیەکی بەتالیۆنی مەلائەمین بارزانی بە پیرمانەوە هات، هاواری بۆ سەید سەلیم دەکرد، کە هۆشیاربن دوژمن پشتی لێگرتوون.[٧١]

حەمەدئەمین شەریف دەڵێت بەپەلە خۆم گەیاندەوە بۆ لای هێزەکەی خۆمان و هەواڵی دزەکردنی هێزی دوژمنم گەیاندە فەرماندەکەمان. سەید سەلیم گوتی: زووکە تەواوی هێزەکە ئاگاداربکەوە، کاتێک چوومە سەر سەری مارفە ڕەش ئەو بە دۆشکا تەقەی لە ڕێگای هاملتۆن دەکرد، هەواڵەکەم پێگوت و سەری بڵندکرد و وەک عادەتی خۆی جنێوێکی پێ دام، دواتر کە زانی بەجدیمە، گوتی: ئەی چی لەو دۆشکایە بکەین؟

تا هێزەکە لای یەک کۆبوونەوە پێشمەرگەکان کەمێک شڵەژان، عومەر ڕەشاش پێشنیاری بۆ کردین کە ئەو پێشمان کەوێت و لە دیوی ڕۆژئاوای چیای کورەک بەرەوە گوندی شەڕکان

---

[٧١] دیمانە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول حەمەدئەمین شەریف، ٢٠٢٣/١٠/١٧.

هێزەکە دەرباز بکات، ئەو ڕێگایەی ئەو پێشنیاری بۆ کردین زۆر دووردەکەوتەوە و دەبوو بە پشتی هێزی دوژمنیش بڕۆین، دواتر سەید محەمەد سەید حوسێن، هاتەدەنگ گوتی: کوڕە خەمی چیتانە من ساڵانێکی زۆر لەو شاخە شوان بوومە، ئێستا بە ڕێگایەک دەتانبەم، بەڵام دەبێت هۆشیاربن نەوەک هێزی دوژمن لە ڕاستی (بەردی بازنان) هاتبێتە پێش و بکەوینە کەمینیان. ئەو پێشمان کەوت و پێشمەرگەکان یەکەیەکە ملی ڕێگامان گرت و تا گەیشتینە گەلیی بێخاڵ و لەوێوە بەرەو سەروچاوی ئاوی بێخاڵ، کە گەیشتینە ئەوێ ڕۆژمان لێهەڵهات، بەهۆی گیرانی سەنگەرەکانی پشتمان و گەمارۆ درانمان، هێزێکی زۆری پێشمەرگە لەبێخاڵ کۆببوونەوە بۆ وەرگرتنی هەواڵمان، هەمووان بەخۆشحاڵیەوە پێشوازیان لێکردین.

دوو ڕۆژ دوای گەڕانەوەمان بۆ بێخاڵ، هێزەکەی ئێمە لە ئەشکەوتەکانی گەلیی مام ونس جێگیربوون، سەید سەلیم تەواوی هێزەکەی کۆکردەوە و قسەی بۆ کردین، باش بە بیرمە گوتی: ئێوە ڕازی دەبن عەرەبێکی پێپەتی لە جنوبی عێراقەوە بێت ئێرەمان لێ داگیربکات؟ حەمەدئەمین شەریف دەڵێت: سەید سەلیم لە قەناعەت پێکردنی پێشمەرگە شێوازێکی زۆر کاریگەریی لە قسەکردن هەبوو، پێشمەرگە نەیدەتوانی لەقسەی لابدات.

## ٤-٩: شەڕی گرتنەوەی سەنگەرەکانی گۆڕنۆك

گۆڕنۆک زنجیرە چیایەکە دەکەوێتە بناری چیای کوڕەک، بە دیوی شاری ڕواندز دیوێکی بەسەر گەلیی عەلیبەگ و گەلیی بێخاڵ دەڕوانێت و دیوی ڕۆژهەڵاتیشی گوندی بێخاڵە.

گرنگیی ئەو ناوچەیە لە ڕووی سەربازیەوە ئەوە بوو لەوێوە دەتواندرا ڕێگای هاملتۆن دابخرێت، لە لایەکی دیکەشەوە هەر لەوێ دەتوانرا ڕێگری بکرێت لە هاتنە خوارەوەی هێزی دوژمن لە چیای کوڕەک بە ئاڕاستەی شاری ڕواندز.

دوژمن لە ڕۆژی ١٩٧٤/٤/١٣، هەریەک لە سەنگەرەکانی (خێوبیر، گۆڕنۆک، دارقەسپ، مل حوشتر، قەڵاتی حەسەن بەگ)ی گرتبوو، بۆ ئەوەی نەهێڵدرێت دوژمن لەو شوێنە ستراتیژییە خۆی قایم بکات، بڕیاری هێرش بۆ سەر سەنگەرەکانی دوژمن دەدرێت.[٧٢]

سەنگەرەکانی دارەقەسپ و قەڵاتی حەسەن بەگ بۆ هێزەکەی عیزەتی سلێمان بەگ و سەنگەری گۆڕنۆک بۆ لقی سەید سەلیم دادەندرێت، لە شەوی ١٧ لەسەر ١٩٧٤/٤/١٨ هێرش بۆ سەر ئەو سەنگەرانە دەستپێدەکات، هەریەک لە لقەکانی (سەید مستەفا بنەکاولی و سەید خدر و مام سەدیق و مام ئاغۆ) هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی دارەقەسپ و قەڵاتی حەسەن بەگ.

عوسمان سەیدە کە بەشداربووێکی شەڕی ئازادکردنی گۆڕنۆک بووە، دەگێڕێتەوە دەڵێت:

سەید سەلیم تەواوی پێشمەرگەکانی کۆکردەوە پێیوتین: "هەر پێشمەرگەیەک بۆ ئەو شەڕە ئامادە نییە برای ئێمەیە با چەکەکەی لێرە دابنێت و بچێتەوە بارەگای لق، بۆ هیچ یەکێکتان بە ترس و خۆدزینەوە هەژماری ناکەم."[٧٣]

پاشان گوتی: "دەستەیەکم دەوێت وەک فیدایی بۆ خۆهەڵدانە ناو سەنگەری دوژمن، قسەکەی تەواو نەکرد و دەستی خۆی بەرزکردەوە؛ ئەوە خۆم یەکەم، دوای ئەوەی ژمارەی پێویست ناوی خۆیان نوسی، دەستەی دووەمی دانا بۆ پاڵپشتی (ئیسنادی) دەستەی یەکەم، دەستەیەک بۆ گواستنەوەی بریندارەکانی پێشمەرگە، تەنانەت گوتی: ئەگەر من بریندار بووم یان شەهید بووم، سێ برام لێرەن قەبوڵی مەکەن بە دەوری تەرمەکەی منەوە بن، هێندە نەبێت نەهێڵن لاشەکەم بکەوێتە دەست دوژمن و ڕامبکێشن بۆ دواوە.

عوسمان سەیدە دەگێڕێتەوە کە: "سەید سەلیم ڕووی لە دەستەی فیداییەکان کرد و گوتی

---

[٧٢] عزت سلێمان بەگ، شانێک بە بن باری نیشتمانەوە، چاپی یەکەم، ٢٠٢١، ل ٢٣٦
[٧٣] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول عوسمان سەید شیوەڵۆکی: ٢٠٢٢/٥/٦.

هیچ کەس تەقە ناکات تا خۆم تەقە نەکەم. پاشان پەیوەندیی بە تۆپخانەوە کرد و پێی گوتن دەمەوێت باش سەنگەرەکەم بۆ بکوتن و جفرەی لەگەڵ ئەوان دانا، لە کاتژمێری سفردا تۆپخانەکان کەوتنە کار و ئەو عەدەد هاوەنانەی لەگەڵ ئێمەش بوون جێبەجێ سەنگەرەکانیان دەکوتی."

لەمبارەیەوە حەمەدەمین شەریف دەڵێت: "دەستەی فیداییەکان هێندە لە سەنگەری دوژمن نزیک بوونەوە، مەترسیمان هەبوو هاوەنی خۆمان زیانیان لێبدات. لەگەڵ وەستانی دەنگی تۆپخانە، دەستەی فیداییەکان هێندە بەخێرایی بەرەو پێشەوە هێرشیان برد، یەکێکیان کە ناوی ڕەسوڵ ڕوستایی بوو، لە دیواری سەنگەرەکە خۆی بۆ نەگیرایەوە و کەوتە ناو سەربازەکان، دوژمن کە ئەوەیان بینی وایانزانی خۆی دەتەقێنێتەوە و چەند سەربازێک لە بەرزایی سەنگەرەکە خۆیان فڕێدایە دیوی گەلیی عەلیبەگ، شەڕی دەستەویەخە دەستی پێکرد و سەنگەرەکە لە دوژمن پاککرایەوە و زیانی زۆریش بە دوژمن کەوت و پێشمەرگەش لەگەڵ دەستکەوتی زۆر، خۆشبەختانە بێ زیان لێی دەرچوون."[٧٤]

لەو شەڕە تەواوی پێشمەرگەکان، سەرپەل و سەردەستەکان، عەدەد ڕەشاش و هاوەنەکان، تۆپخانە ڕۆڵی گرنگیان بینوە.

## ٤-١٠: گواستنەوە بۆ هێزی حەمرین

سەید عومەر لە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ڕواندزەوە دەگوازرێتەوە بۆ هێزی حەمرین، وەک جێگری لێپرسراوی هێز لە ناوچەی ئاکرێ دەست بەکاردەبێ. سنوری ئەو هێزە لە زێی بادینان تا ڕێگای سەرەکیی کەلەک- خازر، ڕێگای بەردەڕەش- ئاکرێ و ڕێگای سەرەکیی ئاکرێ –

[٧٤] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول حەمەدئەمین شەریف، ٢٠٢٣/١٠/١٧.

قەندیلی دەگرتەوە.[75] ئەو کاتە عەبدولڕەحیم جەسیم فەرماندەی هێزی حەمرین بوو، هۆکاری گواستنەوەی سەید عومەر بۆ ئەو هێزە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشانەی جاشەکان لەو دەڤەرە دروستیان کردبوو، سەید عومەر کەسێکی سیاسی و سەربازی یەکجار بە دیسپلین بوو، لە هەر شوێنێک کە شۆڕش پێویستی پێ بووبێت ئامادەیی تێدابووە.

شایانی باسە، بۆ سەرکەوتنی سەید عومەر لەو ئەرکە قورسە، سەید سەلیم چەند پێشمەرگەیەکی ڕاسپارد کە لەگەڵ سەید عومەر بچنە بادینان، ئەوانیش هەریەک لە: (مەمەدەڕەش فەقیانی، سەید حەمید سەید ڕەسول، سەید یونس، مستەفا سەڵتە، سەید ڕەشید سەید نەبی، مزەفەر محەمەد، سەید غەفور سەید ساڵح) بوون. ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵی چوونە بادینان، دەستەبژێری پێشمەرگەی ناوچەکە بوون.

هێزی حەمرین کە سەید عومەر سەید نەبی جێگری فەرماندەی بوو، پێکهاتبوو لە چەندین بەتالیۆن، بەم شێوەیە:

- بەتالیۆنی تایبەت بە بارەگای هێز.
- بەتالیۆنی کەندە گوڵ: سەرەتا حەمیدە ئەفەندی، دواتر عەلی میرۆ زراری فەرماندەی بوو.
- بەتالیۆنی سەری سادا: عەریف سەلیم فەرماندەی بوو.
- بەتالیۆنی گەلیی زەنتە: حوسێن تۆڤی فەرماندەی بوو.
- بەتالیۆنی بجیل: محەمەد عەبدوڵا بامەڕنی فەرماندەی بوو[76].

[75] عەبدوڵا مەلازادە، شێوەی تەشکیلاتی عەسکەری شۆڕشی ئەیلول ١٩٦٥-١٩٧٥، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠، ل ٢٥.
٧٦ عەبدوڵا مەلازادە، شێوەی تەشکیلاتی عەسکەری شۆڕشی ئەیلولی چاپی یەکەم ٢٠٢٣، ل: ٢٨.

### ٤-١١: هێرشی پێچەوانەی دوژمن

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٧٤/٨/٢، یەکێک لە پێشمەرگەکان کە لە ئەرکی پاسەوانی دەبێت هەواڵ بە سەید سەلیم دەگەیەنێت کە جوڵەیەکی نائاسایی دوژمن لە سەنگەری مل حوشتر لە چیای کوڕەکەوە دەبینرێت، دەمودەست سەید سەلیم پێشمەرگەکان کۆدەکاتەوە و پێیان دەڵێت لە ئێوەم شاردبووەوە کە چەند ڕۆژێکە بارزانی ڕاستەوخۆ پەیوەندیم پێوە دەکات، تا هۆشیاربین لەوەی دوژمن بەرنامەی هێرشی هەیە.[٧٧]

دوژمن دەیویست بە گرتنی ئەو سەنگەرانە بێتە ناو شاری ڕواندز، لەوێشەوە فشار بخاتە سەر بارەگاکانی سەرکردایەتیی شۆڕش لە دەڤەری باڵەکایەتی، هەر بۆیەشە بارزانی ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیدابووە لەگەڵ فەرماندەکانی ئەو بەرەیەی شەڕ بە تایبەت سەید سەلیم بەوپێیەی سەنگەرەکانی لقی سەید سەلیم ڕووبەڕووی یەکەم هێرشی هێزەکانی حکومەت دەبوونەوە.

حەمەدی مەڕان، پێشمەرگەیەکی بەشداربووی شەڕەکە دەگێڕێتەوە دەڵێت: ئەم جارەشیان سەید سەلیم بە لێزانیی خۆی پلانی بەرگریی داڕشت و پێش هەموو شت هەماهەنگیی لەگەڵ تۆپخانە و تۆپە دوورهاوێژەکان لەبەرەی پشتەوە دروست کرد.

عزەت سلێمان بەگ لە بیرەوەرییەکانی خۆی نوسیویەتی: "ئیسنادی ئێمە کە بریتی بوون لە (فریاد مستەفا، نەزیر عوسمان، ئەسکەندەر ئەحمەد بەگ، محەمەد عەزیز دەرگەڵەیی، فەتحی تۆپچی)، وەک تۆپخانە خرانە خزمەتی هێزەکەی سەید سەلیم."[٧٨]

هەروەها سەردار پشدەری لە کتێبی (سەد ساڵ و سەد کورد) نوسیویەتی: "لەمێژ نەبوو کە گواسترابوومەوە بۆ تۆپخانەی دەڤەری ڕواندز، سەید سەلیم لە ڕێگەی ئامێری هۆکی تۆکی[٧٩]

---

[٧٧] دیمانە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول ئەحمەدی مەڕان، ١٩٩٩/٩/٦.

[٧٨] عزەت سلێمان بەگ، شانێک بە بن باری نیشتمانەوە چاپی یەکەم ٢٠٢١ل ٢٣٣

[٧٩] ئامێرێکی دەستی پەیوەندیکردنە.

هەماهەنگی لەگەڵ دروستکردم کە بە بۆردومانی تۆپخانە پشتیوانیان لێبکەم."[٨٠]

سەید سەلیم، دەستەی ڕەشاش برێنەکان لە سەنگەرەکە دابەش دەکات، کە پێنج عەدەد ڕەشاش بوون: (مارفە ڕەش، عەزەی داودی، عەلی سمایل ئاغای مێرگێ، عومەر ڕەشاش، عەوڵا ماویلی).دوای تۆپخانە، ئەو دەستەیە لە ڕەشاش بەدەستەکان و هاوەنی لق، کە بە دەستی حەمەدەمین شەریف بووە، ڕۆڵی یەکجار گرنگیان لە شپرزەکردنی هێزی پەلاماردەری دوژمندا بینیوە. برایم حەمەدئەمین چاوەش، وەک پێشمەرگەیەکی بەشداربووی ئەو شەڕە، دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

"سەید سەلیم گوتی: هیچ پێشمەرگەیەک پێش من دەست نەکات بە تەقەکردن. ئەو هەمیشە لە شەڕدا وایدەکرد. سەید سەلیم لێگەڕا تا دوژمن هێندە لێمانەوە نزیک بوونەوە بە شێوەیەک کە گوێمان لە قسەکانیان دەبوو. (شێرزاد)، کە لە ئامێری بیتەلدا ناوی نهێنیی سەید سەلیم بوو، بانگی لە تۆپچییەکان کرد: بیانکوتن."

مام برایم دەگێڕێتەوە: "هاوەنەکەی ئێمە جێبەجێ گولەکانی دەکەوتنە ناو سەربازەکان"، ڕەشاشەکان کەوتنە تەقە، گوێمان لە هاوار و ناڵەی سەربازکان دەبوو، بەڵام هەموو ئەمانە نەبوونە هۆی ئەوەی دوژمن پاشەکشە بکات. هێزی دوژمن، لیوایەکی مغاویری مەشقپێکراو بوو (لیوای ٢٠ی مغاویر). دەگوترێت ئەفسەری سۆڤیەتی لەو شەڕەدا هاوکاریی سوپای عێراقیان دەکرد.[٨١]

ئەو پێشمەرگانەی لە ژیان ماون گێڕایانەوە کە سەربازەکان تەواو لێمان نزیکبوونەوە، سەید سەلیم بە وتنەوەی دروشمی (کوردستان یان نەمان) هاواری کرد: "دەی قوربانتان بم ئێرە بکەنە گۆڕستانی دوژمنان." تەواوی پێشمەرگەکان گوێیان لە فەرماندە ئازاکەیان بوو،

---

[٨٠] دیمانەی تەلفزیۆنی NRT لەگەڵ سەردار پشدەری.

[٨١] عزت سلێمان بەگ، شانێک بەبن باری نیشتمانەوە چاپی یەکەم ٢٠٢١ ل٢٣٣

هەمووان بەیەکەوە دروشمی (کوردستان یان نەمان)یان لەدوای فەرماندەکەیان دەگوتەوە. شەڕەکە بووە دەستەویەخە. هێزی پەلاماردەری دوژمن ئەوەی کوژرا کوژرا، ئەوەی مایەوە بە برینداری کەوتنە بەرپێی هێزی پێشمەرگە.

سەید سەلیم دەگاتە سەر سەربازێک، سەربازەکە هاوار دەکات: "خاتری خوا و خاتری مەلا مستەفا." ئەویش چەکەکەی هەڵدەگرێت و لێی ڕەتدەبێت، سەربازە نامەردەکە لەدواوە پەلاماری سەید سەلیم دەدات، لەولاوە پێشمەرگەیەک هاوار دەکات: "خارە سەید! سەری خۆت نەوی بکە با چارەی بکەم." لەپشت سەری سەید سەلیم، پێشمەرگەکە سەربازەکە دەکوژێت.

لەم شەڕەدا لیوای ٢٠ی مغاویر تێکوپێک دەشکێندرێت، (٩٠) کوژراو و (١٥) بریندار دەکەونە بەردەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان؛ چەکێکی زۆری کلاشینکۆف دەستکەوتی پێشمەرگەکان دەبێت، کە تا ئەو کاتەش کەم وابووە پێشمەرگە چەکی کلاشینکۆفی پێبێت. دەوترێت لەم شەڕەدا پێشمەرگە هەبووە سێ بۆ چوار کلاشینکۆف دەستکەوتی بووە.

حەمەدئەمین شەریف دەگێڕیتەوە، کە خۆی و کەوسەری عەزیزئاغای کاولۆکان لەسەر کلاشینکۆفێکی مزەلی کێشەیان بووە، یەکیان لولە و ئەوی دیکەیان قۆنداغی ڕاکێشاوە، لەودەمە گولەیەک بەردەستی کەوسەر دەکەوێت و بەسوکی بریندار دەبێت، کە شەریف هاوسەنگەرەکەی بە برینداری دەبینێت، دەست لە کلاشینکۆفە مزەلیەکە هەڵدەگرێت.

پێشمەرگە شەڕکەرەکان لەسەر دەستکەوت نەبووە شەڕیان و سازان، بەڵام بەرپرسەکانی بەرەی پشتەوەی شەڕ چاویان بڕیە دەستکەوتی پێشمەرگە شەڕکەرەکان و کارەساتیان قەوماند.[٨٢] لە بەشی دواتردا باسی لێوە دەکەین.

---

[٨٢] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول کەوسەر عەزیز ئاغا کاولۆکی: ٢١ /٢٠٢٣/٩.

## ٤-١٢: یەکەم بەردی سەنگەر

پێشمەرگە هاوسەنگەرەکانی سەید سەلیم، چ ئەوانەی لە ژیاندا نەماون و ئەوانەشی کە لە ژیاندان، شاهێدیی ئازایەتی و جوامێریی ئەم فەرماندەیەیان داوە. لە کاتی ئامادەکردنی ئەم کتێبە، لەگەڵ بەشێکیان دیدارم ڕێکدەخست و دەمدواندن؛ ئەوەی لەنێو گێڕانەوەی هەموویان هاوبەش بوو، باسکردنی تایبەتمەندییەکی سەید سەلیم بوو، کە بە خەسڵەتێکی فەرماندەییانەی ئەو تێکۆشەرەیان دادەنا و لە پێشمەرگەی دیکەدا نەیاندیبوو، ئەویش هەڵبژاردنی یەکەم بەردی سەنگەر بووە بۆ خۆی. لێرەدا سەرگوزەشتەی دوو لە هاوسەنگەرانی بە نمونە وەردەگرین، لە دوو شۆڕش و دوو نەبەردی جیاواز، کە ماوەی نێوانیان زۆر بووە.

ئەحمەدی مەڕان، کە ناو خزماندا بە حەمەدی مەڕان ناسراوە، پێشمەرگەیەکی ئازای خەڵکی باڵەکایەتی بوو، لە شۆڕشی ئەیلول لەلای سەید سەلیم لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەی قارەمانی باڵەکایەتی، کە پێشتر ناومان هێناون دەبێتە پێشمەرگە، دەڵێت:

شەهید سەید سەلیم، شارەزاییەکی یەکجار باشی لە هونەری شەڕدا هەبوو، شارەزاییەکەی وای کردبوو لە زۆربەی شەڕەکاندا پێشمەرگە سەرکەوێت، بەڵام ئەوەی زیاتر زامنی ئەو سەرکەوتنەی دەکرد خاسیەتێک بوو کە لەو فەرماندەیەدا هەبوو، ئەویش بریتی بوو لە هەڵبژاردنی بەردی یەکەمی سەنگەر بۆ خۆی، واتا وەک فەرماندەکانی دیکە پێشمەرگەی نەدەخستە پێش خۆی و خۆشی لەدواوە سەیری شەڕ بکات.

حەمەدی مەڕان داستانی گۆڕنۆکی بۆ گێڕاینەوە:83 کاتێک ئاگادارکراینەوە دوژمن گەمارۆی داوین، سەید سەلیم هێزی دابەشکرد، خۆی دەوەنێکی هەڵبژارد کە لە پێشی پێشەوەی هەر هەموو پێشمەرگەکان بوو، باش لە بیرمە بە پێشمەرگەکانی دەگوت: هیچ کەس نابێت پێش من

[٨٣] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین ئەحمەدی مەڕان ١٩٩٩/٩/٦.

تەقە بکات، لێگەڕێن تا دوژمن تەواو لێمان نزیک دەبێتەوە، ئەو هەڵوێستەی فەرماندەکەمان جۆرێک ترسی لای هەندێک لە پێشمەرگەکان دروست دەکرد، گوێم لێبوو پێشمەرگەیەک دەیگوت: "سەلیم دایکمان بەگان دەدات، ئێستا بە دەستان دەگیرێین." کە بووە شەڕ، ئینجا زانیمان پلانەکەی ئەو چەندە دروست بوو.

هەر لەمبارەیەوە سەید ڕێباز سەید مستەفا بنەکاولی، هاوسەنگەری سەید سەلیم لە شۆڕشی نوێ، داستانی سماقولی دەگێڕیتەوە کە لە ١٩٧٩/١٢/٢٤ شەهید سەید سەلیم سەرپەرشتیی کردووە و سەید ڕێباز لەو کاتەدا تەمەنی تەنها ١٧ ساڵ بووە:

"کاتێک پاسەوان ئاگاداری کردینەوە کە لەلایەن سوپا و جاش گەمارۆدراوین، هێزی پێشمەرگە بەرەو ئەو شاخە هەڵکشا کە لە گوندی سماقولیی سەروچاوە نزیکە. هێزی پێشمەرگە لە هەردوو دیوی گەلییەکە دامەزرا، ئەو شوێنەی کە شەهید سەید سەلیم کردیە سەنگەری خۆی، بن تاشەبەردێکی گەورە بوو لە سەنگەری هەرە پێشەوە، سەید سەلیم لەسەر بەردەکە وەستابوو دووربینی بەبەرچاویەوە بوو تەماشای هێزی دوژمنی دەکرد، هەستم کرد کۆپتەرەکان زۆر لێمانەوە نزیک بوون، پێمگوت: وابزانم کۆپتەرەکان شوێنی ئێمەیان ئاشکرا کردووە. ڕێباز مستەفا دەڵێت: "سەید سەلیم وەک هەمیشە لەسەر بەردی پێشەوەی سەنگەر بوو، لە لایەک چاودێریی جموجۆڵی دوژمنی دەکرد، لە لایەکی دیکە ڕێنمایی دەدایە پێشمەرگەکان، ڕووی لە من کرد و گوتی: چیە دەترسی؟ شەرت بێت ئەمڕۆ هێندە سەرباز و جاش بکوژین تۆش لەکۆڵ ئەو چەکە پەڕەشووتە دەبیەوە. لەو قسانەدا بووین کۆپتەرەکان هێندە لێمان نزیک بوونەوە، کە تاقمی ناو کۆپتەرکانمان دەبینی. سەید سەلیم گوتی: لە بەینی ئەو دوو گاشەبەردە ڕاکشێ. ئەو لە قسەکانی نەبووەوە کۆپتەر تەقەی لێکردین."[٨٤]

[٨٤] دیمانە لەگەڵ نوسەر و پێشمەرگەی دێرین ڕێباز مستەفا ٢٠٢١/٩/٧.

**پێنجەم: لە پاداشتی ئازایەتی:**

٥-١: سەید سەلیم لە سەنگەری بەرگریەوە بۆ زیندانی شۆڕش

٥-٢: ئازادبوون لە زیندان خەلان

٥-٣: ڕۆڵی دێهاتەکان لە داڵدەدانی کەسوکاری پێشمەرگە

٥-٤: شەڕی گرتنەوەی سەنگەرەکانی چیای زۆزک

٥-٥: دیدار لەگەڵ بارزانی

٥-٦: لە گردوگۆ چ باس بوو؟

## پێنجەم: لە پاداشتی ئازایەتی

### ٥-١: سەید سەلیم لە سەنگەری بەرگریەوە بۆ زیندانی شۆڕش

دوابەدوای تۆمارکردنی داستانی گۆڕنۆک لەلایەن لقەکەی سەید سەلیم کە لە بناری چیای کوڕەک تۆمار کرا، دوژمن زیاتر لە ٩٠ سەربازی لێ کوژرا، دەیان برینداری هەبوو، کە ٩ لەو بریندارانە دەکەونە سەنگەرەکانی نێوان پێشمەرگە و سوپا، هەروەها دیلێک دەکەوێتە دەست هێزی پێشمەرگە، پێشمەرگەکان دەستکەوتێکی زۆریان دەست دەکەوێت بە تایبەت لە چەکی کلاشینکۆف، کە تا ئەو کاتە پێشمەرگەکان زیاتر چەکی برنۆیان پێ بووە. سەید سەلیم بەرلەوەی شەڕەکە دەست پێبکات، بەڵێنی بە پێشمەرگەکان دابوو کە هەرچی گرتتان لە دەستکەوت پێشکەشی خۆتان بێت، بەڵام خۆتان بپارێزن نەکەن بۆ دەستکەوت گیانی خۆتان بخەنە مەترسییەوە، گیانی ئێوە بۆ من لە هەموو شتێک گرنگترە، دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە و بەسەرکردنەوەی هێزەکەی کە دەزانێت پێشمەرگەکان بێ زیانن، سەید سەلیم زۆر خۆشحاڵ دەبێ کە سەرجەم پێشمەرگەکانی لەو شەڕە گەورەیە بێ زیان لێی دەرچوونە، دوای هێوربوونەوەی دۆخی شەڕ، مەلائەمین بارزانی فەرماندی بەتالیۆنی ٣ لە هێزی باڵەک، داوا لە سەید سەلیم دەکات لەو چەکانەی دەستیان کەوتووە، پێنج دانە کلاشینکۆفی بۆ بنێرێت، دوای ئەویش فەرەنسۆ هەریری داوای سێ کلاشینکۆف دەکات، بەڵام عەبدوڵا پشدەری کە فەرماندەی هێزی باڵەک بوو، داوای تەواوی چەکەکان لە سەید سەلیم دەکات.

سەید سەلیم، دوو داواکەی یەکەم جێبەجێدەکات، بەڵام بە داواکەی عەوڵا ئاغا ڕازی نابێت، ئەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵوێستەی عەوڵا ئاغا کە لە کاتی هێرشی دوژمن، پشتیوانیی سەربازی و لۆجستی لە سەید سەلیم نەکردووە. گفتوگۆی توند لە ڕێگەی بێتەل لەنێوان عەوڵا ئاغای فەرماندەی هێز و سەید سەلیم دروست دەبێت بە شێوەیەک کە

یەکەمیان هەڵدەچێت و بە سەید سەلیم دەڵێت: "من ئەمرت پێدەکەم کە تەواوی چەکەکان بنێریە خوارەوە و هەرچی زووە ئەو تەرمانەش ژێر گڵ بکەن."

سەید سەلیم بەو داوایەی زۆر توورە دەبێت و دەڵێت: "نەک چەکەکان ڕادەست ناکەم، بگرە بەڵێنم بە پێشمەرگەکانم داوە کە دەستکەوتەکان بۆ خۆیان دەبێت." سەبارەت بەو هەڵوێستەی سەید سەلیم، کەوسەری عەزیز ئاغا کە تاکە بریندار داستانی گۆڕنۆکە گوتی: "سەید سەلیم سیفەتێکی جوانی هەبوو کە پێشمەرگەیەک لێی توورە دەبوو باوەشی پێدا دەکرد و چاکی دەکردەوە، بەڵام کە کەسێکی سەروو خۆی بە تورەیی فەرمانی بەسەردا دەکرد، زۆر بە توندی وەڵامی دەدایەوە، ئەو ڕۆژە من لێی نزیک بووم و بینیم بە چ زمانێک وەڵامی عەولا ئاغای دایەوە."

سەید سەلیم لە وەڵامی عەولا ئاغای ئامیر هێز گوتبووی: "من پێشمەرگەی شەڕکەر بە شایەنی چەکی باش دەزانم، نەک ئەوانەی خۆیان لەبەرەی پشتەوە حەشار دەدەن، سەبارەت بە شاردنەوەی تەرمەکانیش ئێمە کووشتومانن، فەرمون ئێوەش غیرەتان هەبێ وەرنە ئێرە بیانشارنەوە". عەولا ئاغا هێندەی دیکە توورە دەبێت و دەڵێت تۆ دەزانی لەگەڵ کێ قسە دەکەی؟ سەید سەلیم وەڵامی دەداتەوە، پێی دەڵێت: "بەڵێ لەگەڵ (عەولا کوڕ) قسە دەکەم."

دوای ئەم شەڕە قسەیەی نێوان عەولا ئاغا و سەید سەلیم، بروسکەیەک دێت کە دەبێت سەید سەلیم بێتە بارەگای هێز کە لە سەروچاوەی دەنگارە لە نزیک جوندیان بووە، بە گەیشتنی یەکسەر بە تۆمەتی تەشهیر و جنێودان بە سەرکردایەتیی شۆڕش سەید سەلیم ڕەوانەی زیندانی خەلان دەکرێت. [٨٥]

کاتێک پێشمەرگەکان بە دەستگیرکردنی فەرمانەدەکەیان (سەید سەلیم) دەزانن یەکسەر

---

[٨٥] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول حەمەد ئەمین شەریف ٢٠٢٣/١٠/١٧.

داوا دەکەن، هێزێک بێت سەنگەرەکەیان لێ وەرگرێتەوە، پاشان هەموویان بەرەو بارەگای هێز بەڕێدەکەون، کە بەرپرسان لێیان دەپرسن بەنیازی چین؟[٨٦] ئەوان دەڵێن: "سەید سەلیم لە کوێیە دەچین بۆ ئەوێ." بەرپرسانی هێز بە تایبەت فەڕەنسۆ هەریری، هەوڵ دەدات هێزەکەی سەید سەلیم ڕازی بکەن، پێیان دەڵێن لە بەرامبەر ئەو سەرکەوتنە گەورەیە لێرە خواردنمان بۆ کردوون و دەعوەتی هێزن. پێشمەرگەکان دەعوەتەکە ڕەتدەکەنەوە. مەحمود سەیدە لەجیاتی هەمووان قسە دەکات و دەڵێت: "ئێمە نامانەوێت لە فەرماندەکەمان داببڕێین، دیارە ئەوە پاداشتی ئێوەیە بۆ سەید سەلیم."

فەڕەنسۆ هەریری پێیان دەڵێت: "بۆ ئێوە پێشمەرگەی کوردستانن، یان پێشمەرگەی سەید سەلیم؟" هەمووان دەڵێن: "سەید سەلیم." کە بەرپرسەکان دەزانن کێشمەکێش لەگەڵ ئەو پێشمەرگانە سوودی نییە، داوایان لێدەکەن چەکەکانیان دابنێن و بە لۆریەک ڕەوانەیان دەکەن بەرەو زیندانی خەلان.[٨٧]

حەمەدئەمین شەریف دەگێڕێتەوە: "کە گەیشتینە چۆمان خەڵک ڕژابووە سەر شەقام و پێیان دەگوتین: ئەوە پاداشتی شۆڕش بوو بۆ ئێوە، دە مستەحەقتان بێت." بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی، هەر خەڵکە و خواردن و میوەی دەهێنایە زیندانی خەلان بۆ دیداری پێشمەرگە دەستبەسەرەکان، ئەو دە ڕۆژەی ئێمە لە زیندان بووین، زیندانییانی دیکە خواردنی باشی دەرەوەیان دەخوارد، وەک ئەوەی هەر لە زیندان نەبن.[٨٨]

---

[٨٦] عزت سلێمان بەگ، شانێک بە بن باری نیشتمانەوە، چاپی یەکەم ٢٠٢١ل: ٢٣٣.

[٨٧] دیمانە: لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول عوسمان سەیدە شیوەڵۆکی ٢٠٢٢/٥/٦.

[٨٨] دیمانە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول دلاوەر حوسێن ئەفەندی، ٢٠٢٣/٨/٣.

## ٢-٥: ئازادبوون لە زیندانی خەلان

سەید سەلیم و هێزەکەی کە (٨٥) پێشمەرگە بوون، دە ڕۆژ لە خەلان زیندانی کران. مخابن لە ڕۆژی ١٩٧٤/٨/٨ لە دارەهیشک محەمەد زیاد فەقیانی جێگری فەرماندەی بەتالیۆنی ٣، لە شەڕێکی قارەمانانە شەهید دەبێت؛ فشارەکان دەکەونە سەر هەریەک لە سالّح ئاکۆیی، سەید خدر و سەید مستەفا، کە هەرسێکیان سەرلق بوون، بەڵام بە هۆی هێرشی بەردەوامی دوژمن و ناشارەزایی ئەو هێزەی بادینان لە عەشیرەتەکانی سندی و گلی کە جێگای سەنگەرەکانی سەید سەلیمیان گرتەوە، هێزی دوژمن دەرفەتی هاتەدەست شاری ڕواندز داگیربکات، ئەو هەواڵە دەگاتە مستەفا بارزانی، ئەویش دەپرسێت: "ڕواندز چۆن گیرا؟ ئەی حەمەزیاد و سەید سەلیم لە کوێ بوون کە ڕواندز گیراوە؟"[٨٩]

ئیدریس بارزانی بۆئەوەی دەستگیرکردنی سەید سەلیم نەگاتەوە باوکی، خۆی سەید سەلیم لە زیندان دەردەهێنێت و داوای لێبوردنی لێدەکات. مقۆمقۆ لەنێو بەشێکی پێشمەرگەکان دروست دەبێت و دەڵێن: "ئێستا سەید سەلیم ڕازی دەبێت بچێتەوە بەرەکانی شەڕ."

ئەو کاتە ڕواندز و دەشتە دیان لەلایەن سوپای دوژمن گیرابوو، شەڕی گەورە کەوتووەتە سەر چیای زۆزک، سەید سەلیم وێڕای نیگەرانیی پێشمەرگەکانی، بڕیاردەدات بچێتە گردۆگۆ، سەنگەری پێشەوەی شەڕ لە دامێنی چیای زۆزک، چەند پێشمەرگەیەک نەبێت، ئەوانی دیکە لە بارەگای هێز چەک و تەدارەکی خۆیان وەردەگرنەوە و لەگەڵ فەرماندە دڵشکاوەکەیان دەکەونەڕێ بۆ بەرەی پێشەوەی شەڕ.

قادر مەلا حەسەن دەگێڕێتەوە کە ڕۆژگارێکی زۆر ناخۆش بوو، نائومێدی لەنێو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڵاوبووبووەوە. پێشمەرگە نەیدەزانی خەمی دەربازکردنی خێزانی

---

[٨٩] زانیاریەکە لە زاری ئەو پێشمەرگانە وەرگیراوە کە لە ژیانن ماون.

بخوات، یان سەنگەرەکەی بەهێز بکات. یەکەم جار بوو هەست بە نیگەرانیی فەرماندەکەم (سەید سەلیم) بکەم. بۆردومانی زۆری تۆپەکان و دەبابەی ڕژێم ناچاری کردبووین دوو دوو سێ سێ لەبن تاشە بەردەکان خۆمان حەشار بدەین، ویستم فەرماندەکەم بدوێنم تا جنێوێکم پێ بدات، هەر بۆ خۆشی گوتم: "سەید سەلیم بەو دۆخەی تێیکەوتووین نیگەران مەبە، ئەگەر کەسمان لەدەورە نەما ئەوا تۆ سەرلق و من جێگر." ئەو قسەیەم هەر بۆ خۆشی بوو، ئەگینا زۆربەی پێشمەرگەکانمان لە سەنگەرەکەی خۆیان بوون."[٩٠]

## ٥-٣: ڕۆڵی دێهاتەکان لە دالدەدانی کەسوکاری پێشمەرگە

هەمیشە کە شەڕ سەریهەڵداوەتەوە کەسوکاری پێشمەرگە کەوتووەتە بەر هەڵمەتی ڕاونان لەلایەن دەزگا دپلۆسێنەرەکانی ڕژێم، بۆیە ئەو خەڵکە ناچار بوونە پەنا بۆ دێهاتەکان ببەن، قسەی ئێمە لێرەدا لەسەر دێهاتەکانی دۆڵی ئاکۆیانە. لە شۆڕشی ئەیلول دۆڵی ئاکۆیان جگە لەوەی بارەگای بەتالیۆنی ٣ و زۆربەی جاریش بارەگای لقەکانی سەر بە بەتالیۆنی ٤ی لێ بووە، گوندی ئاکۆیان بارەگای لیژنەی ناوچەی ڕواندزی پارتیشی لە خۆی گرتبوو، بارەگای لیژنە ناوچەی ڕواندز لە خانووی (مام جۆلا) بووە لە گوندی ئاکۆیان.

کەسوکاری ئەو کادیر و پێشمەرگانەی لەو دامەزراوە سەربازی و حزبیانە خەباتیان دەکرد، دەبوو بە ناچاری ماڵەکانیان لە ڕواندز و تەنانەت شارەکانی دیکەش بگوازنەوە بۆ دێهاتەکانی دۆڵی ئاکۆیان، لەو بارەیەوە گوندەکانی (ئاکۆیان، فەقیان، گەرەوانی سەروو، گەرەوانی خواروو، بنمێرد، سەران) بە دەیان ماڵ ڕووی تێکردبوون.

زۆربەی کات ماڵەکانی سەید عومەر و سەید سەلیم لە گوندی ئاکۆیان بووە. ماڵی سەید

---

[٩٠] دیمانە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول دلاوەر حوسێن ئەفەندی، ٢٠٢٣/٨/٣.

عومەر، کە لەو کاتە بەرپرسی ناوچەی ڕواندز بوو، لە هەریەک لە خانووەکانی (مەلای عەولاسۆری، مامە جۆلا، حوسێن ئاغا، وەستا عەولا، جرجیس ئەحمەد) بووە لە گوندی ئاکۆیان، ماڵی سەید سەلیم بە هەمان شیوە لە گوندی ئاکۆیان لە خانووی مستەفا ئاغای باوکی عەزیز مستۆ دابووە.

گوندی ئاکۆیان گوندێکی ئاوەدانی ناوچەکە بووە تا ئەنفالەکان بە دەیان خێزانی لە خۆگرتبوو، گوندەکانی دیکەش (گەرەوان، بنمێردە، سەران، فەقیان)یش ڕۆڵێکی گرنگیان دەبینی لە داڵدەدانی کەسوکاری پێشمەرگە.

گوندی گەرەوان، لە دوو گوند پێکهاتبوو، گەرەوانی سەروو و گەرەوانی خواروو، خەڵکی گەرەوانی سەروو بنەچەیان لە گوندی ماوەرانی شەقلاوە بووە هاتوونەتە ئەو گوندە، گەرەوانی سەروو، لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ خەڵکەکەی نەک هەر پشتیوانی شۆڕش بوونە، بگرە ژمارەیەکی زۆریشیان پێشمەرگە بوون، لە شۆڕشدا خاوەنی دەیان شەهیدن، لە شۆڕشی نوێدا گوندی گەرەوانی دۆڵی ئاکۆیان لەرواندز مەیدانی یەکەم داستانی بەرەیی بووە.

گوندی فەقیان یەکێکی دیکە لەو گوندانە بووە کە هەمیشە گوندێکی ئازادکراو بووە، بارەگای لقی حەمەزیادی لێ بووە، فەقیانیش وەک گوندەکانی دیکەی دۆڵی ئاکۆیان خاوەنی دەیان شەهیدە لە هەردوو شۆڕشدا، لەناویاندا شەهید حەمەزیاد و براکانی.

گوندی سەران، گوندێکی دووره دەست و قایم بووە بۆ خۆحەشاردان بۆیە ئەو گوندەش زۆربەی خەڵکەکەی پێشمەرگە دەبن و چەندین شەهیدیان لە هەردوو شۆڕش داوە لەوانە شەهید مام شوان.

گوندی بنمێرد، ئەو گوندەش هەمیشە داڵدەی کەسوکاری پێسمەرگەی داوە، خەڵکی ئەو گوندەش هاوشێوەی گوندەکانی دیکە پێشمەرگە بوونە و خاوەن چەندین شەهیدن.

## ٥-٤: شەڕی گرتنەوەی سەنگەرەکانی چیای زۆزك

بە گیرانی سەنگەرەکانی دەوروبەری ڕواندز ئیدی سوپای دوژمن بە ئاسانی توانی بگاتە دەشتە دیانە و هێزەکانی لە دەشتی دیانان بڵاوە پێکرد، دواتر فشاری سەربازی خستە سەر چیای زۆزک و چیای حەسەن بەگ، هێزی پێشمەرگەش بۆ ئەوەی ڕێگری لە پێشڕەوییەکانی سوپا بکات دەبوو لە بناری چیای زۆزک و بەری هەندرێن خۆی قایم بکات، بۆردومانی فڕۆکە و لەبارنەبوونی ناوچەکە بۆ بەرگریی شەڕی بردە سەر چیای زۆزک، پاشەکشەی ئەو هێزانەی پاراستنی ئەو ناوچانەیان پێ سپێردرا بوو وایکرد سوپای دوژمن بگاتە سەر چیای زۆزک، پێشمەرگە هەوڵ دەدەن ئەو سەنگەرانە بگرنەوە کە سوپای عێراق گرتبوونی، ئەو کاتە بارەگای لقەکەی سەید سەلیم لە گوندی پیروسوان دەبێت، پێشمەرگە لەو پلانەی سەرکەوتوو نابێت بۆیە سەید سەلیم دوایین سەنگەری هێزەکەی دەگوازێتەوە بۆ کۆسپی سپی ئەویش تا هێزەکانی بادینان بتوانن بە تەواوی پاشەکشە بکەن.

قادر مەلا حەسەن سەبارەت بە دوایین سەنگەریان پێش ئەوەی شۆڕش بە تەواوی توشی هەرەس بێت گوتی: "ڕۆژێکیان کەسێک بەرەو دیانا دەرۆیشتەوە پاسەوانەکانی ئێمە ڕێگایان پێگرت، لەو دەمەدا سەید سەلیم ئاگادار دەکەنەوە کە دەبینێت ئەو کەسە سەیداساڵح یوسفیە." سەید سەلیم خۆی لە پێشمەرگەکان تووڕە دەکات دەڵێت: "چما نازانن ئەوە کێیە؟" شەهید سەید ساڵح یوسفی، تاکە سەرکردەی شۆڕش بوو ڕەتیکردبووەوە دوای هەرەسی شۆڕش بچیتە ئێران.

## ٥-٥: دیدار لەگەڵ بارزانی

سەنگەرەکان تا دەهات لە پێشمەرگە چۆڵ دەکران، ئومێدێک بۆ بەرگری نەمابوو، بەشێکی فەرماندەکانی شۆڕش خۆیان گەیاندبووە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گوندەکان چۆڵ دەکران، فڕۆکەی جەنگی بۆردومانی ڕێگا سەرەکییەکانی دەکرد، پردەکانی بە ئامانج دەگرت، سەرکردایەتیی شۆڕش لە پیلانی ڕێکەوتنامەی جەزائیر ئاگادار کرابووەوە. نە بارودۆخە سیاسیەکە نە عەسکەرییەکە بە قازانجی بەرگریی پێشمەرگە نەبوو.

لە ڕێگەی بێتەلەوە سەید سەلیم ئاگادار دەکرێتەوە بچێتە بارەگای بارزانی، کە لەو کاتەدا هێشتان مستەفا بارزانی لە دەڤەری قەسرێ و لە گوندی دیلمان مابوو، سەید سەلیم لەگەڵ پێشمەرگەیەکی نزیک لە خۆی بە ناوی دلاوەری مەمی خانێ، کە لە ڕێگەی دایکیەوە خزمی سەید سەلیم بوو، شوفێرێک دەدۆزنەوە لەگەڵی بچن بۆ بارەگای بارزانی، شوفێرەکەش هەر خەڵکی ڕواندز بووە بە ناوی نەبەز کە ئێستا لە ژیان ماوە.

دلاوەر دەگێڕێتەوە دەڵێت: بارزانی بە تەنیا لەگەڵ سەید سەلیم کۆبووەوە، من و نەبەزی شوفێر لەدەرەوە بووین، کۆبوونەوەکە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، لە کاتی گەڕانەوە سەید سەلیم بۆی باسکردین کە شۆڕش تەواو بووە، بارزانی داوای لێکردووە ئەگەر دەتوانێت بچێتە سەر چیای زۆزک لەو ناوچانە بمێنێتەوە، تا پێشمەرگەکانی بەرەی بادینان بە تەواوی بۆ ئەمدیوەی سنور پاشەکشە دەکەن.

سەید سەلیم ئەو داوایەی بارزانی قەبوڵ دەکات و بێئەوەی زیندانیکردنەکەی خۆی لای بارزانی باس بکات، دەگەڕێتەوە لای پێشمەرگەکانی، باس لەو پێشنیارەی بارزانی دەکات، هەندێکیان لەژێر کاریگەریی دە شەوەکەی زیندان، بە قەبوڵکردنی ئەو داوایە نیگەران دەبن، بەڵام بەهۆی خۆشەویستییان بۆ فەرماندەکەی خۆیان، بەرەو چیای زۆزک دەکەونە ڕێ.

هەر لەو دیدارەشدا مەلا مستەفا بارزانی بڕیار دەردەکات، کە سەید سەلیم ببێتە فەرماندەی بەتالیۆن، بەڵام ئەو بڕیارەی کاتێک داوە، کە هیچ ئومێدێک بۆ بەرگری نەمابوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەید سەلیم بڕیارەکەی سەرووی خۆی جێبەجێ کردووە و دواین هێز بووە کە دوای نسکۆی شۆڕش، سەنگەری بەرگری چۆڵ بکات.

ئەو دیدارەی سەید سەید سەلیم و بارزانی دوا دیداری نێوانیان دەبێت، تا ئەو کاتەی لە کەرەج، شارێکی نزیک تاران، سەید سەلیم چاوی پێدەکەوێتەوە.

## ٥-٦: لە گردوگۆ چ باس بوو؟

خیانەتی عەوڵا ئاغای ئامیر هێز لە فەرماندە ئازاکە (سەید سەلیم) و شەهیدبوونی هەریەک لە (حەمە زیاد، ساڵح ئاکۆیی)، بووە هۆی ئەوەی خەونی دوژمن لە دەستبەسەرداگرتنی شاری ڕواندز ببێتە واقیع، دەبابەکانی دوژمن لە چیای کوڕەک لە (کۆسپی فارسی) بە ئاڕاستەی شاری ڕواندز دێنە خوارەوە، دواتر دوژمن بەرەو (دەشتە دیانا) پێشڕەوی دەکا، ئیدی دەبوو (گردوگۆ) بکرێتە سەنگەری بەرگری. دوژمن زۆر دڕندانە بە تۆپ و تەیارە بۆردومانی ئەو لوتکە شاخەی دەکرد، تەنانەت سڵی لە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی ناپاڵڵیش نەکردبووەوە، چەندین پێشمەرگە بە چەکی فسفۆڕی هەموو لەشیان سوتابوو، هێزەکەی سەید سەلیم لە بناری زۆزک جێگیربووبوو، بەو ئامانجەی وەک ئەو شەڕەی لە بناری کوڕەک کردیان لەوێش دووبارەی بکەنەوە، بەڵام بەداخەوە شوێن و زەمەنەکە جیابوو، سەید سەلیم دیسان لە بەردی یەکەمی سەنگەر بوو، قادر مەلا حەسەن دەگێڕێتەوە: "سەید سەلیم کە بێتاقەت دەبوو جگەرەیەکی دادەگیرساند و مژی توندی لێدەدا و چاوێکی دادەخست، ئەو دیمەنەم لێ بینی زانیم هێشتا نیگەرانییەکانی زیندانی لەلا نەڕەویونەتەوە."

سەید سەلیم لە دوا دیداری لەگەڵ بارزانی پێی گوترابوو تۆ لە ئێستاوە فەرماندەی بەتالیۆنی و سەر بە بارەگای بارزانیت، بەڵام هەرچی دەیکرد نەیدەتوانی خەفەتی ئەو خیانەتەی لێی کرابوو بڕەوێنێتەوە، زوو زووش سەیری ڕواندزی دەکرد و لەبەر خۆی دەیگوت: ئاخ عەوڵاکوڕ!

هێزەکەی سەید سەلیم لە بناری چیای زۆزک جێگیر دەبێت، تا ڕۆژێکیان بە جیهاز پەیوەندی پێوە دەکرێت، کە بۆ کۆسپی سپی پاشەکشە بکات. لەمبارەیەوە مام عزەت سلێمان بەگ بۆی گێڕاینەوە، گوتی: "بە جیهاز بانگم کرد : (ڕێباز... ڕێباز...)، سەید سەلیم وەڵامی دامەوە، پێم گوت: شێتە سەربەرز بکە و ببینە هێزی دوژمن گەیشتە سەرچیای زۆزک، خەریکە پشتتان دەگیرێت، زووکە بکشێنەوە."

هێزەکەی سەید سەلیم تا دوا ساتەکان لە کۆسپی سپی دەمێنێتەوە و پاشان وەک تەواوی هێزەکانی دیکە چەکەکانیان دەشارنەوە و ئەوانیش بەرەو ئێران دەکەونە ڕێ.

**بەشی شەشەم: هەرسی شۆڕشی ئەیلول و سەردەمی ئاوارەیی:**

٦-١: گوندی ئۆمەراوە و لەدایکبوونی هێڕش

٦-٢: ئاوارەبوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٦-٣: چوون بۆ کەرەج

٦-٤: دەستگیرکردنی دوو برا لەلایەن ساواک

## بەشی شەشەم: هەرسی شۆڕشی ئەیلول و سەردەمی ئاوارەیی

### ٦-١: گوندی ئۆمەراوە و لەدایکبوونی هێڕش

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤، بە هۆی بۆردومان و هێرشەکانی ڕژێم بۆ سەر دەڤەری ڕواندز، تا دەهات ئەو شارە لە خەڵکەکەی چۆڵ دەبوو، کەسوکاری پێشمەرگە زۆربەیان ڕوویان کردبووە گوندەکانی "ئاکۆیان و فەقیان و بنمێرد و گەرەوان و سەران"، بەڵام دوای ئەوەی مەترسی لەسەر ئەو دەڤەرەش دروست دەبێت، خەڵکەکە بەر لەوەی بە یەکجاری ئاوارەی ئێران ببێت، ڕوویان لە دەڤەری باڵەکایەتی کردبوو، چەند مانگێک بوو خانەوادەی سەید سەلیم لە گوندی ئۆمەراوە گیرسابووەوە.

ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤[٩١] لەسەر ئاستی تەواوی کوردستان بە ڕۆژێکی کارەساتبار هەژمار دەکرێت، ئەویش بەهۆی ئەو قوربانییانەی لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سەر زانکۆی سلێمانی لە شاری قەڵادزێ، کە بە هۆی ئەو بۆردومانە دەیان خوێندکاری زانکۆ و خەڵکی مەدەنیی قەڵادزێ شەهید و برینداربوون، هەر لە هەمان ڕۆژدا فڕۆکەکانی ڕژێم بۆردومانی مەڕدارەکانی باڵەکایەتییان کرد. ئەو ڕۆژە ئێمە لە ئەشکەوتەکانی ئۆمەراوە خۆمان حەشار دابوو، لەنێو گرمەی بۆردومانی فڕۆکە، کۆرپەلەیەک چاوی بەدونیا هەڵێنا،هەواڵ بە سەید سەلیم دەگات کە کوڕێکیان بووە، وەڵام دەنێرێت کە ناوی بنێن (هێڕش)، چونکە ئەو لە بەرەکانی شەڕ شکستی بە گەورەترین هێڕشی دوژمن هێناوە.

---

[٩١] سەعات ٩:٤٣ دەقیقەی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ ژمارەیەك فڕۆکەی جەنگیی پێشکەوتوو لە جۆری سیخۆ، بە چەکی قەدەغەکراوی ناپاڵم، شاری قەڵادزێیان بۆردومانکرد، ئەوکات ئەم شارە بنکەیەکی سەرەکی شۆڕشی گەلی کورد بوو و زانکۆی سلێمانیشی بۆ گواسترابووەوە. ڕژێمی لەناوچووی بەعس یەکەمین تاوانی کۆمەڵکوژی لە باشووری کوردستان دژی قەڵادزێ بوو، بە فڕۆکەی جەنگی و چەکی ناپاڵم بۆردومانی شارەکەی کرد و بەهۆیەوە تێیدا ١٦٣ هاوڵاتی لە تەمەنی جیاواز بە منداڵی ساواشەوە، لەگەڵ ژمارەیەك خوێندکاری زانکۆ شەهیدبوون و زیاتر لە ٣٥٠ هاوڵاتی دیکەش برینداربوون.

سەید سەلیم، کەسێکی هۆشیار بوو، ئەو تەنیا فەرماندەیەکی سەربازی نەبوو، بگرە لە سەنگەریشدا خەمی زمانی کوردی بوو، بۆیە ناوی هەموو منداڵەکانی بە کوردی ناوناون، لەو بارەیەوە خێزانی سەید سەلیم دەگێڕێتەوە: هەموو جارێک کە منداڵێکمان دەبوو لەنێوان خەزورم سەید نەبی و سەید سەلیم دەبووە کێشە ،خەزورم لەژێر کاریگەریی بڕوا ئاینییەکەی حەزی دەکرد ناوی منداڵەکانمان عەرەبی بن، بەڵام سەید سەلیم بەو داوایەی باوکی ڕازی نەدەبوو. خۆی ناوی منداڵەکانی هەڵدەبژارد: هیوا، وریا، بەختیار، بەفرین، هێڕش. ئەمە جگە لە پێشنیازکردنی ناوی کوردی بۆ برازاکانی و بۆ منداڵی خزم و ناسیاوی دیکەش کە ناوی کوردیی خودان واتا و مەبەستدار بوون.

## ٦-٢: ئاوارەبوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول زۆربەی زۆری خێزانە کوردەکان، بە تایبەت کەسوکاری پێشمەرگە، ئاوارەی دیوی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، سەید سەلیم لە کاتی ئاوارەبوونەکە لە بەرەی شەڕ مابووەوە، هەواڵ دەنێرێت تا کەسوکارەکەی، کە تا ئەوکات لە گوندی ئۆمەراوەی باڵەکایەتی مابوونەوە، ئەوانیش بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردساتان بەڕێ بکەون، دوای ئاوارەبوونیان لە ئۆردگای زێوەی ناوچەی مەرگەوەڕ دەگیرسێنەوە.

سەرەتا زۆربەی ماڵە ئاوارەکان لە خێوەتدا بوون، پاشان داڵانی گەورەیان بۆ دروستکران، سەید سەلیم لەوێش لەگەڵ پێشمەرگە نزیکەکانی لە هۆڵی ٣٣ دادەمەزرێت، ئەوان شەوانە بۆ دەردەدڵی لە دەورەی یەکتری کۆدەبوونەوە. شەوێکیان لە ماڵەکەی خۆی میوانداری لە هونەرمەند محەمەد جەزا* دەکات ئەو شەوە بە نوکتە و گۆرانی بەڕێ دەکەن، کاسێتی گۆرانی بە دەنگی محەمەد جەزا کە تا ئێستاش پارێزراوە لەسەر داوای خۆی بڵاونەکراوەتەوە.

سەید سەلیم بەرلەوەی سەنگەری بەرگری چۆڵ بکا، لەنێوانی جوندیان و چۆمان لەسەر ڕێگای هاملتۆن سەیارەکەی کە جێبێکی وەسەت دەبێت وەردەگەڕێت، لەو ڕوداوەدا خۆی و چەند پێشمەرگەیەک بە سوکی بریندار دەبن، بۆ وەرگرتنی چارەسەر ڕودەکاتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گەڕانەوەیدا بۆ باشوری کوردستان سەردانێکی ئۆردگای زێوە دەکات، بەسەر کێشەی هەندێک ناسیاوی خۆیدا دەکەوێت، کە خانەوادەی (عەبدوڵا حاجی عوسمان مەخموری) دەبێت، کە ناسراو بوو بە (خارە عەبد)، ئەو خانەوادەیە لەگەڵ کەسوکاریدا وەک هەر خێزانێکی دیکە ئاوارەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبن، بەڵام لەوێ لەلایەن بەرپرسانی کەمپی ئاوارەکان کێشەیان بۆ دروست دەکەن گوایە ئەوانە سەر بە حزبی شیوعی بوونە، ئەو حزبەش هاوپەیمانی ڕژێمی بەعس بووە، بەڵام کە دواتر دەزانن خزم و ناسیاوی سەید سەلیم دەردەچن ئیدی وازیان لێ دەهێنن، بەڵام خارە عەبد لێناگەڕێت سەید سەلیم ئەو ڕۆژە بگەڕێتەوە بۆ ئەمدیوی کوردستان، پێی دەڵێت سەفەرێکی خۆشمان هەیە بۆ بانە و مزگینییەکیشم بۆت هەیە، دەبێت هاوسەفەرمان بیت، خارە عەبد بە شێوازە تایبەتییەکەی قەناعەت بە سەید سەلیم دەکات چەند ڕۆژێک گەڕانەوەی دوابخات، هەر بۆ خۆشیش پێی دەڵێت: "خارە سەید خۆ شۆڕشەکە تەواو بووە، ئەوە تۆیت دەست هەڵناگرێت."

هونەرمەند حەمەجەزا سەبارەت بەو گەشتە دەگێڕێتەوە: "لە ئۆردگای زێوەی مەرگەوەڕ بووین، لەسەر داوای (میرزا کەریم)، کە نامەی بۆ من و (عەبدوڵا عوسمانی) هاوڕێم ڕەوانە کردبوو کە بچین بۆ لای، بۆ سەردانی ئەمجارە (سەید سەلیم سەید نەبی) کە ناسراوە بە (سەید سەلیم کانیەقوڕی) هاوسەفەرمان بوو. ئەو بە ئیجازە هاتبووەوە، ئەو کاتە ئامیر بەتالیۆنی هێزی (باڵەک) بوو، لەبەرئەوەی (عەبدوڵا عوسمانی)ی هاوڕێم، لە ڕێی دایکیەوە خزمایەتیی لەگەڵ (سەید سەلیم)دا هەبوو، تەکلیفی لە (سەید سەلیم) کرد کە هاوڕێیەتیمان

بكات، چونکە لەگەڵ عەبدوڵا یەکتریان زۆر خۆش دەویست؛ کاک (موسڵح)ی برازای (سەید سەلیم)یش لەگەڵماندا بەشداریی ئەو سەفەرەی کرد، هەروەها (دڵشادی حوسێنە فەندی)شمان لەگەڵدا بوو. لە کاتی چوونماندا بۆ شاری بانە، (میرزا کەریم) پێشوازی گەرمی لێمان کرد، دوو شەو لە بانە میوانی (میرزا کەریم) بووین، پاشان گەڕاینەوە و لە شاری سەقز سەردانی کاک (ڕەسوڵی بەهرامی)مان کرد، کە خاوەنی تۆمارگەیەکی گەورەی شاری سەقز بوو، تەکلیفی کرد کە دەبێت شەو میوانی ئەو بین و ئێمەش شەو لە لای ماینەوە. ئەو شەوە، ئاهەنگێکی بە جۆشمان سازکرد و کاسێتێکی خۆشمان تۆمارکرد. لەو دانیشتنەدا شەهید (سەید سەلیم) ڕووی کردە (عەبدوڵا عوسمان) و پێی گوت: حەزناکەم لە کاسێتەکەی هونەرمەند حەمەجەزا من ناوم هەبێت. چونکە پێشمەرگەکانم لە سەنگەرن و منیش لێرەم، کاک (عەبدوڵا)ش ناوی (سەید سەلیم)ی گۆڕی بە ناوی کاک (کەمال)، ئێستا ئەو کاسێتە هەر ماوە و دەنگی (سەید سەلیم)ی تێدا ماوە و قسەی خۆشی تێدا کردووە، هەر ئەو شەوە برایانی زیزی لەو ئاهەنگەدا ئامادە بوون، لە شەوە خۆشەکانی ئەو سەردەمەی ئێمە بوو، کە بە ڕاستی هیچ کاتێک ئەو یادەوەرییانەم لەیاد ناچێتەوە، لە ڕۆژە خۆشەکانی منن و لە دڵ و دەروونمدا تۆمار کراون."

### ٦-٣: چوون بۆ کەرەج

شاری کەرەج وێستگەیەکی دیکەی ئاوارەیی سەید سەلیم و کەسوکاری و پێشمەرگە نزیکەکانی دەبێت، ئێوارەیەکی هاوین لە کەرەج لە گەڕەکی حەسارەک خوێندنگایەک بۆ پێشوازی لەو چەند ماڵە ئامادەکرابوو، کە لە ئۆردوگای زێوەی مەرگەوەڕ گواسترابوونەوە بۆ کەرەج. پۆلەکانی خوێندنگاکە بەشی ئەو چەند ماڵەی نەدەکرد، هەر بۆیە سەید سەلیم، کە

تا ئەو کاتەش بەرپرسیارەتیی ئەو ماڵە ئاوارانەی گرتبووە ئەستۆ، داوای چەند دانە خێوەتێکی لە بەرپرسانی ئیدارەی شار کرد، کە بۆ هەماهەنگیی ماڵە ئاوارەکان دەستنیشان کرابوون، تا لە حەوشەی خوێندنگاکە، بۆ ئەو ماڵانەی هەڵبدەن، کە لە ژوورەکان جێگایان نەبووەتەوە. لەنێو ئەو ماڵانەدا ماڵی خۆی و دوو برای دیکە چوونە ژێر خێوەت، کە لێیان پرسی: بۆ وا بێت؟ گوتبووی: "با ئێمە چاو لە بەرپرسانی دیکە نەکەین؛ نەچین شوێنی باش بۆ خۆمان هەڵبژێرین و خێزانی پێشمەرگەش بخەینە خێوەتەوە."

زۆری نەبرد، حکومەتی ئێران پیاوەکانی لە شارەکانی تاران و کەرەج خستە سەر کار؛ زۆربەی پیاوەکان لە کارخانەی پێڵاو کاریان دەکرد، کارخانەکە ناوی (کەفشی میللی) بوو.

کوردەکان ئەزمونیان لەبارەی ئەو جۆرە کارانە نەبوو، ئەوان لە کوردستان کاریان لەگەڵ تفەنگ و شەڕدا بوو، بۆیە لە ڕۆژانی هەوەڵی کارکردنیان یەکێک لە کرێکارەکان بە ناوی (جیهاد محەمەد یوسف) دەستی دەکەوێتە بەر ئامێری کارخانە و دەستی بە تەواوی دەپەڕێت.

وەرزی خوێندن هات و زۆربەی کوڕ و کچەکان لە خوێندنگەیەکی حەسارەک خرانە بەر خوێندنی فارسی. هێشتاش هیچ منداڵێک فێری فارسی نەبووبوو، بۆیە بۆ هەموومان ساڵێکی خوێندنی ئاسان نەبوو. وێڕای نەزانینی زمان لەڕووی جلوبەرگیش لەگەڵ هاوپۆلە فارسەکانمان زۆر جیاواز بووین، ئەوان پۆشتە و بە جلی یەکپۆشی، ئێمەش بە جلی بێسەروبەری کوردی، شەرواڵ ڕەنگێک و کورتەک لە ڕەنگێکی دیکە.

ڕۆژێک هەموو خوێندکارە کوردەکان، کە (٢٢) خوێندکار بوون، بانگی ئیدارەی مەکتەب کران، لەوێ زانیمان کە کۆمپانیاییەک، جلی بۆ خوێندکارە کوردەکان دابینکردووە، بەڵام لەبری (٢٢) قات، تەنیا (٢٠) قاتیان هێنابوو. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، بەڕێوەبەری قوتابخانە لە بەتەمەنترین خوێندکاری پرسی بوو، کام لەم قوتابییانە کوڕی بەرپرسانن،

ئەویش ناوی من و وریای برامی دابوو، هەر ئەو ڕۆژە ئێمە دوو برا لەو قاتانە بێبەش کراین، ئەوانیش هەموویان قاتی تازەیان لەبن هەنگڵی ناو و ئێمەش بە گریانەوە بەرەو ماڵ چووینەوە. ڕۆژی دواتر وتمان ئێمە بەو جلانە ناچینەوە قوتابخانە؛ سەید سەلیم هەردووکمانی برد بۆ فرۆشگایەکی جل و دوو دەستە جلی هاوشێوەی هاوڕێکانمانی بۆ کڕین، ئەوسا ئێمەش ڕازی بووین بچینەوە قوتابخانە.

### ٦-٤: دەستگیرکردنی دوو برا لەلایەن ساواك

ڕۆژێکیان هەواڵی دەستگیرکردنی (سەید عومەر و سەید سەلیم) لەنێو ماڵە ئاوارەکانی حەسارەک بڵاودەبێتەوە، وەک باسمان کرد حەسارەک شارۆچکەیەکی سەر بە کەرەج بوو، پیاوە ئاوارەکان کە لەمێژنەبوو خرابوونەوە سەر کار، ئەو ڕۆژە کە ئەو هەواڵە دەبیستن، بڕیاردەدەن نەچنە سەرکار. بەیانییەکەی کە پاسی کارخانە لە کۆڵان هۆڕن لێدەدات، خاتوو مەدینە هاوسەری سەید عەبدوڵا بە شوفێرەکە دەڵێت: نایەن، نایەن. شوفێرەکە تێیدەگات و دەپرسێت: خانم، چرا نمیان؟ ئەو وەڵامی دەداتەوە: نایەن و تەواو.

نەچوونە سەرکار، خۆپیشاندانی ژن و پیاو و گەنج و قوتابییەکانی لێکەوتەوە، هەموان بەرەو شەقامی سەرەکیی نێوان (کەرەج- تەهران) بەڕێکەوتن، ئەو شەقامەیان داخست، ڕوداوێکی لەو شێوەیە لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشا کەم وێنە بوو، کە خەڵک بڕژێتە سەر شەقام، بەڵام کاتێک بەرپرسانی ساواک[٩٢] زانیان لەگەڵ ئەو خەڵکە سودی نییە لە ماوەیەکی کەمدا بە سەیارەیەکی دەوڵەت، هەریەک لە سەید عومەر و سەید سەلیم هێنرانەوە و ڕادەستی خەڵکەکە کرانەوە، ئەوسا خەڵکەکەش بە هوتاف لێدان بەرەو ماڵ ڕۆیشتنەوە.

---

[٩٢] ساواک، دامەزراوەیەکی ئەمنیی سەردەمی شای ئێران بوو.

خۆپیشاندانی ئاوارە کوردەکان دژ بە دەستگیرکردنی سەید عومەر و سەید سەلیم بۆ بەرپرسانی ئێران چاوەڕواننەکراو بوو، بۆیە دوای ئەم ڕوداوە دەوڵەت دەستی بە فشارخستنە سەر خێزانەکان کرد و بڕیاری ڕاگواستن و پەرتکردنی بۆ شارە جیاجیاکانی ئێران دەرکرد.

بەشێک لەو خێزانانە لەژێر کاریگەریی ئەم فشارانە گەڕانەوە بۆ باشوری کوردستان و بەشی هەرە زۆریان بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لەژێر ناوی "عائیدون"[٩٣] ڕاگواستران، فشارە زۆرەکان بۆ سەر سەید سەلیم و براکانی بوو، بۆیە سەید نەبی باوکی و سەید تەها و سەید موسلیح لەو خێزانانە بوون کە گەڕانەوە عێراق.

دەوڵەت ئاگاداری چوار براکەی دیکەی (سەید عومەر، سەید عەبدوڵا، سەید سەلیم، سەید ڕەشید)ی کرد کە خۆیان ئامادەبکەن هەریەکە و بۆ شارێکی ئێران دەگوازرێنەوە، کە ماڵی بارزانی بەو بڕیارەی دەوڵەت دەزانن، کە تا ئەو کاتیش ئەوان لە ئەعزەمییە بوونە لە کەرج، بەدوای سەید عومەر و سەید سەلیم دەنێرن کە ئەگەر ڕازی بن ئەوان کاریان بۆ دەکەن بۆ چوونە دەرەوەی وڵات، بەڵام چونکە سەید سەلیم بەرنامەی گەڕانەوەی هەبوو و بەڵێنی بە خەڵکانی دیکەدا بوو، ئەو داوایەی بارزانی ڕەتکردەوە.

[٩٣] واتە: گەڕاوەکان.

## بەشی حەوتەم: قۆناغی هەستانەوەی دوای نائومێدی:

٧-١: گەڕانەوە بۆ باشوری کوردستان

٧-٢: دوو ساڵ لەژێر چاودێریی پیاوانی ڕژێم

٧-٣: ڕۆڵی جوامێرانەی خەڵکی باڵەکایەتی

## بەشی حەوتەم: قۆناغی هەستانەوەی دوای نائومێدی

### ٧-١: گەڕانەوە بۆ باشوری کوردستان

لە ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٢ لە کەرەجەوە لە ڕێگای سنوری خانەقین بەرەو باشوری کوردستان گەڕاینەوە، شەوێک لە سەرسنور بە دیوی قەسری شیرین ماینەوە. ڕۆژی دواتر بەناو شاری خانەقیندا تێپەڕین، ڕژێمی بەعس خەڵکی خۆی هاندابوو بۆ سوکایەتیی بەو خەڵکە بێنە سەر شەقام، ئەوسا بەو خێزانانەیان دەگوت (عائدون) واتا گەڕاوە.

ڕۆژی ١٩٧٦/٢/٤ گەیشتینە ئۆردگای کانی قرژاڵە کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای پارێزگای هەولێر، شەوێک لەوێ ماینەوە، لە ترسی ڕاگواستن بۆ خوارووی عێراق لە ڕێگای خزمانەوە بە نهێنی گواسترانەوە بۆ ماڵی دوو خزم بە ناوەکانی (عەزیز- حاجی کاک ئەحمەد) لە گەڕەکی تەیراوەی هەولێر، تا ئەوکاتەی لە گەڕەکی بەستەپیازە خانووی کرێیان بۆ گرتین.

لە گەڕەکی بەستەپیازە بەکرێ چووینە ناو خانووێک کە خاوەنەکەی ناوی (حاجی عەوڵا بارەکی) بوو. گەڕەکی بەستەپیازە پڕ بوو لە خێزانی کوردپەروەر، هەر لەوێ ئاشنایەتیمان لەگەڵ چەند ماڵێکدا پەیداکرد بە تایبەت کاوانییەکان کە دواتر زۆربەیان بوونە ماڵە پێشمەرگە. خەڵکی ئەو گەڕەکە کە ئاشنایەتیان لەگەڵ ناوی سەید عومەر و سەید سەلیم هەبوو، وەک کەسوکاری خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین. بۆ خێزانێک کە کەسەکانی لەژێر چاودێریی پیاوانی ڕژێمدا بوون، ئەو جۆرە پشتیوانییە زۆر بەهادار و گرنگ بوو.

دوای ئەوەی سەید سەلیم پەیوەندیی بە شۆڕشی نوێوە کرد، ئێمە هەر لە گەڕەکی بەستەپیازەی هەولێر ماینەوە، خەڵکی گەڕەک زیاتر لە جاران ڕێزیان لێدەگرتین. هەموو ئەو جارانەی کە پیاوانی ڕژێم، بە تایبەت دائیرەی ئەمن چاودێریان دەکردین، زووتر خەڵکی گەڕەکەکە ئاگاداریان دەکردینەوە، بە موختاری گەڕەکیشەوە. ئەو پشتیوانی و میهرەبانیەی

خەڵکی گەڕەکی بەستەپیازە لەزیهنی ئەندامانی خانەوادەی ئێمە بۆ هەمیشە تۆماربووە، لە غیابی سەید سەلیمدا وەک کەسی خۆیان ئاگایان لێمان بوو، زۆر جاریش هاوینان لەگەڵ خۆیان دەیانبردین بۆ سەر کار. تا ڕاپەڕینی ١٩٩١، ئێمە لە گەرەکی بەستەپیازەی هەولێر ماینەوە و دوای کۆڕەو ئیدی نەگەڕاینەوە بۆ هەولێر.

### ٧-٢: دوو ساڵ لەژێر چاودێریدا

ئەو دوو ساڵەی سەید سەلیم لە هەولێر ژیاوە، بە ئاشکرا خەریکی کار و کەسابەت بووە، بە نهێنیش کاری ڕێکخستنی سیاسیی کردووە، خۆی و سێ لە براکانی لە گەڕەکی بەستەپیازە دەبنە کرێچیی ناسیاوەکیان لە هەردوو هۆزی خەیلانی و بارەکی. سەید سەلیم بە ئامانج ئەو شوێنەی بۆ ژیان هەڵبژارد، چونکە متمانەی بەو خەڵکە هەبوو، هەروەها هەندێک تێکەڵاویی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵدا هەبوون. گەڕەکی بەستەپیازەی هەولێر شوێنی نیشتەجێبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە خانەوادەکانی هۆزی خەیلانی و بارەکی بوو. خەڵکی ئەو دوو هۆزە، وەک خەڵکی زۆر تیرە و هۆز و عەشیرەتی دیکەی کوردستان خەڵکێکی زۆر کۆمەڵایەتی، مەرد و خاوەن غرووری کۆمەڵایەتی بوون، خاوەنی بەڵێنەکانیان بوون و لە بەرامبەر کەسێک کە خۆشیانویستبا ئەوپەڕی وەفاداری و دڵسۆزیان نیشان دەدا. جگەلەوەش، بنەچەی جوگرافی و قەڵەمڕەوی مرۆیی ئەو دوو هۆزە لەگەڵ ناوچەی ڕواندز هاوسنوور بوو، لەبەر ئەم هۆیانە جێی متمانەی سەید سەلیم بوون.

دوای ئەوەی لە هەولێر دەگیرسێتەوە، سەید سەلیم لە گەڕەکی خانەقا و لە شەقامی سینەما حەمڕا دەچێتە سەر کارێک، سەرپەرشتیی فرنی سەمونی تۆماتیک بوو، خاوەنەکەی کەسێکی تورکمانی هەولێر بوو بە ناوی (معتەسەم)، لە ماوەی کارکردنیدا لەو فرنە دەکەوێتە

ژێر چاودێریی پیاوانی ڕژێم.

مام بۆره كه له نزیک ئەو فڕنه چێشتخانەی هەبووه دەڵێت: "هەر لە بەیانییانەوە ئەمنێک94 لە چایخانەکەی بەرامبەری فڕنی سەمون دادەنیشت تا بزانێت کێ هامشۆی (سەید سەلیم) دەکات."95

مەهدی مەخموری دەربارەی چاودێریکردنی سەید سەلیم لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: "زۆربەی ئێواران دەچوومە لای و پیاسەیەکی دەورەی قەڵاتی هەولێرمان دەکرد. زۆرجار سەید سەلیم پێی دەگوتم: مەهدی پێ هەڵێنه با ئەو ئەمنە سەگبابەی لە دوامان دەڕوات هیلاک بێت" کە دەگەیشتینەوە لای فڕنەکە سەید سەلیم دەیگوت: "ئەوها بابی دەگێم، چاودێریی ئێمە دەکات!"96

سەردەمەکە وابوو هەموو ئەوانەی لە شۆڕشی ئەیلول ڕۆڵیان هەبوو، یان دەبوو بە جۆرێک لە جۆران هاوکاریی ڕژێم بکەن، یان شار جێبهێڵن و بچنەوە شاخ. پیاوانی ئەمن دوو جار داوای سەید سەلیم دەکەن، بەڵام ناچێتە ژێرباری داواکەیان و مل بۆ فشارەکانیان کەچ ناکات، لە دوای کارەساتی هەکاری، لەسەر داوای شۆڕش و بە نامەی فەرمیی سەرکردایەتیی شۆڕش داوای لێدەکرێت پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکات.

بێ هۆکار نەبوو کە پیاوانی ئەمن چاودێریی (سەید سەلیم)یان دەکرد ئەو شوێنی کارکردنی کردبووە شوێنی دیدار لەگەڵ کۆنە پێشمەرگەکان، بەتایبەت دوای ئەوەی دێهاتە سنورییەکانی باڵەکایەتی گواسترانەوە بۆ ئۆردوگاکانی نزیک لە شاری هەولێر لە (پیرزین، بەستۆڕە، مەلائۆمەر).

---

[94] ئەمن، دەزگایەکی ئاسایشی سەر بە ڕژێمی بەعس بوو، ئەرکیان چاودێریکردنی تێکۆشەرانی کورد بوو.
[95] زانیاریەکە لە زاری مام بۆره وەرگیراوە
[96] زانیاریەکە لە زاری مەهدی عوسمان مەخموری وەرگیراوە.

سەید سەلیم، دواى گەڕانەوەى لە ڕۆژهەڵاتى کوردستان لە ڕێگەى هەریەک لە کاردۆ گەلاڵى و عەلى هەژار پەیوەندیى بە ڕێکخستنەکانى بزوتنەوەى سۆسیالیستى کوردستان[٩٧] گرێدایەوە.

## ٣-٧: ڕۆڵى جوامێرانەى خەڵکى باڵەکایەتى

سەید سەلیم، هێندە تێکەڵاوى خەڵکى باڵەکایەتى بووبوو، ئیدى بۆ هەر کارێکى سیاسى، تەنانەت کۆمەڵایەتیش پشتى پێدەبەستن، هەموو ڕۆژانى هەینى کە نەدەچووە سەرکار، لە یەکێک ئۆردوگاکانى (پیرزین، بەستۆڕە، مەلائۆمەر)، لەنێو ئەو خەڵکە دەبوو، بە تایبەت ماڵەکانى (برایمى حاجى کوێخاى کۆیلێ، مارفەڕەش، عەزەى داودى، مەحمود سەیدە و براکانى مام کەریم وعوسمان و ڕەحمان، هەروەها مەحمود ئێنەیى و مام باپیر ئێنەیى) .

ئەو سالانەى باسیان لێوە دەکەین تەواوى خەڵکى باڵەکایەتى بەهۆى بڕیارێکى ڕژێمى بەعس لە زێدى خۆیان بۆ ئەم ئۆردوگا زۆرەملێیانە و ئۆردوگاکانى دیکە لە پارێزگاى دهۆک و ناوچەى ڕانیە و چوارقورنە ڕاگوێزرابوون.

بڕیارى ڕاگواستنى گوندە سنورییەکان بەچەند قۆناغێک دەستى پێکرد، بەڵام گوندەکانى باڵەکایەتى و باڵەییان و دۆڵى ڕوستێ لەو دەڤەرە لە دەستپێکى پرۆسەى ڕاگواستنى دێهاتەکانى کوردستان بوون.

یەکێک لەو خێزانانە سێ هەزار دینار قەرز دەداتە سەید سەلیم تا پێش ئەوەى پەیوەندى

[٩٧] بزووتنەوەیەکى سیاسیى کوردستانى بوو ساڵى ١٩٧٦ دواى هەرەسى شۆڕشى ئەیلول، لەسەرد دەستى کۆمەڵێک تێکۆشەر دواى گفتوگۆى زۆر لە ڕۆژهەڵاتى کوردستان و دواتریش لە بەغدا ڕاگەیەندرا، لە کەسایەتیە هەر دیارەکانى دامەزرێنەرى ئەو بزووتنەوەیە بریتى بوون لە (سەید ساڵح یوسفى، دکتۆر خالید، عەلى عەسکەرى، ڕەسول مامەند، لازم تاهیرى عەلى والى، عو،ەر دەبابە، سەعدى کچکە، کاردۆ گەلاڵى، قادر عەزیز، عەلى هەژار، سەید کاکە، حاجى حاجى برایم، یاسین قادر، عبەدولرەحمان گۆمەشینى، نورەدین عەبدولڕەحمان، ئەنوەر سەعید، محەمەد غفور ئاغجەلەرى)

بکاتەوە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان خانوو بۆ خانەوادەکەی بکڕێت، خەڵکی ڕاگواستراوی دێهاتەکان لەپێش شەڕی هەشت ساڵەی عێراق- ئێران لە کاتی ڕاگواستنیان قەرەبوو دەکرانەوە، بەڵام دواتر ئەم قەرەبووکردنەوەیە نەما.

بەو قەرزەی وەریگرت سەید سەلیم لە گەڕەکی بەستەپیازەی هەولێر خانووێک دەکڕێت، کە ماڵەکەی خۆی و سەید عەبدوڵای برای دەچنە ناوی، ئەمەیان پلانی یەکەمی بوو بۆ چوونەوە شاخ.

سەید سەلیم ئەو دەمەی لەشۆڕشی نوێ پەیوەندی دەکاتەوە بەشاخ لەدوای خۆی ئەو سێ هەزار دینارە قەرزە بۆ خێزانەکەی بەجێدەهێڵێت، واتا هەموو سەرمایەکەی ئەو قەرزە دەبێت کە پێشتر دۆستێک پێی داوە.

**بەشی هەشتەم: سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ:**

٨-١: دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

٨-٢: شۆڕشی نوێ و جموجۆڵەکانی دەستپێکردنەوەی شۆڕش

٨-٣: دەربازبوون لە بازگەی دەربەندی شەقڵاوە

٨-٤: بەرێکەوتن بۆ ناوچەی ئازادکراو، یەکەم دیداری پێشمەرگە

٨-٥: دامەزراندنی هەرێمەکان و هەرێمی (١٢) بە تایبەت

٨-٦: کێشەکانی بزوتنەوە لەنێو نیمچە بەرەی یەکێتی

٨-٧: هەڵوێست لە تەعریبی سیستەمی خوێندن

٨-٨: تەسفیەی پیاوانی ڕژێم

٨-٩: خیانەتی میر محێ و ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکان

٨-١٠: فشارەکانی ڕژێم بۆسەر کەسوکاری پێشمەرگە

٨-١١: شین و شایی

٨-١٢: ژیانی کەسوکاری پێشمەرگە لە شارەکان

٨-١٣: گیران لە کاتی چوونە سەرکار

٨-١٤: ئەمنەکان چۆن گەیشتبوونە سەربان؟

٨-١٥: مودیر ئەمن هات

٨-١٦: یەکەمین دیدار لەگەڵ سەید سەلیم

## بەشی هەشتەم: سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ

### ٨-١: دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و کۆتایی خەباتی چەکداری لەنێو بەشێکی کادیر و سەرکردەکانی شۆڕش جموجۆڵێکی سیاسی دروست دەبێت، لە کانونی دووەمی ١٩٧٦، سەیدا ساڵح یوسفی دەستپێشخەری دەکات بۆ دامەزراندنی بزوتنەوەیەک کە سەرەتا ناوی بزوتنەوەی ڕاستکردنەوە (الحركة التصحيحية) دەبێت، ئامانج لەو ناوەش واتا ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی پێشوو بە تایبەت ئەو هەڵانەی کە زادەی ناکۆکییەکانی هەردوو باڵی مەلایی و جەلالی بوونە، جوڵە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە بەغدا و شارەکانی دیکەی خوارووی عێراق درێژەیان دەبێت، بەرهەمی ئەو جوڵە سیاسییە بە لەدایکبوونی بزوتنەوەیەکی سیاسی تازە تەواو دەبێت، لە بەهاری ١٩٧٦ یەکەمین کۆبوونەوەی دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بە بەشداری هەریەک لە (سەیدا ساڵح یوسفی، ڕەسوڵ مامەند، عەلی هەژار، ملازم تایەری عەلی والی، مەلا ناسیح، نورەدین عەبدولڕەحمان). ئەو کۆبوونەوەیە دەبێتە هەنگاوی کرداری بۆ دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان، هەروەها پێش ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوەیە لە شاری نەغەدە بە ئامادەبوونی چەندین سەرکردە و کادیری دیکە کۆبوونەوە ئەنجام درابوو[٩٨].

سەید سەلیم بەر لەوەی لە ئێرانەوە بۆ باشوری کوردستان بگەڕێتەوە، جارێکیان بۆ بەشداری لەو کۆبوونەوانەی بە ئامانجی دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیست دەبەستران لە شاری کەرەجەوە دەچێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر یەکسەر دوای ئەو سەردانەی بڕیاری گەڕانەوە بۆ باشوری کوردستان دەدات، لە بەرواری ١٩٧٦/٤/٢ لە ڕێگای سنوری

[٩٨] ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالستی کوردستان (هەڵکشان...داکشان...پەرتەوازەبوون)، چاپی یەکەم ٢٠١٩، ل: ٣١.

خانەقینەوە لەگەڵ چەندین خێزانی دیکە، کە زۆربەیان برا و کەسوکاری خۆی بوون دوای دوو ڕۆژ مانەوەی لە ڕێگای نێوان هەردوو سنوری "ئێران- عێراق"، ڕۆژی ١٩٧٦/٤/٤ دەگەنەوە شاری هەولێر و لە ئۆردگای کانی قرژاڵە شەوێک دەمێنەوە و پاشتر لە ترسی ڕاگواستن بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق بە نهێنی ماڵەکان دەگوازنەوە هەولێر، دوابەدوای جێگیربوونی لە هەولێر لە ڕێگەی شەهیدان (عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی)، سەید سەلیم دەچێتە ناوکاری ڕێکخستن لەناو بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، لە ماوەی مانەوەی لە شاری هەولێر تا ئەو کاتەی پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەهاری ١٩٧٨، بەشداریەکی چالاکانە دەکات لە کاری ڕێکخستن بەتایبەت لەنێو ئەو کۆنە پێشمەرگانەی کە لە شۆڕشی ئەیلولەوە بەیەکەوە بوون و جێگای متمانەی ئەو بوون.

## ٨-٢: جموجۆڵەکانی دەستپێکردنەوەی شۆڕش

دەنگۆی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ و دروستبوونی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، دەگاتە کەمپەکانی ئاوارەکان لە ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان، سەرکردەکانی شۆڕشی نوێ پەیوەندی دەکەن بە فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلول، بە تایبەت ئەو فەرماندانەی لە سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول نیگەران بوون. سەید سەلیم هەر ئەو کاتەی لە ئێران دەبێت پەیوەندی بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەکات، دوای ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ باشوری کوردستان لە ڕێگەی شەهیدان عەلی هەژار و کاردۆ گەلاڵی دەستدەکات بە کاری ڕێکخستن لەناو شاری هەولێر، لەو بارەیەوە کەسانێکی زۆر لە ڕێگەی ئەوەوە پەیوەست دەبنەوە بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشی نوێ و هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (پەنجەکان یەکتر دەشکێنن) نوسیویەتی: "دوای کارەساتی

هەکاری و ئەو زەرەر و زیانانەی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوت بە بڕیاری سەرکردایەتیی شۆڕشی نوێ داوا لە سەید سەلیم کرا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکات."

هەر لەو بارەیەوە ساڵح هەولێری، کە لە هەردوو شۆڕش پێشمەرگەیەکی نزیک بوو لە سەید سەلیم دەگێڕێتەوە: "مام جەلال نامەی بۆ سەید سەلیم ناردبوو نوسیبووی: خۆت و برادەران لە قەندیل پەیوەندیمان پێوە بکەن، کوردستان زۆر پێویستی پێتانە."[٩٩]

ساڵح هەولێری دەڵێت: "دوای کارەساتی هەکاری و لەئەنجامی ئەو قوربانییانەی لێیکەوتەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەلێنێکی گەورەی تێکەوت، بۆیە سەید سەلیم ناردی بەدوای من و ڕەحمان سەیدە، گوتی مام جەلال نامەی ناردووە دەبێ بڕۆین. هەروەها (برایمی ئەحمەدی حاجی حوسێن و محەمەد موسا و خالید سەرنێڵی و مەلا ئەحمەد)ی ڕەوانەی قەسرێ کرد، لەوێوە بچنە گوندی سەر شێخان. ئێمەش هەرسێکمان (سەید سەلیم، ڕەحمان سەیدە، ساڵح هەولێری) بەرەو دۆڵی ئاڵانە کەوتینەڕێ و پەیوەندیمان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد."[١٠٠]

لەبارەی چوونی ئەو مەفرەزەیە بۆ شاخ، ئاغای خار سەید سرێشمەیی کە خاڵۆزای خاتوو حەلیمە، هاوسەری سەید سەلیم بوو دەگێڕێتەوە: "سەید سەلیم، سەیارەیەکی پیکاپ تویێتای کڕی بوو من شوفێری بووم، کاری ڕێکخستنەکانم پێ دەکرد. بەهاری ١٩٧٨ بوو ناردی بەدوامدا. سەرەتا لە شاری کۆیە سەردانی ماڵێکی کرد، نەمزانی دیداری لەگەڵ کێ ئەنجامدا، پاشان بردمن بۆ گوندی سرێشمە دوو شەو لەوێ مانەوە، ناردی چەکێکی لە گوندی لێڕەمیر بۆ بکڕم، چەکێکی کلاشینکۆفم بۆ کڕی، دواتر چووە شارۆچکەی خەلیفان و شەو لە ماڵی

[٩٩] نوسینێکی ساڵح هەولێری لە واڵی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک لە یادی داستانی سماقولی
[١٠٠] هەمان سەرچاوە.

خزمێکی بەناوی سەید عومەر سەید حاجی مایەوە و منی ڕاسپارد بچم لە هەولێر دوو کەس هەن بیانهێنم. چووم کارەکە ئەنجام بدەم، بەڵام زۆری نەمابوو سەری خۆم و ئەوانەی هێنابووم تێدا بچێت."[١٠١]

## ٨-٣: دەربازبوون لە بازگەی دەربەندی شەقڵاوە

لەسەر ڕاسپاردەی سەید سەلیم، ئاغا سرێشمەیی بۆ هێنانی دوو کەسەکە دەچێتە هەولێر، ئەو بەبێ ئەوەی بپرسێت ئەوان کێن و چیان پێیە بۆ ئەنجام دانی کارەکەی دەچێتە شاری هەولێر، کاتێک دوو کەسەکە لە پیکاپەکەی سوار دەکات، ئەوان گونییەک لەپشتی پیکاپەکە باردەکەن بەبێ ئەوەی بە شوفێرەکەیان بڵێن چی لەناو گونییەکەدایە، کاتێک لە بازگەی دەربەندی شەقڵاوە داوایان لێدەکرێت سەیارەکە بدەنە لایەک، ئینجا دوو کەسەکە بە ئاغا دەڵێن لەناو گونیەکە دوو چەکی کلاشنکۆف هەیە، کە ئاغا بەوە دەزانێت یەکسەر دەستی چەپی بازگەکە دەگرێت و بەرەوە گوندی ماوەران سەیارەکە لێدەخوڕێت، بەوە باش دەبێت پیکاپەکە ژمارەی دواوەی پێوە نابێت و سەربازەکانیش فریای تەقەکردن ناکەون.

ئاغا شارەزای ئەو ناوچەیە دەبێت و بەرەو دەڤەری خەیلانەتی لێدەخوڕێت و تا لە شوێنێک دێتەوە بۆ دەشتی هەریر، لە هەریر دەچیتە ماڵی ناسیاوێکی بە ناوی مەلا ئەحمەد کە دوکاندارە و سەیارەی قەمەڕەی لە حەوشە ڕاگرتووە، بەبی ئەوەی وردەکاریی ڕوداوەکەی بۆ باس بکات، پێی دەڵێت کارم بە سەیارەی تۆیە تا خەلیفان دەچم، با ئەو پیکاپە لە حەوشەی تۆ بێت، بە قەمەرەکە دوو کەسەکە دەگەیەنێتە خەلیفان و ڕادەستی (سەید سەلیم)یان دەکات.

ئاغە سریشمەی دەگێڕێتەوە دەڵێت:

---

[١٠١] دیمانە لەگەڵ ئاغەی خار سەیدی سرێشمەیی ٢٠٢٣/٨/٢٢

"چۆن دوو کەسەکە بە منیان نەگوت کە چەکیان پێیە، منیش ئاوا بە ماڵی دۆستەکەم لە هەریر نەگوت کە لە بازگەی شەقڵاوە توشی کێشەیەکی وا بووین، بۆ ڕۆژی دواتر مەلا ئەحمەد بە پیکاپەکە سەفەری هەولێر دەکات بۆ هێنانی کەلوپەلی دووکانەکەی."

ئاغا کە لای ئێوارە دێتەوە پیکاپەکەی بباتەوە، کە دەبینێ پیکاپەکە دەستی بەسەردانەگیراوە، خەیاڵی ئاسودە دەبێت کە دیارە بازگەکە، یان پیکاپەکەیان نەناسیوەتەوە، یان ڕوداوەکەیان بەهەند وەرنەگرتووە، بۆیە ئیدی ئەو لە کاری خۆی بەردەوام دەبێت و ئەرکی دواتری دەبێتە دەربازکردنی سەید سەلیم و هەڤاڵەکانی بۆ ناوچەی ئازادکراو.[١٠٢]

## ٨-٤: بەرەو ناوچەی ئازادکراو، یەکەم دیداری پێشمەرگە

سەبارەت بە دابینکردنی پێداویستییەکانی پێشمەرگایەتی، زوبێر سەید عومەر دەگێڕێتەوە دەڵێت: "من ئەگەرچی تەمەنم زۆر نەبوو سەید سەلیم ناردمی لە دوکانێکی نزیک دوکانی خۆمان وەرەقە و زەرفی نامە و تێپی بۆ بکڕم، دواتر زانیم هەموو ئەو شتانەی بۆ کاری پێشمەرگایەتی بوو."[١٠٣]

سێ پێشمەرگەکە (سەید سەلیم، ڕەحمان سەیدە، ساڵح هەولێری) لە کووری تەنگی دۆڵی ئالانە، ماڵئاوایی لە ئاغای خار سەیدی دەکەن، بەرەو دۆڵی مەلەکان دەکەونەڕێ و پێشمەرگایەتی خۆت بگرە هاتینەوە. بەهاری ١٩٧٨ بوو، پێشمەرگە بارەگا و شوێنێکی دیارکراوی نەبوو، دەبوو وەک مەفرەزەی بچوکی پارتیزانی لە دێهاتەکان بگەڕێن و جەولە بکەن.

ساڵح هەولێری دەڵێت: لە گوندەکانی بلەو و بلەی ژێریەوە بەرەو گەرووی بێجانێ سەرکەوتین ، سەید سەلیم نەک هەر ئەو ناوچانە شارەزا بوو، بگرە لە هەر گوندێک ڕەت

[١٠٢] دیمانە: ئاغەی خار سەید سرێشمەیی، ٢٠٢١/٨/٢٢.

[١٠٣] لە زاری زوبێر سەید عومەر وەرگیراوە.

دەبووین خەڵکەکە بەپیریەوە دەهاتن و دەیانناسی. یەکەمین دەستەی پێشمەرگەش کە توشیان بووین، هێزێک بوو بە فەرماندەیی عەوڵابۆر لەنێوانی گوندەکانی بنمێردە و گەرەوانی سەروو. لەبارەی ئەو دیدارەیان عەوڵابۆر فەرماندەی پێشمەرگە دەڵێت: "ئەو ڕۆژە زۆر دژوون بووم، دەمویست لە کانی گەروڕوتە لە پشتی گوندی گەرەوانی سەروو، کە ناوچەکە پێی دەوترێت گەروی ڕوتە خۆم بشۆم. پێشمەرگەیەکم لەگەڵ بوو ناوی خالید مام ڕەسول بوو، کە ناسراو بوو بە (قەرۆ) پێم گوت: چاودێریی ناوچەکە بکە تا من لە خۆشوشتن دەبمەوە. من سەرقاڵی خۆشوشتن بووم، پێشمەرگەکەی هاوڕێم چەند فیکەیەکی لێدا، زانیم شتێک ڕویداوە و بەپەلە جلەکەنم لەبەرکردەوە، کە لە پێشمەرگەکە نزیک بوومەوە، بینیم سێ کەس بەرەو شوێنەکەی ئێمەوە دێن."

عەوڵابۆر دەڵێت: "هێندە بە گەڕانەوەی سەید سەلیم بۆ ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی خۆشحاڵ بووم وەسف ناکرێت، ئاخر ڕۆژگارێکی سەخت بوو، جگە لە بەهێزیی دوژمن و خراپی بارودۆخی دێهاتنشینەکان، کێشەی کەمی چەکمان هەبوو؛ ئەو کەسانەی دەبوونە پێشمەرگە دەبوو چەکی خۆیان هەبێت. سەید سەلیم خۆی و دوو کەسەکەی دیکە، تەنیا دەمانچەیەکیان پێ بوو. ماوەیەک بەیەکەوە دانیشتین قسەوباسی زۆرمان کرد، دوو شەو بەیەکەوە ماینەوە، بۆ نوستن دەبوو چووباینە ناو کۆڵیتی ڕەزەکان. دوای دوو ڕۆژ سەید سەلیم داوای لێکردم کە مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەگەڵی بڕۆین تا لە دۆڵی خانەقا دەرباز دەبێت، بە بیرمە لە گوندی ڕەژووکەریانی دۆڵی خانەقا دەرباز بووین، لە گوندی چنێران هەریەک لە محەمەد سەیدە و مەحمود شێربەگ چاوەڕوانی سەید سەلیم و هاوڕێکانی بوون، کە گەیشتینە ئەوان ئیدی ئەرکی ئێمە تەواوبوو."[١٠٤]

[١٠٤] دیمانە لەگەڵ فەرماندە و پێشمەرگەی دێرین عەوڵابۆر، ٢٠٢٣/١٢/٢٠.

جگە لەو دوو کەسەی لە پێشوازیی سەید سەلیمدا بوون، پۆلێک ڕێکخستنی دیکەش کە بڕیاریان دابوو لەگەڵ سەید سەلیم بچنە ڕیزی پێشمەرگایەتیی، لەسەر شێخان لە پێشوازیی سەید سەلیم و هاوڕێکانیدا بوون، ئەوانیش هەریەک لە: "برایمی ئەحمەدی حاجی حوسێنی، محەمەد موسا، خالید سەرنێڵی، مەلائەحمەد بوون."105

## ٨-٥: دامەزراندنی هەرێمەکان و هەرێمی (١٢) بە تایبەت

دوای کارەساتی هەکاری و ئەو زەرەر و زیانە گیانیانەی بەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوت، هەرێمەکان پێویستیان بە ڕێکخستنەوەی تازە هەبوو، لەوبارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (لە کەناری دانوب-ەوە بۆ خڕی ناوزەنگ)[١٠٦] بەم شێوەیە باس لە ڕێکخستنەوەی هەرێمەکان دەکات: "لە ڕووی پێشمەرگایەتییەوە: هەموو هەرێمەکان بوژابوونەوە، هەندێ هەرێم و هێزی تازەش دروست کرابوو:

- هەرێمی ١ ی هەورامان (هەڵەبجە)، مەلا بەختیار.
- هەرێمی ٢ ی کەرکوک، سەڵاح چاوشین.
- هەرێمی ٣ی شارباژێر (چوارتا)، مستەفا چاوڕەش.
- هەرێمی ٤ ی جافەتی (دوکان)، جەمالی عەلی باپیر.
- هەرێمی ٥ی قەرەداغ، سیروان تاڵەبانی.
- هەرێمی ٦ ی پشدەر (قەڵادزە) حاجی حاجی برایم.
- هەرێمی ٧ ی باڵەک، زێڕۆی عەبدوڵا ڕێوی.
- هەرێمی ٨ ی هەولێر، سەید کاکە.

سەرەڕای ئەمانە:

---

[١٠٥] دیمانە پێشمەرگەی دێرین ساڵح هەولێری، ٢٠٠٠/٤/٦.

[١٠٦] نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ.

- هەرێمێکی تازە لە بەری ئاسۆس بۆ قادر ئاغای میراودەلی، بە هاوکاریی سەدرەدین شێخ حەسەن.
- هەرێمێکی تازە بۆ جەلالی حاجی حوسێن
- هەرێمێکی تازە بۆ سەید سەلیم لە ڕواندز تا شەقڵاوە دروستکرا"[١٠٧].

سەبارەت بە دامەزراندنی هەرێمی ١٢ بە فەرماندەیی سەید سەلیم. ساڵح هەولێری کە ئاگاداری دەستپێکی دروستکردنی هەرێمی ١٢ بووە بەم شێوەیە دوا:

"لە دۆڵی مەلەکان بەرەو سەرکردایەتیی کەوتینە ڕێ، لە گوندەکانی (چنێران) دواتر لە گوندی (وەڵزێ) لە باڵەکایەتی و پاشان (سەر شێخان) لاماندا. ڕۆژێک بەر لە گەیشتنی ئێمە بۆ ئەو ناوچانە، مام جەلال سەرکەوتبوو بۆ قەندیل، نامە و مۆری بۆ سەید سەلیم جێهێشت بوو، تیایدا نوسیبووی: "سەید سەلیم، بەخێرهاتنی خۆت و برادەران دەکەم، ئەگەر لە پشت خێمەکەی من بی بگەڕێوە، چونکە لە ئێستادا سنورەکە زۆر پێویستی پێتە، تۆ ئامیر هەرێمی ١٢یت، بڕۆوە ئەو سنورەمان بۆ ڕێک بخەو وەرەوە لام."[١٠٨]

سنوری هەرێمی ١٢، زۆر فراوان بوو کە ئەم ناوچانەی دەگرتەوە: (وەرتێ و دۆڵی گوڵان بەرەوە نازەنین و تاکو سەر زێی گەورە، زێی بادینان هەموو سنوری سورچی و هەرکی و خەیلانی و کروان تا دەهاتەوە دیانا و ڕواندز).[١٠٩]

بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستن کە ئاماژە بەو نوسراوانە کراون کە بۆ سەرۆک جاشەکان ناردراون ڕاستی قسەکانی ساڵح هەولێری دەسەلمێنن، چونکە لە بەرواری ١٩٧٨/١١/٢٠، هەرێمی ١٢نووسراوی ئاڕاستەی چەند سەرۆک جاشێک کردووە کە لەو ناوچانە بوونە کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردوون.

---

[١٠٧] هەمان سەرچاوە.
[١٠٨] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین ساڵح هەولێری ٢٠٠٠/٤/٦.
[١٠٩] هەمان سەرچاوە

هەرچی سەبارەت بە پێکهاتەی سەرەتای هەرێمەکەیە بەپێی ئەو بەڵگەنامەیەی بەدەست و خەتی شەهید سەید سەلیم نوسراوە سەرەتا هەرێمی ١٢ لەمانە پێکهاتووە:

- سەید سەلیم فەرماندەی هەرێمی ١٢
- وەسمان بەگ جێگری فەرماندەی هەرێم
- عەبدوڵاسور یاریدەری فەرماندەی هەرێم
- دانای ئەحمەد مەجید ڕابەری سیاسیی هەرێم
- عەوڵابۆر گەرەوەیی فەرماندەی کەرت
- عەلی نەبی فەرماندەی کەرت
- حەمەحەمید کادیری سیاسیی هەرێم

شایانی باسە، تەشکیلەی هەرێمی ١٢ بەهۆی فراوانیی سنورەکەی گۆڕانکاری زۆری بەسەر هاتبوو بەشێک لەوانەی باس کران دواتر خۆیان بوون بە فەرماندەی هەرێم لە نمونەی شەهید عەوڵاسور، لەناو ئەو پێشمەرگانەی دواتر بوونە فەرماندەی کەرت لە هەرێمی ١٢ ئەمانەی خوارەوە بوون:

- حوسێن خدر گەرەوەیی
- ڕەشۆ بێتواتەیی
- حوسێن خدر مەلەکی
- بورهان بلەیی
- سەباحە ڕەش

لە پێشمەرگە سەرەتایەکانی هەریمی ١٢ ئەم ناوانەمان دەست کەوتووە:

(سمایل ئاغای گەرەوان، حاجی کەمال کەندۆری،بورهان بلەیی،حەمە ئاغا، تەقێدین گەرەوەیی، شەهید ڕەحمان سەدر، شەهید خالید ڕەش، حەمە حەمید، سەید ڕێباز، مەلا کەمال فەقیانی، مەحمود هەینی، شەهید بەکر قەندی، عومەر قەندی، شەهید حەسەن گەورە، شەهید بەکر توتمەیی، ئیبراهیم توتمەیی، جەلال گەرەوەیی، عەبدوڵا سەعید،

عوسمان کالۆ، شەهید خالید وەرتی، شەهید مستەفا کەڵێتەی، مەلا ئەحمەد وەرتی، حوسێن بەشان، نەبی مەلەکی، برایم تاهیر مەلەکی، فارس توتمەیی، خالید ڕەسول ئەحمەد گەرەوەیی، حاجی فەتاح، عوڵای مام عالی، حەمید قادر ئاغا، عزیز عولارە، عەلی حاجی برایم، شەهید زرار گەرەوەیی، شەهید محەمەد مەلا، شەهید ڕەحمان سەید، ساڵح هەولێری، شەهید مەلا ئەحمەد، خالید سەرنێڵی، برایمی ئەحمەدی حاجی حوسێنی، محەمەد موسا، ڕەمەزان تاراوەیی).

## ٨-٦: کێشەکانی بزوتنەوە لەنێو نیمچە بەرەی یەکێتی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر بنەمای نیمچە بەرەیی دامەزرابوو، کە هەریەک لە باڵەکانی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، خەتی گشتی) لەخۆ دەگرت، دوو باڵەکەی یەکەم سەرەکی بوون، خەتی گشتی هەر بۆ باڵانس ناوی دەهات، بزوتنەوە و کۆمەڵە سەرکردایەتیی تایبەت بە خۆیان هەبوون، هێزی پێشمەرگەیان هەبوو، مام جەلال وەک سکرتێری گشتی و چەتری سەر ئەو نیمچە بەرەیە وابوو، بەڵام هەر لە زووەوە ئەو نیمچە بەرەیە نەتوانرا بکرێتە نمونەی کارکردنی بەیەکەوەیی، باڵی بزوتنەوە ڕەخنەیان لە ئەدای مام جەلال دەگرت کە ڕۆڵی چەترەکە نابینێت، بگرە لایەنگیری کۆمەڵە دەکات لەسەر حسابی بزوتنەوە، ئەو جیاوازی و ناکۆکیانە لە دوایی کارەساتی هەکاری زەقتربوونەوە، تا کار گەیشتە ترازان و لێک جیابوونەوە.

سەید سەلیم لە کاتی ناکۆکییەکانی ناو یەکێتی ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی یەکێتی بوو، کە ملازم عومەر بەرپرسی ئەو مەکتەبە بوو، هەروەها فەرماندەی هەرێمی ١٢ دەبێت، وەک ڕێکخستنیش سەر بە باڵی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەبێت، لە دامەزراندنی

هەرێمەکان دەبوو ئەگەر فەرماندەی هەرێم لە باڵی بزوتنەوە بێت دەبێ ڕابەری سیاسیی هەرێم سەر بە کۆمەڵە بێت، یان بە پێچەوانەوە، بۆیە ئەرکی ڕابەری سیاسیی هەرێمی ١٢ بە دانای ئەحمەد مەجید دەسپێردرێت، کە لە ڕێکخستنی کۆمەڵە دەبێت، بەهۆی پەیوەندیی باشی نێوانیان، نەک ناکۆکی ناکەوێتە ناو ئەو هەرێمە بگرە سەید سەلیم بە ڕۆڵی نزیککردنەوەی بزوتنەوە و مام جەلال هەڵدەستێ، لەو بارەیەوە نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (لە کەناری دانوب-ەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) نوسیویەتی: "سەید سەلیم لە ڕێکخستنی بزوتنەوە بوو، سەردانی ڕەسوڵی کرد بوو، ڕەسوڵ زۆری قسە بۆ کردبوو لە دژی مامجەلال و یەکێتی، کە هاتە لای ئێمە ئەیویست باری سەرنجی هەردوولا لە یەک نزیک بکاتەوە.. سەید سەلیم دانرا بە فەرماندەی (١٢)ی ڕواندز، دانای ئەحمەد مەجید بە ڕابەری سیاسیی هەرێمەکەی، پێکەوە ڕۆیشتن بۆ ناوچەی کارەکانی خۆیان. بەڵام سەید سەلیم کە تووڕەبوونی مام جەلالی لە مەنگوڕەکان بینی، زۆری پێ ناخۆش بوو، ئیدی دڵی ڕەنجا."[١١٠]

## ٨-٧: هەڵوێست لە تەعریبی سیستەمی خوێندن

ساڵی ١٩٧٨ بە بڕیاری سەرکردایەتیی بە ناو شۆڕشی بەعس، خوێندن لە سەرجەم قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەروەها خوێندنی باڵا کرایە عەرەبی، کتێبە کوردییەکان کێشرانەوە و لە شوێنی ئەوان کتێبی عەرەبی دابەش کران، ئەو بڕیارەی بەعس لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی فراوانی تەعریب بوو.

سەید سەلیم وەک فەرماندی هەرێمی ١٢ هەواڵی پێدەگات کە لە ڕێگەی قائممەقامیەتی قەزای ڕانیە کتێبی عەرەبی ڕەوانەی گوندەکانی زێوە و هەرتەل کراون، بۆ ڕێگری لەو بڕیارەی

١١٠. نەوشێروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ چاپی یەکەم ١٩٩٧ ل٣٥٣. -

بەعس نامەیەک بۆ مامۆستاکانی ئەو گوندانە دەنێرێت کە نابێت مەنهەجی عەرەبی لەو سنورە بخوێندرێت، عوسمان دەشتی، کە لەو سەردەمە بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندی هەرتەل بووە، دەقی ئەو نامەیەی پاراستووە کە لە ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٦ بە واژۆی سەید سەلیم وەک فەرماندەی هەرێمی ١٢ بۆی ناردووە. دەقی نامەکە کە دکتۆر عوسمان دەشتی بە ناونیشانی (ئەو نامانەی دەبن بە ئاوێنەی مێژوو) لە گۆڤاری (k٢١) لە ژمارەکانی (٢-٣) بڵاوی کردووەتەوە و دواتریش دەقی نامەکەی وەک ئەمانەتی مێژووی ڕادەستی ئێمە کردەوە. (بڕوانە بەشی بەڵگەنامەکان)

حزبی بەعس، دوا بە دوای هەرەس و کارەساتی شکستی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە هەوڵی سڕینەوە و کەمکردنەوەی ئەو ماف و دەسکەوتانە بوو کە گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا، بە هەوڵ و تەقەلای پەنجا ساڵەی خەبات و تێکۆشانی بەدەستی هێنابوو.

یەکێک لەو هەوڵ و سیاسەتە شۆڤێنیستییانەی ئەوە بوو کە بوار لە بەردەم خوێندن و نوسین بە زمانی کوردی لە قۆناغەکانی خوێندندا بەرتەسک بکاتەوە و نەهێڵێ.

لە وەرزی خوێندنی ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩ بڕیارێکی بەناو (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش) بۆ ناوچەکانی (ئۆتۆنۆمی!) دەرکرد کەوا لە ٤٠٪ی پڕۆگرام و بەرنامەکانی خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا دەبێ بەزمانی عەرەبی بن و بخوێندرێن، لەوانە بابەتەکانی کۆمەڵایەتی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردی نیشتمانی) لەگەڵ وانەی زانستەکان. هەروەها بڕیاریان دابوو کە دەبێ لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە دەست بە خوێندنی زمانی عەرەبی بکرێت، لەو پێناوەشدا کتێبێکی (القراءة الخلدونية) دانراوی بیرمەندی شۆڤێنێست و دەمارگیری عەرەب (ساطع الحصري)یان بە چاپ گەیاندبوو تا لە قوتابخانەکانی کوردستاندا، بەسەر منداڵانی پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا بسەپێنرێت و بە زۆر پێیان بخوێندرێت. ئەم هەنگاوەی حزبی بەعس بەشێک بوو لە مەحرومکردنی منالان و قوتابییانی گەلی کورد لە خوێندن و فێربوون بە زمانی

دایک، ئەمە پێشێلکردنی ئاشکرای سادەترین مافەکانی منداڵ و مرۆڤە، کە ئەویش خوێندن و فێربوونە بە زمانی دایک.

لەولاشەوە سەرکردایەتیی شۆڕش و جوڵانەوەی کورد، بۆ بەرپەچدانەوە و بەرهەڵستی ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستییە، بڕیاریان دابوو تا توانا و دەسەڵاتیان بەسەر گوند و دێهات و ناوچەکانی کوردستاندا بڕەکات، ڕێگە لە جێبەجێکردنی ئەم پیلانە بگرن و ئەو کتێب و پڕۆگرامە تازانە (تەعریبکراوەکان) بفەوتێنن و لەناویان ببەن، تاکو بەناچاری سیستەمی خوێندن لەو ناوچانەدا بگەڕێنرێتەوە سەر دۆخی جارانی و نەخشە و پیلانەکانی بەعس لەم بوارەدا پەکی بکەوێت.

## ٨-٨: پاکسازیی پیاوانی ڕژێم

دوای سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ، ڕژێمی بەعس بۆ دژایەتیی شۆڕشەکە چەندین تۆڕی جاسوسیی لە شارەکان دروستکرد. مەفرەزەی خاسە، کە سەر بە دەزگای هەواڵگری (ئیستخبارات) بوو، لە جاشەکان دروستکرا. کەسانێک بە ناوی جەیشی شەعبی چەکدار کران. جەیشی شەعبی ڕێکخستنێکی سەربازیی زۆرەملێ بوو، لەنێو فەرمانبەران زیاتر ئەوانەی دەگرتەوە کە خزمەتی سەربازییان تەواوکردبوو. ئەو ڕێکخستنە لە ساڵانی جەنگی عێراق- ئێران (١٩٨٠- ١٩٨٨) بەسەر فەرمانبەرانی کەرتی گشتیدا سەپێنرا.

بۆ ڕێگری لەم جۆرە هەوڵانەی ڕژێمی بەعس و تەمبێکردنی پیاوانی ڕژێم لەناو شاری ڕواندز، ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٢٨ ، هێزێکی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرماندەیی سەید سەلیم فەرماندەی هەرێمی ١٢ی هەندرێن و کادیرانی لیژنەی ناوچەی ڕواندز، پلانی دەستوەشاندن لە چەند کەسێکی سەر بە ڕژێمی بەعس دادەنێن، بەرنامەکە لە دامێنی کوڕەك لە گەلیی مێگر

دادەندرێت و ڕێکخستنەکانیش بۆ هەماهەنگیی هێزی پێشمەرگە لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوونە. بەپێی نەخشەکە، پلانەکە کاتژمێر (١١:٣٠)ی شەو جێبەجێدەکرێت.[١١١]

ئەرکی ڕێکخستنەکان چاوساغیی پێشمەرگە بووە، بە تایبەت دەستنیشانکردنی ماڵی ئەو کەسانە بوو کە دەبوو ئەمشەوە بە ئامانج بگیرێن، هەروەها دەبوو هاوکار بن و کارێک بکەن پلانەکە لە ڕووی سەربازیەوە سەرکەوتوو بێت.

ژوانگەی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ ڕێکخستنەکان لەناو شاری ڕواندز گۆڕستانی گەردەگەرد دەبێت، لەوێ ئەرکی ڕێکخستنەکان بە کۆتا دێت و پێشمەرگەکان بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکەیان بەسەر سێ پۆلدا بەشدەکرێن؛ ئەگەرچی بەهۆی خیانەتی کەسێک، نەتوانرا ئەم چالاکییە ١٠٠٪ ئامانجی خۆی بپێکێت، بەڵام ترسی خستە ناو دڵی ئەوانەی لەناو شاری ڕواندز خزابوونە ناو تۆڕی خیانەت لەگەڵ ڕژێمی بەعس. چالاکییەکە دەنگدانەوەی زۆری لێکەوتەوە بەوەی هێزی پێشمەرگە توانیبووی لەناو جەرگەی شاری ڕواندز چالاکی ئەنجام بدات، دواتر چالاکیی ناو شارەکان بوو بە نەریتێکی خەباتی پێشمەرگانە.

## ٨-٩: خیانەتی میرمحێ و ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکان

وەک ئاماژەمان پێدابوو کە لە چالاکیی شەوی ٢٧ لەسەر١٩٧٩/٦/٢٨ ناو شاری ڕواندز ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان ئەرکێکی قورسیان پێ سپێردرابوو. لە کاتی دانانی پلانی چالاکییەکە، ئەو سێ کەسەی ڕێکخستن کە لە گەلیی مێگر لەگەڵ هێزی پێشمەرگە کۆببوونەوە ناوی یەکێکیان بەرگوێی (میرمحێ) دەکەوێت.

میرمحێ لە بنەڕەتدا لەلایەن ڕژێمەوە بە مەبەستی سیخوڕی ڕەوانەی ناو هێزی پێشمەرگەی

[١١١] دیمانە نوسەر و پێشمەرگەی دێرین ڕێباز مستەفا، ٢٠٢١/٩/٧.

کوردستان کرابوو، پێش ئەوەی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکات، داوا لە سەید عومەر برا گەورەی سەید سەلیم دەکات کە نامەیەکی بۆ بنوسێت تا سەید سەلیم ڕەزامەند بێت بۆ بوونی ئەو بە پێشمەرگە.

میرمحێ، شەوی چالاکییەکە بە دەرفەت دەزانێت بۆ دەستوەشاندن لە سەید سەلیم و دواتریش خۆی ڕادەستی ڕژێم بکاتەوە، پلانی یەکەمی پێ جێبەجێ نابێت، گومانیش دەکات ئاشکرا بووبێت، بۆیە هەر هەمان شەو خۆی لە پێشمەرگە ون دەکات و تەسلیم بە دائیرەی ئەمن دەبێت و ناوی کەسەکەی ڕێکخستن دەدات بە دائیرەی ئەمن، نامە دەستنوسەکەی سەید عومەریش دەداتە دەست پیاوانی ئەمن، بۆیە بەهۆی خیانەتی میرمحێ، جگە لە دەسگیرکردنی سەید عومەر سەید نەبی لە ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٢٨ لەلایەن دائیرەی ئەمنی هەولێر، ئەو ئەندامەی ڕێکخستنیش دەگیرێت، ئەو کەسە لەژێر ئەشکەنجە، دان بە هەموو پلانەکە دادەنێت و دواتر بەشێکی ڕێخستنەکان دەگیرێن و ژمارەیەکیشیان دەربازیان دەبێت و دەبنە پێشمەرگە.

لەو خیانەتەی (میرمحێ)دا جگە لە سەید عومەر، ئەوانەی بە هۆی ئەو خیانەتەوە وەک ئەندامی ڕێکخستنی حزبی سۆسیالیستی کوردستان لەو هەڵمەتە دەستگیر دەکرێن ئەمانە بوون: (جەبار سۆفی ڕەسول ئاکۆیی، سەلمان حاجی خدر فەقیانی، ئیبراهیم محەمەد قادرئاغا ئاکۆیی، جەلال قادر، خورشید خالید فەقیانی، دلاوەر حەمەدئەمین فەقێ حەسەن دەرگەڵەیی)، ئەم گروپە ٤٠ ڕۆژ لەژێر ئەشکەنجەی پیاوانی ئەمن دەمێنەوە.

بە هۆی هەبوونی بەڵگەی پێویست لەسەریان، هەر هەموویان سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم کە سەدام حوسێن دەستەڵات دەگرێتەدەست، لە هەمان ساڵدا (١٩٧٩) هەموویان بەر لێبوردنی گشتی دەکەون و ئازاد دەکرێن.

## ٨-١٠: فشارەکانی ڕژێم بۆسەر کەسوکاری پێشمەرگە

لەو ڕۆژەی سەید سەلیم پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکاتەوە، بەعسییەکان بە چەندین شێواز فشار دەخەنە سەر کەسوکاری تا خۆی ڕادەستی ڕژێمی بەعس بکاتەوە، چەند جارێک جاسوسی بۆ ڕەوانە دەکەن تا تیرۆری بکەن، تا دەگاتە دەستگیرکردنی کەسوکاری.

ئەو ڕۆژانەی سەید عومەری برای لە زیندانی دائیرەی ئەمن دەبێت، پیاوانی ڕژێم بە تایبەت دائیرەی ئەمن، لە ڕێگای کەسێک کە ئامیر مەفرەزەی ئیستخبارات دەبێت بەناوی ئەنوەر عەبد، کە خەڵکی ناوچەکەیە، پەیام بۆ سەید نەبی باوکی سەید سەلیم دەنێرن بەوەی براکەی بەڵگەی پێویست بۆ لە سێدارەدانی هەیە، بۆیە ئەگەر سەید سەلیم واز لە پێشمەرگایەتی بهێنێت، نەک هەر براکەی لە سێداره نادرێت، بگرە ئازادیش دەکرێت.

سەید نەبی بەهۆی پەرۆشی بۆ ئازادکردنی کوڕەکەی کە هیچ چارەیەکی لەبەردەم نەماوە لە گوندی فەقیان سەردانی سەید سەلیم دەکات، ئەگەرچی دەشزانێت کە لە لای ئەو وەڵام وەرناگرێتەوە، بەڵام لە تاو جەرگی خۆی، کە کوڕەکەی سەید عومەر لەبەردەم پەتی جەلادەکانی بەعسە، دەچێت ئەو داوایە دەخاتە بەردەم کوڕە پێشمەرگەکەی، بەڵام وەک چۆن دڵنیابوو وەڵامی باش وەرناگرێتەوە هەر هەرمان ڕۆژ دەگەڕێتەوە هەولێر. کاتێک دەگەڕێتەوە هەر لە ڕێگەی ئەو ئامیر مەفرەزە خاسەیە ئەمنەکان وەڵامی لێوەردەگرنەوە، چەند ڕۆژێک دوای وەڵامی سەید سەلیم بۆ دائیرەی ئەمن کە گوتبووی: "هەموو کەسوکارم لە سێداره بدەن دەست لە خەبات و شۆڕش هەڵناگرم" ئەنوەر عەبد، سەید نەبی دەباتە دائیرەی ئەمنی هەولێر و جلە خوێناویەکانی سەید عومەری کوڕی نیشان دەدات، واش لە سەید نەبی دەگەیەنێت کە بەهۆی عینادی سەید سەلیم حکومەت سەید عومەری لە سیداره داوە.

ئەو سیناریۆیەی دائیرەی ئەمن، کە خائینێکی بەکرێگیراوی خۆیان تێیدا بەشداربوو، بەشێک بوو لە فشار و تۆقاندن بۆ پیرەمێردێکی بە تەمەن (سەید نەبی)، تا فشار بخاتە سەر کوڕەکەی (سەید سەلیم) و ناچاری بکات تەسلیمی ڕژێمی بەعس ببێتەوە. بەڵام ئایا سیناریۆکەیان ئەنجامی دەبێت؟

## ٨-١١: شین و شایی

هەواڵی جلە بە خوێنەکانی سەید عومەر لە زاری پیرەپیاوەکە گەیشتەوە تەواوی کەسوکاری، ئەگەرچی گومان لەو سیناریۆیەی ئەمن و پیاوە بەکرێگیراوەکانی دەکرا، بەڵام ڕۆژانە شین و گریان میوانی کەسوکاری دەبێت. چەند مانگێک تەواوی کەسوکاری سەید سەلیم و سەید عومەر بە باوک و دایکە پیرەکەشیەوە فرمێسک لە چاوانیان نەسڕایەوە، دەرگا نەمابوو لێی نەدەن لە سەرۆک جاش و کەسانی نزیک لە ڕژێم تا هەواڵێکی دروست لە زیندانەوە وەرگرن، بەڵام نهێنیی پیاوانی ئەمن هێندە قایم بوو کەس هەواڵێکی دروستی سەبارەت بە دەستگیرکراوەکانی زیندانی ئەمن نەدەزانی.

ئەو ڕۆژەی سەدام حوسێن بڕیاری لێخۆشبوونی گشتی دەرکرد. لە ماڵی زۆربەی ئازادبووانی زیندان، شایی و لۆغان بوو. سەید عومەر تا ئەو ڕۆژەی لە زیندان دەرهێنرا، کەس چاوەڕوانی ئازادبوونی نەبوو، بە ئەمبولانس هێنرایەوە ماڵ، ئەو کات ماڵیان لە گەڕەکی بەستەپیازەی هەولێر بوو. خراپیی دۆخی تەندروستیی سەید عومەر، کە بەهۆی ئەشکەنجەی زیندانەوە بوو، وایکرد هەمدیسان کەسوکاری وەک باقی ئازادبووانی زیندان زەماوەند نەکەن، بگرە لە دەوری لاشەیەکی داهێزراوی بەردەستی گورگە هارەکانی بەعس شین و گریان درێژەی هەبێت.

لەنێو شین و گریانی کەسوکاردا، بەعسییەکان تیمێکی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژنامەی (هاوکاری)یان ناردبووە ماڵەکەی تا سەید عومەر باس لە بڕیاری ئازادبوون و لێبووردنەکەی

(سەدام حوسێن)یان بۆ بکات.

ئەو ڕۆژە بۆ خێزانی ئیمە هەم خۆش و هەم ناخۆشیش بوو، خۆش بوو بەوەی سیناریۆکەی دائیرەی ئەمن ئاشکرابوو بەوەی سەید عومەر لە سێدارە نەدراوە، ناخۆشیش بوو، چونکە ئەو بە تەندروستیەکی یەکجار خراپ لە زیندان دەرچووبوو، بەڵام کە ئەو هەواڵە دەگاتە سەید سەلیم ئەو بە پێشمەرگەکان دەڵێت هەڵسن شایی بکەن ئەمڕۆ پۆلێک لە هەڤاڵی ڕێکخستنمان بەر لێبووردنی گشتی کەوتوون و لە زیندانی فاشیستەکان ئازادیان بووە.

## ٨-١٢: ژیانی خانەوادەی پێشمەرگە لە شار

کەسوکاری پێشمەرگە وێڕای ترس و ڕاوەدونانی پیاوانی ڕژێم، دەبوو مشوری ژیانیش بخۆن، دوای ئەوەی سەید سەلیم خانەوادەکەی جێدەهێڵێت و دەبێتە پێشمەرگە، بۆئەوەی منداڵەکان بخوێنن و ژیانیشیان مسۆگەر بێت، دەبوو کوڕەکان دانە ڕۆژێک بچنە خوێندن و دانەکەی دیکەش کاربکەن. بۆ ئەمە هاوسەر و منداڵەکانی سەید سەلیم و سەید عەبدوڵا بە خودی خۆشیەوە کەوتنە سەر کار، سەرەتا بەشێک لە کوڕەکان لەگەڵ سەید عەبدوڵا لە فڕنی سەمون درێژەیان بە کارەکانیان دا، دواتر لەسەر شەقامی شەست مەتری دوکانی پەنچەرچییان دانا، باقی کوڕەکانی دیکە کە بچوک بوون لە بەنزینخانەی شۆڕش لە هەولێر کاری دەستگێڕیان دەکرد، ژنەکانیش لە ماڵ بێکار نەبوون، ئەوانیش کاری دەستیان دەکرد.

ساڵی ١٩٧٧ ماڵی هونەرمەند محەمەد جەزا هاتە گەڕەکی بەستەپیازە لە شاری هەولێر، لەگەڵ ماڵی سەید عومەر و میراز خەیلانی کرێچی بوون، واتا هەر سێ ماڵ لەنێو یەک خانوو بوون، کە خاوەنەکەی حاجی ئەحمەد خەیلانی بوو.

نێوانی ئەو خانووە لەگەڵ سەید سەلیم چوار خانوو بوون، ئەوان لە خانووی حاجی عەوڵا

باڵەکی کرێچی بوون، هیوا و وریا و منداڵەکان لەگەڵ تەهای حەمەجەزا هاوپۆل بوون لە قوتابخانەی هەڵمەتی کوڕان.

ڕۆژێک حەمەجەزا دێتە ماڵی سەید سەلیم و سەید عەبدوڵا دەبینێ (خاتوو حەلیمە و خاتوو مەدینە) خەریکی دروستکردنی کڵێتەن کە ڕواندزی پێی دەڵێین کراوگۆری (کڵاوگۆرەوی).

حەمەجەزا ئەوسا لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر کاری دەکرد، ئەو تیپە ئامادەکاریان دەکرد بەشداری فیستڤاڵێکی هونەری بکەن لە بەغدا، بۆیە داوای لێکردن، دەبێت ٦٠ لەو کلێتانەی بۆ دروست بکات تا سەرجەم گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنەکان لەگەڵ ساق (بەلەکپێچ) و کڵاوگۆریش لەسەر بنێن.

ئامادەکاری ٦٠ کلێتە لەو کاتە ئاسان نەبوو، بەڵام چونکە بۆ کارێک بوو بۆنی کوردایەتیی لێدەهات خاتوو حەلیمە و خاتوو مەدینە هەریەکەیان لە شەو و ڕۆژێک لە تەواوکردنی کڵاوگۆریەک دەبوونەوە.

حەمەجەزا، ڕۆژانە سەرێکی بە ماڵەکەیاندادەگرت تا بزانێت ژمارەی کڵاوگۆرییەکان بوون بە چەند. کڵاوگۆرییەکان بۆ ڕۆژی خۆی ئامادەکران و حەمەجەزا هێندە کەیفی خۆش بوو وەک ئەوەی کوردستانی ڕزگار کردبێ. کڵێتە لە سوف بە شیشی ئۆیە دروست دەکران، بە داوی مەرەزیش دروست دەکرێت، بەڵام مەرەز وەک سوف ئاسان نیە.

پەیوەندیی نێوان شەهید سەید سەلیم و حەمەجەزا دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٧٣، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاویان پێک دەکەوێت، دواتر لە ١٩٧٥ لە ئۆردوگای زێوە حەمەجەزا لە ماڵی سەید سەلیم کاسێتێک تۆمار دەکات بەبێ مۆسیقا گۆرانی بەسەر شۆڕش و پێشمەرگەدا دەڵێت، یەکێک لەو گۆرانیانە کوردستان کوردستانە هەم گەرمیان و هەم کوێستانە. کاسێتەکە چونکە تایبەت بووە و قسەی تایبەتی تێدایە تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە و پارێزراوە.

هەر سەبارەت بە سەختی بارودۆخی کەسوکاری پێشمەرگە لە دیمانەیەکدا مامۆستا ئەنوەر عەبدوڵلا بەسەرهاتی یەکێک لە کوڕەکانی سەید سەلیم دەگێڕێتەوە: "سەردەمی دەستپکردنەوەی شۆڕشی نوێ بوو، ئەوسا ئەو خوێندکاری خانەی مامۆستایان بووم، هاوینان لە کاتی پشووی خوێندن کاری بەستنی تەختە و داری خانووم دەکرد، لە گەڕەکی (٧ نیسان)ی هەولێر کە ئێستا ناوەکەی گۆڕدراوە بۆ ڕاپەڕین کارمان دەکرد، مێرمنداڵێکی چاوشین تەرمۆزێکی مۆتەی پێ بوو بەسەر کرێکارەکان دادەگەڕا تا مۆتەی لێ بکڕن، نازانم بۆ هاتە سەر زارانم لێم پرسی بۆ ئەو کارە دەکەی؟ باوکت چ کارەیە؟

"باوکم شەهیدبووە." منداڵەکە بەم ڕستەیە وەڵامی مامۆستا ئەنوەر دەداتەوە.

مامۆستا ئەنوەر دەڵێت کە وەڵامەکەم بیست نەک هەر من تەواوی ئەوانەی لەسەر کار لەگەڵم بوون زۆر نیگەران بووین، مێرمنداڵێکی جوانی وا بارێکی لەسەر شانە لە کێشی خۆی تۆزێک کەمتر بوو، بۆیە ئێمە بەدەم پرسیارەوە مۆتەمان لێوەردەگرت تا هاوکاری بکەین و لێی بکڕین بۆ ئەوەی ئەو بەرەو ماڵ بێتەوە، مامۆستا ئەنوەر دەڵێت دوای ساڵانێکی زۆر لە کۆڕێکی سیاسی (هیوای سەید سەلیم)م دیتەوە مەبەستم بوو ئەو بەسەرهاتە و بەسەرهاتێکی دیکەی ساتی شەهیدبوونی باوکی بۆ بگێڕمەوە.[١١٢]

## ٨-١٣: گیران لە کاتی چوونە سەرکار

کارەکان لەنێوانی ئەندامانی خێزان وا دابەشکرابوون کە دەبوو دووان لە کوڕەکان کاتژمێر یەکی دوای نیوە شەو بچن فرنی سەمون هەڵبکەن (فرنی سەمون کارەبایی بوو گەرم کردنی ئاسان بوو)، تا لەگەڵ بانگی بەیان ئامادەبێت بۆ ئەو کرێکارانەی لەوێ کاریان دەکرد. ساڵح

[١١٢] دیمانە لەگەڵ زیندانی سیاسی مامۆستا ئەنوەر عەبدوڵا، ٢٠٢٢/٦/١٤.

سەید عەبدوڵا لەماڵەوە خەریکی تابلۆیەکی شێوەکاری دەبێت، بە ڕەنگی ئاوی. هەمان شەو ساڵح سەید عەبدوڵا و هیوا سەید سەلیم، بە پایسکل لە بەستەپیازەوە بەرەو گەڕەکی خانەقا دەکەونە ڕێ بۆ چوونە سەر کار، لە نزیک دواناوەندیی شۆڕش مەفرەزەی هاوبەش (مشترکه) ڕایاندەگرن، هەردووکیان لەسەر پایسکل دەهێننە خوارەوە و دەیانپشکنن، کاتێک ئەمنەکە دەیانباتە بەر ڕوناکیی چرای شۆفرلێتەکە، کە دەستوپەنجەی ڕەنگاوی دەبینن لێیاندەپرسن: "ئەوە ئێوەن شەوانە دیوار دەنوسن؟"

هەردووکیان دەخەنە پشتی ئۆتۆمۆبێلی مەفرەزکە و بۆ دائیرەی ئەمن دەیانبەن. جاری یەکەم دەیانبەنە دائیرەیەک لە تەنیشت سینەما سەڵاحەدینی جاران، کە ئەفسەری ئێشگر دەبینێت گەنجێک و مێرمنداڵێک گیراون پەیوەندی بە مەفرەزەکان دەکات، تا بزانێت لەم شەوە هیچ شوێنێک نوسراوە، کە دەزانێت هیچ شوێنێک نەنوسراوە و دڵنیاش دەبێت ئەوانە دەچنە سەرکار و شوێنیان دیارە، بڕیار دەدات ئازاد بکرێن، بەڵام کە لەوێ دێنە دەرەوە بەرپرسی مەفرەزەکە هەر ئازادیان ناکات، بگرە ئەم جارەیان دەیانباتە دائیرەی ئەمنی لای گازینۆ بایز (پەرلەمانی ئێستا)، لەوێش ئەفسەری ئێشگر هەمان ڕێوشوێن دەگرێتەبەر، کە دەزانێت هیچ شوێنێک نەنوسراوە و دەستەکان بە بۆیاخی ئاوی ڕەنگاوی بوون، نەک بۆیەی نەوتی. بۆئەوەی دڵنیابێت کە دەچنە سەرکار، بەو ئەمنەی ئەوانی دەستگیر کردووە دەڵێت، تا بەردەرگای فڕن بیانبەن، ئەگەر لەبەرچاوی ئێوە فڕنیان کردەوە، ئازادیان بکەن، ئەگەرنا بیانهێننەوە. دوای ئەوەی فڕنییەکە دەکەنەوە، ئەمنەکان دەڕۆن و وازیان لێدەهێنن.

ئەو شەوە بۆ ئێمە شەوێکی ناخۆش و ترسناک بوو، یەکەم جار بوو ناو دائیرەی ئەمن ببینم؛ شوێنێکی زۆر تۆقێنەر بوو. دوای ئەوەی گەیشتینەوە فڕن ئەو شەوە بیرمان هەر لای دائیرەی ئەمن بوو، تا بەیانی خەومان لێ نەکەوت، بیرمان لەوە دەکردەوە بڵێی تا بەیانی

شوێنێک نەنوسرێت و ئەمنەکان نەیەن ئێمە بەو تۆمەتە بگرن.

دیوارنوسین یەکێک لەو کارانە بوو، کە ڕێکخستنە نهێنییەکان لە شارەکان دەیانکرد. ساڵانێک دوای ئەو ڕوداوە یەکەمین کاری ڕێکخستنی من بە نووسینی دروشمی "شەهید قارەمانی ڕاستەقینەی شۆڕش و گەلە"، لەسەر دیواری مزگەوتی شۆڕش دەستی پێکرد.

## ٨-١٤: ئەمنەکان چۆن گەیشتبوونە سەر سەربان؟

شەوانی هاوینی جاران زۆربەی خێزانەکان لەسەربان دەخەوتن، چونکە ئەوسا نە کەشوهەوا هێندەی ئێستا گەرم دەبوو، نە پێویستییەکانی فێنکەرەوەش وەک ئێستا بەردەست بوون، خانووی جاران پێی دەوترا شەرقی (ڕۆژهەڵات)ی، خانووی ئێمەش لە دوو بەش پێکهاتبوو، لای پێشەوەی یەک ژوور بوو سەربانی خۆی هەبوو، لە بنەبانی خانووەکەش سێ ژوور و چێشتخانە هەبوو بە شێوەی پیتی ئێڵی ئینگلیزی L هەڵکەوتبوو، تێکڕای خێزانەکەمان لەسەر بانە گەورەکە دەخەوتین، کوڕەکان لە یەک ڕیز و کچەکان لە تەنیشت یەکتر لە ڕیزێکی دیکە، هاوین بوو هەمووان خەوتبووین، ئێمە لەمێژ نەبوو کەوتبووینە داوی ئەمنەکان، شەو بە خەیاڵی گیران دەخەوتین، لە غەڵبەغەڵبی پیاوانی ڕژێم خەبەرمان بووەوە، دوو کەسیان کە جلی سەربازیان لەبەر بوو بەتانی سەر کوڕەکانیان هەڵدایەوە و گوتیان: "هەڵسن ناسنامەکانتان بێنن." کوڕە مێرمنداڵەکان چوار کەس بووین (ساڵح، هیوا، وریا، ڕزگار) پێش خویان داین و لە پلیکانەکان چووینە خوارەوە تا ناسنامەکانمان بهێنین، دایکم گوتی: زووکەن شەلوارتان لەبەر بکەن با بە بێجامە نەتانبەن. دیاربوو ئەوان بۆ سۆراغی سەید ئازاد هاتبوون.

سەید ئازاد لەناو ئامۆزاکان برا گەورمان بوو، لەو سەردەمە کاری ڕێکخستنی دەکرد بۆیە

ئەو شەوە ئەمنەکان هاتبوون دەستگیری بکەن، بەڵام ئەو زووتر لە ڕێگەی هاوڕێیەکی ئاگادار کرابووەوە ماڵی بۆ شوێنێکی نادیار جێهێشت بوو.

ئەمنەکان کە زانیان ئەوی بۆی هاتبوون لە ماڵ نییە سەرو شەق و پێلەقەیان لە ئێمە هەڵدا و ماڵەکەیان جێهێشت، بەڵام ئەوەی ئەو شەوە بۆ ئێمەی مێرمنداڵ جێگای پرسیار بوو ئەو ئەمنانە چۆن گەیشتبوونە سەربان بەبێ ئەوەی ئێمە خەبەرمان بێتەوە؟!

## ٨-١٥: مودیر ئەمن هات

ئەو ماوەیەی سەید سەلیم پێشمەرگە بوو، تەنانەت ساڵانی دوای شەهید بوونیشی، خێزانی ئێمە لەژێر چاودێریی وردی پیاوانی ڕژێمدا بوو. دراوسێکانمان خەڵکی عەشایەر بوون، بۆیە زۆر هاوکاریان دەکردین، بەڵام بەهۆی چاودێریی ئەمنەکان لەسەرمان دەبوو گومان لە هەموو شتێک بکرێت.

ڕۆژێکیان سەید ڕزگاری ئامۆزام بە ڕاکردن دێتەوە ماڵ و بە مشاوەشی دەڵێت: (م م م...)، ئەو جاران زمانی دەگیرا و قسەی بۆ نەدەهات، دایکی یەکسەر دەڵێت کوڕە چی بووە مودیر ئەمن هات؟ گوتبووی: نا نا مریشک هات. لەو سەردەمە حکومەت مریشک و هێلکەی لە ڕێگەی وەکیلەکانی بە نرخێکی هەرزانتر لە بازاڕ دابەش دەکرد، خەڵک دەچوو نۆرەی بۆ دەگرت، لە تەنیشت بەنزینخانەی شۆڕش دوو دووکانی لێ بوو یەکیان هی مستەفا خەیات و ئەوی دیکەیان هی وریا سابیر بوو، ئەو دوو دووکانە هەفتەی چەند جارێک مریشک و هێلکەیان دابەش دەکرد، هەواڵی هاتنی مریشکی ئەو جارە لە ماڵی ئێمە بوو بە هەواڵی هاتنی مودیری ئەمن.

## ٨-١٦: یەکەمین دیدار لەگەڵ سەید سەلیم

چەند مانگێک بوو سەید سەلیم پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردبوو، ئێمەیان بردبوو بۆ ماڵی ئەحمەد ئاغای باپیرم لە گوندی سرێشمە، دەکاتە باکی دایکم، بەبێ ئەوەی بزانین ئەوێ دەبێتە جێژوانی دیدارمان لەگەڵ باوکمان کە زۆر نەبوو بەهۆی پێشمەرگایەتی لێمان دابڕابوو. لە نیوەشەودا خەبەریان کردینەوە، تاسایین کاتێک دیمەنی باوکمان بینی بە چەک و تاخمەوە، ئەو کۆمەڵێک پێشمەرگەی لەگەڵ بوو هەموویان سامیان هەبوو، کە لەخەو هەڵسایین سەید سەلیم لە باوەشی گرتین، باوەشێک کە هەمیشە ئێمە لێی بێبەش بووین.

شەوێکی زستانی خۆش بوو، باوەشی گەرمی باوک گەرمتر بوو لە تینی ئەو سۆپەدارەی بۆمان هەڵکرابوو. دوای دیداری ئێمە، سەید سەلیم هەر لەوێ چاوی بە چەند کەسێک کەوت کە دەمامکیان دابوو، ئەوان ئێمەیان نەبینی چونکە بردراینە ژوورێکی دیکە، دواتر زانیمان ئەوانە ڕێکخستنی نهێنی بوون بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەید سەلیم هاتبوونە ئەوێ.

هەر ئەوشەوە پێشمەرگەکان شوێنی خۆیان گۆڕی و چوونە ماڵی برایم ئاغا و تا بەرەبەیان ئینجا گوندیان بەجێهێشت و ئێمەش ڕۆژی دواتر بەرەو هەولێر گەڕاینەوە.

ڕۆژی دواتر بە کەیف و خۆشی چووینەوە خوێندن حەزمان دەکرد لەنێو هاوپۆلەکانمان باسی دیدەنی باوکمان و پێشمەرگە بکەین، بەڵام دایکمان وای ترساندبووین کە لە هیچ شوێنێک ئەو نهێنییە باس نەکەین ئەگەرنا ئەمنەکان هەموومان دەگرن، هەر بەڕێکەوت ئەو ڕۆژە من پانتۆڵێکی تازەم بۆ قوتابخانەکە لەبەر کردبوو، یەکێک لە هاوپۆلەکانم لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ لێی پرسیم ئەو پانتۆڵەت لە کوێ کڕیووە؟ منیش بە شێوەزاری ڕواندزی وەڵامم دایەوە: ئۆباوی لۆ کڕیمە، واتا باوکم بۆی کڕیوم. وریای برام نوقرچێکی لێدام وایزانی باسی

باوکم دەکەم، هاوڕێکەم ئاگای لە نهێنیی نێوان من و وریا نەبوو، بگرە لە منیان لە مەڵادا: (ئۆباو.. ئۆباو..)[113]

شایانی باسە ئەو پێشمەرگانەی لەو سەفەرە هاوڕێی سەید سەلیم بوون بۆ گوندی سرێشمە ئەمانە بوون: (دانا ئەحمەد مەجید (ڕابەر سیاسیی هەرێم)، حاجی کەمال، ساڵح هەولێری، تد).

[113] ئۆباو: لە شێوەئاخاوتنی ڕواندز، لەتەک وشەی (باو) لەبری وشەی (باوک) بەکاردێت. لەناو هەولێرییەکان وشەکە غەریب بوو، چونکە ئەوان دەڵێن (باب)، نەک ئۆباو. ڕواندزی بە باوک دەڵێن ئۆباو، یان هۆباو، بە دایکیش دەڵێن ئۆدا یان هۆدا، ناوێکی لێکدراوە لە ئامرازی بانگکردنی هۆ+باو، ۆ+دا(یک).

**بەشی نۆیەم: بەشێک لە شەڕو داستانەکانی شۆڕشی نوێ:**

٩-١: کەمینی ناو گەلی عەلیبەگ

٩-٢: ڕەشبگیریی خەڵکی گوندی سرێشمە

٩-٣: ئەو کەمینەی گەورەترین شەڕی بەرەی لێکەوتەوە

٩-٤: چۆن قەمسەڵەکەی سەید سەلیم گەیشتە دائیرەی ئەمن؟

## بەشی نۆیەم: بەشێك لە شەڕ و داستانەکانی شۆڕشی نوێ[114]

### ٩-١: کەمینی ناو گەلیی عەلیبەگ

ساڵی ١٩٧٨ ڕۆژ بە ڕۆژ هێزی پێشمەرگەی دەڤەری سۆران زۆرتر و بەهێزتر دەبوو، بە تایبەت هەرێمی ١٢ بە فەرماندەیی سەید سەلیم. بنکەی هەرێمەکە لە هەردوو دۆڵی مەلەکان و ئاکۆیانی ڕواندز بوون، بەڵام هێزەکە و مەفرەزەکانیان تا سەر زێی بادینان پەلوپۆیان هاویشتبوو، کاتێک هێزێکی ئەو هەرێمە لە دەشتی هەریر بە ناوچەی سەرچیای سورچیایەتی دەگەڕێتەوە و دوای ئەوەی شەو و ڕۆژێک لە گوندی سرێشمەی- خەلیفان دەمێننەوە، کە ئەمە گەڕی دووەمە کە سەید سەلیم و هێزەکە بە نهێنی بچنە ناو گوندی سرێشمە و شەو لەوێ بمێننەوە، بەرەبەیانی ڕۆژێکی کانوونی دووەمی ١٩٧٨ شەهید سەید سەلیم و پێشمەرگە هاوڕێکانی کە هەریەکە لە دانای ئەحمەد مەجید- ڕابەری سیاسیی هەرێم، ساڵح حەمەد ئەمین ،ساڵح هەولێری، حەسەن بۆڵی، ڕەحمان سەیدە، خالید سەرنێڵی، خالید وەرتی، حەمەی حاجی مەولود، کاکە خان گوڵانی و چەند پێشمەرگەیەکی دیکە بوون، بۆسەیەک بۆ هێزەکانی دوژمن لە (بەردی بازنا) لەناو گەلیی عەلیبەگ دەنێنەوە، لە ئەنجامدا فەرماندەیەکی سوپا بە پلەی مقدەم و چەند سەربازێک دەکوژرێن، هێزەکەش بەرەو چیای کوڕەک هەڵدەکشێ و بە سەلامەتی دەگاتەوە بنکەکانی خۆیان. ئەم چالاکییە لە ناوچەکە دەنگی دایەوە، چونکە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، یەکەمجار بوو لە شوێنێکی وا هەستیار چالاکیی پێشمەرگانە ئەنجام بدرێت.

---

[114] کە دەنوسین بەشێک لە شەڕ و داستانەکانی شۆڕشی نوێ، مەبەستمان لەو شەڕانەیە کە لە سنوری هەرێمی ١٢ ئەنجام دراون، لە نوسینەوەی شەڕەکان خۆمان بەدوورگرتووە لەو شەڕانەی کە لەنێوان براکان ڕوویانداوە، ئەگەرچی ئەو شەڕانەش بەشێکن لە مێژوو، بەڵام بەڕای ئێمە مێژوویەکی ناشیرینە، جێگای شانازی نیە بۆ کەسوکاری شەهیدان.

دوای ئەو چالاکییە، ڕژێم بە هێزێکی یەکجار زۆرەوە کێومالّی ناوچەکە دەکات، دوای ئەوەی زانیاری دەست پیاوانی ڕژێم دەکەوێت کە پێشمەرگەکان پێش ئەوەی چالاکییەکە ئەنجام بدەن شەو لە گوندی سرێشمە بوون، هەڵدەکوتنە سەر ئەو گوندە، خەڵکێکی زۆری سرێشمە دەستگیر دەکەن.

## ٩-٢: ڕەشبگیریی خەڵکی گوندی سرێشمە

سەید سەلیم، پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ گوندی سرێشمەدا هەبوو، خاتوو حەلیمەی هاوسەری خەڵکی ئەو گوندە بوو، جگە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی تێکەڵاویی زۆری لەگەڵ چین و توێژەکانی سرێشمەدا هەبووە، کە ڕەگوڕیشەی ئەو پەیوەندییە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی باو و باپیرانیان کە بەیەکەوە کوێستان و گەرمێنیان کردووە.

جاران خەڵکێکی زۆری گوندی سرێشمە بۆ مەڕداری هاوینان دەچوونە کوێستانەکان، ئەوان لە سەرسنوری نێوان باشور و ڕۆژهەڵات کوێستانی تایبەتی خۆیان هەبوو، کوێستانی سرێشمەییان ناوی (بۆزی کەی سار و کانی سەربەزێڕ) بوو.

بەپێی ڕێکەوتنێک سنوری کوێستانەکان بەسەر عەشیرەتەکان دابەشکرابوو: خەیلانییەکان هاوینان دەچوونە کوێستانی سپیڕێز؛ بارەکیی بەرازانەیی دەچوونە کوێستانی بەرکەوی؛ هەرچی بارەکیی سەر گەلی بوون دەچوونە کوێستانی هۆڕنێ و میرکێن؛ کوێستانی گۆشینەش هیی گوندەکانی هەسنان و کەژەک بوو؛ حەسەن بەگیش هیی گوندەکانی بێشە و گەزنە بوو؛ کوێستانی مێرگە چەکۆش هیی ڕەوەندەکانی شێخ مەمودیان بوو.[١١٥]

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدابوو سەید سەلیم لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە شەو و ڕۆژێک

[١١٥] زانیارییەکان لە دایکی نوسەر وەرگیراوە.کە سالانی زوو لەگەڵ مالە بابانی چووەتە کوێستانەکان بۆ مەڕداری

به نهێنی هاتبووه گوندی سرێشمه، ڕۆژی دواتر ئەو هێزەی پێشمەرگە لە کاتی گەڕانەوەیان بۆسەیەک لەناو گەلی عەلیبەگ دادەنێن و دەست لە دوژمن دەوەشێنن، لە بەرامبەر ئەو چالاکییەی پێشمەرگە، بەعس لە گوندی سرێشمە دەست بە ڕەشبگیری دەکات و ١٢ کەس دەستگیر دەکات لە نێویاندا شوان هەبوون، لەنێو ئەو کەسانەی بەعس دەستگیری کردن ئەم ناوانەمان دەستکەوتووە: (شاباز ئەحمەد شاباز، حەمەد ئەمین حاجی عەبدوڵا، نەبی ناوخۆش)، هەندێک لەشوانەکانیش: (فکری غەفور مەلا، خەلیل ئەحمەد مەحمود، سەڵاح حەمەد حەسەن، ستار ڕەسول حەمەدئەمین، محەمەد ئەحمەد ڕەشید ناسراو بە محەمەد سەید، دڵشاد حەمەد عەبدوڵا)، جگە لەمانە چەند کەسێکیش ناچار دەبن شەوانە لە ئەشکەوتەکانی دەوروبەری گوند بخەون، لە ترسی ئەوەی پیاوەکانی ڕژێم دەستگیریان بکەن.

ئەو کارەی ڕژێمی بەعس دژی گوندی سرێشمە کردی، نەبووە هۆکاری ئەوەی چاوترسێن بکرێن، ئەوان بە بەردەوامی ماڵەکانیان شوێنی حەوانەوەی هێزی پێشمەرگە بووە، بەتایبەت ماڵی (عەولاکۆ)، کە یەکێک لە ڕێکخستنە چالاکەکانی ئەو سەردمەی سۆسیالیست بوو.

### ٩-٣: ئەو کەمینەی گەورەترین شەڕی بەرەیی لێکەوتەوە

لە کۆبوونەوەیەکی فراوان کە لە مزگەوتی مەلەکان لەگەڵ پێشمەرگەکان ئەنجامی دەدات، سەید سەلیم باسی کەمینی ناو گەلی عەلیبەگ دەکات، حاجی کەمال بلەیی هەر بۆخۆشی دەڵێت: "جا ئەوە کەی چالاکی بووە؟ ئەفسەرێک و دوو سەربازتان کوشتوە، شەرت بێت من بچم کەمین دابنێم و ڕوبارێک خوێن بڕژم." ئەو قسەیەی بە گاڵتەو شۆخی کردبوو، بەڵام دواتر بوو بە ڕاستی. سەید سەلیم بە حاجی کەمال دەڵێت: جا بۆ ناچی کەماڵە کەچەڵ؟ ئەویش پێی

دەڵێت: دەچم سەلیمە کەچەڵ![116]

ئەو جۆرە گاڵتەیە لەنێوان فەرماندەکەیان و پێشمەرگەکان زۆر بووە، جاران بەوانەیان دەگوت کەچەڵ کە سەریان ڕوتابووەوە، سەید سەلیم خۆی یەکێک بوو لەوانە، لە هێزەکەشی زۆربوون ئەوانەی کەچەڵیان پێ دەوترا، هەبوو بەو نازناوە قەڵس دەبوو، تەنانەت قەبولیشی نەبوو کەس جەمەدانییەکەی لاببات. پێشمەرگەکان دەگێڕنەوە کە زۆر جار سەید سەلیم بۆ خۆشی دەیگوت: وەرن با جەمەدانییەکانمان دابنێین، هێی  وا هەبوو لە پێشمەرگەکان نەک ئەوەی نەدەکرد، بگرە بەو گاڵتەیەش سەغڵەت دەبوو.

بەڵێ گاڵتەی دوو کەچەڵان (سەید سەلیم، حاجی کەمال)، بووە هۆی ئەوەی هێزێکی ٢٤ کەسی لە پێشمەرگەکانی هەرێمی ١٢، بە سەرکردایەتیی دانای ئەحمەد مەجید ڕابەری سیاسیی هەرێم، بچن بۆسەیەک لە (گەرە خوار) بۆ ئەو سەیارەی ئیڤایە دابنێن کە ڕۆژانە ئازوقەی لە سەربازگەی سپیلک بۆ ڕەبایەکانی گوندی بناوێ دەهێنا، ئەوانەی بەشداریان لەو چالاکییەدا کردبوو بریتی بوون لە: (حاجی کەمال کەندۆری، بورهان مام نەبی بنمێردی، عوسمان حاجی کالۆ، شەهید خالید وەرتی، ساڵح حاجی عەباس ئاکۆیی، حەمەی حاجی مەولودی، مەحمود حاجی هەینی، کاکە خان، جەوهەر حاجی عەباس، ساڵح هەولێری، ڕەحمانە درێژی گەرەوەیی، عەبدولرەحمان کەورینی، محەمەد برای شەهید عەوڵاسور، غەفور گەرەوەیی، قادر گەرەوەیی، جەلال گەرەوەیی، قادر پوشۆ، محەمەد تاراوەیی، حاجی عەبابکر بلەیی، محەمەد مەجید کاکە حەم، مام خدر بلەیی، تۆفیق گەرەوەیی ناسراو بە شوانۆ  و چەند پێشمەرگەیەکی دی). شایانی باسە ئەو مەفرەزەیە چووبوون بۆسە دابنێن، بەڵام نەیانزانی کە ئەو ڕۆژە ڕژێم بەرنامەی کێوماڵکردنی ناوچەکەی هەیە، بۆیە هێزێکی زۆری

[116] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین مەحمود هەینی ٢٠٢٣/١٢/٦.

ڕژێم گەمارۆی ئەو مەفرەزەیە دەدەن و شەڕ لەنێوانیان دروست دەبێت، شەڕی ئەو مەفرەزەیە دەگواسترێتەوە بۆ چیای بەنی هەریر، دوژمن لە سەربازگەی سپیلک هێزێکی زۆری دیکە بۆ پشتیوانیی ئەو هێزەی پێشووی دەهێنێت، شەڕ تا تاریکی شەو بەردەوام دەبێت، سەید سەلیم و ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵی مابوونەوە کە بریتی بوون لە (عەوڵاسور ئێندزەیی، محەمەد موسا، حەمە حەمید ئاکۆیی، ڕەسوڵ زەنگڵ، د. مەحمود فەقیانی، خارەمین فەقیانی، جەوهەر حاجی عەباس بلەیی)، لە پشتەوە لە هێزەکەی دوژمن دەدەن تا گەمارۆی سەر پێشمەرگەکانی دیکە بشکێنن.

لەو شەڕەدا بەدەیان سەرباز و جاش لاشەیان لە مەیدانی شەڕەکە بەجێ دەمێنێت. پێشمەرگەیەک بە ناوی بورهان مام نەبی ناسراو بە (برکۆ) لەو شەڕدا شەهید دەبێت، هەروەها پێشمەرگەیەکی دیکە بە برینداری دەکەوێتە دەست هێزی دوژمن بە ناوی ساڵح حاجی عەباس، کە دواتر لە ئەمنی موسڵ لە سێدارە دەدرێت.[117]

## ٩-٤: چۆن قەمسەڵەکەی سەید سەلیم گەیشتە دائیرەی ئەمن؟

کاتێک پلانی ناردنی مەفرەزەکەی پێشمەرگە گفتوگۆی لەبارەیەوە دەکرێت و پێشمەرگەکان بۆ ئەو ئەرکە سەربازییە ڕادەسپێردرێن، تا بچن بۆسەیەک لە (گەرە خوار) بۆ ئیڤایەکی سەربازی دابنێن، یەکێک لەو پێشمەرگانەی بۆ ئەو ئەرکە ناوی دێت (ساڵح حاجی عەباس) دەبێ، سەید سەلیم وەک فەرماندەی هەرێمەکە کە دەبینێ جلەکانی ئەو پێشمەرگەیە هیی ئەوە نین بەرگەی سەرمای ناو کەمینی شەو بگرێت، کە زستان بووە، بۆیە قەمسەڵەی خۆی دادەنێت و بە ساڵح دەڵێت وەرە ئەو قەمسەڵەی من بکەبەرت. سەید

[117] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین مەحمود هەینی، ٢٠٢٣/١٢/٦.

سەلیم بێئاگا لەوەی ئیدی جارێکی دیکە ئەو پێشمەرگەیە نابینێتەوە، پێشمەرگەکەش هێند تامەزرۆ بەوەی قەمسەڵەی فەرماندەکەی بکاتە بەری، تەنانەت گیرفانەکانیش ناگەڕێن بۆئەوەی بزانن چی تێدایە. مخابن کە ساڵح عەباس لە شەڕی بەنی هەریر بە دیلی دەکەوێتە دەست دوژمن، جاشەکان کە کەواسوری بەردەم سوپای بەعس بوونە، پێش هەر شتێک پەلاماری قەمسەڵەی پێشمەرگە بریندارەکە دەدەن، دواتر کە دەست بۆ گیرفانەکان دەبەن چەند وەرەقەیەک دەردەهێنن، ئەو وەرەقانە ڕادەستی ئەفسەرەکان دەکەن، دواتر ئەو وەرەقانە هێندەی دیکەی باری ئەو پێشمەرگە دیلە لە لای پیاوانی ڕژێم قورستر دەکەن، قەمسەڵەکەی سەید سەلیم بەم شێوەیە دەبێتە پرسیار و وەڵامی دائیرەی ئەمنی موسڵ بۆ ئەو پێشمەرگەیە، کە دواتر قارەمانێکی نێو زیندانی لێدەردەچێت.

دەنگۆی گیرانی ساڵح بە دیلی لە ناوچەکە بڵاودەبێتەوە، هەمووی چەند ڕۆژێک بوو ساڵح لە سرێشمە بە نهێنی لەگەڵ سەید سەلیم بینرابوو، بۆیە ئەو کەسانەی لەو گوندە لە خۆیان دەترسان، چەند مانگێک دەبوو شەوانە خۆیان بشارنەوە، چەند کەسێک لەو گوندە دەستگیرکران، بەڵام هیچیان ئەوانە نەبوون کە شتیان لەلایەن ڕژێم لەسەر بێت، خەڵکی گوندی سرێشمە بە درەنگەوە زانیان ئەو ساڵحەی گیراوە ساڵح عەباسە نەک ساڵح هەولێری.

ئەو هاوڵاتییانەی سرێشمە کە لە ڕەشبگیریی گوندەکەیان گیرابوون دەگێڕنەوە کە: ساڵح عەباس بە قاچی بریندارەوە گواسترابووەوە بۆ دائیرەی ئەمن، ئەمنەکان لە کاتی ئەشکەنجەدانی لەسەر برینەکەی هەڵدەپەڕین، بەڵام ئەو هیچ باکی بەو ئەشکەنجەدانە نەبوو، تەنانەت زۆر جار خوێیان بۆ دەکردە ناو برینەکەی! بیهێنە بەرچاوی خۆتان پێشمەرگەیەک لە کاتی شەڕدا بکەوێتە دەست ئەو جەلادە دڕندانە دەبێت چیی لێ بکرێت، چ جای ئەوەی لە گیرفانەکانی نوسینی کەسێک هەبووبێت کە بەشێکی نوسینەکانی یاداشتی

ڕۆژانه، یان ناوی جاش و جاسوسەکان بووە. (نمونەی ئەم نوسراوانە لە بەشی بەڵگەنامەکان ببینن)

ساڵح عەباس، چوار مانگ لەژێر ئەشکەنجەی بەعسییەکان بەرخۆدان دەکات و هیچ نهێنییەک نادرکێنێت، هەر بۆیە ڕۆژی ١٩٧٩/٥/٨، لە دائیرەی ئەمنی موسڵ لە سێدارە دەدرێت و دەچێتە کاروانی نەمران.

بە بیرمە ئەو ڕۆژەی تەرمەکەیان ڕادەست دەکرا (قادر عەباس و عائیشە عەباس)، خوشک و برای شەهید ساڵح عەباس لەماڵی ئێمە بوون، بەیانییەکەی دەچوون بۆ موسڵ بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی برا شەهیدەکەیان.

## بەشی دەیەم: گەشتکردن بۆ سەرکردایەتی:


١٠-١: دیدار لەگەڵ مام جەلال

١٠-٢: تورەبوونی مام جەلال لە عەلی نەبی

١٠-٣: شەهیدکردنی مەلا ئەحمەد بوورانی

١٠-٤: بەشداری لە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٠-٥: گەڕانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١٠-٦: تیرۆرکردنی عەزیزی ڕابێ

١٠-٧: ئەو دوو پێشمەرگەیەی دەکەونە گەمارۆی جاشەکان

١٠-٨: هەواڵی شەهیدبوونی حەوێز هیرانی

١٠-٩: کێ بوو گوتی بەلاغی شەهیدبوونی سەید سەلیم ناخوێنمەوە؟

## ١٠-١: دیدار لەگەڵ مام جەلال

لەسەر داوای مام جەلال سەید سەلیم دەچێتە سەرکردایەتیی شۆڕش، بارەگای سەرکردایەتیی لە گوندەکانی بێدەلان و توژەڵە و زەڵێ دەبێت، ئەو گوندانە دەکەونە بناری چیای مامەندە لە دەڤەری پشدەر، واتا لەسەر سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵح هەولێری کە لەو گەشتەیدا هاوەڵی سەید سەلیم بووە، دەڵێت: "مام جەلال زۆر بە پەیوەندیکردنی سەید سەلیم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە خۆشحاڵ بوو، دیار بوو پێشتر پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری هەبووە". هەولێری دەڵێت: "لە وەسفێکی بۆ سەید سەلیم، مام جەلال لەو دیدارە گوتی: سەید سەلیم، چەند کەسێکی وەک تۆ لەنێو شۆڕش هەبێ ئازادکردنی شاری کەرکوک بە قۆنتەرات دەگرم".[١١٨]

ئەو دیدارەی نێوان مام جەلال و سەید سەلیم لە کاتێکدا بووە، کە هێشتا بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەشێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە و باڵێک بووە لەو نیمچە بەرەیەی کە لە پاڵ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و خەتی گشتی یەکێتییان پێکهێنابوو. بەڵام سەید سەلیم لە باڵی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بووە، بۆیە لە کاتی جیابوونەوەی بزوتنەوە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان جێدەهێڵێت.

هەر لە ماوەی مانەوەی لە سەرکردایەتی، سەید سەلیم لەگەڵ مام جەلال و دکتۆر مەحمود عوسمان و عەدنان موفتی و عادل موراد کۆدەبێتەوە، دوای ئەوانیش لەگەڵ ملازم عومەر کۆبووەتەوە، ئەوسا ملازم عومەر بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری بووە، کە سەید سەلیم ئەندامی ئەو مەکتەبە بووە.

---

[١١٨] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین ساڵح هەولێری، ٢٠٠٠/٤/٦.

وێنەکانی دیداری سەید سەلیم لەگەڵ مام جەلال کە لە ژوورێکی بە نایلۆن داپۆشراو گیرابوون لەلایەن عادل موراد پارێزرابوون دوای ڕاپەڕین کۆپی وێنەکانی بۆ ناردینەوە، کە لە بەشی وێنەکان دەیانبینن.

## ١٠-٢: توڕەبوونی مام جەلال لە عەلی نەبی

ساڵی ١٩٧٨ لە گەرمەی چالاکیی پێشمەرگانەدا عەلی نەبی و هێزەکەی لەنێوان میرەبەگ و گەرمکەداڵ کەمینێک بۆ نەوزادی ئەنوربەگ و چەکدارەکانی دادەنێن، بە ئامانجی ئەوەی چیتر ڕاوە پێشمەرگە نەکەن، لەو کەمینەدا چەکدارەکان دەکەنە ئامانج، دوای شەڕێکی گەرم لەگەڵ چەکدارەکان کە لەناو چەکدارەکاندا هەریەک لە (مامەندی عەباس ئاغا، مامەند ڕەسو ئاغای مێوژێ) دەکەونە کەمینی پێشمەرگەکان و یەکەمیان بریندار دەبێت، لە پێشمەرگەکانیش عەلی نەبی گولەیەک بەر قاچی دەکەوێت و بە سوکی بریندار دەبێت.

لەسەر ئەم ڕوداوە مام جەلال بروسکە بۆ عەلی نەبی دەکات کە بەپەلە پەیوەندی بە سەرکردایەتییەوە بکات، کە ئەوسا لە گوندی توژەڵە بووە. عەلی نەبی کە زانیویەتی مام جەلال بۆچی بانگی کردووە، ئەوا داوای لە سەید سەلیم کردووە بۆ لای مام جەلال هاوەڵیی بکات.

سەید سەلیم و عەلی نەبی دەچنە لای مام جەلال. لە دەستپێکی دانیشتنەکە مام جەلال بەتوڕەیی قسە لەگەڵ عەلی نەبی دەکات و نیگەرانیی خۆی سەبارەت بەو چالاکییە پێ دەڵێت، بە تایبەت سەبارەت بە بریندار بوونی مامەند ئاغا، مام جەلال بە عەلی نەبی دەڵێت: "تۆ چووی کەمینت لە برازایەکی من داناوەتەوە ئەوەی بریندارت کردووە وەک برازای من وایە، ئەو بنەماڵەیەی تۆ کەمینت بۆ داناون حەقیان بەسەر منەوە هەیە، بۆیە دەبێت سزا بدرێیت".[١١٩]

[١١٩] خدر بچکۆڵ، سەرۆکنامە جاپی یەکەم ٢٠٢٢، ل: ٤١.

سەبارەت بە سزادانی عەلی نەبی، سەید سەلیم دێتە وەڵام و بە مام جەلال دەڵێت: "ئەگەر تۆ عەلی نەبی سزا بدەیت، کەوایە توژەڵە و ناوزەنگ بۆ ئێوە و گۆڕەشێر و دۆڵەتوش بۆ ئێمە دەبێت."[١٢٠] مام جەلال لە پەیامەکە دەگات و یەکسەر ڕای خۆی دەگۆڕێت و دەڵێت: "ئێمە عەلیمان خۆش دەوێت، نامانەوێت لە دەرەوەی فەرمانی شۆڕش چالاکی ئەنجام بدات، زیاتریش بۆ ئەوەمانە تا گیانی خۆی نەخاتە مەترسییەوە، پێش گەیشتنی ئێوە بڕیارم دابوو کە قەلێک بەیەکەوە بخۆین."[١٢١] بۆیە ئەو شەوە مام جەلال قسەی خۆشیان بۆ دەکات و شەوێکی خۆش بەڕێدەکەن.

### ١٠-٣: شەهیدکردنی مەلا ئەحمەد بووڕانی

مەڵا ئەحمەد کوڕە لاوێکی دەڤەری باڵەیان بوو، لەمێژ نەبوو کەسوکاری لە زێدە جوانەکەی خۆی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکەی بەستۆڕە لە نزیک شاری هەولێر ڕاگواسترابوون. لە ڕێگەی شەهید ڕەحمان سەید پەیوەندی بە ڕێخستنە نهێنیەکانەوە دەکات. شەهید سەید سەلیم بەر لەوەی پەیوەندی بکاتەوە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەند جارێک سەردانی ماڵی باوکی مەلا ئەحمەدی کردبوو، کاتێک سەید سەلیم و هەڤاڵەکانی بڕیار دەدەن لە بەهاری ١٩٧٨، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بکەن، مەلا ئەحمەد لەگەڵ هەریەک لە: (برایمی ئەحمەدی حاجی حوسێن، محەمەد موسا، خالید سەرنێڵی)، لەسەر شێخانی باڵەیان چاوەڕوانیی هەریەک لە: (سەید سەلیم، ڕەحمان سەیدە، ساڵح هەولێر)ی دەکەن. لە کاتی بەیەکگەیشتنی ئەو پۆڵە پێشمەرگەیە، لەسەر ڕاسپاردەی سەرکردایەتیی شۆڕش داوا لە سەید سەلیم دەکرێت بۆ ڕێکخستنەوەی مەفرەزەکانی پێشمەرگە لە سنوری ڕواندز و

---

[١٢٠] هەمان سەرچاوە

[١٢١] هەمان سەرچاوە

خۆشناوەتی و مەلەکان و دۆلەڕەقە بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکە و ئەو مەفرەزانەی پێشمەرگە لە چوارچێوەی هەرێمی ١٢ ڕێکبخاتەوە، بۆیە مەلا ئەحمەد یەکێک لەو پێشمەرگانە دەبێت کە لەگەڵ سەید سەلیم دەچێتە دۆڵی مەلەکان.

لەو سەردەمەدا ڕژێمی بەعس لە ڕێگای مەفرەزەی جاش لە گوندەکانی ئەو دەڤەرە جموجۆڵی لە ناوچەکە پەیداکردبوو، چەندین تۆڕی جاسوسی لە دێهاتەکان دروستکردبوو کە ئەرکیان چاودێریکردنی جموجۆڵی مەفرەزەکانی پێشمەرگە بوو.

بۆ تەمبێکردنی ئەو کەسانە سەید سەلیم لە چەند گوندێک دەستی لە کەسانی جاسوس و پیاوانی ڕژێم وەشاندبوو و ناچاری کردبوون ناوچەکە بە ئاڕاستەی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم جێبهێڵن، لە دەفتەری یاداشتەکانی سەید سەلیم کە لە کاتی شەهیدبوونی لە گیرفانی دابووە، ئاماژەکراوە بە ناو و شوێنی کەسانی سەر بە ڕژێم، ئێمە لەبەر هەستیاریی بابەتەکە ئاماژە بە ناوەکانیان نادەین.

لەنێو ئەو کەسانەی کە بەر سزادانی هێزی پێشمەرگە کەوتوون، چەند کەسێکیان لەنێوان گوندی (مەلەکان و تارینان) بۆسەیەک بۆ دوو پێشمەرگەی سەر بە هەرێمی ١٢ دادەنێنەوە کە هەریەک لە (ساڵح هەولێری، مەلا ئەحمەد) دەبن، لەو کەمینەی پیاوانی ڕژێم مەلا ئەحمەد شەهید دەکرێت.

ئەو ڕوداوە سەید سەلیم و هەڤاڵانی زۆر نیگەران دەکات، چونکە مەلا ئەحمەد یەکەمین شەهیدی هەرێمی ١٢ بوو، بە تایبەت کە بە دەستی کەسانی خیانەتکار شەهید دەکرێت. سەید سەلیم لە بەرامبەر شەهیدکردنی مەلا ئەحمەد پەیامی هەڕەشە بۆ ئەو کەسانە دەنێرێت، کە لەژێر زەبری تۆڵەی هێزی پێشمەرگە دەربازیان نابێت.[١٢٢]

---

[١٢٢] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین خالید سەرنێلی، ٢٠٢٣/١٢/٢٤.

### ٤-١٠: بەشداری لە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شۆڕشی گەلانی ئێران دەرفەتی بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەخساند تا بەشی زۆری شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بۆ ئەم مەبەستە هێزێکی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرماندەیی سەید سەلیم کە زیاتر لە ٥٠ پێشمەرگە دەبوون بەهاواری براکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەچن.

لە تۆمارێکی دەنگیدا کە دوای ئەو گەشتەیان لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی پێشمەرگەدا تۆمارکراوە، سەید سەلیم بۆ پێشمەرگەکان دەڵێت: "ئێوە سەربەرزن کە بەشداریتان لە کاروانی (مەسیرەی) نەتەوەیی کردووە، ئێوە ئەو پێشمەرگانەن کە بەشداریتان لە شەڕی نەتەوەیی کردووە بۆ پشتیوانیی پارچەیەکی دیکەی کوردستان."[١٢٣]

هەر سەبارەت بەم پرسە سەید ڕێباز مستەفا پێشمەرگەی دێرین و یەکێک لە بەشداربوونی ئەو ئەرکە نەتەوەییە، دەگێڕێتەوە دەڵێت: "پێش ئەوەی بچینە ناو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەرماندەکەمان سەید سەلیم لەسەر سنور چەند کاتژمێرێک لەگەڵ عەبدولڕەحمان قاسملۆ کۆبووەوە، کاتێک گەیشتینە ناو شاری مهاباد لەناو هەیەجانی خۆشحاڵیی خەڵکدا پێشوازی گەرممان لێکرا، هەرگیز لە بیرم ناچێت ژنێکی بە تەمەنی مهاباد لە پێشوازی پێشمەرگەکان گوتی: "بە خوڵامتان بم دەمانزانی هەر دەهانامانەوە دێن."[١٢٤]

پێشمەرگەیەکی دیکە بە ناوی عومەری قەندی دەگێڕێتەوە ئێمەیان بردە شوێنێک پێیان دەگوت (قۆپی بەگزادە)، تا ڕێگری لە هاتنی سوپای دوژمن بکەین، کە لە میاندواوە هێرش بکاتە سەر شاری مهاباد[١٢٥].

---

[١٢٣] کاسێتێکی تۆماری دەنگی ئەو کۆبوونەوەیە لە لای کەسوکاری پارێزراوە بە سەرچاوە وەرگیراوە.

١٢٤ دیمانە لەگەڵ نوسەر و پێشمەرگەی دێرین ڕێباز مستەفا، ٢٠٠١/٩/٧.

١٢٥ دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین عومەر قەندی، ٢٠٢٣/٩/٢٧.

مەحمود بەچە کورد، کە ئەوکات پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستان بووە، بەم شێوەیە باس لە چوونی ئەو هێزەی حزبی سۆسیالیست بە فەرماندەیی سەید سەلیم بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات: "ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر فشار و هەلومەرجێکی سەختەتدابوو، خومەینی فتوای جهادی لە دەژی خەڵکی کوردستان دەرکردبوو، شەڕی نەغەدە زەرەروزیانێکی زۆری لە کورد دابوو، بەسەدان گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبووە بەردەم مەترسیی پەلاماردان، لە قارنێ لەلایەن سوپای ئێران کۆمەڵکوژی ئەنجام درابوو، هاوکاریی پێشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی باشور بە فەرماندەیی سەید سەلیم و هاتنی ئەو ژمارەیە پێشمەرگە بە ئەزمونە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکجار گرنگ بوو".[١٢٦]

"یەکەمین شەڕ و پێکدادان کە سەید سەلیم و هێزەکەی کردیان، لەنێوانی دوو پادگانی گەورەی پیرانشار و جەڵدیان بوو، لەسەر جادەی خاڵدار تاقوبە و هەوارەبێ. ئەو پێشمەرگەیە دەڵێت: ئەو شەڕە بالانسی هێزی گۆڕی و ئێمەش وەک پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵات فێری شەڕی سەر جادە و پارتیزانی بووین، شەڕی دووهەم لەلایەن ئەحمەدی فەقێ ڕەشەوە فەرماندیی کرا، ئەویش بۆ سەر پادگانی پیرانشار بوو پێویستە بگوتری کە چەکی قورسی ئەو کاتە تەنیا ئارپێجی بوو و لە هەر دوو شەڕەکەدا سەید سەلیم و ئەحمەد فەقێ ڕەش ئارپێچیان بەکارهێناو چەند سەیارەیەکی گەورەی عەسکەری سوتان، ئەو پێشمەرگە دەڵێت: لە هەردووک شەڕەکەدا من لە پشتی شەڕەکە بووم نازانم چەند کەس کوژراوە، بەڵام تێکڕا بە سۆسیالیست و دیموکراتەوە باسی ئەو سەرکەوتنە دەکرا کە لەسەر جادەی خاڵدار و هەوارەبی و قووبە بە فەرماندەیی سەید سەلیم کرا."[١٢٧]

لە دوو نامەی جیاوازدا، کە هێی یەکەمیان بە واژۆی (ئەمیری قازی و حاجی حاجی برایم)ە،

---

[١٢٦] لە نوسینێکی مەحمود بەچە کورد پێشمەرگەی ئەو سەردەمەی حزبی دیموکراتی کوردستان وەرگیراوە.
[١٢٧] هەمان سەرچاوە

ئاڕاستەی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی (ئەبو تارا) کراوە، باسی گرنگیی مانەوەی سەید سەلیم و جەلالی حاجی حوسێن و پێشمەرگەکانی کراوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

نامەی دووەم بە واژۆی هەریەک لە (ڕەسول مامەند و دکتۆر مەحمود عوسمان)ە، کە ئەویش ئاڕاستەی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی کراوە کە ئەوان ڕازیبوونە هێزەکەیان بە فەرماندەیی سەید سەلیم، تا ماوەیەکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بمێنێتەوە، تا هاوکاریی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بکات.

هەروەک زۆر لە سەرکردەکانی ئەوسای حزبی دیموکراتی کوردستان لە بیرەوەرییەکانی خۆیاندا باسیان لە چوونی ئەو هێزەی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بە فەرماندەیی (سەید سەلیم و جەلالی حاجی حوسێن)، بۆ هاوکاریی حزبی دیموکراتی کوردستان کردووە.

کەریمی حیسامی، لە بەرگی دووەمی کتێبی (لە بیرەوەرییەکانم) باسی لە چوونی ئەو هێزە کردووە، بەڵام لە کۆتاییدا باس لە چەکێک دەکات کە جەلالی حاجی حوسێن بردویەتی، کە بەڕاستی ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لە گرنگیی هەماهەنگیی پێشمەرگەی پارچەکان کەم دەکاتەوە. حسامی بەم شێوەیە ڕوداوەکانی یادداشت کردووە:

"شەوی ۱۹۷۹/۸/۳۰، مەلا محەمەد جوانڕۆیی کە قەت نە خۆی دەنوست و نەدەیهێشت تاوێک چاوم گەرم کەم، نیوەشەو تەلەفۆنی کرد و گوتی: "گیر مەبە وەرە پادگان." کات دوای نیوە شەو بوو، هەستام چووومە پادگان، کە چووم پێشمەرگە برا کوردەکانی عێراق بوون، دیاربوو دکتۆر قاسملۆ داوای کرد بوو، بەرپرسی هێزەکە بریتی بوون لە سەید سەلیم و جەلالی حاجی حوسێن، نێزیکەی ٥٠ پێشمەرگەیان لەگەڵ بوون، دوای ئەوەی نان و چایان خوارد پێمان وتن ئێمە لە بەرەی میاندواو پێویستمان بە ئێوەیە، ئەو شوێنە چیاکانی تاڵا و زۆر قایمن

و ئێوە دەتوانن نەهێڵن دوژمن لە شامات بهێتەپێش، بۆیە بڕیارماندا ئەو هێزە لە ئەمیدئاباد و بەردەڕەشان دامەزرێت، تیربارێکی دژی هەوایش لەسەر کەلکی بەگزادە دامەزرێنین، پەلێکی پێشمەرگەمان بە سەرۆکایەتیی غەفوری خوارزای ئەحمەد تۆفیقی وەک شارەزا لەگەڵیان بێت."[١٢٨]

کەریمی حیسامی، لە یاداشتەکانی نوسیویەتی ئەو هێزە لەهەمبەر بۆردومانی کۆپتەر خۆیان ڕانەگرتووە و لە کاتی گەڕانەوەشیاندا، جەلالی حاجی حوسێن چەکێکی بردووە!

لە وەڵامی ئەم جۆرە بێبایەخ نیشاندانەی بەشداریی پێشمەرگەکانی شۆڕش لە نەبەردەکانی بەرگری لە ڕۆژهەڵات، مەلا ڕەسوڵی پێش نماز، بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کتێبی (سەربوردەی ژیانم)دا، لەبارەی چوونی هێزەکەی سۆسیالیست بۆ هاوکاریی حزبی دیموکرات، بەم شێوەیە وەڵامی کەریمی حسامی داوەتەوە:

"ئەو باسەی کەریمی حیسامی سازی کردووە، لە بنەڕەتدا بەشی هەرە زۆری ڕاست نییەو ئێمە لەگەڵ برادەرانی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان پەیوەندیمان زۆر خۆش بوو، بەتایبەت من لەگەڵ دکتۆر مەحموود هەتا ڕەسوڵ مامەند و هەڤال جوجەڵە و حاجی حاجی برایم و مەلا ناسح و زۆری دیکەیان دۆستایەتی لەمێژینەو دوور و درێژم هەبوو. وەک ئاماژەشم پێکردووە لە هیچ یارمەتیەک بەرانبەر ئەو برادەرانە درێغیم نەکردووە. زۆر پێش ئەوەی هێرش بۆسەر مهاباد بکرێت لەگەڵ دکتۆر قاسملو پێیان وتبووم: کە هێزێکی ڕێکخراو و تایبەتی خۆیان بۆ بنێرن، جەلال حاجی حوسێن جگە لەوەی کوڕی پوری ڕوناک خانی خێزانی حەمەدەمینی سیراجی دۆستی زۆر نزیکی خۆشم بوو برا گەورەکانی ئەحمەدی حاجی حوسێن یەکێک لە دۆستە بەڕێزەکان و دەوڵەمەندەکانی سلێمانی بوو. لە ڕادەبەدەر یارمەتیی

[١٢٨] کەریمی حیسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی ٢، ل: ١٣٤٤.

لێقەوماوانی ئێمەی دەکرد. بەزۆر لە برادەرانی خۆمانم ناساندن و لە سلێمانی ئەگەر کار و تێگیراویان هەبێ پەیوەندی پێوەبکەن و بۆ نمونە حامیدی گەوهەرێ و فەرەیدون قەیتەران و زۆری دیکە. برادەرانی سۆسیالیست بەشێک بە هۆی ناسیاوی لە من و بەشێکیش لەسەر داوای خۆی جەلالی حاجی حوسێن و سەید سەلیمیان نارد بۆ لای من، لە کۆنەوە لەگەڵ شەهید سەید سەلیمیش دۆستایەتی باشم هەبووە هەر دوو ئەو برادەرانە بە دوو دەستە پێشمەرگەوە هاتن بۆ لامان و ئێمە چەند پێشمەرگەی خۆمان ناردن بۆ کێوی قوڵقوڵاغ و دەوری گێگتەپە و سێڵاو. تانکەکان دێن و تەیارە لەو لا باسکە ڕوتەنانە دەگاتە سەریان ئەوانیش وەک و پێشمەرگەکان پاشەکشە دەکەن و خۆیان دەرباز دەکەن، سەیر ئەوەیە هەموو چەک و ساز و بەرگی کەریمی حیسامی بۆ ئەو برادەرانە یەک ئارپێچی و پێنج دانە تفەنگ بووە چاوەڕوانیش بووە لە مهاباد حوکم بکات و ئەو برادەرانەش پێشگیریی لەشکری ئێران بکەن. کەریم بەبێ ئەوەی بیانناسێ بە ترسنۆکیان باس دەکات و وا دەنوێنێ ئەوانە هەر ئەهلی خۆ هەڵکێشان بوون، بێخەبەر لەوەی هەر دوو ئەو برادەرانە هەم شەهید سەید سەلیم و هەم شەهید جەلالی حاجی حوسێنی، سەردەمێکی دوور و درێژ لە شۆڕشی ئەیلول لە ئازاترین پێشمەرگەکان و فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلول بوون."[١٢٩]

### ١٠-٥: گەڕانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

دوای ماوەیەک مانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەواڵی بریندابوونی سەید سەلیم بە کەسوکاری دەگات، پیاوانی ڕژێم پڕوپاگەندەی شەهیدبوونی سەید سەلیم بڵاودەکەنەوە، بە گەیشتنەوەی بۆ باشوری کوردستان لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٩، بۆ دیداری خێزانەکەی

[١٢٩] مەلا ڕەسوڵ پێشنماز، سەربردەی ژیانم، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم ٢٠١٢ ل: ٤٩٤.

نێردەیەک (قاسید) ڕەوانەی هەولێر دەکات، لەو تا بچن لە ناوچەی ئازادکراو چاویان بە سەید سەلیم بکەوێت، ئەو هەواڵە خۆشترین هەواڵ دەبێت، چونکە پڕوپاگەندەکانی ڕژێم بە جۆرێک کاریگەریان لەسەر ڕاست و دروستی و سەلامەتی سەید سەلیم دانا بوو ،حاجی ڕەمەزان[١٣٠] کە ماڵەکەی لە بلەی ژێری خانەخوێی سەرەکی سەید سەلیم بووە، بەو ئەرکە هەڵدەستێت، لە شۆڕشی نوێدا پێشمەرگە بە زەحمەت دەیتوانی بارەگا بە جێگیری لە شوێنێک دابنێت بۆیە فەرماندەکانی شۆڕش لە هەر گوندێک ماڵێکی جێ متمانەیان هەبوو کە وەک خانەخوێ ناسرابوون، سەید سەلیم لە دۆڵی مەلەکان دوو شوێنی هەبوو کە زۆرترین کات لەو دوو ماڵە دەمایەوە، ماڵی حاجی ڕەمەزان لە گوندی بلەی ژێری، هەروەها ماڵی حوسێن خدر مەلەکی[١٣١] لە گوندی مەلەکان.

ئەوانەی کە شانسیان هەبوو لەو دیدارە چاویان بە سەید سەلیم بکەوێت چونکە دوا دیدار بوو بریتی بوون لە (خاتوو حەلیمە، هاوسەری سەید سەلیم و منداڵەکانیان هیوا، وریا، بەختیار، بەفرین، هێرش، سەید عەبدوڵای برای سەید سەلیم، خاتوو مەدینەی هاوسەری سەید عەبدوڵا، سەید ئازاد سەید عەبدوڵا).

گرفتی بەردەم گەیشتن بەو شوێنەی کە بڕیاربوو دیدارەکەی لێ ئەنجام بدرێت دوا بازگەی ڕژێم بوو لە کارگەی قیری خەلیفان، چونکە ئەوانەی لەوێ بوون خەڵکی ناوچەکە بوون و کەسوکاری سەید سەلیم لای ئەوان ناسراو بوون. بە هەر جۆرێک بێت ئەوان لە هەولێرەوە گەیشتە دۆڵی ئالانە، پێش ئەوەی بگەنە ماڵی خانەخوێی، کە ماڵی (حاجی ڕەمەزانی بلەیی) بوو لە گوندی (بلەی ژێری)، سەید سەلیم لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگەی دەستەکەی خۆی لەسەر

---

[١٣٠] حاجی ڕەمەزان بلەیی خەڵکی گوندی بلەی ژێری بوو لە دۆڵی ئالانە، ئەو گوندە لە شۆڕشی نوێ کەوتبوو ناوچەی ئازادکراوی ژێر دەستی پێشمەرگە بۆیە ماڵەکەی هەمیشە خانەخوێی پێسمەرگە بووە بە تایبەت بۆ سەید سەلیم.

[١٣١] حوسێن خدر مەلەکی پێشمەرگەیەکی جێگای متمانەی سەید سەلیم بووە لە شۆڕشی نوێ هەر بۆیە کاتێک سەید سەلیم ڕێگای کەتۆتە گوندی مەلەکان لە ماڵەکەی ئەو ماوەتەوە.

کانی گوندی لە چاوەڕوانی ئازیزانی دەبێت، ژوانێک کە ئاسان نییە بگێڕدرێتەوە لەنێوان پێشمەرگەیەک کە لە ئەرکێکی قورس گەڕابێتەوە و خێزان و برا و جگەر گۆشەکانی ببینێت.

**سەبارەت بەو دیدارە سەید ئازاد گوتی:**

"ئێمە هێندە بە پەلە بووین چاومان بە سەید سەلیم بکەوێت بۆ زوو بڕینی ڕێگای نێوان هەردوو بلە (ژێری و ژۆری)، ئەسپمان بۆ ئامادەکرا، ئێمەی منداڵی شاری یەکەم جار بوو ئەسپ سواری بکەین، خاوەنی ئەسپەکان فێری کردیین هەردوو قاچەکانمان توند لە زگی ئەسپەکان بدەین تا بە پەلەتر ڕێگا بکەن، ئەوەیان هاژۆتنی ئەسپی چارپەلەی پێدەڵێن."

**سەید سەلیم کە کوڕەکانی بینی چی پێگوتن؟**

ڕێکەوت نەبوو بگرە هەر بۆ ئەوەی گومان لە چوونیان نەکرێت بۆ لای باوکیان زۆربەی کوڕەکان بە پانتۆڵی کابۆی و کچەکەش بە تەنورە چووبوونە ئەو سەردانە، کە سەید سەلیم کوڕەکانی بەو جلانە دەبینێت قسەیەکی کۆنی خۆی هەبوو دایم بە گاڵتە بە کوڕەکانی دەگوت کە لەناو ڕواندزییەکان باوبوو، ئەویش: (هەی بێفانۆس)[١٣٢]. سەید سەلیم دەڵێت: "ئەی لەو کوڕە بێفانۆسانەی من!" ڕووی لە پێشمەرگەکانی کرد و گوتی: "تەماشایان بکەن بە کابۆی هاتوونەتە سەردانی باوکیان، بەخوا ئەگەر نەمرم دەبێت هەریەکەتان لە پارچەیەکی کوردستان بە شەهیدکردن بدەم." وەڵێ مخابن دوو مانگ و چەند ڕۆژێک دوای ئەو سوێندە، سەید سەلیم شەهید بوو، وەک ئەوە وابێت کە دەیزانی شەهید دەبێت.

---

[١٣٢] ڕواندزی جاران گاڵتەوگەپی زۆری تێدابوو، فانۆس کرابوو بە شتێکی عەیبە ئەگەر دوکاندار بیفرۆشتبا، بۆیە کەم دوکاندار جاران لە ڕواندز فانۆسی دەفرۆشت!

## ١٠-٦: تیرۆرکردنی عەزیزی ڕابیێ

بەرلەوەی سەید سەلیم لە شۆڕشی نوێدا، پەیوەندی بکاتەوە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە دەڤەری ڕواندز چەند ڕوداوێک ڕودەدەن، کە بە هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەرییان لەسەر خەباتی چەکداری دەبێت.

یەکەم ڕوداو: تێکشاندنی دوو هێرشی گەورەی دوژمن، یەکیان بۆ سەر گوندی گەرەوانی خواروو، ئەوەی دیکەشیان بۆ سەر گوندی گەرەوانی سەروو. شەڕی دووەم لەناو گەلیی نێوان هەردوو گوندەکە هەڵدەگیرسێت. شەڕی یەکەم هێندە ناو دەردەکات، کە دەتوانرێت بە یەکەم شەڕی بەرەیی شۆڕشی نوێ دابنرێت، بە تایبەت لە پارێزگای هەولێر. دوژمن لەو شەڕەدا زیانێکی یەکجار زۆری بەردەکەوێت و بۆ شۆڕش و پێشمەرگەش شەڕەکە دەنگ و ناوبانگێکی زۆری لێدەکەوێتەوە.

دووەم ڕوداو: تیرۆرکردنی کادیرێکی دیاری سەربازی و ڕێکخستن بوو، کە هەر لە زووەوە چەکی پێشمەرگایەتیی هەڵگرتبوو، ئەویش (عەزیز ڕابی) بوو، کە خەڵکی گوندی گەرەوانی دەڤەری ڕواندز بوو. لە شۆڕشدا دیاردەی خیانەت ڕویداوە، بەڵام ئەوەی لە بەرامبەر (عەزیز ڕابی) کرا، ڕەفتارێکی دەگمەن بوو. دوو لە هاوسەنگەرانی، لە شیرینە خەوی پاش هیلاکیی پێشمەرگانە تیرۆریان کرد، بەڵام خۆشبەختانە تاوانبارەکان لە دەستی سزا دەربازیان نەبوو، یەکێکیان بە دەستی برایەکی بە سزای خۆی گەیێنرا، تا ئەو نەنگییە لەسەر خێزانەکەیان لابدات، ئەوەی دیکەشیان بە دەستی شۆڕش لەنێوبرا.

بەسزاگەیاندنی تاوانبارانی تیرۆرکردنی (عەزیز ڕابی) نەبووە هۆی بنبڕیی کردەوەی ناپاك، بگرە دواتر چەند هەوڵێکی لەو شێوەیە دران، کە هەندێکیان ئامانجیان پێکا و هەندێکیشیان شکستیان خوارد. لەنێو ئەو هەوڵانەدا چەندین جار پیلانی تیرۆری سەید سەلیم دانراوە.

## ١٠-٧: لەناو گەمارۆی جاشەکاندا

بەهاری ١٩٧٩ دوو پێشمەرگەی هەرێمی ١٢، لە گوندی سەرانی دەڤەری ڕواندز لەماڵەکەی خۆیان لەلایەن مەفرەزەیەکی جاشەکانی (س. ش)[١٣٣] گەمارۆ دەدرێن و یەکێکیان بە برینداری دەرباز دەبێت. عەبدوڵا سەرانەیی کە لەو گەمارۆیەی جاشەکان بە سەختی بریندار دەبێت، بەم شێوەیە سەربوردەی ڕوداوەکە دەگێڕێتەوە: "لە گوندی مەلەکان بووین، فەرماندەی هەرێمەکەمان سەید سەلیم پێی گوتین پێویستمان بە فیشەکە، لە کوێ دەستمان بکەوێت؟ منیش گوتم مام حەسەن ناوێک هەیە لە گوندی ماویلیان، فیشەکی فرۆشتنی هەیە. سەید سەلیم ٤٠٠ دیناری بۆ کڕینی فیشک ڕادەستی من کرد و گوتی: مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لەگەڵ خۆت ببە و برۆ فیشەک بکڕە. منیش پێم گوت: پێویست بە مەفرەزەی پێشمەرگە ناکات، چونکە ئەو کابرایە مەفرەزەکە ببینێت، ناوێرێت فیشەکمان پێ بفرۆشێت. فەرماندەکەمان قەناعەتی بە قسەکانم هات و منیش داوام لێکرد با (ڕەحمانی حاجی برایمی)ی پورزام لەگەڵم بێت، کە ئەویش لە دەستەی پارێزگاری سەید سەلیم بوو لەگەڵ من، بەڵام سەید سەلیم بەو مەرجە ڕازی بوو، کە شەو لە گوندی سەران لە ماڵی خۆمان نەمێنینەوە، هەر بە گاڵتەش پێی گوتم: قوتەی پیس، بزانم شەو لە ماڵ ماویتەوە سزات دەدەم. فەرماندەکەمان ئەو جۆرە گاڵتانەی لەگەڵ پێشمەرگە زۆربوو، هەریەکە و ناوێکی لێ نابووین، بە منی دەگوت (قوتە). لە دۆڵی مەلەکان بەرەو گوندی سەران بەڕێکەوتین، دەبوو بە کۆڵانی گادەرێ سەرکەوین و ئاوابین بۆ گوندەکانی گەرەوانی سەروو و خواروو، دواتر بەرەو گوندی سەران هەڵکشێین. کێشەی ڕێگامان نەبوو، چونکە شارەزای ئەو ناوچەیە بووین. ئێوارە گەیشتینەوە ماڵ و دایکم نان و چای بۆ سازکردین، ئەو ئێوارەیە هەواڵمان پێگەیشت کە مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە مزگەوتی

[١٣٣] ناوی سەرۆک جاشێکە.

گوندی سەران ماونەتەوە، ئێمەش لە خۆشی دیداری دایکمان و ئەو پێخەفە گەرمەی ماڵەوە، کە سەردەمێک بوو لە ناوی نەنوستبووین، هەڕەشەکەی فەرماندەکەمان لەبیرچوو و شەو لەلای دایکمان ماینەوە. بەیانی زوو کاتێک دایکمان خەریکی ئامادەکردنی چێشتی بەیانی بوو بۆمان، کەسێک دەنگی دابوو پێی گوتبوو: عەبدوڵا لێرەیە؟ دایکم فەرمووی لێکردبوون بهێن نانمان لەگەڵ بخۆن، بەڵام چەکدارەکە پێداگیری کردبوو کە من بچمە دەرەوە، منیش بە (ڕەحمان)م گوت، دە بچۆ بزانە ئەوە کێیە داوای من دەکات. ئەو گەڕایەوە گوتی کوڕە فریابکەوە ئەوە جاشن گەمارۆیان داوین، دەنگی کابرامدا و لێم پرسی کێی زەلام؟ گوتی ئێمە پێشمەرگەی (ئەحمەد فەقێ ڕەش)ین، دەمانەوێت بچینە لای سەید سەلیم. خەریک بوو باوەڕیان پێبکەم! لێم پرسی نامەت پێیە؟ کە دیقەتم دا، جلی خاوێنی شالوشەپکی بەرینی لەبەربوو ئینجا دڵنیابووم ئەوانە جاشن و پێشمەرگە نین. لەگەڵ ڕەحمان بە تەقەکردن لە خانووەکە دەرچووین، ئەوانیش تەقەیان لێکردین من بە تەقەی جاشەکان پێکرام و قاچم بریندار بوو، بە تەقە توانیمان لە گەمارۆی جاشەکان دەربازمان بێت و خۆمان گەیاندە ئەشکەوتێکی خوار گوندی سەران، بە ڕەحمانم گوت: چەکی من دابنێ بڕۆ خۆت دەرباز بکە، با هەردووکمان شەهید نەبین، ئێستا جاشەکان بەدوای شوێنی خوێنی مندا دێن و ئاشکرا دەبین. کە ئەو قسەیەم کرد کاک ڕەحمان دەستی بە گریان کرد و ئامادەنەبوو بەجێم بهێڵێت. شوانێکی خەڵکی گوندی خۆمان ئێمەی لە ئەشکەوتەکە بینی بوو، ناوی (ئەحمەد) بوو، دەچێت خەبەری خاڵم دەدات و ئاو و ترێ لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

سەید سەلیم و هێزەکەی کە دوای ئێمە لە مەلەکان بەرەو گوندی وەرتێ بەڕێ دەکەوێت، ئەو بەیانییە هەواڵی تەقەکردنەکەی گوندی سەرانی پێدەگات یەکسەر دەڵێت: کوڕینە بەخۆ بکەون، دڵنیام ئەوە (عەبدوڵا)یە توشی شەڕ بووە. ئەوان بەڕاکردن بەرەوە گوندی سەران

دێن، تا دەگەنە سەران جاشەکان لەوێ نامێنن و سۆراخی ئێمە دەکات و دەماندۆزێتەوە، کە گەیشتە لامان گوتی: خۆ سەلامەتی؟ و قسەکەی خۆشم لەبیرە، بەڵام با چاک ببیەوە ئینجا بزانە چۆن سزات دەدەم. مەبەستی سەید سەلیم ئەو قسەیە بوو کە بەرلەوی بەڕێ بکەوین، پێی گوتبووین کە شەو لە ماڵ نەمێنینەوە، نەوەک جاشەکان بهێنە سەرمان. کە لە برینداری چاک بوومەوە، یەکەم جار بوو چاوم بە سەید سەلیم بکەوێتەوە و نەک هەر باسی سزادانەکەی نەکرد، بەڵکو گوتی: وەرە وەرە قوتە، ئاشکرام کرد کە کێ لە جاشەکان تەقەی لە تۆ کردووە، ناوی فلانە و خەڵکی گوندی باپشتیانە، ئەگەر بمێنم تۆڵەی تۆی لێدەکەمەوە. مخابن سەید سەلیم ئەو بەڵێنەی لەگەڵ خۆی بردە ژێر گڵ و شەهید بوو."

## ۱۰-۸: هەواڵی شەهیدبوونی حەوێز هیرانی

سەید سەلیم و هێزەکەی (هەرێمی١٢)، تازە لە جەولەی[١٣٤] دەڤەری وەرتێ گەڕابوونەوە دۆڵی مەلەکان، بڕیاربوو چەند ڕۆژێک لەو گوندە پشوو بدەن، پێشمەرگەکان هەریەکە و خەریکی کاری خۆی بوو، لە سەر و ڕیشتاشین و جلشۆردن و تەنانەت بەشێکیان خەریکی خوێندنەوە و قسەکردن بوون بۆ هاوڵاتییانی ئەو گوندە، هێشتا کاتی دابەشبوونیان بەسەر ماڵەکان بە مەبەستی نانی نیوەڕۆ نەهاتبوو، لەولاوە سەید سەلیم لەگەڵ چەند ڕیشسپییەکی گوندەکە وەستابوو قسەی بۆ دەکردن، کەسێکی نەناسراو بەرەو گوند دەهات، ئێشگر خەبەری فەرماندەکەمانیدا بەوەی وا کەسێک بەرەو ئێرە دێت، ئەو کەسە کە گەیشتە ئاوەدانی پرسیاری سەید سەلیم دەکا، کە پێی نیشاندرا ئەو یەکسەر قسەیەکی بە گوێی سەید سەلیمدا

[١٣٤] جەولە: بەو گەڕانەی هێزی پێشمەرگە دەوترا کە لەنێوان گوندەکان ئەنجامیان دەدا، لە چەند ساڵی یەکەمی شۆڕشی نوێ هێزی پێشمەرگە بارەگای جێگیری نەبوو دەبوو پەیڕەو لە پڕەنسیپەکانی خەباتی پارتیزانی بکات، واتا بە بەردەوامی لە شوێنێک نەمێنێتەوە.

چرپاند، لەو کاتەدا کە سەید سەلیم بە پێەوە وەستابوو یەکسەر دادەنیشێت، ئەو دیمەنە پێشمەرگەی دێرین عەبدوڵا سەرانەیی، کە لەو کاتەدا لە پێشمەرگەکانی دەستەی پارێزگاری سەید سەلیم دەبێت، بۆی گێڕاینەوە، ئەو دەڵێت: سەید سەلیم دوای ئەوەی کەسەکە بەڕێدەکات، یەکسەر دەڵێت: پێشمەرگەکان کۆبکەنەوە دەڕۆین"، ئەو بڕیارە کتوپڕە مقۆمقۆ لەنێو پێشمەرگەکان دروست دەکات، چونکە ئەوان تازە لە جەولەیەکی دوور گەیشتبوونە مەلەکان، بڕیاریش بوو چەند ڕۆژێک لەوێ بمێننەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەوان سەید سەلیم دەڵێت: "ئێستا هەواڵی شەهیدکردنی (حەوێز هیرانی)م پێگەیشت، دەبێت هەرچی زووە بگەینە شوێنی ڕوداوەکە، لەوە زیاتر بۆ پێشمەرگەکان نادرکێنێت، کە لەکوێ شەهیدبووە و کێ شەهیدی کردووە، بەڵام سەید سەلیم دەیزانی بۆ گەیشتن بە شوێنی ڕوداوەکە دەبوو ڕێگایەکی دوور ببڕێت، بۆیە سەرپێیی فەرماندەکان کۆدەکاتەوە و وردەکاریی ڕوداوەکە و چوونیان بۆ دۆڵی هیران و نازەنین بۆ باس دەکات، هەمووان ڕادەسپێرێت کە بە هۆشیارییەوە بڕۆن، چونکە لەو کاتەدا ڕژێم بۆ دەستوەشاندن لە هێزی پێشمەرگە لەسەر ڕێگا سەرەکییەکان بۆسەی دادەنا، حەوێز هیرانیش بەم شێوەیە لە گوندی کاموسەک کەوتبووە بۆسەی جەیش و جاشەکان.

دوابەدوای بڕینی ڕێگای پڕ مەترسی لەسەر شەقامی سەرەکیی بالیسان و سەرکەوتن و دابەزین بەسەر چیای هەورێ و هێزەکە دەگاتە گوندی کونەفلوسە، لەوێوە گیرنابن تا دەگەنە گوندی نازەنین، عەبدوڵا سەرانەیی دەگێڕێتەوە کە دوای ئەوەی هێزەکەیان دەگاتە گوندی نازەنین سەید سەلیم کە هێشتا تووڕەیی و نیگەرانیی زۆری شەهیدبوونی حەوێز هیرانی پێوەدیار بوو، دەنێرێت بەدوای موختاری گوندی نازەنین، کاتێک موختار دەگاتە مزگەوتی گوندی نازەنین و چاوی بەو هێزەی پێشمەرگە دەکەوێت دەزانێت دۆخەکە ئاسایی نییە، سەید سەلیم ڕوو لە موختار دەکات و پێی دەڵێت: "بڕۆ ئەو پەیامەی من بگەیەنە سەرۆک جاش (کانەبی

چاوشین)[135] پێی بڵێ سەید سەلیم و هێزەکەی لە گوندی نازەنینن ئەگەر خۆی و حکومەتەکەی بە پیاو دەزانێت با بێنە سەریان، ئەگەرنا شەرت بێت نابێت تاوانی شەهیدکردنی حەوێز هیرانیان بەسەردا تێپەڕێت" هەمووان دەیانزانی کە ئەو قسانەی سەید سەلیم، لە داخی شەهیدبوونی کادیر و فەرماندەیەکی خۆشەویستی ناوچەکە بوو؛ ئەگەرنا لەو سەردەمەدا لەبەر نابەرابەریی هێز، دەبوو پێشمەرگە خۆی لە شەڕی دوژمن لابدات، نەک بەم جۆرە هەڕەشە لە هێزەکانی ڕژێم بکرێت.[136]

## ١٠-٩: کێ بوو گوتی بەلاغی شەهیدبوونی سەید سەلیم ناخوێنمەوە؟

زۆربەی زۆری ئەو پێشمەرگانەی کە چەکی خەباتیان هەڵگرت بوو ئەو ڕۆژەیان لەبەرچاو بوو کە شەهید دەبن، ئەوان لەگەڵ دوژمنێکی بەهێز لە ڕوبەڕوبوونەوە دابوون کە داگیرکەری کوردستان و زۆر جاریش دەبوو شەڕی خیانەتی ناوخۆییش بکەن. ئەوە بۆ هەموو قۆناغێکی شۆڕشی گەلی کوردستان ڕاستبوو، بەڵام لە قۆناغی شۆڕشی نوێ ئەرکی پێشمەرگایەتیی چەند بار قورستر بوو، چونکە ڕژێمی بەعس لە غروری سەرکەوتنی دوای کۆتاییهێنانی شۆڕشی ئەیلولدا بوو، دێهاتە سنورییەکان کە هەمیشە پشتوپەنای هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕش ڕاگوێستران. نائومێدی خەڵک لە سەرهەڵدانەوەی شۆڕش وایکرد خەڵکێکی زۆر خۆیان بدۆڕێنن و بکەونە خزمەتی ڕژێم. لە بەرامبەردا دەبوو پێشمەرگە بە چەکی خۆی درێژە بە خەبات بدات. ژیانی پێشمەرگایەتی کە لە دەستپێکدا مەفرەزەی بچوک بچوک بوو، ئەرکێکی سەخت بوو، ڕژێم بە هەموو شێوازێک بەدوای پێشمەرگەوە بوو، چەندین پێشمەرگە لە خەودا لەلایەن هاوسەنگەرەکانیان شەهیدکران، ڕوداوی

---

[135] سەرۆک جاشێکە کە لەو بۆسەیە بەشداری کردووە، کە بۆ حەوێز هیرانی دانرابوو.
[136] دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین عەبدوڵا سەرانەیی، ٢٠٢٣/١٢/٢٠.

شەهیدکردنی (عەزیزی ڕابیێ) لەلایەن دوو لە هەڤاڵەکانی ئەزمونێکی خراپی بێمتمانەیی بوو لە ناوچەکەی ئێمە، دواتریش ئەو حاڵەتە لەشوێنی دیکە چەند بارەیە بووەوە، لە کەشێکی ئەوهادا پێشمەرگە دەبوو هەمیشە مەرگی خۆی لە پێشچاو بێت، سەید سەلیم لەو ڕۆژەی پەیوەندی دەکاتەوە بە شۆڕشی نوێ هەمیشە کراوەتە ئامانجی تیرۆرکردنی دەزگاکانی ڕژێم، وەک باسمان لێوەکرد دوو جار خەڵک لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان ناردراوە بۆ تیرۆرکردنی، لە چەندین شەڕ و داستان بە ڕێکەوت دەربازیببوو. چەند مانگێک بەر لەوی شەهید بکرێت لە کاتی گەڕانەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بارەگای سەرکردایەتی لە گوندی (بێدەلان) دەمێنێتەوە. کاتێک هێزەکانیان ڕادەسپێردرێن کە جەولەیەکی خۆشناوەتی بکەن، بارزان مەلا خالید، کە لەو سەردەمە کادیری ڕاگەیاندن دەبێت، داوایەک لە سەید سەلیم دەکات، ئەویش بەڕاداندانی قاتێکی مرادخانی بۆی، پێی دەڵێت: "سەید سەلیم ئەو قاتەم بۆ ڕەوانەنەکەی شەهید بیت بەلاغەکەت ناخوێنمەوە".[١٣٧]

سەید سەلیم، لەو جەولەیە کە بۆ ناوچەکانی خۆشناوەتی ئەنجامی دەدەن شەهید دەبێت، بەڵام بارزان هەڕەشەکەی هەر بۆ گاڵتەی نێوانیان بووە، مەبەستیشی بووە قاتێکی تازەی دەستکەوێت، بەڵام قاتەکەی دەست نەکەوت و بە حەماسەتێکی زۆریشەوە بەلاغی شەهیدبوونی هەریەک لە (سەید سەلیم و شینەی بۆڵی) خوێندەوە، کە دەنگی ئەو بەلاغە لە ئێستادا لەبەردەستە.

[١٣٧] نوسەر لە زاری بارزانی مەلا خالیدی وەریگرتووە.

**بەشی یازدەم: ساڵی ١٩٧٩ دوایین ساڵی تەمەنی سەید سەلیم:**

١١-١: گفتوگۆی شۆڕش و بەعس

١١-٢: گفتوگۆی سۆسیالیست و ڕژێم

١١-٣: شەڕی سماقولی و شکستی گفتوگۆکان

## بەشی یازدەم: ساڵی ١٩٧٩ دوایین ساڵی تەمەنی سەید سەلیم

### ١١-١: گفتوگۆی شۆڕش و بەعس

هەر لەسەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ و خەباتی چەکداری، ڕژێمی بەعس هەوڵی داوە کەناڵەکانی گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕش بکاتەوە، یەکەم هەوڵ لە ڕێگای شیخ محەمەدی لۆلان بووە، نەوشیروان مستەفا لە کتێبی (لە کەناری دانوب-ەوە بۆ خڕی ناوزەنگ)، سەبارەت بە خواستی ڕژێمی بەعس بۆ کردنەوەی کەناڵی گفتوگۆ و هەڵوێستی سەرکردایەتیی (ی. ن. ک) بە تایبەت باڵی بزوتنەوە نوسیویەتی:

"عێراق بە هۆی شێخ محەمەدی لۆلان وەڵامی بۆ سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناردبوو بۆ گفتوگۆ. سەرکردایەتیی بزوتنەوە هەر لە سەرەتاوە کە هاتبوونە شاخ، بە هیوا بوون ئەوە ببێتە گوشار بۆسەر بەعس و ناچار بێ بۆ گفتوگۆ و ڕێککەوتن."[١٣٨]

بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بە کاریگەریی بیروباوەڕی سەیدا ساڵح یوسفی، بڕوای بە گفتوگۆ و دانوستان بوو بۆ چارەسەری پرسی کورد. هەوڵی نێوەندگیریی شێخ محەمەدی لۆلان دانیشتنی ڕاستەوخۆی سەرکردایەتیی شۆڕش و ڕژێمی بەعسی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٧ لێدەکەوێتەوە، بەڵام چونکە ڕژێمی بەعس جدی نەبووە لە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد ئەو هەوڵە شکست دەهێنێت.

سەرکردایەتیی شۆڕشەکانی کورد هەرگیز دەرگای دانوستانیان لە بەرامبەر ڕکابەرەکانیان دانەخستووە، چونکە ئەوان باوەڕی تەواویان بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هەبوو، بەڵام دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان پرسی دانوستانیان هەمیشە وەک مانۆڕێکی سیاسی

---

[١٣٨] نەوشێروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، چاپی یەکەم ١٩٩٧، ل ١٣٨.

بەکارهێناوە، کە لاوازبوونە داوای دانوستانیان کردووە، کاتێکیش دەستی خۆیان بینیوە ئامادەنەبوونە لەگەڵ بەرامبەرەکەیان دابنیشن.

هەر سەبارەت بە دانوستانیش ڕەخنەی ئەوە لە لایەنی کوردی دەگیرێت کە لە هونەری دانوستان لاوازە، لەمبارەیەوە دەگوترێ کورد ئەوەی لەشەڕ بە دەستی دەهێنێت، لە دانوستان لەدەستی دەدات.

پرسێکی دیکە لە دانوستان ئەوەیە کە دوژمنانی کورد لە کاتی دانوستان پەنایان بۆ تیرۆر و تەسفیەی نەیارانیان بردووە، لە نمونەی هەوڵی تیرۆری مستەفا بارزانی، تیرۆری سەیدا ساڵح یوسفی، تیرۆری عەبدولڕەحمان قاسملو، شەرەفکەندی. لە بەشی داهاتوو تێدەگەین کە سەید سەلیم چۆن دەبێتە قوربانیی دانوستانی ڕژێم و حسیک.

## ١١-٢: گفتوگۆی سۆسیالیست و ڕژێم

دوای جیابوونەوەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕۆژانی (٣-١٩٧٩/٨/٦) لە گوندی گۆڕەشێر "بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان"، کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجام دەدەن، کە نزیکەی (١٥٠) کەس تێیدا ئامادەبوون، پاش گفتوگۆ و تاوتوێکردنی کۆمەڵێک پرس، بڕیاری یەکگرتنی ئەو دوو ڕێکخراوە دەدرێت، بۆیە لە ئەنجامی یەکگرتنی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و لیژنەی ئامادەکاری پارتی دیموکراتی کوردستان)، حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسیک)، دادەمەزرێت و یەکەمین ڕاگەیەندراوی ئەو حزبە لە ١٩٧٩/٨/٨ بڵاودەکرێتەوە.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٩، هەریەک لە دکتۆر محمود عوسمان و عەدنان موفتی بە

نوێنەرایەتیی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بۆ دانوستان لەگەڵ ڕژێمی بەعس دەچنە بەغدا، سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو دانوستانە لە کۆبوونەوەیەک کە بۆ پێشمەرگەکان ئەنجام دراوە، سەید سەلیم بەم شێوەیە باس لە پرۆسەی دانوستانەکە دەکات: "ئێمە لەژێر کاریگەریی بیری سەیدا ساڵح یوسفی بڕوای تەواومان بە دانوستانە، دانوستان وەک بەشێک لە خەبات سەیر دەکەین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەمان."

هەر لەو کۆبوونەوە فراوانەیدا کە سەید سەلیم تێیدا قسە بۆ پێشمەرگەکان دەکات، لە پاڵ بابەتی دانوستان باس لە دیسپلینی حزبی دەکات، نمونەی ئەوە دەهێنێتەوە کە ئەوان لەناو سەنگەر کۆبوونەوەی حزبیان کردووە و ئابوونەیان داوە بۆیە گرنگە پێشمەرگە هۆشیار بێت و گرنگی بە خوێندنەوە بدات.

سەید سەلیم، جگە لە تەوەری دانوستان کە کاتێکی گرنگی نەدوەکەی بۆ تەرخانکردبوو، باسی لە ئەرکی پێشمەرگایەتی و پابەندبوونی پێشمەرگە بە بڕیار و ڕاسپاردەکانی سەرووی خۆی کردووە، هەر بە نمونەش ناوی چەند فەرماندەیەک دەهێنێت. ئەو کاسێتە دەنگییە کە قسەکانی سەید سەلیم، ئەندامی مەکتەبی عەسکەری لەسەر تۆمارکراوە، لە ئەرشیفی ئێمەدا پارێزراوە.

## ٣-١١: شەڕی سماقولی و شکستی گفتوگۆکان

لە (١٩٧٩/١٢/٢٠)، هێزێکی زۆری پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، کە پێکهاتبوو لە هەرێمەکانی (١٠ی سەفین بە فەرمانده‌یی شینەی بۆڵی، ١١باواجی بەکر حەمە، ١٢ی هەندرێن بە فەرماندەیی سەید سەلیم، ١٤ ئاکۆ عەولاسور، هەرێمی ١٥ بە فەرماندەیی حەمەسور) کە نزیکەی ٣٥٠ پێشمەرگە دەبوون، هەموو هێزەکە

لەلایەن سەید کاکە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری و سەید سەلیم ئەندامی مەکتەبی عەسکەری و سەرپەرشتیاری هەرێمەکان، سەرپەرشتی دەکران، ئەو هێزە لە دەڤەری خۆشناوەتی لە بەسەرکردنەوەی گوندەکانی ئەوە دەڤەرە دابوون، بوونی ئەو هێزە زۆرەی پێشمەرگە لە دەڤەرەکەدا جێگای خۆشحاڵی جەماوەری ناوچەکە بوو، لەخۆبوردەیی و رێکوپێکیی پێشمەرگە و لێهاتوویی کەسایەتیی فەرماندەکانیان موچرکی شادی و تەزوی خۆشی بەجەستە و رووخسارياندا دەهات، لە هەمووی زیاتر خۆشحاڵبوونیان لە رووی مەعنەوی بە بەرگریکردن لێیان پاڵپشتیەکی گەورەبوو، بۆ دوژمنانیش جێگای نیگەرانی و هەراسانی و لەرز و تۆقین بوو، بۆیە دوژمن کەوتبووە پیلاندانان بۆ زەبرلێدانی ئەو هێزەی پێشمەرگە، رۆژی ۱۹۷۹/۱۲/۱۸، هێزێکی زۆری جاشی نارده ناوچەکە لە دەورووبەری هەردوو گوندی (زێوە و هەرتەل) ئەو هێزە کە بریتیبوون لە جاشەکانی ئەنوەر بەگی بێتواتە، کەوتنە بەر پەلاماری پێشمەرگە و بە زەلیلی و تێشکاوی، بە راکردن ناوچەکەیان جێهێشت، هەر لەو ساتە دوژمن بۆ دەستوەشاندن لەو هێزەی پێشمەرگە بیری لە پیلانی فراوانتر کردەوە، دوژمن تێگەیشت کە شەری ئەو هێزەی پێشمەرگە بە جاشەکان ناکرێت.

هەر لەمبارەیەوە، نەوشیروان مستەفا نوسیویەتی: "سەرەتای تشرینی دووەمی ۱۹۷۹، دەستەی نوێنەرانی حسیک کە پێک هاتبوو لە د. مەحمود و عەدنان موفتی، لە قەڵادزەوە بران بۆ کەرکوک و لەوێشەوە بۆ بەغدا. لەم چوونەدا سەعدون شاکر، وەزیری کاروباری ناوەخۆ و د. فازیل بەراک بەرێوەبەری ئاسایش و دوای ئەوانیش سەدام حوسێنیان بینی بوو".[١٣٩]

نەوشیروان مستەفا نوسیویەتی: "پێناچێت هیچ لایەکیان پرۆژەیەکی دیاریکراوی هەبوبێ بۆ چارەسەری کێشەی کورد. بەپێی زانیاریەکان سەدام حوسێن کە هەمووی چەند مانگێک بوو لە

[١٣٩] نەوشیروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ.

پرۆسەی کودەتایەکی سپی کە دژ بە ئەحمەد حەسەن بەکر ئەنجامی دابوو ببووە، سەرۆک کۆماری عێراق داوای لە شاندی حسیک کردبوو دەستبەرداری خەباتی چەکداری ببن".[140]

هەریەک لە حزبی شیوعی عێراق کە هەمووی چەند مانگێک بوو هاوپەیمانیەکەیان لەگەڵ بەعس شکستی هێنابوو و بەشێکیان هاتبوونەوە شاخ، هەروەها یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دژ بەو دانوستانەی حسیک و ڕژێم بوون. سەرەنجام شەڕی سماقولی کۆتایی بە پرۆسەی دانوستانی نێوان حزبی سۆسیالیستی کوردستان و ڕژێمی بەعس هێنا.

[140] هەمان سەرچاوە.

**بەشی دوازدەم: داستانی سماقولی:**

١٢-١: نمایشی هێزی سەربازی

١٢-٢: لە گوندی سماقولیی گرتک هەمان بەزم ڕودەدات

١٢-٣: ئەو سەربازانەی لە کۆپتەر دابەزێندران چۆن ڕەوانەی دۆزەخ کران؟

١٢-٤: کاتێک شەهید شینەی بۆڵێ بەرنامەی پەلاماری تانکێک دادەنێت

١٢-٥: بۆچی شەهید سەید سەلیم داوایکرد بیکوژن؟

١٢-٦: تێکشاکندنی سریەی (ئەلعەزم)ی مغاویر لە سماقولی

١٢-٧: چەند زانیاریەکی دیکە سەبارەت بە گرنگی داستانی سماقولی

١٢-٨: داستانی سماقولی لە زاری ئەوانی دیکەوە

## بەشی دوازدەم: داستانی سماقولی

### ١٢-١: نمایشی هێزی سەربازی

ئەو هێزەی پێشمەرگە بەردەوامبوون لە سوڕانەوە لە ناوچەکەدا، دیارە ئەو هێزە بەو ژمارە زۆرەی پیشمەرگە لەوێ ڕۆژێدا کە هەلومەرج تا ڕادەیەک لەبارنەبوو پێشمەرگە بە هێزی زۆرەوە بسوڕێتەوە. هەمیشە دوژمن چاودێریی وردی دەکردن و هێزی دەنارده سەریان، هێزی پێشمەرگەش زۆر جار خۆی دەپاراست لە شەڕی نابەرابەر، بەڵام سوڕانەوەی ئەم هێزە مەبەستی تایبەت و دیاریکراوی خۆی هەبوو و بەرنامەی بۆ کێشرابوو، ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٢٣، ئەو هێزە گەیشتە دۆڵی سماقولی و لە گوندەکانی (سماقولیی گرتک و سماقولیی سەروچاوە) دابەش دەبن، هەریەک لە "عەوڵاسور، شینەی بۆڵی، ئەحمەدخان، موحسن بایز، سەرباز کۆیی، عەلی کۆ، حەسەن بۆڵی" لەگەڵ تەواوی پێشمەرگەکانیان لە گوندی سماقولیی گرتک دەمێننەوە، ئەو هێزەشی کە دەچنە سماقولیی سەروچاوە بە سەرکردایەتیی هەریەک لەسەید کاکە و سەید سەلیم دەبێ و ئەم فەرماندانەشیان لەگەڵ دەبێ (عەوڵابۆر، مامۆستا ئەمین، مەغدید بناوی، بورهان بلەیی، حەمەسور کانی کوردەیی، بەکر حەمە، مەلا کەمال، حەمە حەمید) و تەواوی پێشمەرگەکانیان.

کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی ١٢/٢٤ کاتێک ئەوهێزە لە هەردوو گوندی سماقولیی گرتک و سماقولیی سەروچاوە دەبن، ئەو پێشمەرگانەی لە سماقولیی سەروچاوە پاسەوان و نۆبەتکاربوون فەرماندەکەیان (سەید سەلیم) لە جموجۆڵی دوژمن ئاگاداردەکەنەوە، ئەویش هەر زوو فەرمان دەدات کە پێشمەرگە گوند چۆل بکەن بۆ ئەوەی لە شەڕدا زیان بە گوند و گوندنیشینان نەگات و پاڵبدەن بە بناری چیای (ئاوەگرد).

## ١٢-٢: لە گوندی سماقولیی گرتك هەمان بەزم ڕودەدات

لە هەمان کاتدا دوژمن لەوێ با ئاشکراتر هەوڵی دابەزاندنی سەرباز دەدات لە ڕێگەی ئەو کۆپتەرانەی سەربازەکانیان بۆ مەیدانی جەنگ دەگواستەوە، فەرماندەکانی پێشمەرگە لەوێش بڕیاردەدەن هەرچی زوو پێشمەرگە خۆی بگەینێتە شاخ، بەڵام هەڵکەوتەی سماقولیی گرتک لەگەڵ سماقولیی سەروچاوە جیاوازە، لە گرتک چیاکە دوورترە، دوژمنیش لەوێ سەربازی لە نزیک پێشمەرگە دابەزاندبوو، هەرچی سماقولی سەروچاوەیە لەپاڵ چیای ئاوەگردە دوژمن هێزەکەی لەسەر چیای ئاوگرد و لە بەرامبەر گوند دابەزاندبوو.

پێشمەرگەکانی قۆڵی سماقولیی گرتک زووتر توشی پێکدادانی دوژمن دەبنەوە، هەر لەو کاتەی ٤ لە کۆپتەرەکان خەریکی دابەزاندنی هێزی مغاویر دەبن، پێشمەرگە لێیان دێنە دەست و تەواوی هێزەکە لەناو دەبەن، شایانی باسە دوژمن لە ڕێگای ٦ کۆپتەرەوە ویستویەتی هێز بۆ گەمارۆی پێشمەرگە دابەزێنێت و لە پشتی هێزەکەی مغاویریش هێزی دیکەی سەربازی پیادە و جاش بەرەو مەیدانی شەڕ بەڕێکرابوون.

**سەید سەلیم چۆن هێزەکەی دابەشکرد؟**

دوای ئەوەی دوژمن بە هێزێکی زۆر و بە پاڵپشتی تانک و زرێپۆش بەرەو سماقولیی سەروچاوە دێت، لەسەر چیای ئاوەگردیش لە ڕێگای کۆپتەرەکانەوە هێز دادەبەزێنێت، سەید سەلیم لەو کاتەدا ئەرکی سەرپەرشتیاری هەر چوار هەرێمەکەی لەلایەن سەرکردایەتییەوە پێ سپێردرابوو، فەرمان بە پێشمەرگەکان دەکات لە دامێنی چیای ئاوەگرد سەنگەر بگرن، لەو کاتەدا چەند دەستەیەک لە پێشمەرگە ڕادەسپێرێت کە لە بەرزاییەکانی ئاوەگرد پەلاماری دوژمن بدەن، هێزەکەی دوژمن ناتوانێت خۆی لەبەردەم پەلاماری پێشمەرگە بگرێت، بەرزاییەکان چۆڵ دەکەن و لە دوای خۆیان کوژرار و بریندار جێدەهێڵن.

لەو بارەیەوە پێشمەرگەی دێرین سەید ڕێباز مستەفا، کە یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی

بەشداری داستانەکە بووە و لەگەڵ سەید سەلیم بریندار بووە، لە هەڤپەیڤینێکدا کە لە ژمارە (١٦)ی گۆڤاری چیادا[١٤١] بڵاوکراوەتەوە، لە بەشێکدا بەمشێوەیە باسی ڕوودانی داستانەکەی کردووە:

"هێزی ئێمە بە پانایی ئاقاری گوندی سماقولیی سەروچاوە بەرەو بەرزاییەکانی چیای ئاوەگرد هەڵکشا، من لەگەڵ شەهید سەید سەلیم دەڕۆیشتم، زۆر زوو گەیشتینە سەر بەرزاییێک، کە هەم بەسەر دۆڵی سماقولییدا دەڕوانی و هەم سەر ترۆپکی چیای ئاوەگردیشی لێ دیاربوو، سەیرمانکرد لە ڕێگای (سوسێ) هێزیکی زۆری ڕژێم بەرەو دۆڵی سماقولی بەڕێوەیە، کۆپتەرەکانیش بەردەوام هێزیان لە بناری بەنەباوی و پێ بەپێ بەرەو گوندەکانی سماقولی جێگیر دەکرد. لە لای شاخی باواجی و کۆیەشەوە بە هەمان شێوە، سەیری سەرچیاشمانکرد لە لای هیران و نازەنینیشەوە هێزێک ئەو چیایەی گرتبوو. بەمجۆرە لە هەموو لاوە هێزەکەی پێشمەرگە لە هەردوو گوندەکە کەوتە گەمارۆی هێزی زۆری دوژمن، کۆپتەرەکانیش بە بەردەوامی هێزی تازەیان بۆ مەیدانی جەنگ دەگواستەوە، ئێمە گەیشتینە سەر بەرزاییەکە، شەهید سەید سەلیم دووربینەکەی لێوەرگرتم و بەووردی سەیری هەموو لایەکی کرد، بەزەردە خەنەیەکی خۆشحاڵانە گوتی: "ئەمڕۆ ئەم ناوچەیەیان لێدەکەین بە دۆزەخ".

## ١٢-٣: ئەو سەربازانەی لە کۆپتەر دابەزێندران چۆن ڕەوانەی دۆزەخ کران؟

پێشمەرگەکانی قۆڵی سماقولیی گرتک فریای پاشەکشکردن بەرەوە شاخ نەکەوتن، بۆیە دەبوو بوار نەدەن ئەو هێزەی لە کۆپتەرەکان دادەبەزێت جێگیربێت و خۆی قایم بکات.

شەهید محسن بایز، کە لەو کاتەدا جێگری فەرمانداەی هەرێمەکەی شەهید عەوڵاسور

[١٤١] گۆڤارێکە، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دەریدەکات.

دەبێ لە دیمانەیەکدا کە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لە یادی ٢٤/ ١٩٧٩/١٢، لەگەڵیان ئەنجام درابوو بەم شێوەیە باسی گەمارۆدانی هێزەکەی دوژمن دەکات: "بریارەکە وابوو بەرەو چیا بکشێینەوە، بەڵام تەنیا هێزکەی شەهید سەرباز توانیان بگەنە سەر بەرزاییەکان، ئەوەشیان بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، چونکە ئەو هێزە توانی ڕێگربێت لە دابەزاندنی سەرباز لە ڕێگەی کۆپتەرەکانەوە، هێزەکەی ئێمەش کە لە نزیک گوند بووین لەگەڵ ئەو هێزە ڕوبەڕوبووینەوە کە چوار کۆپتەرەکە دایبەزاندن و دوو لە کۆپتەری دیکەش پارێزگاری لێدەکردن، بەڵام هەرزوو پێشمەرگەکان لەو هێزەی دوژمن هاتنە دەست و بە تەواوی لەناویان بردن، لە دیوەکەی دیکەش دوژمن لە دابەزاندنی سەرباز سەرکەوتوو نەبوو، بەم شێوەیە تا دوای نیوەڕۆ لە ڕێگری و لە پەلاماری هێزی دوژمن سەرکەوتوو بووین و دوژمنیش زیانێکی یەکجار زۆری بەرکەوت، هەر ئەو کاتە گوێ بیستی بۆردومانی فرۆکە و تەقەی زۆر بووین لە گوندی سماقولیی سەروچاوە، ئەوسا زانیمان کە هێزەکەی دیکەشمان ڕوبەڕوی شەڕ بووەتەوە".[١٤٢]

**کۆپتەرەکە چۆن گەیشتە سەرسەنگەرەکەی سەید سەلیم؟**

سەبارەت بە چۆنیەتی برینداربوونی شەهید سەید سەلیم، ڕێباز مستەفا لە دیدارەکەیدا لەگەڵ گۆڤاری (چیا) وەها باس دەکات: "شەهید سەید سەلیم سەرپەرشتی پێشمەرگەکانی دەکرد و ڕێنوێنی دەکردن، من لەتەکی ڕاوەستابووم، لەسەر چیای پشتمان تەقەمان لێکرا، ئەو بەردەیان پێکا کە شەهید لەسەری وەستابوو، ئەو سەرقاڵی مەیدانی شەڕ و دانانی بەرنامە و تاکتیکی شەڕەکە بوو، پێم گوت: لاموایە لەسەر چیا بەسێرە تەقەمان لێدەکەن، لەسەر بەردەکە هاتە خوارەوە و گوتی: هیچ نییە، لەو دەمەدا کۆپتەرەکان زۆر نزیک بوونەوە، یەکێک لە کۆپتەرەکان یەکڕاست ڕووە و ئێمە هات، دووبەردی تاڕادەیەک گەورە لە پاڵ یەکبوون،

[١٤٢] لە نوسینێکی بەکر حەمە فەرماندەی پێشمەرگە لەو داستانە وەرگیراوە.

شەهید سەید سەلیم قۆڵی گرتم و پێکەوە لەنێو هەردوو بەردەکە ڕاکشاین، سەیری کۆپتەرکەی دەکرد، کە تەواو گەیشتبووە سەرمان، کاتژمێر یازدەونیوی تەواو بوو، کۆپتەرکە بێئەوەی بخولێتەوە بەسەرمانەوە ڕاوەستابوو، تەقەی لێکردین و هەردووکمان بریندار بووین، لەگەڵ تەقەکە دەوروبەرمان تەواوی بوو بە تۆز و دوکەڵ."[١٤٣]

## ١٢-٤: کاتێك شەهید شینەی بۆڵێ بەرنامەی پەلاماری تانکێك دادەنێت

لە قۆڵی گرتک بارودۆخی شەڕ لە بەرژەوەندیی پێشمەرگەیە، هێزی پەلامادەری دوژمن شکستی خواردووە، هەر لەو دیمانەیەدا شەهید موحسن بایز دەگێڕێتەوە: (هێزەکەی دوژمن لە دامێنی گوندی سماقولیی گرتک خەریکی خۆڕێکخستنەوە بوون تا بێن برینداراەکانیان دەرباز بکەن و تەرمی سەربازە کوژراوەکانیان ببەنەوە، هەموویان لە دەورەی زریپۆشێک کۆببوونەوە، بڕیارماندا ئێمە دەستپێشخەری بکەین بۆ هێرشکردنە سەر ئەو هێزەی دوژمن، لە دوولاوە پێشمەرگە خۆی بۆ پەلامارەکە سازکردبوو، لە پڕ شینەی بۆڵی بە تەقەی بیکەیسی سەر تانکەکە پێکرا و دەمودەست گیانی لەدەستدا و شەهید بوو، بەهۆی شەهیدبوونی شینەی بۆڵی و سەرقاڵی پێشمەرگەکان بە گواستنەوەی تەرمی فەرماندەکەیان نەمانتوانی پلانی هێرشەکە جێبەجێ بکەین و ناچار بووین خۆمان کۆبکەینەوە، لەو قسانە دابووین دەبینین شەهید عەولاسور دیارنییە و کەسیش سۆراخی نازانێت.

**دیارنەمانی شەهید عەولاسور:**

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕ لە گوندی سماقولیی گرتک، شەهید عەولاسور دەزانێت پێشمەرگە فریای پاشەکشەی چیا ناکەون، ئەو بە تەنیا شوێنێک بۆ بەرگری هەڵدەبژێرێت،

[١٤٣] دیمانەی نوسەر و پێشمەرگەی دێرین ڕێباز مستەفا ٢٠١٢١/٩/٧.

ئەویش ناو مزگەوتی گوندی گرتک دەبێ. لەو بارەیەوە شەهید موحسین بایز دەڵێت: "ئێمە کێشەی کەمی فیشەکمان بۆ دروستبوو، لە ڕێگەی هاوڵاتییەکی گوندی ئاگادارکراینەوە کە شەهید عەوڵاسور بە تەنیا لەناو مزگەوتە، کە چووینە لای پێی گوتین: وابزانم چەند سەربازێکم لێرە کوشتووە بچن فیشەکەکانیان بهێنن، کە چووین دەبینین ٢٥- ٢٦ سەربازی کوشتبوو". شەهید عەوڵاسور لەناو پەنجەرەی ئاودەستەکانی مزگەوت خۆی دانوساندبوو، تا هێزی دوژمن لێی نزیک بووەتەوە ئینجا دەستی لێوەشاندوون.

شەهید عەوڵاسور هەشت کاتژمێر لە هەڤاڵەکانی دادەبڕێت و بە تەنیا بەر بە پەلاماری دوژمن دەگرێت و ئەو هەموو سەربازە دەکوژێت.

## ١٢-٥: بۆچی شەهید سەید سەلیم داوایکرد بیکوژن؟

دوای ڕەوینەوەی تۆز و دوکەڵ لەسەریان، سەید ڕێباز کە لەتەک شەهید سەید سەلیم بریندار دەبێ، توانیبووی خۆی بگەینێتە نزیک شەهید سەید سەلیم و بیدوێنێ. سەید ڕێباز دیمەنی ئەو ساتەوەختە وەها دەگێڕێتەوە: "دوای ئەوەی تەپوتۆزەکە نیشتەوە، سەیرمکرد شەهید سەید سەلیم لە پەنای بەردەکە نەماوە خوێنیکی زۆری بەدوادا ڕژابوو. من بە شوێن خوێنەکە خۆم خشاند، چەند سەد مەترێک زیاتر نەڕۆیشتبوو، لەناو دەوەنێک ڕاکشابوو، کە گەیشتمە لای گوتی: هاتی! دوایی پرسی: برینەکەت چۆنە؟ گوتم: باشم، بەڵام خوێنم ڕاناوەستێ. پرسی: ئەی ئەو هەموو تەقەیە چییە؟ گوتم: نازانم. گوتی: ڕەنگە دوژمن لەسەر چیاوە هێرشی هێنابێ، وەرە لێم نزیک بەوە من هیچ جوڵەم نەماوە، بەم دەمانچەیە یەکەمجار من بکوژە، گولەیەک بنێ بەسەرمەوە، نەهێڵیت بەزیندویی بکەومە دەستی دوژمن، ئینجا خۆشت. دەرکەوت ئەو تەقەیە زیاتر هی هێزی پێشمەرگە بوو، کە بەردەوام تەقەیان لە

کۆپتەرەکان دەکرد، ئێمە لەنێو ئەو دەوەنە ڕاکشابووین، لەو دەمەدا عەوڵابۆر و چەند پێشمەرگەیەک گەیشتن، شەهید سەید سەلیم چاوی هەڵێنا و گوتی: عەبدوڵا هاتی؟ عەوڵابۆر گوتی: خاڵە سەید برینەکەت چۆنە؟ گوتی: من تەواو، بوومە سەدەقەی کوردستان. شەهید سەید سەلیم وا وەڵامی عەوڵابۆری دایەوە."[144]

- **کاتێک شەهید ئەحمەدخان دەگاتە سەرتەرمی شەهید شینەی بۆڵی!**

دوو دیمەنی زۆر لەیەکچوو، وەک ئەوە وایە سیناریۆی فلیمەکەی هۆلیۆد بووبێت: لەوێ عەوڵابۆر بە هانای سەید سەلیم دەچێ؛ لەولاشەوە ئەحمەدخان دەگاتە سەر تەرمی شینەی بۆڵی. دواتر هیچ یەک لەو فەرماندە قارەمانانە دەستیان لە کوشتنی دوژمن شل نابێت، بگرە لە تۆڵەی شەهیدبوونی دوو فەرماندە خۆشەویستەکەیان (شینەی بۆڵی، سەید سەلیم)، مەیدانەکە دەکەنە گۆمی خوێن.

هێشتا شەهید عەوڵاسور نەیزانیوە کە ئەو دوو هاوڕێ خۆشەویستەی شەهیدبووینە، ئەگینا لە تۆڵەی ئەوان نەک هەر ٢٦ سەرباز، بگرە دەیانی دیکەی بەرەو دۆزەخ ڕەوانە دەکرد. لێرە لەم قۆڵەی شەڕ هەریەک لەو فەرماندانە ڕۆڵی بەرچاو لە تێکشاندنی هێرشی دوژمن دەبینن: (عەوڵاسور، شینەی بۆڵی، ئەحمەدخان، موحسین بایز، سەرباز کۆیی، عەلی سمایل ئاغەی بۆڵی، چەندین پێشمەرگەی قارەمانی دیکەش).

- **شەهید سەید سەلیم لەسەرە مەرگدا چی بە هەڤاڵەکانی دەڵێت؟**

عەوڵابۆر، فەرماندەی ئازا و جێگری شەهید سەید سەلیم سەبارەت بە دواساتەکانی ماڵئاوایی شەهید سەید سەلیم گوتی: "من پێم گوت زۆر برینداری وام دیوە چاکبوونەتەوە.

---

[144] دیمانە: ڕێباز مستەفا، ٢٠٢١/٩/٧.

سەید سەلیم بە منی گوت: نا برا من دەزانم برینەکەم چۆنە ئێوە خەمی منتان نەبێت، تازە من بوومە سەدەقەی کوردستان، پێویستە ئێوە درێژە بە کاروانەکە بدەن، بە پێشمەرگەکان بڵێ دەستیان لە زەبروەشاندن لە دوژمن سوک نەکەن."[١٤٥]

شەهید سەید سەلیم لە کاتژمێر یازدە و نیوی بەیانی تا حەوتی ئێوارە خوێن لەبەر برینەکەی دەڕوات، بەهۆی بەردەوامیی شەڕ و نەبوونی داودەرمان و سەرمای زۆر، کاتژمێر ٧ی ئێوارە وەک خۆی گوتبووی، (گیانی خۆی دەکاتە سەدەقەی کوردستان) و بۆ دواجار ماڵئاوایی لە هاوسەنگەرەکانی دەکات.

## ١٢-٦: تێکشکاندنی سریەی (ئەلعەزم)ی مغاویر لە سماقولی

لە چوارچێوەی گەمارۆی جەیش و جاش کە دژی پێشمەرگەکان لە گوندی سماقولیی گەڵی دروستیان کردبوو، هێزێکی زۆری مغاویر لە سریەی عەزم لەسەر چیای ئاوەگرد بە کۆپتەر دادەبەزێنرێ، دوای نیوەڕۆ ئەو هێزەی دوژمن وا دەزانێت پێشمەرگەکان پاشەکشەیان لە مەیدانی جەنگ کردووە، چونکە لەسەر شاخ بە دووربین بینیویانە کە هەندێک لە پێشمەرگەکان لە قۆڵی دەستی ڕاست جێگای خۆیان چۆڵکردووە. سەید کاکە کە فەرماندەی ئەو قۆڵەی شەڕ بووە لە دیمانەیەکدا دەڵێت: "ئێمە شوێنی خۆمان گۆڕی، دوژمن وایزانی کە ڕامانکردووە." لەو کاتەدا ئەو هێزەی لەسەر چیا دەبێت بە گەلییەکەدا دێتە خوارەوە، پێشمەرگەکان لە هەردوو لای گەلییەکە بۆیان لە کەمین دەبن، سەرەنجام تەواوی مغاویرەکانی سریەی عەزم لەلایەن پێشمەرگەکان گەمارۆ دەدرێن ئەوەی دەکوژرێت، دەکوژرێت و ئەوانی دیکە بە برینداری لە دۆڵەکە دەمێنەوە تا ڕۆژی دواتر خەڵکی گوند

[١٤٥] دیمانە فەرماندە وپێشمەرگەی دێرین عەولابۆر، ٢٠٢٣/١٢/٢١.

ناچاردەکرێن بچن بریندارەکان بگوازنەوە.

سریەی عەزم پێشتر لە هەردوو داستانی (قوڕەبەرازە-١٩٧٩) و (شیوەپیران-١٩٧٩) دژی پێشمەرگە بەشدار ببوو، کە لە هەردوو داستانەکەدا نزیکەی (٤٠) پێشمەرگە شەهید بوون، ئەو سریەیە خۆی و فەرماندەکەی (نەقیب هیشام) بەشداری ئەو داستانەش بوون، بەڵام لەم داستانەدا لەسەر دەستی پێشمەرگە قارەمانەکان (عەزم) تێکشکا و تەفروتونا بوون، فەرماندەکەشیان کوژرا، بە لەناوبردنی ئەو سریەیە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ هێزی پێشمەرگە تۆمارکرا، جارێکی دیکە دوژمن بۆی نەکرا ئەو سریەیە ڕێکبخاتەوە.

## ١٢-٧: چەند زانیارییەکی دیکە سەبارەت بە گرنگی داستانی سماقولی

- **گرنگیی داستانەکە لە ڕووی جوگر افییەوە:**

دۆڵی سماقولی کەوتۆتە نێوانی چەند زنجیرە چیایەک، لە ڕۆژهەڵاتییەوە چیای ئاوەگرد و سەفین هەڵکەوتوون، لە ڕۆژئاوایەوە چیای بەنەباوی، لە باکووری دۆڵەکە چیای باواجی و لە باشوری قۆپی سوسێ هەیە. ئەو دۆڵە لە چەند لاوە ڕێگای بۆ دەچێت، لە هەولێرەوە دەربەندی گۆمەسپان، لە شەقڵاوە و سەڵاحەدین ڕێگای قەڵاسنج، لە هیران و نازەنینەوە ڕێگای سەرچیای سەفین، لە کۆیە ڕێگای سەرچیای باواجی، لە ڕانیە و سلێمانیەوە ڕێگای هیزۆپ.

دووریی گوندەکانی دۆڵی سماقولی بۆ سەنتەری پارێزگای هەولێر ٦٥ کیلۆمەترە، ئەو ماوەیە بۆ شاری ڕانیە و کۆیە و هیران و نازەنین و شەقڵاوە زۆر کەمتریشە؛ بۆیە ناوی ئەو شوێنانەمان هێناوە، چونکە بۆ شەڕی سماقولی دوژمن لە هەموو ئەو شوێنانە، لە ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٢٤، سەرباز و جاشی بردبووە سەر دۆڵی سماقولی.

- **کات و ساتی شەڕەکە:**

لە دەستپێکی وەرزی زستان بووە، ئەو ناوچەیە لە زستانان زۆر سارد دەبێت و شاخەکانی زوو بە بەفر دادەپۆشرێن، لە ڕووی سیاسیشەوە تازە کۆتایی بە گفتوگۆی نێوان حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان و ڕژێم هاتبوو، ئەگەرچی سەرەداوەکان بەتەواوی نەپچڕابوون.

- **شەڕی سماقولی و نابەرابەری هێزی پێشمەرگە و دوژمن:**

ڕاستە ئەو هێزەی پێشمەرگە کە گەیشتبووە دۆڵی سماقولی لە ڕووی ژمارەوە زۆربوون، باسی (٢٥٠) پێشمەرگە دەکرێت، کە لەنێویاندا فەرماندە و پێشمەرگەی بە ئەزمون هەبوون، بەڵام ئەو هێزە تەواو جێگیر نەببوو، کە هێرشی کرایە سەر. سەرباری ئەوەی هێزی دوژمن لە ڕووی سەربازی و لۆجستیەوە، بەراورد نەدەکرا بە هێزی پێشمەرگە.

- **ئەو هێزانەی دوژمن لە جەیش و جاش پێکهاتبوون:**

قوە خاسەی مەسیف سەلاحەدین، قوە خاسەی شەقلاوە، فەوجی مغاویری ئەلعەزم، فەوجی جاشەکانی هەولێر، کۆیە، ڕانیە.

- **زیانەکانی دوژمن لە داستانی سماقولی:**
  - کوژرانی زیاتر لە ١٥٠ سەرباز.
  - کوژرانی ٦ ئەفسەر کە لەناویاندا (نەقیب هیشام) فەرماندەی سریەی ئەلعەزمی مغاویر هەبوو.
  - تەرمی ٧٠ سەرباز لە مەیدانی شەڕ بەجێمابوون.
  - کوژرانی ژمارەیەکی زۆری جاش کە تەرمی ١٨یان لە مەیدانی شەڕ بەجێمابوون.
  - ژمارەیەکی یەکجار زۆر بریندار لەنێو سەرباز و جاشەکان.
- **ناوی فەرماندە و بەشێکی ئەو پێشمەرگانەی لە داستانی سماقولیدا بەشداربون:**

(شەهید سەید سەلیم، شەهید عەوڵاسور، شەهید شینەی بۆڵی، شەهید سەرباز کۆیی، شەهید ئەحمەد خان، مەغدید بناوی، شەهید موحسین بایز، شەهید حەمەشەل، شەهید دلزار کۆیی، شەهید حەسەنە گەورە، شەهید ئەحمەد وەرتی، سەید کاکە، عەوڵابۆر، بەکر حەمە، سەید ڕێباز، شەهید کاکە شین کوێخا عەزیز، بورهان بلەیی، ساڵح هەولێری، سەید ڕەمەزان، حەمەسور کانی کوردەیی، شەهید بەکر توتمەیی، مەلا کەمال، حەمە حەمید، عەلی کۆ، مام حوسێن مەلەکی، ڕەسول تارینەیی، قالە پوشۆ، شەهید برایم، شەهید خالید وەرتی، ڕەسول ئاغا، محەمەد کۆسە، شەهید خدر، نەبی قەرە، محەمەد قەرە، مستەفا بۆڵی، محەمەد برای شەهید عەوڵاسور، موحەمد ڕسول، عەلی حاجی سمایل بۆڵی، سەید ڕەمەزان، شەهید مستەفا حارس، بەکری قەندی، سابیر فەقیانی، محمود عومەر، مولود حەسەن شێخ وەسانی، محەمەد بیکەیسی، جبار حاجی دۆشاو، ئەحمەد حاجی وسو شێخ وەسانی، جەمال حوسێن شێخ وەسانی، دەیان پێشمەرگە و فەرماندەی دیکە. ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی ناویان نەهاتووە، نەهێنانی ناویان بێمەبەست بووە، تەنها هۆکار ئەوە بووە کە ئامارەکانمان هەر بەم ڕادەیە لەبەردەست بووە، هیوادارین خۆیان و خانەوادە سەربەرزەکانیان بمانبەخشن.

- **دەستکەوتەکانی پێشمەرگە:**
  - ٥٠ کلاشینکۆف
  - ٣ هاوەنی ٨٢ ملم
  - ٦ بیکەیسی
  - سێ ڕەشاش
  - ٣ جیهازی کۆڵەپشت

## ١٢-٨: داستانی سماقولی لە زاری ئەوانی دیکەوە

لێرەدا، داستانی سماقولی لە زاری چەند شایەتحاڵێکەوە دەگێڕینەوە:

- **عەولابۆرفەرماندەی هاوسەنگەری شەهید سەید سەلیم:**

خەباتی ڕەوای گەلەکەمان، کاروانێکی دوورو درێژە، زۆر مرۆڤی قارەمان و خۆنەویست و نیشتیمانپەروەر لە وێستگەکانی ئەو کاروانە پڕ سەروەرییەدا ناویان لە لوتکە هەر بڵندەکانی مێژووی خەباتی کوردایەتیدا دەمێنێتەوە، یەکێك لەو پێشمەرگە و فەرماندانە شەهید سەید سەلیمە، دوای هەرەس و لە قۆناغی هەرە سەخت و دژواری خەباتیدا شەهید بەبێ پشوودان سەرلەنوێ هاتەوە کۆڕی خەبات، زۆری پێ نەچوو ساڵی ١٩٧٩ لەبەر لێهاتوویی خۆی دەبێتە ئەندامی مەکتەبی عەسکەریی حزبی سۆشیالیستی کوردستان و فەرماندەی هەرێمی ١٢ی هەندرێن و هاوکات سەرپەرشتیاری هەرێمەکانی (١١و١٢)، من لێرەدا بۆ یادی فەرماندەی شەهید تەنها یەک لە هەڵوێستە جوامێرییەکانی وەکو شایەدحاڵێک باس دەکەم: شەهید لە کاتی شەڕەکاندا هەمیشە لەپێشەوە بوو، ڕۆژی ٢٤-١٢-١٩٧٩، دوژمن هێزێکی بێ شوماری لە جەیش و جاش پێکەوە نابوو، بە پاڵپشتی دەیان فرۆکەی کۆپتەر و و تانک و تۆپ و زرێپۆش بە مەبەستی داگیرکردنی دەڤەری سماقوڵی، لە گەرمەی شەڕ و پێکدادانێکی قوڕس و زۆر بێبەرامبەردا شەهید لەگەڵ کۆپتەری جەنگی بە پێوە شەڕی دەکرد، دیمەنێک لە سەرێکەوە مایەی شانازی و لە سەرێکی ترەوە تراژیدیایەکی کاریگەر، فەرماندەیەک بەرامبەر بە ڕۆکێت و دۆشکای کۆپتەر بێباکانە بجەنگێت و کەم و زۆریش پەناگە نەگرێت و کۆڵیش نەدات، پاش بەرەنگاربوونەوەیەکی زۆر کەوتە بەر ئاگر و ئاسنی کۆپتەرەکە کەچی ئەوساش

تۆزقاڵێک ورەی بەرزی دانەبەزی و بگرە بە زامداری و برینی سەختەوە هانی هێزی پێشمەرگەی دەدا بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە بەرگریکردن و تێکشکاندنی هێزەکانی دوژمن.

وتە بە نرخەکەی شەهید سەید سەلیم مایەی تێڕامانە، کە بەر لە شەهیدبوونی بە چەند خولەکێک وتی "واز لە من بێنن برینەکەم زۆرە و ئەزانم شەهید دەبم، من بوومە سەدەقەی کوردستان، گرنگ ئێوە دەستتان شل مەکەن" ئەمەو هەرچەندە برینەکانی شەهید سەخت و دژوار و زۆریش بە ئازار بوون، بەڵام کەم و زۆر ئاخ و ئۆفی نەدرکاند .

بۆیە وتەکانی شەهید ئەوە دەهێنن لە داستانە قارەمانەتییەکانی گەلەکەماندا بە ئاوی زێڕ بنوسرێنەوە و لە لاپەڕەی پرشنگداریش تۆمار بکرێن، بەو مەبەستەی نەک هەر بۆ ئێمە بەڵکو بۆ نەوەکانی داهاتوشمان ببێتە سەر مەشقی خەبات و بەرخۆدان.

سەرەڕای هەموو ئەوانە شەهید سەید سەلیم لە قۆناغی خەباتیدا بەردەوام دەیگوت ژیان خۆشە، بەڵام مردن لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی گەل و نیشتمان لە ژیان خۆشترە.

- **بەکر حەمە پێشمەرگەی دێرین کە لە داستانی سماقولی فەرماندەی هەرێمی (١١) باواجی بووە:**

ئێمە هێزەکەمان (٢٥٠) پێشمەرگە بووین، لەلایەن سەید کاکە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری و سەید سەلیم ئەندامی مەکتەبی عەسکەری و سەرپەرشتیاری هەرێمەکانی (١٠،١١) سەرپەرشتی دەکران.

بەیانی کاتژمێر نۆ لەلایەن هێزێکی زۆری دوژمن لە گوندەکانی سماقولیی سەروچاو و گرتک گەمارۆ دراین، ئەو هێزەی ئێمە لە سماقولیی سەروچاوە کرایە دوو بەش، بەشێکیان لەگەڵ سەید کاکە چووە دیوی دەستە ڕاستی گەلییەکە، ئێمەش لەگەڵ سەید سەلیم بەرەو دەستە چەپی گەلی هەڵکشاین، تا ئێمە خۆمان قایم کرد بینیمان لە پشتمانەوە هێزێکی زۆری دوژمن لە بەرزاییەکان لەنێوانی گوندەکانی (نازانین- سماقولی سەروچاوە) لە ڕێگەی کۆپتەر دابەزێندراوە. سەید سەلیم گوتی: "ئەو هێزە هیچ نیە، دوای ئێوارە بۆیان سەردەکەوین و گەمارۆیان دەدەین و تەفروتونایان دەکەین"

ئێمە لەو قسانەدابووین ئەو هێزە دەستیان بە تەقەکرد، بەڵام چونکە لە ئێمەوە دوور بوون تەقەکانیان کاریگەریان نەبوو لەسەر هێزی پێشمەرگە، لەگەڵ تەقەی سەربازەکان کۆپتەرکانیش لە شەڕگە نزیک بوونەوە، ئێمە پێشمەرگەکانی هەرێمی باواجی ئەزمونی شەڕی کۆپتەرمان هەبوو، بۆیە بە (سەید سەلیم)مان گوت "با پێشمەرگەکان بڵاوەی لێبکەن و خۆیان حەشاربدەن"، سەید سەلیم کە ئەو کاتە خەریکی دامەزراندنی سەنگەری پێشمەرگەکان بوو، لەسەر بەردێک ڕاوەستابوو گوێی بە قسەکەی من نەدا و لەگەڵ یەکەم دەستڕێژی کۆپتەر خۆی ئەو پێشمەرگەیەی لەگەڵی بوو (سەید ڕێباز) کرایە ئامانجی بۆردومانەکە، دواتر ئێمە دەستمان بە تەقە کرد و کۆپتەرەکان نەیانتوانی وا بەنزمی لێمانەوە نزیک بنەوە.

بەکر حەمە لەبارەی گەمارۆدانی سەربازەکان بەم شێوەیە باسەکە درێژە پێدەدات:

کاتژمێرێک پێش خۆرئاوابوون سەربازەکان لەو گەلییە بە ئاراستەی گوندی سماقولی دابەزین و وایان زانیبوو کە پێشمەرگە لە مەیدانی شەڕەکە پاشەکشەی کردووە،

بەڵام هێزەکانمان گەمارۆ ئەو هێزەیان دا و ئەوەی کوژرا و ئەوانەی دیکەش بە برینداری خۆیان حەشاردا؛ پێشمەرگەکان تۆڵەی خوێنی (شەهید سەید سەلیم)یان بە کوشتنی دەیان سەرباز و فەرماندەی سریەکە کردەوە، کە ناوی نەقیب هیشام بوو.

بۆ شەوەکەی بە مەبەستی دابینکردنی وەڵاخ بۆ گواستنەوەی تەرمی شەهید سەید سەلیم لەگەڵ (عەوڵابۆر) و چەند پێشمەرگەیەک خۆمان گەیاندە ناو گوندی سماقولی، لە ماڵی کوێخا عەزیز چووینە ژوورەوە، مام کوێخا پێیگوتین: "چ دەکەن لێرە تەواوی گوند بە سەرباز گەمارۆ دراوە" هێندێک نانمان وەرگرت و لە گوند دوورکەوتینەوە.

- **مامۆستا ئەنوەر عەبدوڵا:**

ساڵی ١٩٧٩ لە ڕۆژانی دەستپێکی زستان لە خانووەکانی سەری ڕەش بووین، لە ئاسمانەوە ژمارەیەکی زۆر کۆپتەرمان بینی، ئەوسا لە دەنگی بۆردومانی فڕۆکەکان زانیمان کە لە دۆڵی سماقولی شەڕێکی سەخت لەنێوانی هێزەکانی ڕژێم و پێشمەرگە دروست بووە، چەند ڕۆژێك دوای ئەو ڕوداوە هاوڕێیەکی دەبینێ بە ناوی (ئازاد نادر عەجەم) کە لە سوپای عێراق لە سریەی مغاویر بووە، ئەو لە وردەکاری شەڕەکە ئاگادار بووە، مامۆستا لە زاری سەربازەکەوە بۆ ئێمەی گێڕایەوە، کە سریەی ئەوان بارەگاکەی لە هەولێر بووە پەیوەندیان پێوەدەکرێت کە بچنە مەیدانی شەڕەکە تەرمی سەربازە کوژراوەکان بهێننەوە، سەربازەکە بۆ مامۆستا ئەنوەری باس کردووە، ئەوان بە کۆپتەر چوونەتە مەیدانی شەڕەکە، ئەو کۆپتەرەی ئەوی تێدابووە ٢٠-٢٥ تەرمی سەربازی گواستووەتەوە سەربازگەی هەولێر.

- **هاوڕێی کوێخا عەبدەی سماقولی:**

"پاش شەڕەکەی سماقولی جەیشێکی زۆر هاتنە ناو گوندی و سێ کۆپتەری باری لە لای ماڵی ئێمە چاوەڕێی جەنازەکانیان دەکرد و کۆپتەری باری لە سماقولیی گرتکیش نیشتبوووە هێزێکی زۆری سەربازیش چووبوونە ئەوێ، چەند کۆپتەرێکی جەنگی لە ئاسمان دەسوڕانەوە، چەند کەسێک کە خاوەن هێستری بەرزە بوون کۆیان کردنەوە و بردیانن بۆ ناو گەلیی ماران و دوو دوو جەنازەکانیان لە هێسترەکان بار کردوو هێنایان بۆ سەر خەرمانێ کە سێ کۆپتەری باری لە لای ماڵی ئێمە نیشتبوون چاوەڕێی جەنازەکان و بریندارەکانیان دەکرد، ئەفسەرەکانی سوپای عێڕاق (٣٦) نەفەریان لە خەڵکی گوندی گرتبوو و لە حەوشەی ماڵی مامە سابیرم دەسبەسەریان کردبوون و مەلای گوندیش لەناو گیراوەکان بوو، هەروەها زۆریشیان لە هەندێکیان دابوو، لە سماقولیی گرتکیش دە پانزە کەسیان گرتبوو، بڕیاردرا بوو (٣٦)کەسی خەڵکی گوندی سماقولیی سەروچاوە بکوژن لە تۆڵەی کوژراوەکانیان، چونکە سوپای عێڕاق (٣٦) سەربازی تەنیا لە سماقولیی سەروچاوە لێ کوژرابوو.

- **ساڵح هەولێری (لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ لەگەڵ سەید سەلیم پێشمەرگە بووە):**

(لە یادی شەهیدبوونی فەرماندە سەید سەلیم و شینە بۆلی لە ٢٤-١٢ -١٩٧٩)

(سماقولی سەروچاوە) لەبەردەمی دوکانە بچکۆلانەکە بووین سەید سەلیم گوتی: بنێشتەکم لۆ بکرە، برادەرانیش چیان دەوێ بۆیان بکرە زۆری پێ نەچوو گوتیان، دەورەمان گیراوە، سەید سەلیم هەڵمەتی برد ئێمەش لەدوای بووین، شەڕ گەرم بوو جەبهەکە فراوان بوو، قواتی جەیش لەسەرەوە بەرەو خوار دەبوو .. لە تەواوی دۆلی

سماقولی شەڕەکە گەرم بوو، ئێمە هەڵکشاین بۆ قۆپەکەی سەرووی گوند. سەید سەلیم هێزەکەی خۆمانی ڕێک دەخست و نەیدەهێشت پەرت و بڵاو بێت، لەو کاتەبوو کۆپتەرەکی زۆر بە ئاسمانەوە دەسوڕانەوە، سەید سەلیم زۆر لێزانانە و و ئازایانە گوتی: لەسەر لێواری گەلییەکە کەمین دابنێن، دوژمن کە سەراوشۆڕ دێتە خوارەوە، کەسیان لەبەردەستمان نابێ دەرچێت؛ قسەکانیشی وا دەرچوون، لەو کاتەی سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد کۆپتەرەکانی دوژمن فرسەتیان وەرگرت، زۆر بە چڕی لێیاندواین بەداخەوە فەرماندە سەید سەلیم بریندار بوو لەگەڵ (سەید ڕێباز)، ئێمە چوار پێشمەرگە هاتین (سەید سەلیم)مان گواستەوە بۆ بن بەردەکی گەورە، بە منی گوت بەپەلە بڕۆ بۆم بانگی (عەوڵابۆر) بکە کارم پێیەتی. وەختی چووم بۆ لای عەوڵابۆر شەڕەکی زۆر گەرم بوو، هاتینەوە لای سەید سەلیم، نەمدیت بۆ یەکجار ئاخ و ئۆفێک هەڵکێشی تەنها خەمی شەڕەکەی بوو کە چۆن سەربکەوین، متمانەی زۆری بە عەوڵابۆر و تەواوی پێشمەرگەکان هەبوو، ڕووی لە ئێمە کرد و گوتی: بڕۆن دەستان لە دوژمن شل نەکەن من تازە بوومە سەدەقەی کوردستان ئێوە کاروانەکە درێژە پێبدەن، هەرچەندە عەوڵابۆر دەیەویست دڵنەوایی بداتەوە، ئەو گوتی: من دەزانم برینەکەم سەختە بڕۆن خەمی شەڕ بخۆن.

- **ئارێز عەبدوڵا:**

سەید سەلیم ناوێکە لای من و لای دەیان و سەدان و بگرە هەزاران کەسی تریش هەمیشە وەک پاڵەوانی داستانی شۆڕش و پەروەردەکارێکی خوێندنگەی شۆڕشگێری و لە خۆ بوردەیی دەمێنێتەوە. لەوەش زیاتر من هەر چۆنێ یادەوەری باوکم بکەمەوە ئەویشم دێتەوە یاد، چونکە برادەرێکی زۆر نزیکی بوو.

له وەتەی شەهید بووە تا ئەمڕۆ، له دەیان جێگا و له سەدان کەس ئازایەتی و جوامێریی ئەو پیاوە قارەمانەم بیستووەتەوە، چ ئەوانەی بە ئازایەتی ناویان دەرکردووە نمونەی عەوڵابۆر، چ ئەوانەی لە بواری سیاسییدا ڕۆڵیان گێڕاوە، چ هاوڵاتییانی سادە هەموویان گوتویانە و دەڵێن، شەهید سەید سەلیم قارەمان، لەخۆ بردوو، فەرماندە، سەرکردەیەکی سیاسیی گەورە بوو. بەداخەوە ئەو زوو بووە سەدەقەی کوردستان، بەڵام لەدوای خۆی ناوبانگێکی گەورەی بەجێهێشت. گەلەکەمان لەسەر هەمان ڕێگای شەهید سەلیم و شەهید شینە بۆڵی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری، قۆناغی مێژوویی گەورەی بڕیون و بۆ دوا ئامانجیش بە ڕێگاوەیە. درود لە گیانی پاکی شەهید سەید سەلیم و شەهید شینە بۆڵی هاوڕێی و هەموو شەهیدانی کوردستان .

- **ڕەهبەری سەید بر ایم:**

له ١٩٧٩/١٢/٢٤ هێزێکی زۆری سوپای عێراق و قوەخاسە و مغاویر پەلاماری پێشمەرگەکانی (حسیك)یان دا. فرۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەر بۆردومان و سێبەری دەکر بەسەر شەڕگەکەدا لە ئەنجامدا فەرماندەی قارەمان و ناودار (سەید سەلیم-سەلیم نەبی تەها١٩٤٠ڕەواندز-١٩٧٩/١٢/٢٤ سماقوڵی سەروچاوە)فەرماندەی هەرێمی (١٢)ی هەندرێن و نوێنەری مەکتەبی عەسکەری (حسیك)، جێگری سەرکردایەتی، تەمەن ٣٩ ساڵ لەگەڵ (شینە بۆڵی-مەجروم ئیبراهیم مەجروم١٩٣٢ سەروچاوەی بیتوێن-١٩٧٩/١٢/٢٤ سماقوڵی سەروچاوە) فەرماندەی هەرێمی (١٠)ی سەفین شەهیدکران، جەزرەبەیەکی گەورە و کاریگەر بە هێزی پێشمەرگە و حسیك و کورد و کوردستان کەوت لە داستانی سماقوڵی

سەروچاوە، بەیاننامەی حسیك وای ڕاگەیاند: ١٥٠ سەرباز کوژراون و ٨٩ لاشەی دژمن بەجێ مابوون ٣ هاوەن و ٥٠ کلاشینکۆف و ٣ ڕەشاشی گرینۆف دەستکەوت بوون، گەرچی ئەو دەسکەوتانە زۆر بوون داستانێکی بێوێنەیان لە مێژووی خوێناوی و قارەمانیەتی کورد تۆمارکرد، بەڵام ناگاتە تنۆکە خوێنێکی قارەمانانی گەل و شۆڕش، شەهیدان (سەید سەلیم و شینە بۆڵی).

لەو شەڕەدا ئازاد نادر عەجەم ناسراو بە (ئازاد بیکەیسی) خەڵکی کۆیە بوو، پورزای شەهید د.کاوە بوو، لەو شەڕە سەرباز بوو، لە قوات مغاویری فرقەی ٨ لە سریەی حەزم، پاش ئەو شەڕە بووە پێشمەرگەی (ی.ن.ك) ئەو شەڕەی قۆڵی سماقوڵی سەروچاوەی دەگێڕایەوە، دەیگوت: خەڵکی گوندیان زۆر گرتبوو، دەیانگووت مخەربن، من بە ئامیرەکەم گووت: ئەمانە مخەریب نین، ڕەشوڕوتی خەڵکی گوندین، ویستیان گوللەبارانیان بکەن، بەڵام ئامیرەکە گوتی مادام مخەریب نین با ئەو مەیتانە لە شاخی بهێنە خوارەوە، تەنانەت ژنەکەی (سەید کاکە)ش گیرابوو، بەردرا.

ئەو دەیگوت: مەیتەکان ٢٢ کەس بوون، جاشمان لەگەڵ نەبوو، ئەفسەرەکەمان کوژرابوو ناوی (هاشم موسڵاوی) بوو، لە شەهیدکردنی (حسێن دۆشکە) و هەڤاڵەکانی کە حسیك بوون، ڕۆڵی هەبوو، لە شەڕی (شیوەپیران) حسێن دۆشکە شەهیدبوو لەگەڵ ١٤ پێشمەرگە شەهیدکران و ٤ بەدیل گیران، تەنها یەك کەسیان ڕزگاری بوو من لەو شەڕەشدا بەشداربووم. ئازاد بیکەیسی چەخماخساز و شارەزای چەك بوو، لە شەڕەکان لەگەڵ تیپی ٩٣ی کۆیە بیکەیسی دادەبەستا و ڕۆڵی هەبوو، بۆیە وا ناوبانگی ڕۆیی بوو.

## بەشی سێزدەم: پرسەی باوك و خۆڕاگریی دایك

١٣-١: بەخاكسپاردنی شەهید سەید سەلیم

١٣-٢: ڕێگریی بەعس لە ماتەمگێڕان بۆ شەهید سەید سەلیم

١٣-٣: ئۆدا حەلیم، هەم دایک، هەم باوک

١٣-٤: بەشێک لە یاداشتەکانی ناو ڕۆژژمێری سەید سەلیم

## بەشی سێزدەم: پرسەی باوك و خۆڕاگریی دایك

### ١٣-١: بەخاکسپاردنی شەهید سەید سەلیم

بەهۆی سەختی برینەکانی و نەبوونی چارەسەری پێویست بۆ ڕێگریکردن لە خوێنبەربوونەکەی، ئێوارەیەکی درەنگ سەید سەلیم بەیەکجاری ماڵئاوایی لەخانەوادە و هەڤاڵەکانی و کوردستانەکەی کرد و چووە ڕیزی شەهیدانی پێناوی کوردستان. بۆ گواستنەوەی تەرمی شەهید سەید سەلیم و دەربازکردنی سەید ڕێباز، کە ئەویش بەسەختی بریندار بووبوو، عەوڵابۆر دەڵێت: "لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکە خۆمان گەیاندە ماڵێک لە لاپەڕگەی گوندی سماقولیی سەروچاوە، ئەو ماڵە ماڵی کوێخا عەزیزی سماقولی بوو زۆر دۆستی شەهید سەید سەلیم بوون، تەنانەت ئەو کاتەی کە ئێمە هەواڵی گەمارۆی سوپا و جاشمان بۆ هات، شەهید سەید سەلیم لە ماڵی کوێخا عەزیز بوو".

عەولابۆر دەڵێت: "کە لە دەرگای پشتەوەی ماڵی کوێخا عەزیز چووینە حەوشەکەیان، کوێخا واقی وڕما چۆن گەیشتینە ئەوێ؟ پرسی ئەوە ئێوە لێرە چی دەکەن، گوند پڕاوپڕی جەیش و جاشە و خەریکی کۆکردنەوەی تەرمەکانیانن." عەوڵابۆر دەڵێت: "سەید سەلیم شەهید بووە، برینداریێکمان هەیە هاتووین وڵاخ ببەین بۆ گواستنەوەیان."

کوێخا عەزیز پێی دەڵێت: "بەهۆی تەقەی زۆری شەڕەکەی ئەمڕۆ، هیچ لە وڵاخەکان بەرەو ماڵ نەبوونەتەوە، بڕۆن زوو ئێرە جێبهێڵن، ئەو دیوە دەرگاکەی ئێمە پڕە لە جەیش و جاش. ئەو ڕاستی دەکرد چونکە ئێمەش گوێمان لە دەنگیان بوو."

عەوڵابۆر دەڵێت: "هەندێک نانمان لە ماڵی کوێخا برد و بەرەو ئەو شوێنە چووین کە تەرمی شەهید سەید سەلیمی لێ بوو، بەهۆی ئەوەی نەماندەزانی دوژمن لەسەر چیا ماوە یان نا هەروەها بەهۆی هیلاکی پێشمەرگەکان، تەنیا توانیمان سەید ڕێباز کە ئەوەیش زۆر بەسەختی

بریندار بوو دەرباز بکەین و بیگەینینە گوندی نازەنین."

لەو بارەیەوە سەید ڕێباز دەڵێت: "ئاگام لێبوو کە پێشمەرگەکان منیان خستە سەر دارەبازێک و زۆر پێمەوە هیلاک بوون."

سەبارەت بە ناشتنی تەرمی شەهید سەید سەلیم بەشێکی پێشمەرگەکان ڕۆژی دواتر دەگەڕێنەوە بۆ گوندی ساماقولی و بەهاوکاریی خەڵکی گوندی لە لاپەڕگەی گوندی سماقولی تەرمی شەهید سەید سەلیم دەنێژن.

ئەو شوێنەی تەرمی سەید سەلیمی لێ نێژرا، دواتر بوو بە گۆڕستانی شەهیدان و زۆر شەهید تا ئێستا گۆڕەکەیان لەوێ ماوە، لە نمونەی شەهیدان: سەید سەلیم، سەردار سەعید سۆفی، شینەی کوێخا عەزیز و زۆری دیکەش.

## ١٣-٢: ڕێگرتنی بەعس لە ماتەمگێڕان بۆ شەهید سەید سەلیم

دوای ئەوەی تەرمی شەهید سەید سەلیم لە سماقولی بەخاک دەسپێردرێت، پێشمەرگەکان کەسێکی گوند ڕادەسپێرن کە هەواڵی شەهیدبوونی بگەیەننە کەسوکاری لە شاری هەولێر، بەڵام کاتێک ئەو کەسە دەگاتە شاری هەولێر دەبینێت کۆڵانی ماڵی شەهید سەید سەلیم بە پیاوانی ئەمن دەورە دراوە. جگە لە گەمارۆدانی ماڵەکەیان دائیرەی ئەمن لە ڕێگای موختاری گەڕەک بە کەسەوکاری شەهید سەید سەلیم ڕادەگەینێت، کە نابێت پرسە بۆ شەهید سەید سەلیم دابنێن.

ڕاستە بەعسییەکان توانیان ڕێگری لە پرسەی فەرمی بکەن، بەڵام بە شەهیدبوونی هەریەک لە سەید سەلیم و شینەی بۆڵی تەواوی کوردستان، بە تایبەت ئەوانەی ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەم دوو شەهید هەبوو لەدڵەوە ماتەمیان گێڕا.

## ۱۳-۳: ئۆدا حەلیم، هەم دایك، هەم باوك

دایکم حەلیمە ئەحمەد لە خێزانێکی دیاری گوندی سرێشمە بوو، پەیوەندیی خەڵکی سرێشمە لەگەڵ ماڵی باپیرانم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کوێستان و گەرمیانی هەردوولا، دایکم دەردەسەری زۆری بینیوە لە ماڵ سوتان و دەربەدەری و گیران و ڕاوەدونانی ڕژێم و پیاوانی ڕژێم، ئەو چەند ساڵەی کە سەید سەلیم پێشمەرگە بووە، کەم وابووە چەند ساڵێک بەسەریەکەوە ماڵمان لە شوێنێکەوە گیرسابێتەوە.

دایکم (ئۆدا حەلیم)[١٤٦]خەمێکی دیکەی هەبوو ئەویش لەدەستدانی منداڵەکانی بوو لە تەمەنی کۆرپەییدا، چوار کچ و کوڕێک بەر لە من لەدایکبوونە، کە هیچیان تەمەنیان نەگەیشتوەتە ساڵێک، ئەوەشیان لە ئەنجامی ناسەقامگیری و گوازەگوازی بەردەوام و نەبوونی خزمەتگوزاریی پزیشکیی پێویست و خراپیی ژیان و گوزەرانی خانەوادەی پێشمەرگە بووە. چوار ساڵی سەردەمی گفتوگۆی ڕژێم و شۆڕش، دوو ساڵی ئاوارەیی لە ئێران، تاوناتاوێک دەرفەتیان بۆ ژیانی هاوسەریی دایکم و سەید سەلیم ڕەخساندووە.

دوای شەهیدبوونی سەید سەلیم دەبوو ئیدی دایکم ڕۆڵی باوکیش بۆ ئێمە ببینێت. سەرەڕای ژیانی سەختی خۆی وەک هاوسەری پێشمەرگەیەکی فەرماندە، ئازاری لەدەستدانی هاوسەرەکەی، ئەرکی سەختی پەروەردەکردنی مناڵەکانیشی کەوتە ئەستۆ. بەندە کە کوڕە گەورەی دایک و باوکم بووم لە کاتی شەهیدبوونی باوکم، ١٢ ساڵان بووم، ئەوانی دیکەش بلە من بچوکتر، هەرە بچوکەکەیان (هێرش)ی[١٤٧] ٥ ساڵان بوو.

خاتو حەلیمەی دایکم بۆ ئەوەی ئێمە چاومان لە دەستی کەس نەبێت، دوکانێکی بچوکی لە

---

[١٤٦] ئێمە بە ئۆدا حەلیم، بانگی حەلیمەی دایکمان دەکەین.

[١٤٧] د. هێرش سەید سەلیم، کوڕی بچوکی شەهید، بە پەروەردەی ئۆدا حەلیم سەرەڕای هەموو کۆسپ و تەگەرەکان بووە ئەندامانێکی سەرکەوتووی خانەوادەکەمان و کۆلێژی پزیشکی تەواوکرد و بووە پزیشکی تایبەتمەند. ئێستا (لە کاتی نوسینی ئەم کتێبە) جێگری بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی پارێزگای سلێمانییە.

کۆڵان بۆ دانایین، سێ لە کوڕەکان خەریکی کاری دەستگێڕی بووین، دانێک دەمانخوێند و دانەکەی دیکەش دەبوو کار بکەین، بەیانییان وەک شانەی هەنگ بەسەر کاری ڕۆژانەمان دابەش دەبووین. دایکمان ڕۆڵی شاژنی هەنگی دەبینی و یەک دەچوو بۆ ئاوفرۆشتن لە گەراجی هەولێر، ئەوەی دیکە گولەبەڕۆژەی دەگێڕا، یان دۆندرمەی بە تەرمۆز دەفرۆشت. لەمبارەیەوە کەسانێکی زۆر بۆ کارکردن هاوکارییان دەکردین، بەتایبەت کە دەیانزانی بۆچی ئەو کارە دەکەین.

خۆشبەختانە لەگەڵ کاری ڕۆژانەشمان زۆربەمان خوێندنمان تەواوکرد، لەپاڵ ئەو دوو ئەرکەش لە خەباتی کوردایەتی نەک هەر دانەبڕاین، بگرە لەوەشیان دایک پشتوپەنامان بوو. ئێستاش هەموو ئەو خوێندکارانەی بەشداری خۆپیشاندان (موزاهەرە)ی ١٩٨٣ی دواناوەندیی هەڵمەتی کوڕان و شۆڕشی کچانیان لە هەولێر کردووە، باس لە ڕۆڵی خاتو حەلیمەی دایکم دەکەن.

لە ڕاپەڕینی ١١ ئاداری ١٩٩١، دایکم و مامۆژنم خاتو مەدینە و تەواوی ژنانی خێزانەکانمان بەشداریی بەرچاویان لەسەرخستنی ڕاپەڕین کردووە، بۆیە چەندە شانازی دەکەین کە هەڵگری پاشناوی سەید سەلیمین، بە بارتەقای ئەوەش شانازی بە ئۆدا حەلیم دەکەین.

### ١٣-٤: بەشێك لە یاداشتەکانی ناو ڕۆژژمێری سەید سەلیم

بەشێك سەرەقەڵەمی ڕۆژانەی شەهید سەید سەلیم، کە لە دەفتەری ناو گیرفانی تۆماری کردوون:

- ١٩٧٨/٨/٥، چالاکیی سەر ڕێگای بالیسان و کوژرانی ٥ سەرباز
- ١٩٧٨/٥/٢٩، شەڕی جاشەکان لە گەرەوان
- ٢٤ /١٩٧٨/١١، بەرێ کەوتین بۆ دەشتی هەریر

- ٢٧-١٩٧٨/١١/٣٠، لە دۆڵی ئاکۆیان بووین
- ١٩٧٨/١٢/٤، شەڕی گەلیی سەران ڕویدا
- ١٩٧٨/١٢/٥، لێدان لە ڕەبایەی گەلیی بنمێردە
- ١٩٧٨/١١/٣، چالاکیی چیای سەفین و کوژرانی ٤ سەرباز
- شەوی ١٤-١٩٧٨/١١/١٥، لە گوندی شکارتە لە جاشەکانی (ا ب) درا
- شەوی ١٩٧٨/١١/١٦ مەفرەزەیەکی پێشمەرگە چوو ناو شاری ڕاواندز
- شەوی ٢٨-٢٩/ ١٩٧٩/٦، لەناو شاری ڕواندز چالاکیمان ئەنجامدا
- رۆژانی ٩-١٩٧٩/٦/١١، لە گوندی بێراوە بووین
- ١٩٧٩/٥/١٥، لە گوندی ئێندزێ بووین
- ١٩٧٩/٥/١٨ لە گوندی وەرتێ بووین
- ١٩٧٨/٦/٢٨، لە جاشەکانی (ق. ج) درا
- ١٩٧٩/٧/٢٩ لە گوندی چیوە بووین
- ١٩٧٩/٧/٣١ لە گوندی کونەفلوسە بووین
- ١٩٧٩/٨/١ لە گوندی نازەنین بووین
- ١٩٧٩/٨/٢ لە گوندی جەلی بووین
- ١٩٧٩/٨/٢٠. ٤٠ پ م دەبووین لە زارگەلی نان و دۆمان خوارد
- ١٩٧٩/٨/٣٠، لەنێوانی جەڵدیان و خانە لە سەیارەیەکی سوپاماندا.
- ١٩٧٩/٨/٣٠، چووینە شاری مهاباد
- ١٩٧٩/٩/١٢، بەشداریمان کرد لە شەڕی ناو شاری مهاباد
- ١٩٧٩/٩/٢٣ بەشداریمان کرد لە شەڕی بێرۆ.

## دوا بەند

دواجار ژوانی پێشمەرگانەی سەید سەلیم لە چیای ئاوەگرد بوو. لەوێ بۆ تێکشکاندنی لەشکری داگیرکەران جارێکی دیکە یەکەم بەردی سەنگەری هەڵبژارد، ئەو بەردەی کە ئەو هەمیشە متمانەی پێ هەبوو پەناگەی بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی تانک و تەیارەی دووژمن. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بەردی یەکەم مەدالیایەکی جوانی ئازایەتی و خۆنەویستی و گیانفیدایی بوو لە سەر سنگی سەید سەلیم. هەر ئەو یەکەم بەردی سەنگەرە بەتەنێ قوتابخانەیەک بوو لە پەروەردەی پێشمەرگانە بۆ بەهێزکردنی گیانی هاوڕێیەتی و ئیرادەی بەرخۆدان.

هەڵبژاردنی بەردی یەکەمی سەنگەر تایبەتمەندیی چەندین فەرماندەی ناوداری مێژوویی بووە لە جیهان، لەوانە ئەسکەندەری مەزن، یولیۆس سیزار، جۆرج واشنتن، ڕۆمل، جۆرجی دووەم و جەنگیز خان و چەندانی دیکە، ئەمانە هەموو پێش لەشکرەکەیان دەکەوتن. ئاشکرایە کە هەر یەک لەمانە بە فەرماندە و پێشڕەوە هەرە سەرکەوتووەکانی مێژووی نەبەردەکان دەناسرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم تایبەتمەندیە جوامێرانەیەی شەهید سەید سەلیم لە سیستمی سەربازیدا سەرەڕای سەد ڕووی ئەرێنی، ڕووێکی نەرێنیشی هەیە؛ ئەرێنی چونکە نیشانەی ئازایەتی و لەخۆبوردەیی فەرماندەیە، وەرەو هێزێکی بێسنووریش دەبەخشێتە هێزەکەی، کۆنتڕۆڵی ساتی سفر و پلانی نەبەرد، لە دەستی شارەزاترین و بە ئەزمونترین کەسی نێو هێزەکە دەهێڵێتەوە، هاوکات لایەنە نەرێنییەکەی لەوەدا کورت دەبێتەوە کە لەکاتی پێکرانی فەرماندەی یەکەم، ڕەنگە هێزەکەی تووشی شۆک و شپرزەیی و شڵەژان بێت، لەم حاڵەتەدا پەروەردەکردنی جێگرێکی لێهاتوو دەبێتە ئەرکی گرنگی فەرماندە کە ئەو بۆشاییە یەکسەر پڕ بکاتەوە. پەروەردەی حزبی و پێشمەرگایەتی لەناو هەرێمی شەهید سەید سەلیم

پەروەردەیەکی دروست بووە، دەرەنجامیش، سەرەڕای شەهیدبوونی فەرماندەی هەردوو بەرەی داستانی سماقوڵی، هێزەکەیان سەرکەوت و دوژمن زیانێکی بێوێنەی بەرکەوت، چونکە ئەوانەی یەکسەر بوونە جێگرەوەیان لەشەڕەکە بە تەواوی ئامادە و سازکرابوون بۆ نەخوازراوترین ڕووداو.

لە یەکێک لە گێڕانەوەکانی ناو ئەم کتێبەدا ئاماژە بە تەمەنی سەید ڕێباز درابوو، کە لە پەنای هەمان یەکەم بەردی سەنگەر لەتەک شەهید سەید سەلیم بریندار دەبێت و خوێنی تێکەڵاوی خوێنی شەهید دەبێت، لەکاتێکدا کە تەمەنی تەنها ١٧ ساڵ بووە. سەید ڕێباز، کوڕی شەهیدێکی دیکەی خانەوادەکەمان بوو، سەید مستەفا بنەکاولی، یەکێک لە قارەمانەکانی شەڕی هەندرێن، کە تەنها ٥ ساڵ بەر لە داستانی سماقولی لە دوایین ڕۆژەکانی شۆڕشی ئەیلول چووبووە کاروانی شەهیدانی ڕێی ئازادیی کوردستان. لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە سەید ڕێباز نایشارێتەوە کە لانیکەم خۆی ئەزموونی وەها نەبەردێکی گەورەی نەبووە و لە بنەڕەتدا چەکەکەی دەستیشی هی ئەو نەبەردە نەبووە، بۆیەش دەڵێت: "شەهید لێی پرسیم: چیە دەترسی؟ شەرت بێت ئەمڕۆ هێندە سەرباز و جاش بکوژین، تۆش لەکۆڵ ئەو چەکە پەڕەشووتە دەبیەوە." کەسێک بە پەروەردەی کوردایەتی و لەناو ڕووداوەکانی شۆڕش گەورەبووبێت، بەسادەیی بەسەر ئەم ڕستە و دەستەواژە و وشانەدا تێناپەڕێت، بەڵکو دەزانێت کە وشەکانی سەید سەلیم لەسەر بەردی یەکەمی سەنگەر، لە بەرامبەر هەڕەشە و هێرش و جەبەڕووتی یەکێک لە بەهێزترین سوپاکانی ئەودەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە سەرەمەرگیشیدا دوایین قسەکانی دیسان وانەی پێشمەرگایەتی و کوردایەتین.، ئەو ڕاستییەی کە شەهید سەید سەلیم سەید ڕێبازی مێرمنداڵی لەگەڵ خۆی بردوەتە سەر یەکەم بەردی سەنگەر تەنها ڕێکەوت نەبووە، بە مەبەست و ستراتیژ بووە، ویستوویەتی لەوێوە پەروەردەی

بکات و بیکاتە جێگرەوەی سەید مستەفا و تۆڵەستێنی خوێنی باوک و براکانی و شەهیدانی دیکەی کوردستان. بەڵێنیشی پێدەدات دوژمن لەناو ببەن و ئەویش ببێتە خاوەن چەکێکی شایستە، ئەو ڕاستییە دەردەخات کە دیسپلینێکی بەهێزی پێشمەرگانەی هەبووە و لەوە پێشتریش حساباتی خزمایەتی وەلاناوە و پێی دەڵێت چەکێکی باشی جێگرەوەی چەکی پەڕەشووت، دەبێ وەک ماف بەدەستبهێنردرێت، نەک وەربگیرێت. سەرنج بدەنە دوایین وشەکانی شەهید سەلیم بەر لە گیانبەخشین: "بڕۆن واز لە من بهێنن، تکام وایە دەست لە دوژمن مەپارێزن، تازە من بوومە سەدەقەی کوردستان و ئێوە کاروانەکە درێژە پێبدەن."

ئێستا کە وەک نەوەی سێیەمی ناو شۆڕشەکانی کوردستان، بە چاوی بەراورد لەو دیمەنە و لە بیرکردنەوەی لاوێک لە نەوەی تازەی کوردستان دەڕوانم، ترسێک دامدەگرێ! گەلۆ ئێمە لە کوێی ئەو پەروەردە و دیسپلینە پێشمەرگانەی ئەوسا وەستاوین؟ ئایا نەوەی ئێستامان لە ڕووی هزری و تەکنیکی ئامادەکردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی لەوجۆرە؟ ئایا دۆخمان باشە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمباتەوە بۆ خەیاڵێکی دیکە.

هەڤاڵ و هاوسەنگەرانی سەید سەلیم لەو ڕۆژەوە تا ئازادیی تەواوی باشوری کوردستان بۆ درێژەدان بە کاروانی تێکۆشان بەردەوام بوون. ئێمە بۆ تۆڵەی خوێنی ئەو کەسە ئازیزەمان درێغیمان نەکرد، لە شاخ و لە شار بەردەوام بووین لە خەبات. ئێستا کە ئەم کتێبە لەبارەی ژیان و خەباتی سەید سەلیم دەنوسرێتەوە، ٣٣ ساڵ بەسەر ئازادیی ئەم پارچەیەی کوردستاندا تێدەپەڕێت، ئەو ئازادییەی بەرهەمی خوێنی سەید سەلیم و دەیان هەزار شەهیدی کوردستانە، بەرهەمی قوربانیدانی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان و فرمێسک و خوێن و ئارەقەی خانەوادەکانیانە، کە شایانی ڕێزلێگرتن و پێزانینی قوربانییەکانیانن.

دوای ڕاپەڕین، ئەو وێنەیەی وەک یاد و پێزانینێک بۆ خەبات و قوربانیدانی فەرماندە سەید

سەلیم لە گۆڕەپانی سەرەکیی ناو شاری سۆران دانرابوو، بەبێ هیچ ڕوونکردنەوە و بیانوێک لادرا. لە شاری ڕواندزی زێدی سەید سەلیم، ئەو گەڕەکەی شۆڕش لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا لە خۆشەویستیی خەڵکی شار بۆی، ناوی نابوو گەڕەکی شەهید سەید سەلیم، ناوەکەی  بێپاساو و بێ پرسکردن بە ڕواندزییەکان گۆڕدرا. چەندین ساڵ دواتر ئەنجومەنی شارەوانیی ڕواندز شەقامێکی لاوەکییان لە شاری ڕواندز ناونا شەقامی سەید سەلیم، دواتر ئەویش کاڵ کرایەوە و نەما. لە هەمووی دژوارتر، لە نوسینەوەی مێژووی شۆڕشیش ئەمانەت نەپارێزرا. نەک دان بەو حەقیقەتانەش دانەنرا کە دەیان شاهیدی زیندوویان ماون، بەڵکو چیرۆکی ئالتەرناتیف و ساختەش هەڵبەستران، نوسرانەوە، چاپ کران، بڵاوکرانەوە، نیشان دران و چەپڵەشیان بۆ کوترا.

شەهید سەید سەلیم لە ٣٩ ساڵی تەمەنی خۆیدا پشکی شێری ژیانی بۆ پێشمەرگایەتی و کوردایەتی تەرخانکرد، چێژی ژیان و دروستکردنی یادگاریی جوانی ژیانی هاوسەرێتی و خۆشحاڵییەکانی بینینی گەشەی منداڵەکانی و خەوی ئارامی نێو خانەوادە و هەموو چێژێکی دیکەی ژیانی گۆڕیەوە بە ژیانی شکۆمەندی پێشمەرگایەتی، هەمووی لەپای کوردایەتییێکی پاک، کە زۆر جیاوازبوو لەم (کوردایەتییە)ی ئەمڕۆ، کە تەنها وەک وشەیەک ماوەتەوە، هەندێک مامەڵەی پێدەکەن و هەندێک تانەی لێدەدەن و هەندێکیش بەحەسرەتەوە یادی دەکەنەوە. ئێمەی کەسوکاری سەید سەلیم جگە لەوەی لەوپەڕی شانازیدا بەحەسرەتەوە یادی شەهید سەید سەلیم و شەهیدانی دیکەی خانەوادەکەمان و تەواوی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەکەینەوە، لەسەر وەسیەتەکەی ئەو بەردەوام دەبین و کاروانی کوردایەتی درێژە پێدەدەین، تا خەونی شەهیدانمان بۆ ئازادیی تەواوی خاکی کورستان دەهێتەدی.

**زاگرۆس ڕێباز**

## بەشی چواردەم: پاشکۆ

## ١٤-١: بەڵگەنامەکان



ژمارەی تومار

٢٧ - پارتی دیموکراتی کوردستان

معهدی کادیران

هەقال ................ بە معهدی کادیران دەوامی کرد و هەموو دەرسەکانی خویند وە لە ئەنجامی تاقی کردنەوەی کوتایی‌دا بە ......... دەرچوو وە لە پەیرەوەکانی لای ئەداورەوو شتی باش بوو. بۆیە ئەم باوەڕنامەیەمان لە ........ پێ دا.

مەکتەبی سیاسی

بەڕیوەبەری م. ی

معهدی کادیران

بڕوانامەی بەشداریی سەید سەلیم لە پەیمانگای کادیران (١٩٦٩)



نەخشەی سەربازیی شەڕی گۆڕنۆک لە چیای کوڕەک



وێنەی ژمارەیەک سەرباز لەسەر چیای کوڕەک



نەخشەی سەربازیی شەڕی کوڕەک



| | |
|---|---|
| ٥٥ | رحمان سيد |
| ٨٤ | عبدالله صالح |
| ٢١ | صباح سليمان |
| ١٨ | احمد احمد |
| ٢٠ | علي نبي |
| ٢١ | [illegible] |
| ٣٦ | عبدالله سور |

بەڵگەنامەی دابەشکردنی نەسریەی کەرتەکان لە سنووری هەرێمی ١٢ ، ساڵی ١٩٧٨



دەستوسی نامەی سەید سەلیم وەک بەرپرسی هەرێمی ١٢ بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەرتەل، ساڵی ١٩٧٨. (لە ئەرشیفی دکتۆر عوسمان دەشتی پارێزرابوو)

# ئەو نامانەی دەبن بە ئاوێنەی مێژوو

ئامادەكردنی : د. عوسمان دەشتی



حیزبی بەعس، دوایە دوای هەرەس و كارەساتی شكستی شۆڕشی كورد لە ساڵی ١٩٧٥دا، بەردەوام لە هەوڵی سڕینەوەو كە مكردنەوەی ئەو ماف و دەسكەوتانە بوو كە گەل كورد لە كوردستانی عێراق دا لەئەنجامی هەوڵ وتەقەلای پەنجا ساڵەی خەبات و تێكۆشانیدا بە دەستی هێنابوو.

یەكێك لەو هەوڵ و سیاسەتە شۆڤێنیستییانەی ئەوە بوو كە بوار لەبەر دەم خوێندن و نووسین بە زمانی كوردی لە قۆناغەكانی خوێندندا بەرتەسك بكاتەوە و نەهێڵێ.

لەوەرزی خوێندنی ساڵی ١٩٧٨- ١٩٧٩ بڕیارێكی بەناو(ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش) بۆ ناوچەی (ئۆتۆنۆمی!) دەرچوو بوو كەوا لە ٤٠٪ی پرۆگرام و بەرنامەكانی خوێندن لە قۆناغی سەرەتاییدا دەبێ بەزمانی عەرەبی بن و بخوێندرێن، لەوانە بابەتەكانی كۆمەڵایەتی(مێژوو- جوگرافیا- پەروەردەی نیشتمانی) لەگەڵ وانەی زانستەكان. هەروەها بڕیاریان دابوو كە دەبێ لە پۆل یەكەمی سەرەتاییەوە دەست بە خوێندنی زمانی عەرەبی بكرێت و، لەوێشەوەشدا [illegible] تەكنیكی(القراءة الخلدونية)ی داتراوی بیرمەندی شۆڤێنیست و دەمارگیری عەرەب(ساطع الحصري)



نوسینێكی دكتۆر عوسمان دەشتی لەسەر نامەیەكی سەید سەلیم لە گۆڤاری K4 ژمارەكانی جمك (٣-٤)

یان بەچاپ گەیاندبوو تا لە قوتابخانەکانی کوردستاندا، بەسەر منالانی پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا بسەپێندرێت و بەزۆر پێیان بخوێندرێت.

ئەم هەنگاوەی حیزبی بەعس بەشێک بوو لەمەحرومکردنی منالان و قوتابیانی گەلی کورد لە خوێندن و فێربوون بەزمانی دایک و زگماکی گەلەکەی خۆیان، کەوا پێشێلکردنێکی ئاشکرای سادەترین مافەکانی منداڵ و مرۆڤە، کە ئەویش خوێندن و فێربوونە بە زمانی دایک لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا.

لەو لاشەوە سەرکردایەتی شۆڕش و جوولانەوەی کورد، بۆ بەر پەرچدانەوەو بەرەنگاری ئەم سیاسەتە رەگەز پەرستییە، بڕیاریان دابوو، تا ئەو جێگایەی تواناو دەسەڵاتیان بەسەر گوندو دێهات و ناوچەکانی کوردستان دا بڕ دەکات، ڕێگە لە جێ بەجێکردنی ئەم پیلانە بگرن بەوەی کە واکتێب و پرۆگرامە تازەکان(تەعریبکراوەکان)، بفەوتێنن و لەناویان بەرن، تاوەکو بەناچاری سیستەمی خوێندن لەو ناوچانە دا بگەڕێندرێتەوە سەر دۆخی جارانی و بەمەش، نەخشەو پیلانەکانی بەعس لەم بوارەدا پەکی دەکەوێت.

ئەم نامەیەی کەوا دەیخوێنینەوە هی ئەو ڕۆژگارەیە، هی فەرماندەیەکی شۆڕشە: (سەید سەلیم ڕواندزی)، کەسانێک دوائر گیانی پاک و پیرۆزی هەر لەپێناوی مەسەلەی رەوای میللەتەکەیدا بەخشی و لەمەیدانی نەبەردا شەهیدبوو، کە بۆ ئێمەی دەستەی مامۆستایانی گوندی(هەرتەل)ی ناوچەی خۆشناوەتی نووسی بوو، تاوەکو ئێمەش بە دەوری خۆمان هاریکاری شۆڕش و پێشمەرگە بکەین و نەهێلین ئەو پیلانەی دوژمنان سەر بگرێت.

کە هەر واشمان کرد. لێرەدا دەقی نامەکە و وێنەیەکی ئەو سەرکردەیە پیشان دەدەین، کە وەکو ناوێنەیە کە بۆئەو ڕۆژگارەی مێژووی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان. نوسخەی نامەکەش کە بەدەست و خەت و ئیمزای شەهیدی ناو براوە لە ئەرشیفی ئێمە دا پارێزراوە.

٢٠٠٨/٨/١٢

*دەقی نامەکە: ی. ن. ک*

*بۆ/ برایانی بەڕێز مامۆستایانی هەرتەل*

*سلاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم*

*لەپاش سلاو، چەند پ. م مان ناردن لەگەل کاک صالح فەرماندەی مەفرەزەکە، هاتن بۆ سووتاندنی کتێبەکانی قوتابخانەکەتان، وە نووسراوم بۆ قایمقامی قەزای ڕانیە نووسی لەو بارەیەوە، تکایە ئاگیی ئەبن:*

*چونکە واجبی سەرشانمانەوە لەبێت خۆشتان هەست بەوە بکەن چۆن سیاسەتی کورد کردن بە عەرەب بەرەوامە لە کوردستاندا، وە بەهەستییە شۆڤێنییەکان چۆن لەیانەوێ رەگەزی کوردایەتیمان لەبین هەڵکەنن.*

*بەلام خەیاڵیان خاوە، کورد هەرەن لەسەرپێ نییە فەوت بدرێ، زۆر کەس ویستویەتی فەوتی بدا بەلام لەئەنجامدا لە فەوتی ماوەتەوە و خۆی هەلکاوە.*

*لیژ هەر مارێن لیمنا ١٩٧٨/١١/٦*

*برالکان سەید سەلیم فەرماندەی هەرێمی ١٣*



نوسینێکی دکتۆر عوسمان دەشتی لەسەر نامەیەکی سەید سەلیم لە گۆڤاری K٤ ژمارەکانی جمک (٣-٤)



مەسروفاتی هەرێمی ١٢ بە واژۆی سەید سەلیم فەرماندەی هەرێمی و دانای ئەحمەد مەجید ڕابەری سیاسی هەرێم.

7 زاری كرمانجی
ژماره ۳۷۲
دووشه‌ممه ۷-۱-۲۰۱۳



zarikrmanji@yahoo.com

# " به‌ردی یه‌كه‌م ناده‌مه كه‌س ئه‌و به‌رده‌یه‌م ناسنامه‌یه"

# له یادی دووشه‌هیدی قاره‌مان



شه‌هیدی سه‌ركرده سه‌ید سه‌لیم



شه‌هیدی قاره‌مان شینه بۆڵی

به‌ختیار عزه‌ت سلیمان- واشنتۆن

"من ته‌واو، بوومه سه‌ده‌قه‌ی خاكی كوردستان " ئه‌مه دوا ووشه‌ی شه‌هیدی پێشمه‌رگه‌و فه‌رمانده سه‌ید سه‌لیم بوو، له به‌ره‌كانی جه‌نگ، دوایین وشه‌ی پڵنگی بوێری كوردستان و رواندز، له‌كاتی بریندار بوونی‌و هه‌ست كردنی به سه‌ختی برینه‌كه‌یه‌وه، ئه‌و قاره‌مانه له دوایین چركه‌كانی ژیانی ته‌نها ئه‌م وشانه‌ی به یه‌كێك له هاوسه‌نگه‌ره‌كانی گووت.

زۆر ئه‌سته‌مه كه‌سانێكی نیشتمانپه‌روه‌ر و ولات دۆست و ئه‌و كه‌سانه‌ی خاوه‌ن هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تین و ئاماده‌گییان تێدابێت قوربانی بده‌ن، به بیستنی ئه‌م وشانه ته‌زین به جه‌سته و رۆحیان دانه‌هێت.

ساڵ ۱۹۷۹ بوو، ۷ رۆژی مابوو ئارمووشه و هه‌ندرێن به چاوبڕكێی خۆشه‌ویستی ساڵی نۆێ له یه‌كتر پیرۆز بكه‌ن، هه‌ر له‌و رۆژانه بوو پێشمه‌رگه قاره‌مانه‌كان له دۆڵی سماقوڵی خه‌ریكی تۆمار كردنی داستانێكی كه‌م وێنه بوون، تا ئه‌م داستانه‌ش وه‌ك باقی داستانه‌كانی دیكه‌ی به‌رگری بچێته نێو مێژووی بزووتنه‌وه‌ی رزگاری خوازی نه‌ته‌وه‌ی كورد.

دوژمن پێش چه‌ند رۆژێك له لایه‌ن هێزه فیداكاره‌كانی پێشمه‌رگه‌ی كوردستانه‌وه گورزی باشیان لێدرا بوو، له چه‌ند گوندێكی ده‌ڤه‌ری خۆشناوه‌تی، ده‌یان كوژراو برینداری دوژمن ببونه هۆی سه‌رشۆڕی پله‌دارانی سه‌ربازی دوژمن، به‌جۆرێك كه سه‌ریان له‌و جۆره رووبه‌ڕووبوونه‌وه و فیداكاری پێشمه‌رگه‌كان سوور مابوو، ئه‌وان به هه‌موو جۆره چه‌كی پێشكه‌وتووی ئه‌و كات و پێشمه‌رگه‌كانیش به چه‌ك و ته‌قه‌مه‌نی شانیان و ته‌نها پاڵپشتیان وه‌ری به‌رزی خۆیان‌و خۆشه‌ویستییان بۆ خاك بوو، پێشمه‌رگه‌كان هه‌ر چه‌نده ده‌یانزانی چه‌كی دووژمن له‌گه‌ڵ چه‌كی ئه‌وان به‌راورد ناكرێت، به‌لام هه‌ستكردن به

## " هه‌ستكردن به به‌رپرسیارییه‌تی نیشتمانی وای لێكردن بێ باكانه سه‌نگه‌ر له دوژمن بگرن "

به‌رپرسیارییه‌تی نیشتمانی وای لێكردن بێ باكانه سه‌نگه‌ر له دوژمن بگرن.

سه‌ر له به‌یانی رۆژی ۲٤-۱۲-۱۹۷۹ هێزێكی گه‌وره‌ی دوژمنی داگیركه‌ر به پاڵپشتی چه‌ندین سریه‌ی مغاویر و جاش‌و چه‌ندین كۆپته‌ر هێرشێكی گه‌وره‌یان بۆ سه‌ر دۆڵی سماقوڵی كرد، ئه‌وه‌نده زۆر بوون نه‌ده‌هاته ژماردن، له به‌رامبه‌ریشدا له گوندی جه‌لی و سماقوڵی گرتك وسماقوڵی سه‌رووچاوه نزیكه‌ی ۲۰۰ پێشمه‌رگه‌ی لێبوو، فه‌رمانده‌ی بوێریان سه‌ید سه‌لیم فه‌رمانی كرد بۆ رووبه‌ڕووبوونه‌وه، ئه‌و هاورای كرد، رۆژ رۆژی پیاوه‌تی‌و جوامێری و وه‌فایه، رۆژی ئه‌وه‌یه وانه‌یه‌كی گه‌وره به داگیركه‌ران بده‌ن، ئه‌م وشانه‌ی سه‌ركرده سه‌ید سه‌لیم ئه‌وه‌ندی تر وره‌ی پێشمه‌رگه‌كانی به‌رزتر و حه‌زی رووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی زیاتر كرد، به‌خۆشی وه‌ك خووی هه‌میشه‌یی له پێشی پێشه‌وه بوو، به‌ردی یه‌كمی نه‌ده‌دایه كه‌س، ئه‌و شعیره‌ی دوای شه‌هیدی بوونی له‌سه‌ر نووسرا پربه‌پێستی بوو، كه ده‌ڵێت " به‌ردی یه‌كه‌م ناده‌مه كه‌س، ئه‌م به‌رده‌م ناسنامه‌یه، گه‌رچی دووژمن تۆپی و ته‌یاره ده‌نێری، با بزانێ منیش یه‌كه‌م به‌ردم هه‌یه" به‌راستیش هه‌روا بوو.

ئه‌و رۆژه وه‌ك هه‌میشه له شه‌ڕێكی تا به‌رابه‌ردا، له شكرو مه‌غاویر و جاشی عێراق تێكشێنران و به زیانێكی زۆره‌وه راون نران، گه‌وره بلیمه‌تی ئه‌مه‌ریكی، تۆماس جیفه‌رسه‌ن، به‌ر له ۲۰۰ ساڵ ، فه‌رمووی: پێویسته داری ئازادی جار جاره هه‌م به خوێنی زاڵمان و هه‌م به خوێنی نیشتمانپه‌روه‌ران ئاو بدرێ و نۆێ بكرێته‌وه.

ئه‌و داستانه مه‌زنه‌ش بۆ داری ئازادی به خوێنی سه‌دان كه‌سی سوپای زاڵمان و هه‌روه‌ها به خوێنی دوو فه‌رمانده‌ی قاره‌مان و پێشمه‌رگه‌ی به ئه‌مه‌كی گه‌ل، سه‌ید سه‌لیم سه‌ید نه‌بی بێخاڵی و شینه‌ی بۆڵی تۆمار كرا.

شینه بۆڵی سه‌ر به‌تیره‌ی بۆڵی عه‌شیره‌تی ئاكۆی رانییه بوو، تیره‌ی بۆڵی شه‌ره‌ڤی ئه‌وه‌شی هه‌بووه، كه یه‌كه‌م شه‌هیدی قاره‌مانی شۆڕشی گولان سه‌ید عه‌بدوڵلا سه‌ید نه‌بی كوری ئه‌و عه شیره‌ته بێت.

شینه بۆڵی له مه‌لایه‌تی خوێندویه‌تی و له ساڵی ۱۹٦۱ پێشمه‌رگه‌ی شۆڕشی ئه‌یلوول بووه، به سه‌ركردایه‌تی بارزانی نه‌مر.

سه‌ید سه‌لیم له ساڵی ۱۹٤۰ له گوندی بێخاڵی رواندز چاو ی به كوره‌ك و گۆڕه‌ز و هه‌ندرێن هه‌ڵێنا، ئه‌و زۆر زوو عاشقی كوردستان بوو، یه‌كه‌م جار له هه‌یبه‌ت سوڵتان بریندار بوو، ئیتر كه‌م جێگا ما كه سه‌ید سه‌لیم شه‌ڕی لی نه‌كردبێت.

ده‌با هه‌ر به‌رز بێت یادی ئه‌و دوو شه‌هیده مه‌زنه و هه‌موو شه‌هیدانی رێگای رزگاری كوردستا ن.

نوسینێكی به‌ختیار عزه‌ت له هه‌فته‌نامه‌ی زاری كرمانجی سه‌باره‌ت به داستانی سماقولی




بەڵگەنامەی ژمارەی نوسراوە دەرچوەکانی هەرێمی ١٢ ساڵی ١٩٧٨

لەداستانەکانی پێشمەرگە

# داستانی سماقولی

ب. پێشمەرگایەتی

بزوتنەوەی هێزێکی گەورە لە ناوچەی خۆشناوەتیو ئەو بەرنامە تیرو تەسەلەی کە گرتبوویانە بەر بۆ هۆشیار کردنەوەی جەماوەری ناوچەکەو چارەسەرکردنی گیرو گرفتی جوتیارە هەژارەکان، بەتەواوی دوژمنی فاشی هەراسان کردبوو. بۆیە بۆ زەبر وەشاندنو تاقیکردنەوەی توانای هێزەکەی پێشمەرگە، لە ١٩٧٩/١٢/١٨دا رژێم هێزێکی گەورەی لە جاشە رووڕەشەکان ناردە ناوچەکە، بەلام هێزەکەی پێشمەرگە، کە پێکهاتبوو لە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی (هەرێمی ١٠و هەرێمی ١١و هەرێمی ١٢و هەرێمی ١٤) لە جاشەکان وەدەست هاتنو لە دوروبەری گوندەکانی (زیوەو هەرتەل) سەرا دریان شانو چەندین کەلاکیشیان لێخستن.

ئەم تێشکانەی رژێم بوە داخێکی تر بەجگەربانەوە نوسا. بۆیە کەوتنە مقومقوو خۆشامادەکردنو نەخشە دانان، بەلام هێزەکەی پێشمەرگە، کە جەماوەری رەنجدەری کوردستانو چیای سەربڵندی کوردستان لە پشتی خۆیەوە، بەدی بکا نکەی بیاکی بە دوژمن بووە.

ئەوشەوە زۆ انو دیدەنی پێشمەرگە، لەگەل جەماوەری رەنجدەری هەردوو گوندی (سماقولی گرتك)و (سماقولی سەروچاوە) بوو. پێشمەرگەکانو جەماوەر بەتامەزرو چاوانی پر لە هیوا سەرنجی یەکتریان دەدا. شاوەزوو خواستەکانیان تێکەل بەیەك دەبوو وبەراستەوخۆ جەماوەر هەستی دەکرد، ئەوا سەدانو هەزاران رولەی زەحمەتکێشو شۆرشگێری هەیەو داکۆکی لێدەکات. پێشمەرگەش بەهەمان شێوە ورەی شۆرشگێری بەرزتر دەبۆوە کە هەستی دەکرد جەماوەر بەوردو درشتی هاتنەداو پشتیوانی لێدەکاو چاوی بریوەتە شانو ئەوکەوتو رەنجی دلسوزانەی ئەو.

بەیانی رۆژی ١٩٧٩/١٢/٢٤ جوکمرانە فاشیستەکانی بەغداد بە هێزێکی زور لە سەربازو جاشو بە پشتیوانی تانك و کوپتەرو زریپوش لە دوو قولەوە هێرشیان بۆ دولی سماقولی هێنا. پێشمەرگەکانیش کە بەم هێرشەیان زانی بوئەوەی زیان بە خەلکی گوندەکە نەکەوی، لە گوند دەرچوونو وەك پلنگ پشتیانداپە شاوەگردو چیای سەرسەختی سەفین، سەنگەریان لە بەردەم هێزی دوژمن گرتو چاوەڕێیان دەکرد دوژمن زیاتر بێتە پێشەوە تازەبری کاریگەرتری لێبوەشێنن.

کاتی (٩)ی بەیانی شەر دەستی پێکرد. کورە سوسیالیستەکانی باواجیو سەفینو هەندرینو قەندیل کە بەرابەرایەتی شەهیدی هەمیشە زیندوو (سەید سلیم) بودوژمن لەپاریز بوون، بەکەم زەبریان لە بناری شاوەگردو لەسەروی گوندی سماقولی گرتك وەشاندە هێزەکەی دوژمنو لە چەند خولەکێکدا دەیان کەلاکیان لێخستن. هێزە شکاوەکەی دوژمن ترسنوکانە بەرەو گوندەکان رایانکرد.

دوژمن کە زانی بەکەم زەبری پێکەوتو بەم هێزە ترسنوکە، بازورو زەبەندیش بێ ناتوانی هیچ لەگەل پێشمەرگە بکاتو وەك ئیحتیاتیشی بۆ وەرگرتبوو، بەکەر بە (٩) کوپتەری بار هەلگرەوە کەوت...

یادکردنەوەی داستانی سماقولی لە بەڵگەنامەی گۆڤاری پێشکەوتن ژمارە ٥ ساڵی ١٩٨٨

هەلرشتنی سەدان سەربازی (قوات خاصة) لەپشتی هیزەکەی پیشمەرگــەو سەر لوتکەکانی چیای سەفین. هەروەها لەسەربازگەی (هیران) ەوەش هیزیکی دیکە لەشەوەوە سەرخرابووە سەر چیای سەفینو کەوتنە ئەنجامدانــی نەخشەی گەمارودانی پیشمەرگەکان. کەچی هیزیک لەرولە بەئەمەکەکانی سوسیالیزم، بەسەرکردایەتی ئەهیدان (عەولاسور فەرماندەی هەریمی١٤و ئەحمەد خان فەرماندەی هەریمی١١و شینەبولی فەرماندەی هەریمــی١٠)، هەلمەتیان بردە سەر دوژمن، سەرادویاننان ئالەگوندی گرتك و دەورو بەریدا هەلیان کەندبو دەیان کەلاکیتریان لیخستن. تەنانەت دوای ئەم هەلمەتە لەوبەرەبەی ئەردا، جاشەکان واشکان بەفەرمانی ئاغاکانیشیان نــە دەگیرانەوە، بەهەلاتن چیای بارۆجیو بەنەباویان بری و تاسەر ئەقامی گشتی هەولیر ـ کویە نەوەستانەوە. سەربازەکانیش واکەوتبوونە نیــو ئەلقەی گەماروی پیشمەرگە زوربەیان توانای دەستکردنەوەشی نەمابوو. بەلام سەد مخابن لەم هەلمەتە شیرانەیەی پیشمەرگە (شینە بولــــی) فەرماندەی هەریمی١٠ای سەفین ئەهید بوو و بەخوینی گەشی بنـــاری ئاوەگردی مەلبەندی دەستپیکردنی ئەم داستانەی سورکــــرد.

ئەهیدی پایەبەرز (سەید بەلیم) لەلایەك کەسەرپەرشتی تــــەراوی ئەرەکەی دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە بەهیزیکی پیشمەرگەوە بودوژمــن خربان سازدابوو. لەوی سەعات(١١)ی بەیانی ئەر دەستی پیکردو جگــە لەوەی کەپیشمەرگەکان پەلامار دوای پەلاماری دوژمنیان تیك دەشکانــد کە لەگوندەرە بەرەو بنار دەهاتن، لەلای پیشەوەرا پیشمەرگــــە پالەوانەکان داروبەردی ئاوەگردیان لەزیرپیی فاشستەکاندا کــردە ئاگرو لەسعات ٥ر١٢ای نیوەرودا ئەوهیزەی (قوات خاصة)و هیزەکــەی سەربازگەی هیران لەچەند لاوە کەوتنە نیو گەماروی پیشمەرگـــە. سریەی (المزم)، کەتایبەتی بوو بەلیدانی پیشمەرگەو چەندین تاوانــی گەورەیان ئەنجامدابوو لەم ئەرەدا بەفەرماندەوە بەتەواوی لەنــاو چوونو زوربەی لاشەکانیشیان کەوتنە بەردەستــی پیشمەرگــە.

دوژمن کەبەتەواوی لەزەمینەوە شکستی خواردبوو وهیزەکەی تەفــرو تونا ببو تەرکیزی کردە سەر هیزی ئاسمانیو کوپتەرەکان کوبرانــە کەوتنە بوردومانکردنی ناوچەکەو سەنگەرەکانی پیشمەرگەو فەرماندەی گشتی هیزەکەی حزب (سید سلیم نبی)و چەند پیشمەرگەیەك بریندار بوون، بەداخەوە دوای پینج سەعاتیش سید سلیمی پالەوانو ئەخصیەتی شــورش گیروبەخوشەویستی جەماوەری ناوچەکەو کوردستان لەبرینەکانیـــەوە ئەهیـــد بـــوو.

هیزەکەی دوژمن ئەمجارە شکا.. پیشمەرگە سوسیالیستەکان بەخوینی دوو پالەوانی دیکەی گەلەکەمان داستانی (سماقولی)یشیان تومارکردو بەلماندیانەوە کەرولەی بەئەمەكو دلسوزی خواستو ویستەکانـــی جەماوەری رەنجدەری گەلەکەیانن.. ئەوانیش ئەهید سید سلیمو ئەهیـــد شینەبولی بوون.. هەزاران سلاو لەگیانی پاکیان. هەروەها ـــــی پیشمەرگەش بریندار بـــوون.

زیانەکانی دوژمن لەم داستانەدا:

کوژرانی زیاتر لە (١٥٠) سەربازو لەگەل (٦) ئەفسەر، کە (نقیـــب

بو لاپـــەرە (٥٢)

یادکردنەوەی داستانی سماقولی لە بەڵگەنامەی گۆڤاری پێشکەوتن ژمارە ٥ ساڵی ١٩٨٨

له‌به‌لگه‌نامه‌كانی حزب ٥٢

اقامة جبهة وطنية كوردستانية بين القوى المناضلة فى الساحة لتكون خطوة بناءة نحو اقامة الجبهة الوطنية العراقية العريضة الاداة المجربة لاسقاط الفاشية وانقاذ شعبنا وبلادنا من كل هذه الكوارث والويلات.

اننا فى الوقت الذى نستنكر وندين بشدة هذه الجريمة البشعة ضد شعبنا، نجدد العهد لتصعيد النضال جنبا الى جنب القوى الوطنية الاخرى حتى اسقاط الفاشية، كما ونناشد الرأى العام التقدمى العربى والعالمى لفضح وادانة هذه الجريمة اللاانسانية، والتضامن مع نضال شعبنا العادل.

لتعلم زمرة صدام المجرمة بان المجازر والقمع والارهاب لن تثنى عن عزيمة شعبنا المكافح، بل تزيده عزما واصرارا للمضى فى النضال الدؤوب حتى تحقيق جميع اهدافه.

- المجد والخلود لشهداء حلبجة وخورمال وقره‌داغ وشهرزور وجافه‌تى ولجميع شهداء كوردستان والعراق.
- تعازينا لعوائل الشهداء، وتمنياتنا للجرحى بالشفاء العاجل.
- تحية فخر واعتزاز لجماهير شعبنا الصامدة فى كوردستان والعراق.
- الموت للفاشية .. والنصر لارادة شعبنا.

١٩٨٨/٣/٢١

الحزب الاشتراكى الكوردستانى - العراق
الاتجاه الديمقراطى الثورى
اللجنة التحضيرية

پاشماوه‌ی/ داستانی سماقولی

هشام)ی فه‌رمانده‌ی سریه‌ی (العزم)یه‌كیك بوو له‌و ئه‌فسه‌رانه. كه‌لاكی (٧١) سه‌ربازو ئه‌فسه‌ر، كه‌وتنه به‌ ده‌ستی پیشمه‌رگه.
- كوژرانی ژماره‌یه‌كی زوری جاشه (١٨) كه‌لاكیان كه‌وته ده‌ستی پیشمه‌رگه.

دهستكه‌وته‌كان

١- هاوه‌نیكی (٨٢) ملم.
٢- دوو هاوه‌نی (٦٠) ملم.
٣- ٣ ره‌شاشی گرینوفو ره‌شاشیكی شاربی كه‌ی.
٤- (٥٠) كلاشینكوف.

له‌گه‌ل ژماره‌یه‌كی زور له‌نارنجوك و ته‌قه‌مه‌نی و كه‌لوپه‌لی سه‌ربازی. ئه‌مه‌ویرای ئه‌وه‌ی كه‌جه‌ماوه‌ری ناوچه‌كه‌ش له‌شوینی شه‌ره‌كه‌دا ژماره‌یه‌كی زور چه‌ك و ته‌قه‌مه‌نیان ده‌ستكه‌وتبوو، كرا به‌دیاری بو دیفاعكردن له‌خویان.

توماركردنی ئه‌م داستانه له‌هه‌موو كوردستاندا ده‌نگی دایه‌وه‌و لاپه‌ره‌یه‌كی پرشنگداری دیكه‌ی خسته‌ سه‌ر میژووی خه‌باتی گه‌له‌ ژیر ده‌سته‌كه‌مان.

یادکردنەوەی داستانی سماقولی لە بەڵگەنامەی گۆڤاری پێشکەوتن ژمارە ٥ ساڵی ١٩٨٨



بۆ برای زۆر خۆشەویست و تێکۆشەر کاک مەلا محەمەدی جوانرۆ

سلاوێکی شۆڕشگێڕانەت پێ ئەگەیەنم

ئومێد دەکەین هەر خۆش و سەرکەوتوو بی لە خەباتی پیرۆزدا

بۆ ئازادی شۆڕشی پیرۆزی کوردستان ، زۆر زۆر سلاومان

هەیە بۆ هەموو برادەران ، ئەوانیش باشن .

نووسراوەکانت گەیشت سوپاس .

پێشنیارەکەتان بۆ هاتنەوەی کاک [illegible] و کاک

جلال [illegible]

[illegible]

ئێمە هەر سەرکەوتوو بن

[illegible]

وەڵامنامەی (ئەمیر ئەمیری قازی و حاجی حاجی برایم)، بۆ تێکۆشەر (مەلا محەمەدی جوانرۆی)

## ١٤-٢: شۆڕشی ئەیلول:



پۆلێک تێکۆشەری کورد لەگەڵ سەید عومەر سەید نەبی لەزیندان (بەغدا – ١٩٦١)



زيندان (بەغدا – ١٩٦١)




وەستاوەکان سەید موسلح سەید عومەر- موزەفەر موحەمەد- سەیدڕەشید- مستەفا
سەڵتەدانیشتوەکان مەمەدەرەش – مامۆستا دلێر ئاکرەیی ١٩٧٣ ئاکرێ



عومەر حاجی- سەید سەلیم، چۆمان، ١٩٦٩



(سەید عومەر سەید نەبی، جەلال بەگ دەرگەلەیی، وەهاب ئاغای جوندیان، مامۆستا دلاوەر)



لە ڕاستەوە (شاباز ئەحمەد شاباز- سەید سەلیم- تەمەر ئەحمەد شاباز)
دانیشتوەکان (سوارە – فەرحان) بێتواتە ١٩٦٣



(سەید سەلیم لەگەڵ پۆلێک کادیری بەشداربوو لە پەیمانگای کادیران ) ١٩٦٩




ڕێپێوانی هێزی پێشمەرگە سەید عومەر سەید نەبی لە پێشیانەوە دەڕوات. ڕواندز ١٩٧٠



دەشتی دیانا مستەفا بارزانی لە پێشوازی شاندی باڵای حکومەتی عێراق




له چەپەوە: (حاجی حوسێن چاوشین، سەید عومەر سەید نەبی، فاخیر مێرگەسۆری، سەربەست حەمە ساڵح، دلاوەر حەمەد ئاغا، جەوهەر حەمەد ئاغا مێرگەسۆری، نەناسراو) ڕواندز- ١٩٧١



(سەید سلیم، مەلائەمین بارزانی، حاجی کاتب، نەناسراو) ئاکۆیان- ١٩٦٧



لەڕاستەوە: ( حەسەن حاجی لەتیف ڕواندزی، سەید سەلیم، شێخ موحەمەد خەلیفانی)ڕواندز- ١٩٧٠



(سەید عەبدوڵلا سەید نەبی، مزەفەر فەقیانی) چیای زۆزک- ١٩٧٤



سەید سەلیم وەک فەرماندەی پاسەوانی سنور یاوەری سەرکردایەتیی شۆڕش تۆبزاوەی کەرکوک- ١٩٧٠



سەید سەلیم لەڕێوڕەسمی یادی نەورۆز ئاکۆیان- ١٩٧٢



سەید سەلیم لە پەیمانگای کادیران باڵەکایەتی- ١٩٦٩



سەید سەلیم (هیوای کوڕی) لە باوەشە گەڵاڵە- ١٩٦٨



(فاخیر حەمەد ئاغای مێرگەسۆری، سەید عومەر)ڕواندز- ١٩٧١



سەید سەلیم، گەڵاڵە، ١٩٦٩



سەید عومەر سەید نەبی لە کاتی خوێندنەوەی بەیاننامەی ڕێکەوتنی ١١ ئادار ڕواندز- ١٩٧٠



سەید عومەر بەرپرسی ناوچەی ڕواندز لەگەڵ قائیمقامی ڕواندز و بەرپرسانی ئیدارەی شار ڕواندز- ١٩٧١




سەید سەلیم- تەها ئینزیبات گەڵاڵە، ١٩٦٩



سەید سەلیم- پێشمەرگەیەکی کوردی فەیلیی خەڵکی بەغدا، گەڵاڵە، ١٩٦٩



سەید سەلیم لە ڕۆڵی کاوەی ئاسنگەر ڕواندز- ئاگۆیان نەورۆزی ١٩٧٢



ڕواندز- ئاگۆیان نەورۆزی ١٩٧٢ سەید سەلیم لە ڕۆڵی کاوەی ئاسنگەر




سەید عومەر لەگەڵ دوو کادیری پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٧٠



ن ڤلسراو- عمر ڕشاش — حەمەدەمینشەریف —لەشادحسریڕفنیدی-ن ڤلسراو ١٩٧٤ چیای گۆڕنۆک



ڕواندز ١٩٧٠ ڕێپێوانێکی پێشمەرگە




لە چەپەوە: (سەیدڕەشید سەید نەبی، سەید حەمید سەیدڕەسول، موسلیح سەید عومەر، مامۆستا دلێر ئاکرەیی، مەمەددڕەش، مزەفەر فەقیانی، مستەفا سەڵتە) ئاکرێ – بجیل ١٩٧٤



لە چەپەوە: (سەید عومەر سەید نەبی، فاخیر مێرگەسۆری، فەتاح سورچی، سەعید خەیات)ڕواندز- ١٩٧١



سەیدڕەشید سەید نەبی لەگەڵ تیپی مۆسیقای پاشای گەورە بەڕابەرایەتیی زرار محەمەد مستەفا ڕواندز- ١٩٧٢



( عومەر ڕەشاش، دلاوەر حوسێن ئەفەندی، حەمەد ئەمین شەریف گەڵاڵی) ڕواندز-
چیای گۆڕنۆک، ١٩٧٤



(چەند پێشمەرگەیەکی لقەکەی سەید سەلیم) ڕواندز- چیای گۆڕنۆک، ١٩٧٤



ئۆردگای زێوەی مەرگەوەڕ- ١٩٧٥ سەید سەلیم لەنێو کۆبوونەوەی کوردە ئاوارەکان



لەڕاستەوە سەید حەمید سەیدڕەسول ، سەید سەلیم سەید نبی



لەڕاستەوە: (هێرش سەید سەلیم، بەختیار سەید سەلیم) ئۆردگای زێوەی مەلگەوڕ- ١٩٧٥



ڕواندز – گۆڕەپانی گەردەگەرد ١٩٧١



دوو فەرماندەی شۆڕشی ئەیلول. لە ڕاستەوە: (سەید مستەفا بنەکاولی، حەمە زیاد فەقیانی )

## ١٤-٣: شۆڕشی نوێ:



سەید سەلیم لە کاتی ماڵئاوایی لە منداڵ و برازاکانی بەهاری ١٩٧٨



وێنەی ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی بەیەکەوە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد (١٩٧٨)
رەحمان سەیدە- خالید سەر نێڵی- سەید سەلیم – سالح هەولێری




لەڕاستەوە: (خالید سەرنێڵی ڕەحمان سەیدە -سەباحە ڕەش سەید سەلیم)



لەڕاستەوە دانیشتوەکان: (؟، خالید سەر نێڵی، ؟، ساڵح هەولێری، سەید سەلیم، ڕەحمان سەیدە، مەلا ئەحمەد)

لەڕاستەوە وەستاوەکان: (مەحمود فەقیانی، ؟، سەباحەڕەش، عەبدوڵلا سەرانەیی، مام شون سەرانەیی، ؟)




له ڕاستەوە وەستاوەکان: (سەید سەلیم، عەوڵاسور، قادر عەزیز، قالە پوشۆ، دکتۆر
مەحمود دانیشتوەکان (جەلال ئاوارە،



(حاجی کەمال، سەید ڕەشید، سەید سەلیم، بەکر توتمەیی)- ١٩٧٩



سەید ڕێباز، سەید سەلیم- ١٩٧٩



سەید سەلیم، خانێ، ڕۆژهەڵاتی کوردستان- ١٩٧٩




عەوڵاسور، سەید سەلیم- ١٩٧٨



عەلی ئاغای بوران، سەید سەلیم. ڕەحمان سەیدە- ١٩٧٨



بارەگای سەرکردایەتی، کۆمەڵێک پێشمەرگە- ١٩٧٨



سەید سەلیم لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەرێمی ١٢- ١٩٧٨




بارەگای مام جەلال- ١٩٧٨

لەڕاستەوە: عەدنان موفتی، سەید سەلیم، مام جەلال، محەمەد عوسمان



کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەرێمی ١٢، لەگەڵ سەید سەلیم، گوندی تارینان- ١٩٧٨



سەید سەلیم، دکتۆر مەحمود عوسمان




مام جەلال، سەید سەلیم، دکتۆر مەحمود عوسمان



سەید سەلیم لەنێو خزمانی گوندی سرێشمە




ڕەسول مامەند ، سەید سەلیم



سەید سەلیم ، قادری حاجی ئاغای کۆسرەتان،ڕەحمان سەیدە



سەید سەلیم لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی هەرێمی ١٢



سەید کەریم هەودیانی، سەید سەلیم



ڕەحمان سەیدە، سەید سەلیم، سەید کاکە، دکتۆر هۆشیار کۆیی



سەید کاکە، عمەر قەندی، سەید سەلیم، ئیبراهیم سمایل ئاغا مەلەکی



سەید سەلیم



سەید سەلیم لەگەڵ منداڵەکانی لە ڕاستەوە: (بەختیار، وریا، هیوا، هێرش،
بەفرین) - مانگی ١٠/ ١٩٧٩ (گوندی بلەیی ژێری)



لە ڕاستەوە بەکر توتمەیی، سەید سەلیم، قادر گەرەوەیی، دانای ئەحمەد مەجید



عومەر قەندی، سەید سەلیم



له ڕاستەوە : سەید عەبدوڵلا سەید نەبی -سەید سەلیم- سەید عومەر سەید حاجی
دانیشتوو: سەید ڕەشید   زەڵێ ١٩٧٨



لە چەپەوە: مەدینە – سەید سەلیم – حەلیمە حاجی ڕەمەزان – حەلیمە – هێرش
گوندی بلەیژێری مانگی ١٠ی ١٩٧٩



مام جەلال، سەید سەلیم، کۆمەڵێک پاسەوانی مام جەلال زەڵێ- ١٩٧٨



سەعید کادیر، سەید سەلیم



سەید سەلیم



سەید سەلیم، دیداری کۆمەڵێک ڕۆژنامەنوسی سویدی، ١٩٧٨ گۆڕەشێر



سەید سەلیم و منداڵەکانی، سەباحە ڕەش، مام شوانۆ، بەکر توتمەیی، عومەر قەند، قادر حەمە زیاد، سەید ئازاد



وەستاوەکان: دکتۆر مەحمود، ڕەحمان سەیدە، مام جەلال، سەباحەڕەش

دانیشتوو: سەید سەلیم



لە ڕاستەوە مەنیجە دەسەڵاتی، دکتۆر لەعلی کەریمی، مریەم خانی هاوسەری بێدەلان، ١٩٧٨



لە ڕاستەوە: سەید سەلیم، ڕەحمان داودی، عەزەی داودی، برایم حاجی کوێخا،١٩٧٧، هەولێر

## بەشی پازدەم: فەرهەنگۆك

### 15-1: فەرهەنگۆکی کەسەکان

**ئیبراهیم حەمەدئەمین:** ناسراو بە برایم چاوەش، ئەو نازناوەی لە باوکیەوە بۆ ماوەتەوە، ئەویش یەکێک بوو لە پێشمەرگە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلول لە دەڤەری ڕواندز، لە پاڵ هێزەکەی سەید سەلیم بەشداری چەندین شەڕ و داستانی کردووە.

**سمایل بەگی ڕواندزی:** یەکێك بووە لە کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی ڕواندز و تەواوی کوردستان، لە بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەم، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە بزاڤی ڕۆشنبیری و سیاسیی کوردستان و عێراق، ئیسماعیل بەگ کوڕی سەعید بەگ کوڕی عەوڵا پاشای کوڕی بەکر بەگە، لە ڕواندز لەدایکبووە و چوویتە بەر خوێندن هێشتا تەمەنی بچوك بووە باوکی دەکوژرێت و لەلایەن (لەعلی خان ١٨٨٤ - ١٩٦٨)ی دایکی پەروەردە دەکرێت و زمانی (تورکی و عەرەبی و فارسی و فەرەنسی) و ئینگلیزی زانیووە. لە ١٩١٩/١٢/١٥ لە سەردەمی ئینگلیزەکان دەبێتە حاکمی ڕواندز، دواتر دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی عێراق، لەو کاتەی دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی عێراق و هەڵوێستە بوێر و کوردایەتییەکەی وا دەکات دوژمنان و ناحەزانی لێ بترسێن، لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ (حوزنی موکریانی) و (سەید تەهای شەمزینی) ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە بەرەو پێشەوە بردنی بواری ڕۆشنبیری و پەروەردە و خزمەتگوزاری لە شارەکە، لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٣٣ لە دۆڵی نیشاوێ لە نزیک گوندی کەڵەکین لە لایەن بنەماڵەی باویل ئاغا تیرۆرکرا.

**ئەحمەد فەقێ ڕەش:** ئەحمەد فەقێ ئەحمەد، لە ١٩٤٩ لە گوندی (ڕوست)ی باڵەکایەتی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٥ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول دەکات، لە ١٩٦٧ خولی کادیران تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەکات، لە شۆڕشی نوێ وەک فەرماندەیەک دەستبەکار دەبێت، لە یەکەمین کۆنگرەی ح. س .ک لە ڕۆژانی (١٢-١٩٨١/٥/١٥) دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ح. س. ک، ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٢٣ شەرەفی بەشداریکردنی لە هاوکاریی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدەبڕێت، ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢٦ لەلایەن دەستێکی خیانەتکار لە شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیرۆرکرا.

**ئەمین ڕواندزی:** ئەمین پاشا ڕواندز، ساڵی ١٨٦٥ لە ڕواندز لەدایکبووە، لە قوتابخانەی سەربازی عوسمانی و قوتابخانەی ئەرکانی جەنگی خوێندویەتی، دواتر پەیوەندیی بە سوپای عوسمانی

کردووە و تا پلەی لیوای وەرگرتووە و بەشداری جەنگی جیهانیی یەکەمی کردووە. دوای جەنگ گەڕاوەتەوە بەغداو لە ١٩٣٥ بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران، دواتریش سەرۆکی لیژنەی کاروباری سەربازی بووە تا ساڵی ١٩٤١، لە بەغدا کۆچیدوایی کردووە.

**ئەسعەد عەلی نەبی ئەحمەد (فەتحی تۆپچی):** لە (١-٧-١٩٤٠) لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش و کوردپەروەری شارۆچکەی (مەخمور) لەدایکبووە، لە بەر سەختی ژیان و ناهەمواری ڕەوشی ئەو کاتی عێراق نەیتوانی قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتویی تەواو بکات بۆیە دەچێتە ڕێکخستنە نهێنیەکانی ئەو کات لە ناوچەکە بوونیان هەبووە. لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن بەعسییەکانەوە دەستگیر دەکرێت و بۆ (٢) ساڵ و چەند مانگێک لەژێر ئازار و ئەشکەنجە لە گرتوخانەکانی موسل و بەغدا و کەرکووک زیندانی دەکرێ، لەسەرئەوەی پەیوەندی بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی حزبی شیوعی ئە و کاتەوە هەبوە. دوای ئازادکردنی لە ساڵی (١٩٦٥) ڕاستەوخۆ خۆی دەگەیەنێتە ئەو ناوچانەی لانکەی شۆڕش و پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە دەکات و لە دەڤەری ڕواندز دەگیرسێتەوە. شارەزایەکی باشی لە تۆپخانە هەبووە و ئەو نازناوەشی لەوە پێدراوە، لە هەموو شەڕەکانی ناوچەکە تۆپەکانی فەتحی پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە بووە، دۆستێکی نزیکی شەهید سەید سەلیم بووە.

**ئەسعەد خەیلانی:** ناوی تەواوی ئەسعەدی کوڕی مەلا سەعیدی خەیلانیە لە نەوەی حاجی عومەر ئەفەندی خەیلانیە باپیری خوێندنی ئاینی لە لای مەلای خەتی تەواو کردوو کە موفتی بووە لە ئیمارەتی سۆران، ئەسعەد خەیلانی خوێندنی سەرەتایی لە ڕواندز خوێندووە و لە ناوەڕاستی شەستەکان بۆ خوێندن چۆتە ئەمەریکا و دکتۆرای لەوێ تەواو کردووە، یەکیک بووە لەوانەی ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە ناساندنی پرسی کورد بە تایبەت لە ئەمەریکا.

**ئەسعەد ئەحمەد (ئەسعەد کاروانچی):** خەڵکی گوندی کانیەقوڕە، پێشەنگی ئەو پێشمەرگانە دەبێت کە لەگەڵ سەید سەلیم و پۆلێک پێشمەرگەی دیکە پەیوەندی دەکەن بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلول، دواتر دەبێتە کادیرێکی دیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی.

**ئەمین ڕواندزی:** ئەفسەرێکی ناوداری سوپای عێراق دەبێ، کەسێکی کوردپەروەر بووە، ماوەیەک دەبێتە سەرۆکی شارەوانی ڕواندز و خزمەتێکی بەرچاو بە شاری ڕواندز دەکات.

**برایم حەمەدەلاو:** کەسایەتی سیاسی و کۆمەلایەتی شاری ڕواندز بووە لە پێشەنگی ئەوانە بووە کە بیروباوەڕی پارتی هێناوەتە ناو گەنجانی ڕواندز.

**برایمی حاجی کوێخای کۆیلێ:** لە ناوەڕاستی شەستەکان لەشۆڕشی ئەیلول لە لای جەلال بەگی دەرگەلە بووەتە پێشمەرگە، دواتر دێنە لقەک

تایبەتەکەی سەید سەلیم، لەشەڕەکانی ئەوکات ڕۆڵێکی باشی بینیووە، دوای هەرەس لەگەڵ خانەوادەکەی ئاوارەی ئێران بووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ دەگەڕێتەوە بۆ باڵەییان و سەرلەنوێ دەبێتەوە پێشمەرگە، لەشەڕەکانی گابیریز بەشدار بووە، لەبەر لیهاتوویی ساڵی ١٩٧٩ کراوە بە فەرماندەی کەرت لەهەرێمی ٧ی باڵەک، دوو جار وەکو هێزی پشتیوانی چووە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، ساڵی ١٩٨٥ کراوە بە فەرماندەی تیپی ٧٤ی باڵەک، بەداخەوە لەدەورووبەری سەعات ٥ی دوای عەسر، ڕێکەوتی ٧/١٠/١٩٨٦ لەداستانی قۆپی ئەستێرێ باڵەییان لەگەل ٣ پێشمەرگەی قارەمان و دوو هاوڵاتی شەهید دەبن.

**برایمی هۆرێ:** برای مەمەدەڕەش فەقیانی، یەکێک لەو کەسانە بووە کە شەهید سەید سەلیم زۆر متمانەی پێکردووە، هەربۆیە ئەو کۆبوونەوەی کە بڕیاردەدەن بچنە شاخ ١٩٦٢ لە ماڵەکەی ئەو ئەنجامی دەدەن، تا ڕاپەڕین ئاوارەی ئێران دەبێت.

**برکۆ (بورهان نەبی بنمێردی):** تاقانەی دایک و باوکی بووە، لە تەمەنی گەنجیەتی دەبێتە پێشمەرگە، خۆشەویستی هەڤاڵەکانی دەبێت بە تایبەت لە لای سەید سەلیم زۆر خۆشەویست دەبێ، لە شەڕەی گەرە خوار لە بەنی هەریر شەهید دەبێت تا دوو ساڵ هیچ سۆراخی نازانرێت چونکە لە کاتی شەڕەکە تەرمی دەکەوێتە ژێر بەفر.

**بورهان بلەیی:** خەلکی گوندی بلەی دۆڵێ ئالانەیە، یەکێک لە فەرماندە دیارەکانی هەرێمی ١٢ بووە، لەگەڵ زۆربەی خزمەکانی لە شۆڕشی نوێ دەبنە پێشمەرگە.

**تایەری عەلی والی (ملازم تایەر):** ساڵی ١٩٣٨ لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، شەهید ملازم تایەری فەرماندە، ئەفسەری سوپا بووە لە سوپای عیراقدا، چووەتە خولی تۆپخانە و لەدوای تەواوکردنی خولەکەش گوێزراوەتەوە بۆ سەربازگەی ڕواندز. ساڵی ١٩٦١ لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول یەکێک بووە لە یەکەم ئەو ئەفسەرانەی چووەتە ڕیزی پێشمەرگایەتی، لەناوچەی ئاکۆیان و کراوەتە سەرلق. هەر لەوێش ئاشنایەتی لەگەڵ شەهید سەید سەلیم پەیدا دەکات، دوای ساڵێک لەبەرئازایەتی و چالاکی لەلایەن بارزانییەوە پلەی فەرماندەی بەتالیۆنی ناوچەی ئاکۆیانی پێ سپێدراوە، دواتریش کراوەتە فەرماندەی هێزی سەفین. لە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوتەوە بۆ سلێمانی و دوورخراوەتەوە بۆ خوارووی عیراق و لەشارەوانی عەممارە کراوە بەفەرمانبەر، هەر ئەوکاتەش پەیوەندی بە شەهید (ساڵح یوسفی) یەوە کردووە و لە ڕیزەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دا، خەباتی کردووە. لەبەهاری ساڵی ١٩٧٦ ڕویکردەوە شاخ و دووبارە لەشۆڕشی نوێدا لە مەفرەزە سەرەتاکانی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بووەتە پێشمەرگە. ساڵی ساڵی ١٩٧٩ بووە بەئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەکتەبی سەربازی حزبی سۆسیالیستی کوردستان. ڕۆژی ٢٥-١٢-١٩٨٢

لەگەڵ ١١ هەڤاڵی دیکەیدا کەدوانیان ئامۆزای خۆی بوون، لەچیای قەندیل شەهید بوو.

**جیهاد محەمەد یوسف:** پێشمەرگەیەکی شەهید سەید سەلیم بوو، پێش ئەو ڕوداوەش لە ئۆردگای زێوە خوشکێکی بچوکی سەیارەیەکی سەربازی لێیدەدات و دەستبەجێ گیان لە دەستدەدات.

**جەلال بەگ دەرگەڵەیی:** لە میرانی دەرگەڵە بوو، لە ساڵانی ١٩٥٠ وە نەخشی لە بزاڤی سیاسی و کوردایەتی لە ناوچەکە هەبووە، بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای گوندی دەرگەڵە دیوەخانی جەلال بەگ هەمیشە بۆ پێشمەرگە لەسەر پشت بووە.

**جەلال مەلا حەسەن شەقڵاوەیی:** مامۆستا جەلال، خەڵکی شەقڵاوە بوو، باوکی بۆ ئەرکی پۆلیسی هاتبووە ڕواندز خۆشی لە ڕواندز دەبێتە مامۆستا و ناوەراستی پەنجاکان لەتەک لەتیف نادر ڕۆڵی گرنگیان دەبێت لە بڵاوکردنەوەی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەڤەری ڕواندز هەر بۆیەشە دەبێتە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ڕواندز.

**جەلال خەیلانی:** جەلال کوڕی سەعید ئەفەندیی خەیلانیی (قازیی سەردەمی خۆی) کوڕی مەلا ئەسعەدی خەیلانییە، ساڵی ١٩٢٥ لە شاری رەواندز و ناو خێزانێکی دینداری کوردپەروەردا چاوی بە دنیادا هەڵهێناوە. بنەماڵەکەی خاوەنی مزگەوتی گەورە (ئێستا مزگەوتی مەلا عەبدولکەریمی خەیلانی)ی ڕواندزە، کە مەدرەسەی هەبووە و مەلا و خوێندەواری زۆری تا ناوەڕاستی ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابوردوو پێگەیاندووە. خوێندنی مەدەنیی لە قوتابخانەدا هەبووە و پاشان گەیشتووەتە کۆلیجی شەریعەی بەغدا و کۆتاییی ساڵانی چل تەواوی‌کردووە،ەندامی حیزبی (هیوا) و لەگەڵ ئەمین ڕەواندزیی ئەفسەری کوردپەروەر، بیر و باوەڕی کوردایەتیی لە ناوچەکەی خۆی بڵاوکردووەتەوە. پاشتر بووەتە ئەندامی پارتی دیموکراتی کورد. کە بۆ چارەسەر چووەتە وڵاتی لوبنان، لەوێ دۆستایەتیی لەتەک کامەران بەدرخان پەیداکردووە. ساڵی ١٩٦٥ لە تەمەنی ٤٠ ساڵی کۆچیدوایی کردووە.

**جواد ئەسعەد شێتنە:** ساڵی ١٩٤٠ لە دەڤەری ڕواندز لەدایکبووە ساڵی ١٩٥٩ دەبێتە مامۆستا هەر لەو دەڤەرە، هەر لەو ساڵەدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە. لە شۆڕشی ئەیلول خێزانەکەیان لە شۆڕش هەڵدەگەڕێنەوە، جواد پەیوەندی بە سوپای عێراقەوە دەکات، کراوەتە ئەفسەر. ساڵی ١٩٨٢ لە جەنگی عێراق- ئێران بە تۆمەتی هەڵگەڕانەوەی لە دەسەڵات، لەلایەن سەدام حوسێن لە سێدارە دەدرێت.

**حاجی کەریم سەرانەیی:** خەڵکی گوندی سەرانی سەر بە ڕواندز بوو، ژمارەیەک خەڵکی ناوچەکە لەگەڵ ئەو بوونەتە پێشمەرگە، دواتر لە شۆڕشی ئەیلول بووەتە سەرلق.

**حوزنی موکریانی:** سەید حوسێن عەبدولەتیف ناسراو بە حوسێن حوزنی موکریانی و داماو (١٨٨٣ لە سەقز، ئێران – ١٩٤٧ لە بەغدا، عێراق) ژیاوە بە

یەکەم مێژوونوسی کورد دادەنرێت لە سەدەی بیستەمدا، لەم پێناوەدا پازدە ساڵ بە هەموو توانایەکییەوە هەوڵی داوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی مێژوویی سەبارەت بە مێژووی گەلی کورد، کە بە زمانەکانی عەرەبی و هیندی و تورکی و فارسی و فەرەنسی و ڕوسی هەبوون لەو کاتەدا، لەبەرئەوەی خۆی شارەزاییەکی باشی لەو زمانانەدا هەبووە هەر لەو زمانانەشەوە گەلێک نوسراوی بە پێزی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. حوسێن حوزنی لە ئەستەمبوڵ و حەلەبدا بە نهێنی چەندین گۆڤاری دەرکردووە، وەک (کوردستان، ئارارات، بۆتان، چیا کرمانج، دیاربەکر، سۆران) لە باشوری کوردستانیش ساڵی ١٩٢٦ گۆڤاری (زاری کرمانجی) لە ڕواندز دەرکردووە، لە ساڵی ١٩٣٥یش گۆڤاری ڕوناکیی لە هەولێر دەرکرد. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٣ لە بەغدا سەرپەرشتی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)ی کردووە. جگە لەمانە ٤٠–٥٠ کتێب و یادگاری بە نرخی لەپاش بە جێماوە، حوسێن حوزنی لە ساڵی ١٩٢٦ چیرۆکی (خۆشی و ترشی) و (مەرۆکە و بزنۆکە)ی چاپ کردووە. ساڵی ١٩٢٥ هاتووەتە ڕواندز و چاپخانەی زاری کورمانجی دامەزراندووە. ساڵی ١٩٤٣ لە ڕواندز دوور خراوەتەوە و تا کۆچی کردووە لە بەغدا ژیاوە. ئەم مێژوونوسە لە ٣٠ ساڵدا کە لەم پێناوەدا تەرخانی کردبوو بۆ خزمەتی گەلی کورد خاوەنی ١٧ کتێبی گەورەیە کە یانزە کتێبیان لەسەر مێژووی کوردە. لە ٢٠ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٧دا لە شاری بەغدا کۆچیدوایی کردووە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە هەولێر و ئێستا گۆڕەکەی لە شاری هەولێرە.

**حوسێن کادیر:** ناوی (حوسێن حەمەدەڕەق)ە، لەبەر دڵسۆزی بۆ ڕێبازەکەی و جدیەتی لە کارەکەی نازناوی کادیری لێ دەنرێت.

**حەسەن عارەب:** خێزانێکی بە ئەسڵ عەرەب بوون لە شاری ڕواندز نیشتەجێ بووبوون، بەڵام دوای ساڵانێکی زۆر هێشتا نازناوی عەرەبیان لەکۆڵ نەبووەتەوە. شایانی باسە ڕواندز چەندین خێزانی عەرەبی لێ ژیاون کە پێشتر کەسوکاریان لەوێ سەرباز بوونە، هەروەها لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش خەڵک ڕووی لە ڕواندز کردووە، ئێستا بوونەتە ڕواندزی، ئەو ماڵە عەرەبانەش ئێستا خۆیان بە ڕواندزی و بە کورد دەزانن لە خەباتی شۆڕشی کوردیش بەشداریان هەبووە. یەکێک لەو کەسانە بووە کە شەهید سەید سەلیم زۆر متمانەی پێکردووە، هەر بۆیە ئەو کۆبوونەوەیەی ساڵی ١٩٦٢، کە بڕیار دەدەن بچنە شاخ، لە ماڵی ئەو دەیکەن، تا ڕاپەڕین ئاوارەی ئێران دەبێت.

**حەلیمە ئەحمەد سرێشمەیی:** خێزانی شەهید سەید سەلیم خەڵکی گوندی سرێشمەیە، هەموو تەمەنی لە شاخ و ئاوارەیی و دەربەدەری بەسەر بردووە، تەنانەت دوای شەهیدبوونی هاوسەرکەشی وەک ژنێکی شۆڕشگێر بەشداری لە ڕاپەڕینی ساڵانی (١٩٨٣- ١٩٩١) دژ بە ڕژێمی بەعس دەکات لە شاری هەولێر، هەروەها سەربەرزانە منداڵەکانی

پێدەگەینێت و ڕۆڵی باوکێکی دڵسۆز دەبینێت بۆیان.

**حەمید حوسێن مەلا (حەمیدە ئەفەندی):** فەرماندەیەکی شۆڕشی ئەیلول بوو، لە دامەزراندنی هێزی باڵەک ئەرکی فەرماندەی بەتالیۆنی ٦ی لە هێزی باڵەک پێدەسپێردرێت، خەڵکی سیدەکان بووە، دوای ڕاپەڕین پۆستی وەزیری پێشمەرگەی پێدەدرێت.

**حەمید ڕەشاش:** کەسایەتیکی سیاسیی دەڤەری بالیسان بووە، ڕۆڵی لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوچەکەی بینیوە و بیرەوەرییەکانی خۆی لەژێر ناونیشانی (توولە ڕێگاکانی کوردایەتی) نوسیوەتەوە.

**حەمە حەمید:** لە خێزانێکی تێکۆشەری گوندی ئاکۆیان لەدایکبووە، وەک کادیرێک لە ساڵانی دەستپێکی شۆڕشی نوێ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، بە کەسیکی دڵسۆز و بە دیسپلینی حزبی ناسرابوو.

**حەمە زیاد فەقیانی:** لە خێزانێکی تێکۆشەری کورد لە ساڵی ١٩٤٠ چاوی بە دونیا هەڵێناوە، سروشتی ناوچەکە کاریگەری لەسەر داناوە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول و دروستبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان حەمەزیاد لەگەڵ دەستەیەک لە کەسە نزیکەکانی چەکی پێشمەرگایەتی لە ساڵی ١٩٦١ هەڵدەگرێت و لە هەموو شەڕەکان قارەمانانە پێش بە سوپای داگیرکەری بەعس دەگرێت و مەتەرێزەکانی (سەری جونەگا، دارەهیشک، کێل کێل، گەرووی بێجان) هەمیشە جێگای مقاوەمەتی قارەمانانەی حەمەزیاد بووە. ساڵی ١٩٦٣ لەسەر چیای کوڕەک ڕووبەڕووی هێرشێکی گەورەی سوپا و جاشەکان دەبێتەوە، ساڵی ١٩٦٤ کاتێک هێزی باڵەک بە فەرمی دادەمەزرێت، لە چوارچێوەی پەتالیۆنی ٣ بەرپرسیارەتی لقی (٣)ی لە بەتالیۆنی (٣) پێدەسپێررێت. هەر لە هەمان ساڵدا بەهۆی پێدا تەقینەوەی لوغم بە سەختی بریندار دەبێت.لە ١٩٦٦/٥/١٢ دوو برای قارەمانی بە ناوەکانی (ئەبوبەکر محەمەد ئەمین، مستەفا محەمەد ئەمین) لە یەک سەنگەر شەهید دەبن .حەمەزیاد فەقیانی شانبەشانی شەهیدەکانی دیکەی ناوچەکە ناوێکی دیاری مەیدانی پێشمەرگایەتی بووە، لە زۆربەی شەڕە دیارەکانی ناوچەکە ڕۆڵی قارەمانانەی بینیوە، تا ئەو لە سەنگەرەکان بوو دوژمن زاتی نەکردووە ڕواندز داگیر بکات. ڕۆژی ١٩٧٤/٨/٨ لە دوا ڕۆژەکانی بەرەنگاری شۆڕشی ئەیلول دژ بە پەلامارەکانی سوپای داگیرکەری بەعس، لە شەڕێکی قارەمانانە لە چیای کوڕەک شەهید دەبێت، بە شەهیدبوونی حەمەزیاد فەقیانی و دوورخستنەوەی شەهید (سەید سەلیم) ئیدی خەونی داگیرکەران لە داگیرکردنی دەڤەری ڕواندز دێتە دی و بە داگیرکردنی ڕواندز لە کۆتا مانگەکانی ساڵی ١٩٧٤ ، ئیدی کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول دێت.

**حەمەد ئەمین شەریف:** خەڵکی گەڵاڵەیە، لە ساڵانی گفتوگۆی ١٩٧٠ بەشداری دەکات لە خولی ڕاهێنانی هاوەن، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ لە هێزەکەی شەهید سەید سەلیم خۆی ناونوس

دەكات، لە شەڕی گۆڕنۆك دوژمن هاوەن باران دەكات و دواتریش نزیك لە سەنگەرەكانی سەهید سەید سەلیم بەرگری لە گەلەكەی دەكات، لە ژیانماوە و هاوكاریكی باشمان بوو لە پێدان و كۆكردنەوەی زانیاری بۆ ئامادەكردنی ئەم كتێبە.

**حەمەدی مەڕان:** ناوی تەواوی حەمەد عەوڵا محمودە، خەڵكی گوندی سەركان بووە، لە دۆڵی باڵەییان، یەكێك لەو فەرماندە ئازایانە بووە كە لە شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ شەهید سەید سەلیم پێشمەرگە بووە، سەربوردەی نازناوی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ترسی چاودێریی پیاوانی ڕژێم چەند مەڕێك دەكڕێت خۆی پێوە سەرقاڵ دەكات نازناوی مەڕانی هەڵدەگرێت.

**حەمەدئەمین فەقێ حەسەن:** خەلكی گوندی دەرگەلە بووە وێڕای بەشداری لە كۆماری كوردستان لەگەڵ بارزانی ئاوارەی سۆڤیەتی جاران بووە.

**حەوێز هیرانی:** ناوی تەواوی حەوێز برایم سەمەدە، ساڵی ١٩٣٨ لە شارۆچكەی هیران لەدایكبووە، ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی دەكات بە شۆڕشی ئەیلول، ساڵی ١٩٧٦ دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول پەیوەندی دەكات بە بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان، لە كۆتایی ١٩٧٦ پەیوەندی دەكات بە شۆڕشی نوێ و هێزی پێشمەرگەی كوردستان، لە پێشمەرگایەتیدا چەندین جار بریندار دەبێت، دوای نزیكەی دوو ساڵ پێشمەرگایەتی لە شەوی ١٧ لەسەر ١٩٧٨/٨/١٨، لەنێوان گوندی كۆلكەڕەش و كاموسەك كەوتووەتە بۆسەی هێلەكانی دوژمن لە جەیش و جاش، دوای بەرگریەكی زۆر شەهید دەكرێت.

**حەسەن یوسف شێخۆ:** ناسراو بە حەسن وسوە خێل، ساڵی ١٩١١ لە ڕواندز لەدایكبووە، یەكێك لە ئەندامە چالاكەكانی ناو ڕێكخستنەكانی پارتی بووە لە كۆتایی سالانی پەناجاكان، ساڵانی ١٩٦٥ بۆ ١٩٦٦ زیندانی كراوە لە گەڵ سعید ئاغای جوندیانی لە زیندانی بادوش، ساڵی ١٩٧٩ لە ڕواندز كۆچیدوایی كردووە.

**خدر خدر:** خەڵكی گوندی ئاكۆیان بوو، ماوەیەكی زۆر پێشمەرگەی لیژنەی ناوچەی ڕواندز بوو.

**حەمەدئەمین گورگۆ:** ساڵی ١٩٣٠ لە شاری ڕواندز لەدایكبووە، لە دەستپێكی ئەو كەسانە بووە كە كۆتایی پەنجاكان پەیوەندی كردووە بە ڕێكخستنەكانی پارتی لە ڕواندز ساڵی ١٩٦٧ لە ناو شاری هەولێر كوژراوە.

**دانای ئەحمەد مەجید:** لە خێزانێكی دیاری شاری سلێمانیە، یەكێكە لە پێشمەرگە سەرەتاكانی شۆڕشی نوێ، كادیری كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان بووە، لە دامەزراندنی هەرێمەكان وەك ڕابەری سیاسیی هەرێمی ١٢ ڕادەسپێردرێت، لە دوای ڕاپەڕین چەندین پۆستی ئیداری وەك بەرپرسی ئاسایشی گشتی لە سلێمانی و پارێزگاری سلێمانی پێدەدرێت، ئێستا دانیشتوی ئەوروپایە.

**دڵزارکۆیی:** دڵزار حوسێن عەلی، ساڵی ١٩٦٢ لە شاری کۆیە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی دەکات بە بزوتنەوەی سۆسیالست، ساڵی ١٩٧٨ دەبێتە پێشمەرگە، لەبەر لێهاتووی دەکرێتە فەرماندەی هێزی هەیبەت سوڵتان، ڕۆژی ١٩٨٣/٥/١٢ شەهید دەکرێ.

**دڵشاد حوسێن ئەفەندی:** لە خێزانێکی دیاری شاری ڕواندز بوون، حوسێنی مەمی خانێ لە بیستەکان لە شاری ڕواندز فەرمانبەری دەوڵەت بوو، دلشاد و دلاوەر کە لە دایکیانەوە خزمایەتییان لەگەڵ سەید سەلیم هەبوو، وەک دوو گەنجی شاری لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجی دیکە لە نمونەی هۆشیار کەمال ساڵح، عەبدوڵا حاجی لەتیف ڕواندزی، لە لای سەید سەلیم دەبنە پێشمەرگە، ئەوان لە ئاوەرەی دوای ١٩٧٥ لە سەید عومەر و سەید سەلیم دادەبڕێن لە ئۆردگای زێوە و حەسارەکی شاری کەرەج هەر لەگەڵ سەید سەلیم دەبن.

**ڕابیعە هەینی:** ناسراوە بە سەید ڕابی خێزانی سەید عومەر سەید نەبی، ژنێکی ئازا و خۆڕاگربووە، تەواوی تەمەنی بە هۆی ژیانی سیاسیی هاوژینەکەی لە ئاوارەیی بەسەر بردووە، بەتایبەت ئەو ساڵانەی کە هاوژینەکەی لە زیندان دەبێت.

**ڕێباز مستەفا (سەید ڕێباز):** خەڵکی گوندی بنەکاولە لە دۆڵی ئاکۆیانی ڕواندز، کوڕی شەهید سەید مستەفایە، کە لە بەتالیۆنی ٤ی هێزی باڵەک سەرلق بووە، لە دوا ڕۆژەکانی شۆڕشی ئەیلول شەهید بووە؛ پێشتریش دوو برای شەهید ببوون. سەید ڕێباز لە تەمەنی گەنجیەتی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کردووە، دوای ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکان لە ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٢٨، پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە، کە ئەو کاتە تەمەنی تەنیا ١٦ ساڵ بووە. لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە بە فەرماندەیی شەهید سەید سەلیم ساڵی ١٩٧٩ بۆ هاوکاریی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چووەتە مهاباد. لە داستانی سماقولی لەهەمان سەنگەری شەهید سەید سەلیم بەسەختی بریندار بووە، تا ڕاپەڕین بێ دابڕان لە خەباتی پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە. دوای ڕاپەڕین لە دامەزراندنی لەشکری کوردستان پلەی ئەفسەری وەرگرتووە. نوسەر و وەرگێڕێکی دیار و بەسەلیقەیە، خاوەنی دەیان کتێبی وەرگێڕدراوە لە زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی.

**ڕەحمان سەدر:** کوڕی حاجی سەدری گەرەوان بووە، لە ساڵانی دەستپێکی شۆڕشی نوێ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، کەسێکی خۆشەویست بووە لە لای سەید سەلیم، مخابن ساڵی ١٩٩٦ لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ شەهید دەبێ.

**ڕەحمان سەیدە:** ڕەحمان سەیدۆک محمود مەولود، ناسراو بە (ڕەحمان سەیدە)، خەڵکی گوندی شیوەڵۆک بووە لە دەڤەری باڵەکایەتی، هەرلە ساڵی١٩٧٦، هێزێکی گەورەی دوژمن دەورەی گوندی شیوەڵۆک دەگرن شەهید ڕەحمان سەیدە و حاجی عوسمان دەگرن لەگەڵ چەند هاولاتیەک لەوانە

(ڕەسول ئەحمەد و حاجی سمایل و سوارە حەمەد) شەهید ڕەحمان ڕەوانەی هەئیەی خاسەی کەرکوک دەکرێ پاش لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆر هیچ نهێنیەک نادرکێنێ و پاش (٦) مانگ دەستگیرکردن ئازاد کرا. لە ١٩٧٨ لەسەر داوای سەرکردایەتی شۆڕش و بە نامەی مام جەلال لەگەڵ (شەهید سەید سلیم، ساڵح هەولێری) پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە دەکەنەوە، لە ژیانی پێشمەرگایەتی بەشداری دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی جۆراوجۆری کردووە و هەرگیز شکستی نەهێناوە لە هێرش و بەرگریدا.ساڵی ١٩٨٣ کراوەتە فەرماندەی تیپی (٧٤) ی باڵەک، ساڵی ١٩٨٦ کراوەتە فەرماندەی تیپی (٧٨) ی کارۆخ، ماوەیەک فەرماندەی بەتالیۆنی (٤) ی باڵەک بووە. شەهید لە ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، بە تایبەت لە ڕزگار کردنی چەندین شارو شارۆچکەی کوردستان تا ڕزگارکردنی کەرکوک. لە دوای ڕاپەرین شەهید ڕەحمان کراوەتە فەرماندەی هێزی (٣٣)ی باڵەک، مخابن ڕۆژی ١٩٩٤/٥/٧، لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ شەهید دەبێ.

**ڕەسول مامەند:** ساڵی ١٩٤٤ لە گوندی (مەرگە) ی سەربە شارەدێی دوکان لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە چەند شوێنێکی جیاجیا تەواوکردووە، دواتر لەکۆلێژی مافی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی کاری سیاسییەوە دەستبەرداری خوێندن بووە.لە تەمەنی گەنجێتیدا بووەتە ئەندامی یەکێتیی قوتابییانی کوردستان، دواتر لە ساڵی ١٩٦٨دا کراوەتە لێپرسراوی ناوچەی قەڵادزێی پارتی و ساڵی ١٩٧٠ بووەتە ئەندامی لقی کەرکووک، دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بزوتنەوەی سۆسیالستیان دامەزراندووە و لە کۆنگرەی یەکەمی حزبی سۆسیالیست دەبێتە سکرتێری حزب، ساڵی ١٩٨١ بووەتە سکرتێری حزبی سۆسیالست، بەشداریی لەپێکهێنانی بەرەی کوردستانیدا کردووە، ساڵی ١٩٩٣ بووەتە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بووە، لە ١٢-٠٤-١٩٩٤ لە شاری لەندەن بە نەخۆشی کۆچیدوایی کردووە.

**ڕەفعەت ئاکۆیی:** خەڵکی گوندی ئاکۆیانی دەڤەری ڕواندز بوو لەلایەن لقی ٣ی بەتالیۆنی ٣ کە فەرماندەکەی حەمەزیاد فەقیانی دەبێت پێشمەرگە بووە، لە شەڕی سەرچیا بەدەستی جاشەکان شەهید دەبێ.

**زرار سلێمان بەگ (زرار دەرگەڵەیی):** لە تەمەنی لاوەتی دەچێتە ناو کاری سیاسیی، لە حزبی شیوعی عێراق کاردەکات، لەگەڵ باوک و براکانی بەشداری لە کۆماری مهاباد دەکات، ئاوارەی سۆڤیەتت جاران دەبێت، لە دوای ڕاپەرین، ڕێکخراوی شوعییە کوردستانیەکان دادەمەزرێنێت دواتر ئەو ڕێکخراوە ناوی بۆ پارتی کاری کوردستان دەگۆڕێت، بیرەوەرییەکانی خۆی نوسیوەتەوە، کە زۆر لایەنی شاراوەی مێژووی باسکردووە.

**زرار محەمەد مستەفا:** کەسایەتیکی هونەری و سیاسیی شاری ڕواندز بوو، ڕۆڵی هەبوو لە پێگەیاندنی چەندین نەوە لە بوارەکانی مۆسیقا و شانۆ و هونەری شێوەکاری، دوای ماڵئاواییکردنی نازناوی ڕابەری هونەری پێ بەخشرا، خاوەنی چەندین کتێبی چاپکراو و چاپ نەکراوە، لە دیمانەیەک کە لەگەڵی ئەنجامدراوە، باس لەوەدەکات کە لە دوورەوە شەڕی داستانی کۆڕەکی وەک دەنگ تۆمارکردووە و دۆستێکی نزیکی شەهید سەید سەلیم بووە و زۆر پێی سەرسام بووە.

**ساڵح هەولێری:** لە تەمەنی گەنجیەتیدا لە کۆتاییەکانی ساڵانی شۆڕشی ئەیلول لە هێزی دەشتی هەولێر دەگوازرێتەوە بۆ لای هێزەکەی شەهید سەید سەلیم، لە شۆڕشی نوێدا یەکێک لەو دوو پێشمەرگانە دەبێت کە سەید سەلیم متمانەی پێدەکات بۆ کاری ڕێکخستن و دواتر چوونەوە شاخ، خەڵکی دەشتی هەولێرە و تا ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە ئەرکی پێشمەرگایەتی بەردەوام دەبێت.

**ساڵح ئاکۆیی:** یەکێک لە پێشمەرگە و فەرماندە قارەمانەکانی دۆڵی ئاکۆیان بووە، بەشداری لە زۆربەی شەڕ و داستانەکانی ناوچەکە کردووە، دوای شەهیدبوونی فەرماندەی ئازا حەمەزیاد فەقیانی لە شوێنی ئەوە دەکرێتە سەرلق، بەڵام مخابن ئەویش دوای حەمەزیاد شەهید دەبێ.

**ساڵح حەیدەری:** ساڵی ١٩٥٧پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانەوە کردووە و بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دەستنیشان کراوە، ساڵانی ١٩٥٧_١٩٥٨ لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان بووە، ساڵی ١٩٥٩لە کۆنفرانسی دووەمی بەغدا لەبەر چەپڕەوی لە ئەندامێتی سەرکردایەتی پارتی سڕ کراوە و هەمان ساڵ لە کۆنگرەی چوارەمدا لەبەر چەپڕەوی لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان_ ئێراق دوورخراوەتەوە، ساڵی ١٩٦٣پەیوەندی بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە کردووەتەوە و بووەتە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئێزگەی دەنگی کوردستانی ئێراق لە شۆڕشی ئەیلوول، ساڵی ١٩٦٨سەر نووسەری گۆڤاری کادر سەر بە ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ساڵی ١٩٧١ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی بووە. لە ٦ی ئابی ٢٠٠١کۆچیدوایی کردووە.

**سلێمان بەگی دەرگەڵە:** کەسایەتی و تێکۆشەرێکی دیاری ناوچەکە بووە، لەگەڵ کورەکانی و چەند کەسایەتییەکی دەڤەری ڕواندز بۆ پشتیوانی کۆماری کوردستان چوونەتە مهاباد، دوای شکستی کۆمار، ئاوارەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بووە، کوڕەکانی (عزەت و زرار) لەو سەفەرەدا لەگەڵی بوونە.

**سۆفی عەلی:** خەڵکی گوندی فەقیان بوو، خاڵی شەهید سەید سەلیم بوو. پیاوێکی هۆشیار بوو.

**سەبری نەورۆز:** کوڕی حاجی نەورۆزە بە ئەسڵ دەگەڕێنەوە سەر بنەماڵەی وەستا ڕەجەب کە

دروستەکەری تۆپ بووە لەسەردەمی دەسەڵاتی پاشای گەورەی ڕواندز، لەو کەسانە دەبێ کە پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی دارکەر و هیوا لە ڕواندز.

**سەعید حەمۆ:** ئەو ئەفسەرەی سوپای عێراق بوو کە سەرپەرشتی سوپای عێراقی کردووە لە شەڕی هەیبە سوڵتان و چیای کوڕەک ١٩٦٦.

**سەعید خەیات:** لە ڕێکخستنە دێرینەکانی پارتی دەبێت، زوو دەکرێتە ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی، دوای گواستنەوەی سەید عومەر لە بەرپرسی ناوچەی ڕواندز بۆ هێزی حەمرین، سەعید خەیات دەکرێتە بەرپرسی ناوچەی ڕواندز.

**سەید تەها سەید نەبی:** برا گەورەی شەهید سەید سەلیم بوو، تەنیا ئەو لەنێو خێزانەکەیان ئەندامی حزبی شیوعی بووە، لە شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ براکانی دەبێتە پێشمەرگە و دوو کوڕی بە کارەسات لە دوو قۆناغی جیاجیادا گیان لەدەست دەدەن.

**سەید تەهای شەمزینانی (نەهری):** سەید تەها کوڕی شێخ محەمەد سدیقە باوکی لە تەمەنێکی کورتدا دەست دەداتە کاری سیاسیی، بە تایبەت ئەوکاتەی سەرپەرشتیاری بنەماڵەکەی دەکات لە گوندی نەهری، سەید تەها بۆ خۆی ئارەزوی کاری سیاسیی هەبووە، هاوکات کەسێکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو خۆشەویستی خەڵکیش بووە. ساڵی ١٩٠٧ باوکی ژیان ئاوایی دەکات، دواتر حکومەتی عوسمانی بۆ ئەوەی پەیوەندی لە تەك خێزانەکەیدا نەپچڕێت لە سەید تەها نزیك دەبنەوە. ساڵی ١٩٠٨ سەید تەها دەست دەکات بە جێبەجێکردنی کارەکەی وەك سیاسەتمەدارێکی زیرەك و بە توانا دەردەکەوێت تا وەك ڕێبەرێکی ئایینی و سۆفیگەری. ساڵی ١٩١١ ڕێبەری بنەماڵەکەی دەکات و وەك کەسێکی زیرەك و بەتوانا دەردەکەوێت، دواتر هەردوو حکومەتی عوسمانی ئێرانی دەور و خولی دەدەن تا بە لای خۆیاندا ڕایبکێشن، کاتێك ئەمکارەیان بۆ ناچێتە سەر هەوڵدەدن دەسەڵاتی لاواز بکەن، چونکە سیاسەتی ئەو دەوڵەتە کەمکردنەوە و لاوازکردنی کەسێك یاخود بنەماڵەیەك بووە کاتێك ناو و شۆرەتیان هەڵدەکشا، لەم پێناودا هەوڵیانداوە باپیر و مامی دوور بخەنەوە. دواتر لە مامی نزیك بوونەتەوە و هەوڵیانداوە ناکۆکی لەنێوانیاندا دروست بکەن، پاشان سەید تەها هێزێکی چەکداری سێ سەد کەسی پێکەوە نابوو ئەوکارەش جێگای دڕدۆنگی و گومانی عوسمانێکان بووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩١١ نەهری بەجێدەهێڵێت چونکە دەوڵەت مەبەستی بووە تیرۆری بکات، هاوکات هەمیشە لەژێر چاودێری توندی دەوڵەتدا بووە، لە دەرفەتێکدا و بە هاوکاریی ڕوسیا، سەید تەها، ساڵی ١٩١٩ بە بانگهێشتی کاربەدەستانی بەریتانیا دەگاتە بەغداد و لەگەڵ "ویلسن" پڕۆژەیەك بۆ کوردستانێکی یەکگرتوو لە تەك کوردستانی ڕۆژهەڵات دادەڕێژن.

**سەید حەمید سەید ڕەسول:** پێشمەرگەییەکی

نموونەی دەبێت لە ئازایەتی کوڕی پوری شەهید سەید سەلیمە، لە کاتی گوستنەوەی سەید عومەر بۆ بادینان یاوەری سەید عومەر دەکات، لە شەڕی سەرچیا سەید عەلی برای شەهید دەبێ.

**سەید خدر ئەحمەدەڕەش:** بن ئامۆزای شەهید سەید سەلیم بوو، پیاوێک بوو نموونە لە ئازایەتی، هەر زوو نێوانی لەگەڵ مەلا ئەمین بارزانی تێکدەچێت و بۆ بەتالیۆنی عزەتی سلێمان بەگ دەگوسترێتەوە، بەشدارییەکی کارای لە داستانی هەندرێندا کردووە، دوای ڕاپەڕین بە نەخۆشی کۆچیدوایی کردووە.

**سەید عومەر سەید نەبی:** برای شەهید سەید سەلیم بووە، لە کۆتایی سالانی پەنجاکان بەرپرسیارەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناو سوپای عێراق وەردەگرێت، هەر بەو تۆمەتەش دەخرێتە زیندان، لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلول دەبێتە پێشمەرگە و وەک کادیرێکی بە دیسپلین لە ڕیزەکانی پارتی کاردەکات و ساڵی ١٩٧٠ دەکرێتەو بەرپرسی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، ساڵی ١٩٧٩ جارێکی دیکە بەعسیەکان لەگەڵ پۆلێک ڕێکخستنی نهێنی دەستگیری دەکەن و تا هاتنە سەر دەسەڵاتی سەدام حوسێن بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت، بەڵام لە ژێر کاریگەری ئەشکەنجەی زیندان، تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن دەبێت و هەر بەو نەخۆشیەشماڵئاوایی لە ژیان دەکات.

**سەید عەبدوڵا بۆڵی:** یەکەمین شەهیدی شۆڕشی نوێیە، لە عەشیرەتی بۆڵی سەر بە شارۆچکەی حاجی ئۆمەران بووە.

**سەید عەبدوڵا سەید نەبی:** برای شەهید سەید سەلیمە، لە لقەکەی سەید سەلیم سەرپەل بووە، تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە پاڵ سەید سەلیم پێشمەرگە بووە.

**سەید عەلی سەید ڕەسول:** خەڵکی گوندی کانیەقوڕ بووە، زۆربەی کەسوکاری پێشمەرگە بوونە، ئەو سێ مانگ بوو ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنابوو، کە لە شەڕی سەرچیا لە ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٢٥، بەدەستی جاشەکان شەهید دەبێت.

**سەید غەفور سەید ساڵح:** شەهید سەید غەفور، لە شۆڕشی ئەیلول لەسەر جهازی بێ تەل بووە، هاوڕێیەتیی سەید عومەری کردووە لە چوونیان بۆ هێزی حەمرین، مخابن لە شەڕی نەگریسی ناوخۆ، خۆی و فاخیری کوڕی و سەید زاهیری برای لە یەک ڕۆژدا شەهید دەبن.

**سەید ڕەشید سەید نەبی:** برای شەهید سەید سەلیمە، لەگەڵ سەید عومەر لە هێزی حەمرین پێشمەرگە بووە.

**سەید مستەفا سەید جەعفەر:** خەڵکی گوندی بنەکاولی بناری چیای هەندرێنە، لە تەمەنی گەنجیەتی پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، لە دامەزراندنی هێزی باڵەک لە بەتالیۆنی چوار دەبێتە سەرلقی (١). شەهید سەید مستەفا لە زۆربەی شەڕ و داستانەکان ڕۆڵی قارەمانانە دەگێڕێت، لە داساتانی

بەناوبانگی هەندرێن سەردەستەی ئەو فیداییانە دەبێت کە پێش هەر هێزێک هەڵدەکوتنە سەر سوپای دوژمن، بەهۆی ئازایەتی و شارەزایی لە بست بە بستی چیای هەندرێن گرەنتی سەرکەوتنی ئەو داستانە دەکات، داستانێک کە بەسەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لەو شەڕەدا بالانسی سیاسیی لەنێوان بەغدا و هێزی پێشمەرگە دەگۆڕێت. مخابن لە دوا ساتەکانی شۆڕش لەگەڵ دوو هاوسەنگەری دیکەی لە ناوچەی بەرسیرین شەهید دەبێت.

**سەید موسلیح:** کوڕی سەید عومەر برازی شەهید سەید سەلیمە، لە تەمەنی زۆر گەنجیەتی لەلایەن مامی سەید سەلیم لە شۆڕشی ئەیلول دەبێتە پێشمەرگە.

**سەید مەلاوسو:** سەیدەکانی بێخاڵ و کانیەقوڕ و بنەکاول بە باپیرە گەورەی خۆی دەناسن، موفتی پاشای گەورەی ڕواندز بووە، بەڵام زۆربەی جار قسەی لە قسەی میر محەمەد کردووە بۆیە زۆر لای ئەو خۆشەویست نەبووە و، قسەیەک هەیە کە گوایە لەبەر ئەو سیفەتەی لەلایەن میری گەورە ڕاگواسترابێت بۆ گوندی بێخاڵ، ڕای دووەم باس لەوە دەکات لەسەر داوای خۆی میر ئەو شوێنەی بۆ ژیان پێ بەخشیوە، بەڵام کە دەمرێت گۆڕەکەی هەر دەبردرێتەوە بۆ ڕواندزی کۆن (کاولۆکانی ئێستا)، لە گۆڕستانێک نێژراوە کە بە ناوی ئەو کراوە "گۆڕستانی مەلاوسوی شێخان".

**سەید نوری:** خەڵکی گوندی بێخاڵ بووە، باوکی (عیسا، موسا، ڕەشاد) بووە سەید موسا لە شۆڕشی ئەیلول لەلای سەید سەلیم دەبێتە پێشمەرگە.

**سەید هەیئی:** ئامۆزای سەید نەبی بوو، باوکی هەریەک لە سەید مەعروف و سەید عالی.

**سەید یونس سەید عەلی:** کوڕە پوری شەهید سەید سەلیم بووە، لە شۆڕشی ئەیلول بووەتە پێشمەرگە.

**سەیدا سالح یوسفی:** کەسایەتیی سیاسی و سەرکردەی دیاری شۆڕشی ئەیلول، لە کاتی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول تاکە سەرکردەی شۆڕش دەبێت بڕیار دەدات ئاوارەیی بۆ ئێران ڕەتبکاتەوە، شەهید سەید سەلیم لە کۆسپی سپی ماڵئاوایی لێدەکات، زۆری پێناچێت وەک ڕابەر و دامەزرێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان دەست بەکاردەبێت، لەبەر لێهاتووی ئەو سەرکردە قارەمانە دوژمن پلانی بۆ دادەنێت و ڕۆژی ١٩٨١/٦/٢٥، لە ڕێگەی نامەیەکی مینڕێژکراو لەناو شاری بەغدا شەهید دەکرێت.

**سەدیق محەمەدئەمین:** ساڵی ١٩٣٥ لە شاری ڕواندز لەدایکبووە، لە ناوەڕاستی پەنجاکان پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورد کردووە، ساڵی ١٩٧٨ لە ڕواندز کۆچیدوایی کردووە.

**شێخ محەمەد هەرسین:** ناوی (محەمەد عەبدولڕەحیم محەمەد)ە، ساڵی ١٩٥٤ بووەتە ئەندامی لق لە ل لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان. عێراق، ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە کردووە، ساڵی ١٩٦٤ لەلایەن

نوێنەرانی کۆنگرەوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان (کۆنگرەی شەشەم) هەڵبژێردراوە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٥ بەرپرسی لقی چوار بووە، ساڵی ١٩٧٠ فەرماندەی هێزی کارۆخ بووە. ساڵی ١٩٧٩. لە ڕوداوێکی تەماویدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شونبزر دەکرێت.

**شێخە شێخە:** خەڵکی گوندی ئاکۆیان بوو، هەرزوو لە شۆڕشی ئەیلولدا چەکی پێشمەرگایەتیی کردووەتە شان.

**مارفە ڕەش:** شەهید مارف لە (١٩٤٢) لەدایکبووە، خەڵکی گوندی وەلاشی دەڤەری باڵەکایەتییە. ساڵی ١٩٦٥ لە شۆڕشی ئەیلول بووەتە پێشمەرگە، بەشداری ئەم شەڕانەی کردووە، هەموو (شەڕەکانی گەرووی بێخاڵ وهەندرێن، گۆڕنۆک)، لەم شەرانە سێ جار بریندار بووە، لەگەڵ شەهید سەید سەلیم بووە، دوای نسکۆی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ گەراوەتەوە کوردستان، بووەتەوە بە پێشمەرگە و لە گوندی وڵاشە چووەتە ڕیزی پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاکان خۆی و کۆمەڵێک پێشمەرگە ساڵێک لەوێ بەردەوام دەبن، بەشداری شەرەکانی گابیرێزی کردوە کە ٧شەو و ڕۆژ بەردەوام بووە، دوای ئەوەی حوکمەتی بەعس دێتە گۆندی وڵاش خێزانی شەهید دەستگیر ئەکرێت، تەواوی خێزان و منالەکانی بۆ سجنی عمارە ڕەوانە دەکرێن، دوای دووساڵ و نیو ئازاد ئەکرێن، بەڵام کچێکی ئەنفال ئەکرێن بەناوی فەهیمە تەمەنی ١١ساڵان ئەبێت شەهید بەشداری کارەساتی هەکاری کردووە، لە شۆڕشی نوێش سێ جار بریندار بووە، لە هەکاری بە بریندای دەستگیر ئەکرێت، ئەکەوێتە دەستی بەعس دوای سێ مانگ ئازاددەکرێت، مخابن ڕۆژی ١٩٩٥,٨,٧ لە کێل کێل لە شەڕی براکان شەهید بووە.

**عارف حەسەن ئەسعەد:** مامۆستا عارف، ساڵی ١٩٣٥ لە شاری ڕواندز لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ کچی وەهاب ئاغای جوندیان چۆتە ناو ژیانی هاوسەری، لە ساڵی ١٩٥٣ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی پارتی کردووە، ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە، لە شۆڕشی نوێ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە.

**عەباسی مامەند ئاغا:** عەباس کوڕی ئاکۆ ئاغایە. مێژوی پەیوەندیکردنی بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بۆ سەرەتای ساڵانی پەنجاکان دەگەڕێتەوە، لە ڕێی مامۆستا (هەمزە عەبدوڵا- ئەندامی دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی خەتی عەشایەری). ساڵی ١٩٥٨ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چواردەی تەمووز یەکێك بووە لەو کەسایەتیانەی بە هاوڕێیەتیی (شێخ ئەحمەدی بارزان) لەسەرداوای عەبدولکەریم قاسم سەردانی بەغدایان کردووە، دوای ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتیی کورد و حکومەتی ناوەندی، لە پێناو بەهێزبوونی شۆڕشی ئەیلولدا، دەستی کرد بە

کۆکردنەوەی جەنگاوەر لە عەشیرەتەکانی (ئاکۆ، مەنگوڕ، بڵباس، خۆشناو) هێزێکی سەربازی تۆکمەی دروست کرد و ڕەوانەی ناوچەی خەلەکانی کرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراق.

**عەبدوڵا ئیسماعیل ئەحمەد:** ناسراو بە عەبدوڵا مەلا ئیسماعیل، مەلا عەوڵای حاجی سمایل و مەلا ماتۆڕ، ساڵی ١٩٢٧ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، ساڵی ١٩٥٠ کرێکاری بەڕێوەبەرایەتی شەمەندەفەر بووە، ساڵی ١٩٥٤ دامەزرێنەری سەندیکای کرێکارانی ڕێی شەمەندەفەر و سەندیکای بیناسازی بووە لە شاری هەولێر، ساڵی ١٩٧٤ بە پاسەوانی هێزێکی حکومەتی عێراق بۆ زاڵبوون بەسەر شاری هەولێر لەم شارە نیشتەجێکرا، ساڵانی (١٩٨٨١٩٧٤) وەزیری دەوڵەت (عێراق) بووە، لە ١٢ی شوباتی ١٩٧٧ بە فەرمانێکی کۆماری بە وەزیری گواستنەوە بەوەکالەت دانراوە، لە ٧ی ئایاری ١٩٧٧ بە فەرمانێکی کۆماری بە وەزیری ئاودێری (الري) بەوەکالەت دەستنیشان کراوە، ساڵی ١٩٧٧ ناوی لە لیستی تیرۆری ڕێکخراوی خوێنی شەهید هەڵۆی سووری سەر بە کۆمەڵەی مارکسی لینینیدا بووە، ساڵی ١٩٨١ مێدالیای ئەفسەرانی لەلایەن سەرۆککۆماری مالییەوە پێ بەخشراوە، ساڵی ١٩٨٩ لە حکومەتی عێراق خانەنشین کراوە، ڕۆژی شەمەی ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٠ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، شارەزای زمانەکانی کوردی و عەرەبی بووە .

**عوسمان سەیدە:** برای هەریەک لە شەهیدان مەحمود سەیدە و ڕەحمان سەیدەیە، خەڵکی گوندی شیوەڵۆکی سەر بە باڵەکایەتیە، لەگەڵ هەریەک لە شەهید مەحمود سەیدە، مام کەریم لە شۆڕشی ئەیلول لە لای سەید سەلیم دەبنە پێشمەرگە شەهید ڕەحمانی برای یەکێک لەو پێسمەرگانە دەبێ کە لە شۆڕشی نوێ لەگەڵ شەهید سەید سەلیم پەیوەندی دەکەن بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

**عومەر ڕەشاش:** خەڵکی گوندی کەلەکینی سەرچیا دەبێ لە شارۆچکەی خەلیفان، ماوەیەک یاریدەدەری شەهید سەید سەلیم دەبێ لە شۆڕشی ئەیلول، چونکە چەکی ڕەشاش برێنی پێ بووە ئەو نازناوەی پێدراوە، کەسێکی ئازا و بەورە بووە.

**عەوڵابۆر:** عەبدوڵا موسلیح، یەکێکە لە فەرماندەی مەفرەزە سەرەتاکانی ناوچەی ڕواندز، خەڵکی گوندی گەرەوانی سەرووە، لە شۆڕشی ئەیلولەوە دەبێتە پێشمەرگە، کەسێکی خۆشەویست و زۆر باوەڕ پێکراو بووە لای سەید سەلیم، ئەو لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی پێشمەرگە کە دەنگەکەی لە لای ئێمە پارێزراوە نمونەی ئازایەتی و دیسپلین بە عەوڵابۆر دەهێنێتەوە، دوای شەهید بوونی سەید سەلیم لە ١٩٧٩/١٢/٢٤، ئەرکی فەرماندەی هەرێمی ١٢ی پێدەسپێردرێت.

**عەبدولکەریم قاسم:** ئەفسەری سەربازی و سەرۆکوەزیرانی عێراق و یەکەم فەرمانڕەوای دەوڵەتی عێراق لە دوای دەسەڵاتی پادشایەتی بووە، ساڵی ١٩٥٨، لەگەڵ عەبدولسەلام عارف سەرکردایەتی

شۆڕشی ١٤ی تەممووزیان کرد و توانیان دەسەڵاتی پاشایەتی بڕوخێنن و کۆماری عێراق ڕابگەیەنن و ئەمەش بووە هۆی دەستگیرکردن و کوشتنی زۆرێک لە ئەندامانی بنەماڵەی شاهانە و کەسانی نزیک لێیەوە، هەروەها سەرەتای سەردەمێکی نوێ دەستی پێکرد، ئەوشۆڕشە کاردانەوەی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی و عەرەبی لێکەوتەوە، عەبدولکەریم قاسم خۆی بوو بە سەرۆک وەزیران تاوەکو ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ کاتێک لە کوودەتایەکی بەعسییەکان گولەباران کرا.

**عەریف سەلیم:** سەلیم قادر ئۆمەر، ناسراو بە (عەریف سەلیم) لە ساڵی ١٩٣٦ لە گوندی قاوغ لەدایکدەبێت، لە تەمەنی (١٠) ساڵی ماڵیان دەگوازنەوە گوندی شێخ شەروان، لە ساڵی ١٩٥٨ کە ئەوکاتە عەریف بووە لە ڕیزەکانی سوپای عیراق، پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، هەر بۆیەش بە (عەریف سەلیم) دەناسرێت، لە ١٩٦٣/٣/٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە لقی مەلا غەریب و بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی دەکات، لە ساڵی ١٩٦٤ بە ڕێگای هەڵبژاردن دەبێتە سەرپەل، لە ساڵی ١٩٧٢ دەبێتە ئامربەتالیۆنی حەمرین تا هەرەسی شۆڕشی ئەیلول. لە نەورۆزی ١٩٧٥ بە خێزانەوە بۆ ناحیەی سفیەی پارێزگای دیوانییە دوور دەخرێتەوە و دوای (٥) ساڵ دەگەڕێتەوە هەولێر و لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر وەک چاودێر دادەمەزرێت و تا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لەسەر کارەکەی بەردەوام دەبێت، بەشداری ئازادکردنی شاری کەرکوک دەکات، لە ڕۆژی ١٩٩٥/٩/٩، کۆچیدوایی دەکات.

**عەزیز ئاکرەیی:** سەرکردەیەکی سەربازی شۆڕشی ئەیلول بوو.

**عەزەی داودی:** عەزیز داود حەمەڕەش، ناسراو بە عەزەی داودی، خەڵکی گوندی سۆرەبانی ناوچەی قەسرێ بووە، ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلول لە ڕێگای شەهید سەید سەلیم دەکات، لە زۆربەی داستانەکانی (کوڕەک، گەلی عەلیبەگ، سەرتیز، زۆزگ) ڕۆڵی قارەمانانەی دەبێت، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و گەڕانەوە لە ئێران بۆ خواروی عێراق ڕادەگوازرێت لەوێ پەیوەندی دەکات بە شەهید دکتۆر خالید و هەر لە ڕێگای ئەویشەوە لە دروستبوونەوەی شۆڕش جارێکی دیکە دەبێتەوە بە پێشمەرگە، لە شۆڕشی نوێ لە لای شەهید مەحمود سەیدە پێشمەرگە دەبێت، وەڵێ مخابن دوای ڕاپەڕین لە حوزەیرانی ١٩٩٣، ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، شەهید عەزەی داودی پێشمەرگەیەکی زۆر خۆشەویست دەبێت لە لای شەهید سەید سەلیم، لە خۆشەویستیان هەردووکیان بە سەلیمە کەچەڵ و عەزە کەچەڵ ناوی یەکتر دەهێنن.

**عەلی سمایل ئاغای مێرگێ:** یەکێک لە کەسایەتییەکان، خەڵکی گوندی مێرگێی باڵەکایەتی بوو، لەگەڵ پۆلێک لە کەسوکاری پەیوەندی دەکەن بە هێزەکەی شەهید سەید سەلیم لە شۆڕشی ئەیلول، بەشداریی سەرجەم شەڕ و داستانەکانیان کردووە.

**عەلی شەفیق بەگ (ئۆزدەمیر):** (١٨٨٥-١٩٥١) لە میسر لەدایکبووە، بە ئەسڵ چەرکەسی بووە و خەڵکی قەوقاس بووە، لە سەردەمی خدێوی ئیسماعیل پاشا چووەتە ڕیزی سوپا و دواتر بوەتە بەرپرسی فەرماندەی پاسەوانەکان. لە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە کراوەتە فەرماندەی هێزێکی تایبەتی چەرکەس بۆ لێدانی فەڕەنسی و ئینگلیزەکان لە قوبرس و فەلەستین، دوای داگیرکردنی ئەستەنبوڵ لەلایەن ئینگلیز لە ساڵی ١٩٢٠ پەیوەندی دەکات بە (مستەفا کەمال ئەتاتورک) لە شوباتی ١٩٢٢ لەلایەن (ئەتاتورک)ەوە بۆ تێکدانی دۆخی کوردستان و دژایەتیکردنی ئینگلیزەکان ڕەوانەی کوردستان کراوە، لە ڕواندز ماوەتەوە، لەوکاتەی لە کوردستان بووە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی گرتن، یان کوشتنی مستەفا پاشای یامولکی بووە، زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی، فەرەنسی، کوردی، تورکی زانیوە، لەسەر دەستی سمایل بەگی ڕواندزی لە ڕواندز دەرپەڕێندراوە.

**عەلی عاشق:** کە ناوی تەواوی (عەلی عەبدوڵلا شێخ) بوو، خەڵکی گوندی سرێشمەی سەربە ناحیەی خەلیفان بوو، لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، چیرۆکی ژیانی لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆکراوە، ئەو پیاوێکی سوێندخواردوو بووە، کە لە تاوی کێشەیەکی تایبەت بە خۆی لە گوندەکەی سەری خۆی هەڵدەگرێت و لەناو گەلی عەلیبەگ بۆ چەند ساڵێک بە تەنیا ژیاوە.

**عەلی عەبدوڵا (عەلی عەسکەری):** لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولدا وەک لێپرسراوی پێشمەرگە لە بادینان مایەوە، تا ساڵی ١٩٦٢. ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە ڕێکخستنی هێزەکان و بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەری ناوچەکە و سەرکردایەتیی چەندین شەڕیشی کرد. دواتر گەڕایەوە ناوچەی سلێمانی و بوو بە فەرماندەی هێزی خەبات، ساڵی ١٩٦٤ پەیوەندیکرد بە باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتییەوە. ساڵی ١٩٧٤ کە شەڕ هەڵگیرسایەوە و هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر ناوچەکانی نزیک بارەگای بزوتنەوەکە دەستپێکرد، پاراستنی ئەو ناوچەیە ڕوبەڕوی شەهید عەلی عەسکەری کرایەوە ناوچەکەی پاراست. دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتننامەی جەزائیر و هەرەسهێنانی بزوتنەوەکە عەلی عەسکەری لەگەڵ هەندێ هاوڕێی نزیکیدا گەڕایەوە باشوری کوردستان و ڕێکخراوی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیان دامەزراند، پاشان حکومەتی بەغدا دوریخستەوە بۆ باشوری عێراق. لە سەرەتای سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ پەیوەندیی پێوەکرا و لەگەڵ دەستپێکی شۆڕش، مەفرەزە سەرەتاکانی شۆڕشی نوێ خۆی گەیاندە هێزی پێشمەرگە. لە یەکەمین کۆبوونەوەی نیمچە بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵبژێردرا. ڕۆژی ٧ی تەممووزی ساڵی ١٩٧٨، لە کارەساتی هەکاریدا لەگەڵ دکتۆر خالید و حسێن بابەشێخ دا زۆر نامرۆڤانە شەهیدکراون.

**عەلی گاور، سلێمان برای عەلی گاور:** دوو برا بوون، هەردووکیان پێشمەرگە بوون نازناوی گاور، بەو خێزانانە دەگوترا خەڵکێکی زۆری نازناوێکی هەیە خێزانەکەی پێی دەناسرێتەوە، کەم خێزان هەیە لە ڕواندز بە ناوێک نەناسرێتەوە.

**عەلی مەکتەبە:** عەلی عەبدوڵا ناسراوە بە عەلی مەکتەبە، لە پێشەنگی ئەو کادیرانەی حزبی شیوعی بووە کە لەگەڵ ڕابەرانی حزبەکەی دەخرێتە زیندان، بەهۆی ئەوەی لە ساڵانی سییەکان کتێبخانەیەکی بەناوی (سەرکەوتن) لە ڕواندز کردووەتەوە، ئەو نازناوەی پێدراوە.

**عەلی نەبی:** خەڵکی دۆڵی شاوریێ سەر بە قەزای ڕانیە بووە، یەکێک بووە لە فەرماندە و پێشمەرگە ئازاکانی شۆڕشی نوێ، لە ڕۆژی ڕاپەڕینی ڕانیە لە ساڵی ١٩٩١ لە کاتی ئازادکردنی ئەم شارە شەهید دەبێت، وەک سونبل و شەهیدی ڕاپەڕین ساڵانە لەگەڵ یادکردنەوەی ڕاپەڕین یادی دەکرێتەوە.

**عەلی هەژار:** عەلی عەبدوڵا عەلی کۆڕەش، ناسراو بە عەلی هەژار، ساڵی (١٩٤٣)، لە گوندی عەوێنەی ناحیەی شەمامک . پارێزگای هەولێر لەدایکدەبێت، دەرچووی خانەی مامۆستایان . دواتر کۆلیجی یاسای لەبەغدا تەواو کردووە، لەناوەڕاستی ساڵی پەنجاکان پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە، لەساڵی ١٩٥٦ کراوەتە ئەندامی لێژنەی پیشەی جوتیاران. لەساڵی ١٩٥٨ لەخانەی مامۆستایانی هەولێر وەرگیراوە. لەساڵی ١٩٧٠ لە کۆنگرەی هەشتەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە. لەساڵی ١٩٧٠ خوێندکاری کۆلیجی یاسا بووە لە بەغدا، لەوێ بەشداری هەندێ وتوێژی نێوان پارتی و حکومەتی عێراق بووە. لەدوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ ماوەیەک لە وڵاتی ئێران ماوەتەوە. ساڵی پەیوەندی بە شۆڕشی نوێ لە ڕێکخستنەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لەساڵی ١٩٧٦ وێڕای سەرقاڵی بەکاری پارێزەری، لەو ماوەیەدا لەگەڵ (ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، ڕەسول مامند، عومەر مستەفا و کەسانی تر بەشدار بوو لەدامەزراندنی بزوتنەوەی سوسیالیستی کوردستان شەهید عەلی هەژار لە ساڵی ١٩٧٧ هەموو کاروبارەکانی ڕێکخستنی ناوخۆی پێ سپێردرا کە لقەکانی ڕێکخستنی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک، بەغدا)، بەر لە چوونی بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە، شەهید سەید سەلیم پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شەهید عەلی هەژار دروست دەکات، لە ١٩٧٩/٤/٩، دەزگا ئەمنیەکان هەڵیان کوتایە سەر دادگای هەولێر. ژووری پارێزەران خۆی و شەهید کاردۆ گەلاڵی یان دەستگیر کرد. ڕۆژی ١٩٨٢/٦/١٥، لە ئەمنی کەرکوک لەگەڵ کاردۆ گەلاڵی لە سێدارە دراون.

**عەوڵا ماویلی:** خەڵکی گوندی ماویلیانی سەر بە قەزای ڕواندز بووە لەگەڵ چەند خزمێکی خۆی تا هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە لای سەید سەلیم پێشمەرگە دەبن.

**عەوڵا ئاغای پشدەری (عەوڵاکۆر):** ساڵی ١٩٦٥ دەکرێتە فەرماندەی هێزی باڵەک سەید سەلیم و پێشمەرگەکانی خۆشیان نەدەویست، هەر بەشێوەیەکی گشتی فەرماندە باڵاکانی شۆڕش لە ساڵانی گفتوگۆ تەواو گۆڕابوون، بەشێکیان بەعس بە پێدانی پارە لە خشتەی بردبوون، گومان دەکرێت دژایەتی عەوڵائاغا بۆ سەید سەلیم هەر بۆ ئەوە بووبێ سەنگەر چۆڵ بکات، تا دوژمن بتوانێت ناوچەکە داگیر بکات، سەرەنجام هەر واشی لێهات.

**عەوڵاسور:** لە ساڵی (١٩٤٠) لە گوندی یەندزەێی سەنگەسەری ناوچەی قەڵادزێ لە عەشیرەتی ئاکۆ- تیرەی باوەبیە لەدایک دەبێ، ناوی تەواوی (عەبدوڵا ڕەسول مەحمود)ە لە شۆڕشی ئەیلول پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات، لە شەڕ و داستانەکانی ئەو دەڤەرە بەشداری دەکات، کاتێک شۆڕش هەرەسی هێنا بۆ دەربازبوون لە کەش و هەوای نا ئومێدی بەدوای جوڵانەوەیەکی سیاسیی تازە دەگەڕێ، تا برینی گەلەکەی سارێژ بکا و لە و نائومێدیەی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ڕزگاری بکا، دیارە هەر ئەو کاتە پەیوەندی بە (دکتۆر خالید سەعید)ەوە دەکا، بەهۆی شەهید جوجی بۆڵی وە لە١٩٧٦/٥/١٩ خۆی و ٥ کەس دەچنە شاخ و لە بناری قەندیل جەولە دەکەن، و خەلکەکە ئەو کاتە بە (ئەشقیا) ناویان دەبەن، دواتر لەدوای حوزەیرانی هەمان ساڵ خۆیان دەناسێنن کە پێشمەرگەی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانن، پاشان وردە وردە خەڵک ڕوویان تێ دەکا و بەتایبەت خەڵکی ناوچەی دۆڵەڕەقەی ئاکۆیاتی و هێزێکی گەورە پێکدێنن و ئەو هێزە دەبێتە هەوێنی دامەزراندنی هەرێمی ١٤. شەهید عەوڵاسور لە ساڵانی پێشمەرگایەتی وەک فەرماندەیەکی ئازا بەشداری لە دەیان داستانی پڕ لە قارەمانیەتی دەکات و لە داستانی سماقوڵی ١٩٧٩/١٢/٢٤، لە تێکشکاندنی پیلانی دوژمن لەو شەڕەدا لە پاڵ ناوی شەهیدەکان ناوی دێت و ئەوەی ئەو کردوویەتی مەگەر هەر لە فلیمەکانی هۆلیوّد بینرا بێت، کە لە چوارچێوەی نوسینەوەی داستانەکە باسی لێوەکراوە.

**عوسمان حەمەدئەمین:** ناسراو بە مام عوسمانی بەلەدیەی، ساڵی ١٩٣٣ لە خێزانێکی ئاینی لە شاری ڕواندز لە دایکبووە، کە لە ڕواندز پێیان دەگوتن مارە مەلا.

**فاخیر مێرگەسۆری:** شۆڕشگێڕ و سەرکردەیەکی کوردی ناسراو بوو لەناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، خەباتی دەکرد بۆ ئازادی و دیموکراسی لە کوردستانی عێراقدا. ساڵی ١٩٣٣ لە شارۆچکەی مێرگەسۆر لەدایکبووە. هەر لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکاندا چالاکیی سیاسیی هەبووە و لەبەر مەترسیی گرتن و ئازاردان ناچار بووە زۆر کات چالاکیکانی بە نهێنی بکات. لە شەستەکاندا زۆر چالاک بووە لە شۆڕشی نوێی کوردستانی عێراق، بووە بە ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق. لە سەرەتایی حە فتاکاندا بووەتە

بەرپرسی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ناوچەی سلێمانی دەگرێتەوە، سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی داستانی چیای هەندرێنی کردووە و ڕۆڵی هەبووە لە گۆڕینی بالانسی ئەو شەڕە لە قازانجی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە ساڵانی گفتوگۆی شۆڕش و بەعس چەندین جار سەردانی ڕواندزی کردووە، پەیوەندی زۆر باشی لەگەڵ سەید عومەر سەید نەبی هەبووە کە ئەوسا بەرپرسی ناوچەی ڕواندز بووە، فاخیر مێرگەسۆری لە ساڵی ١٩٧٥ دا خۆی باوکی و براکانی بە ڕوداوێکی گوماناوی دوای ئەوەی لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول زیندانی دەکرێن، لە دوا ڕۆژەکانی شۆڕشی ئەیلول بە کۆمەڵ شەهید کران و تا ئێستاش تەرمەکانیان دیار نییە.

**فەتاح توفیق (مەلا حەسەن):** کادیر و سەرکردەی دیاری حزبی شیوعی عێراق بووە، خەڵکی شاری ڕواندز بوو.

**فەرهاد شاکر مەجروم:** ساڵی ١٩٣٦ لە شاری ڕواندز لەدایکبووە، بە بنەچە خەڵکی شاری وانی باکوری کوردستانن، باوکی لە زەمانی دەسەڵاتی شێخ مەحمود بەرپرسی فەرمانگەی پۆستە دەبێت، دواتر بۆ کاری وەزیفی دەگوازرێتەوە ڕواندز، فەرهاد شاکر دوای تەواوکردنی خوێندن، لە ١٩٦٩ لە گوندی دەرگەڵە بە مامۆستا دادەمەزرێت، لە سەردەمی خوێندکاری پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی کردووە، بەهۆی لایەنگری لە باڵی مەکتەبی سیاسی دووردەخرێتەوە بۆ گوندی باقرتی سەر بە مەخمور.

دوو برای دیکەی لە ڕواندز دەژیان بە ناوەکانی شێرکۆ و عەزیز. لە ژیاندا ماوە و دانیشتووی سلێمانییە.

**فەڕانسۆ هەریری:** پاش ئەوەی خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦٠-١٩٦١ لە ناوچەکانی بلێ و بارزان و لە دەڤەری باڵەکایەتی بووەتە مامۆستای وەرزش. لە سەرەتای چوونی بۆ ناو کاری سیاسەت دەبێتە ئەندامی حزبی شیوعی عێراق و پاشان بەرپرسی لێژنەی ناوچەی حزبەکە، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و دەچێتە ڕیزەکانی ئەم حزبە و لە شۆڕشی ئەیلول بەشداری دەکات، لە ماوەیەکی زۆر کەمیشدا دەبێتە بەرپرسی لێژنەی ناوچەی گەڵاڵەی پارتی دواتر لە ساڵی ١٩٦٩ دەبێتە بەرپرسی لێژنەی ناوچەی باڵەکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٧٤ دەبێتە قایمقامی قەزای چۆمان، ڕۆژی ١٨ شوباتی ٢٠٠١ لەکاتی چوونی بۆ سەرکار لەسەر شەقامی ٦٠مەتری هەولێر لەلایەن ژمارەیەک چەکدار تیرۆرکرا.

**قادر مەلا حەسەن:** پێشمەرگەیەکی خەڵکی ڕواندز بوو، کەسێکی ئازا بووە و قسە خۆش.

**کاردۆ گەڵاڵی:** ناوی تەواوی (عارەب عەبدولقەهار مستەفا) بوو، بەڵام بە هۆی هەستی نەتەوایەتی ناوی خۆی دەگۆڕێت بۆ کاردۆ، لە ساڵی ١٩٥١ لە گوندی کەردزی، سەر بە شارەدێی قوشتەپەی شاری هەولێر لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لەو گوندە تەواو دەکات، پاشان بۆ

خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی ڕوو لە شاری هەولێر دەکات و ئەو دوو قۆناغەش بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات، لە دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی دەچێتە کۆلێژی یاسا لە بەغدا. لە ١٩٧٤ واز لە خوێندن دەهێنێت و ڕوو لە شاخ دەکات و چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانی و لە دوای نسکۆی شۆڕشدا دەگەڕێتەوە کۆلیژی یاسا و لە ساڵی ١٩٧٨ بە سەرکەوتوویی کۆلێژی یاسا تەواو دەکات و هەر لەو ساڵەش نوسینگەی پارێزەری لە شاری هەولێر دەکاتەوە. شەهید کاردۆ گەلاڵی لە تەمەنی گەنجێتیدا بەبەردەوامی لەگەڵ کتیب خوێندنەوە هاوڕێ بووە و کەوتووەتە ژێر کاریگەری بیری کارڵ مارکس، لە ١٩٧٦ لەگەڵ کۆمەڵێک هەڤاڵ (بزوتنەوەی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان) دادەمەزرێنن. کاردۆ گەلاڵی و شەهید عەلی هەژار ئەڵقەیەکی گرنگی ڕێکخستنەکانی ناو شار و شاخ دەبن لە ڕێگەی ئەوانە و کاری ڕێکخستنی نهێنی ناوشاری ئەنجام دەدرا. کاردۆ گەلاڵێ بەدەر لە کاری سیاسی و پارێزەری ئەدیبێکی چالاک و نوسەر و شاعیرێکی بوێر بوو، لە ژیانیدا خاوەنی دوو کتێبی پر بایەخ بوو بە ناوەکانی (زێدەبایی) و (عەلی شون هەڵگر) هەروەک چەندین نوسین و وتار و شیعری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بڵاودەکاتەوە، هەروەک چەندین دەستنوسی لە دوای خۆی بەجێ هێشت بەڵام مەخابن لە کاتی گیرانی لە ناوچوون. مەخابن لە بەیانی ڕۆژی٠٩-٠٤-١٩٧٩ لە کاتێکدا لەگەڵ شەهید عەلی هەژار سەرگەمی ئیشوکاری پارێزەری بوون لەلایەن ئەمن و ئیستخباراتی ئەو کاتەی ڕژێمی بەعس لەناو دادگای هەولێر دەستبەسەر دەکرێن، بە هۆی بوێری و نەدرکاندنی نهێنیەکانەوە لە ١٩٨٢/٦/١٥،لە سێدارەدەدرێن، هەتا ئێستاش گۆری ئەو دوو شەهیدە سەرکردەیە ونە.

**کاکە مەلا بێراوەیی:** خەڵکی گوندی بێراوەی دۆڵی بالیسانە، لە کادیرە هەرە باش و بەتواناکانی ناوچەی ڕواندز بووە، دۆست و هەڤاڵی زۆر نزیکی شەهید سەید سەلیم بووە.

**کەوسەر عەزیز:** کوڕی عەزیز ئاغای کاولۆکانە، یەکێک بوو لە پێشمەرگە ئازاکان، لە شەڕی دەستەویەخەی گۆڕنۆک بریندار بووە، لە پێدانی زانیاری و ئامادەکردنی ئەم کتێبە هاوکاریی باشی کردین.

**لەتیف نادر:** کەسایەتی دیاری شاری ڕواندز بووە، لە ڕێکخستنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانەوە دێتە ناو خەباتی سیاسی، دەستی نوسینی شیعری هەبووە، کەسێکی چەپی نەتەوەیی بووە، دۆستی نزیکی شەهید سەید سەلیم دەبێت، هەر لەژێر کاریگەری ئەویش سەید سەلیم پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

**مام بۆرە:** پیاوێکی ناوداری شاری هەولێر بوو، لە نزیک سینەما حەمرا چێشتخانەی هەبوو.

**مام ئەلیاس ڕواندزی:** پێشمەرگەیەکی قارەمانی خەڵکی ڕواندز بووە، لە حزبی شیوعی عێراقی، ڕۆڵی

گرنگی هەبووە لە داستانەکانی ناوچەکە.

**محەمەد حاجی هەولێری:** کادیرێکی پارتی بووە، دوای ڕوداوەکانی ٣١ ئاب ماڵی لە سلێمانی بوو، زۆر جار ڕوداوەکانی شۆڕشی ئەیلولی بۆ دەگێڕاینەوە، باسی لە پەیوەندیی خۆی و شەهید سەید سەلیم دەکرد، مخابن ئەو کاتە دەبووزانیارییەکانی یاداشت بکەین.

**محەمەد عەلی ئاغای جوندیانی:** یەکێک بووە لە کەسایەتییە ناودارەکانی ڕواندز، ماوەیەک سەرۆکی شارەوانیی ڕواندز بووە، هەروەها بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ساڵی ١٩٥٣ کۆچیدوایی کردووە و لە ڕواندز نێژراوە.

**مزەفەر محەمەد:** خەڵکی گوندی فەقیان بوو، چونکە دەستێکی تەواو نەبوو پێیان دەگوت مزۆ گۆج، پێشمەرگەیەکی ئازا و جێگای متمانەی شەهید سەید سەلیم و سەید عومەر بووە، لە ئێستادا لە سوپای عێراق ئەفسەرە.

**مستەفا خەیات:** لە خێزانێکی تێکۆشەری ڕواندز بوون هەر زوو تێکەڵاوی کاری پارتایەتی بووبوون، دواتر خەریکی کاسبی دەبێت.

**مستەفا سەڵتە:** پێشمەرگەیەکی ئازایی خەڵکی گوندی سرێشمە دەبێت، هەر زوو بۆ خزمەتی پێشمەرگایەتی دەکەوێتە ڕواندز، نازناوی سەڵتە واتا زوگورتی لێدەنرێت، کەسێکی باوەڕپێکراوی شەهید سەید سەلیم، سەید عومەر دەبێ، لە کاتی گواستنەوەی سەید عومەر بۆ هێزی حەمرین یاوەری دەکات.

**مستەفا و خدر خۆشناو:** دوو برابوون خەڵکی گوندی ئاکۆیان بوون، دوو برایان لە چیای کوڕەک (سەعید و حوسێن) بەیەکەوە شەهید دەبن.

**میر محێ:** ناوی ئەسڵی خۆی (موحەمەد فایەق) لە سالانی شۆڕشی ئەیلولەوە وەک پێشمەرگە کەوتبووە ڕواندز و لەناو ماڵی سەید عومەر بوو، جێگای متمانەی ئەوان دەبێ، لە خۆشەویستی، سەید سەلیم ئەو نازناوەی لێ دەنێت.

**مەحمود سەیدە مەحمود:** ناسراو بە مەحمود سەید، خەڵکی گوندی شیوەڵۆکی دەڤەری باڵەکایەتی دەبێت، لە خێزانێکی کوردپەروەر لەدایکبووە، لە دامەزراندنی لقە تایبەتەکەی پێشمەرگە کە سەید سەلیم سەرلقی دەبێت لە شۆڕشی ئەیلول وەک سەرپەلێکی ئەو لقە دادەمەزرێت، لە شەڕەکانی دەڤەری ڕواندز و چیای کوڕەک بە تایبەت داستانی گۆڕنۆک ڕۆڵی قارەمانانە دەبینێت، جێگای متمانەی سەید سەلیم و تەواوی پێشمەرگەکان دەبێت، لە دوای داستانی گۆڕنۆک و ئەو کێشەییەی بۆ سەید سەلیم دروستکرا لە جیاتی هەموو پێشمەرگەکان بڕیاردەدات کە سەید سەلیم لە کوێ بێت ئەوانیش دەچنە ئەوەێ بۆیە لەگەڵ تەواوی پێشمەرگەکان دەچنە زیندانی خەلان. لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی نوێ لە دەستپێکی ئەو مەفرەزانە دەبێت کە بەشداری لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەکات، ڕۆژی ١٩٧٧/٨/٢٨، لە شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ سوپای عێراق لە گوندی شیوەڵۆک شەهید دەبێ.

**مەدینە خدر:** خێزانی سەید عەبدوڵای برای شەهید سەید سەلیم کارەکتەرێکی گرنگی ناو ئەو خێزانە بووە بە تایبەت لە خزمەتکردنی پێشمەرگەکانی لقەکەی شەهید سەید سەلیم لە شۆڕشی ئەیلول.

**مەعروف جیاوک:** کەسایەتیی ناوداری کورد بووە، لەدایکبووی ساڵی ١٨٨٥ بە ڕەسەن خەڵکی گوندی سرێشمەی سەر بە ناحیەی خەلیفان بووە، لە ڕوداوە سیاسییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردووی کوردستاندا، وەک ڕۆشنبیر و تێکۆشەرێکی گەورەی کورد ناوێکی دیارە و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە و وەک کەسایەتییەکی خاوەن ئەزمونیش بە ئەندامی پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردراوە، چەندین هەڵویستی جوامێرانەی لە دانیشتنەکانی پەرلەمان نواندووە.

**مەلا تەهای شێخ وەتمانی:** فەرماندەیەکی شۆڕشی ئەیلول بوو پێش هەر کەسێک لە دەڤەری باڵەکایەتی چووەتە شاخ بووەتە پێشمەرگە، دوای ڕاپەڕین لە یەکەم خولی پەرلەماندا دەبێتە ئەندامی پەرلەمان.

**مەلا عەزیزی باڵەک:** دوای تەواوکردنی خولی کادیران لەگەڵ شەهید سەید سەلیم لە لیژنەی ناوچەی باڵەک بەیکەوە دەبنە ئەندامی ناوچە.

**مەلا کەمال فەقیانی:** یەکێک لە ڕێکخستنە دێرینەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی بووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، هاوسەفەری سەید سەلیم بووە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**مەلا ناسیح:** ئیسماعیل خدر عومەر ناسراو بە مەلا ناسح، ساڵی ١٩٣٢، لە گوندی (لهێبان)ی کەندێناوە لەدایکبووە، لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستان خوێندویەتی، دواتر خوێندنی ئیسلامی لە بەغدا خوێندووە وەک، خەتیب و پێشنوێژخوێن لە مزگەوتی کوران دامەزراوە، لە هەرەتی گەنجیەتی لە شۆڕشی ئەیلول بووەتە پێشمەرگە، لە دەستەی دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بووە، ساڵی ١٩٧٧ جارێکی دیکە دەچێتەوە شاخ، بەرپرسی پەیوەندییەکانی سۆسیالست بووە لە مهاباد و ورمێ. لەبەر خراپی باری تەندروستیی، ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت، ڕۆژی ٢٠٠١/٩/٨، لە شاری سلێمانی کۆچیدوایی کردووە.

**جەمیل حاجی شێخ فەقیانی:** کوڕی حاجی شێخ فەقیانیە، کە دەکاتە کوڕی خاڵی شەهید سەید سەلیم، پێشمەرگە دەبێت لە لای شەهید حەمە زیاد فەقیانی.

**مەمەدەڕەش:** محەمەد خدر فەقیانی، ناسراوە بە مەمەدەڕەش، برای شیریی شەهید سەید سەلیم، پەروەردەی دەستی سەید نەبی بووە، لە شۆڕشی ئەیلول بێ پسانەوە پێشمەرگە دەبێت، سەرەتا لەگەڵ شەهید محەمەد زیاد وەک جێگری فەرماندەی لق لە لقەکەی محەمەد زیاد دەبێ، لە شەڕەکانی کوڕەک و دارەقەسپ، ڕۆڵی قارەمانانە دەبینێت، وەک فەرماندەیەکی بە ئەزمون و باوەڕپێکراوی شەهید سەید عومەر بۆ ئەرکە قورسەکە لەگەڵ پۆلێک

پێشمەرگەی دیکە یاوەری سەید عومەر دەکەن، بۆ چوونیان بۆ هێزی حەمرین لە دەڤەری بادینان، دوای ئاوارەیی لە ئێران دەمێنێتەوە بەڵام لە ئەرکی پێشمەرگایەتی دانابڕێت، خۆی برا و کوڕەکانی وەک پێشمەرگە بۆ چەندین ئەرک سەردانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەکەن، لە دوای ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە کوردستان و لە لەشکری یەکگرتووی کوردستان بەشداری دەکات، مخابن لە یەک ڕۆژدا لەگەڵ عەبدوڵای برای لە شەڕی نەخوازراوی ناوخۆ شەهید دەبێت.

**مەهدی مەخموری:** خزم و هاوڕێیەکی نزیکی سەید سەلیم بوو.

**مەولودە سۆر:** بە ئەسڵ خەڵکی خەلیفان بوو، بەڵام بە هۆی کاری پارتایەتی چەند خێزانێکی خەلیفانی کەوتبوونە ڕواندز.

**نەبی حەمەدەلاو:** برای برایم حەمەدلاو بووە ئەویش بە یەکێک لە کەسایەتیە سیاسییەکانی دەڤەرەکە دەژمێردرێت.

**(هاشم عەقراوی) هاشم عەزیز ئاکرەیی:** لە شۆڕشی ئەیلول ئەندامی سەرکردایەتی و دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی دەبێت، ساڵی ١٩٧٠ دەکرێتە پارێزگاری دهۆک، ساڵی ١٩٧٧ دەکرێتە وەزیری شارەوانییەکانی عێراق.

**وەسمان بەگ:** خەڵکی گوندی گەرەوانی خواروی سەر بە قەزای ڕواندز بووە، لە پێشمەرگە سەرەتاکانی شۆڕشی نوی دەبێت، لە شەڕی داستانی گەرەوان ڕۆڵی دیار و بەرچاوی دەبێت، لە دامەزراندنی هەرێمی ١٢، وەک جێگری سەید سەلیم لەو هەرێمە ئەرکی پێدەسپێردرێت، بەداخەوە ئەویش لە شەڕی براکان لەگەڵ پۆلێک پێشمەرگە شەهید دەبێ.

**وسو ئاغای ڕواندزی:** ساڵی ١٩١٦ لە ڕواندز لەدایکبووە، ئەندامی حزبی هیوا بووە، چوار ساڵ بەهۆی کاری ڕێکخستن زیندانی دەکرێت، ساڵی ١٩٦٣ بۆ جاری دووەم زیندانی دەکرێت، لە دەستپێکی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد وەک ئەندامێکی چالاک لە ڕواندز دەچێتە کۆڕی خەبات، ساڵی ١٩٧٦ کۆچیدوایی دەکات.

**نوری باویل ئاغا:** ساڵی ١٨٩٢ لە ڕواندز لەدایکبووە، لە حوجرە خوێندویەتی دەاتریش لە قوتابخانەی ڕوشدیە لە ڕواندز، دوای داگیرکردنی ڕواندز لە لایەن ئینگلیزەکان کراوەتە بەڕێوەبەری پۆلیسی ڕواندز، بەڵام دوای تێکچووی پەیوەندی لەگەڵ حاکمی ئینگلیز لە دەسەڵاتی ئینگلیز هەڵدەگەڕێتەوە، ساڵی ١٩٦٣ بە نەخۆشی کۆچیدوایی دەکات.

## ٢-١٥: فەرهەنگۆکی شوێنەکان

**ئاکۆیان، فەقیان، بنمێرد، گەرەوان، سەران:** چەند گوندێکی ئازادکراوی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بوون لە قەزای ڕواندز.

**ئۆمەراوە:** گوندێکە دەکەوێتە نزیک قەزای چۆمان لەسەر ڕێگای هاملتۆن.

**پیرزین، بەستۆرە، مەلائۆمەر:** سێ ئۆردوگای زۆرەملێی نزیک بە شاری هەولێرن، ڕژێم لە کاتی گواستنەوەی دێهاتە سنورییەکان، خەڵکی دۆڵی ڕوستێ، باڵەکایەتی لێ نیشتەجێ کردن، تا ئێستاش بەشێکی ئەو خەڵکانە لەو ئۆردگایانە ماون.

**باڵەک:** دەڤەرێکی بەرفراونی جوگرافییە، هەمیشە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش و دامەزراوەکانی شۆڕشی بەخۆوەگرتووە لە نمونەی، ئێزگەی شۆڕش، نەخۆشخانە، بەندیخانە، خەڵکی باڵەکایەتی کە زۆربەی زۆریان لەگەڵ شۆڕش دابوون، لە شۆڕشی نوێیشدا داینەمۆی هەستانەوە و لە ئامێزگرتنەوەی پێشمەرگە بوونە، چەندین جوامێری لێهەڵکەوتووە کە دواتر دێینە سەریان و باسیان لێوە دەکەین.

**بلەی ژێری:** گوندێکە دەکەوێتە دۆڵاییەک لە بناری چیاکانی ئیرۆن و کورەک، لە شۆڕشی نوێ ناوچەیەکی ئازادکراو بووە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

**بنمێردە و گەرەوان:** دوو گوندی سەر بە قەزای ڕواندز، گەرەوان دوو گوندن گەرەوانی سەروو و خواروو، ئەو گوندانەی ڕواندز هەمیشە لانەی پێشمەرگە بوونە.

**بنەکاول:** گوندێکە دەکەوێتە دامێنی چیایی هەندرێن لە دیوی ڕۆژئاوی بەرامبەر گوندی ئاکۆیان هەڵکەوتووە، تەواوی دانیشتوانەکەی سەیدن، لە شۆڕشی ئەیلول بارەگای سەرەکیی هێزەکەی شەهید سەید سەلیم لەم گوندە بووە، کەسایەتیی قارەمانی لێ هەڵکەوتووە، لە نمونەی شەهید سەید مستەفا، کە لە داستانی هەندرێن ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە، لە شۆڕشی نوێشدا هەمیشە خەڵکی گوندەکە وەک هێزی بەرگری میللی پشت و پەنای پێشمەرگە بوونە.

**بێخاڵ و کانیەقوڕ:** دوو گوندی سەر بە قەزای ڕواندزن، زێدی شەهید سەید سەلیم بوونە. ئێستا بێخاڵ بووەتە گوندێکی گەشتیاری، ساڵانە بە دەیان هەزار گەشتیار ڕووی تێدەکەن. کانیەقوڕ بەهۆی فراوانبوونی قەزای ڕواندز بووەتە گەڕەکێکی ڕواندز و ناوەکەی کراوەتە گەڕەکی کانی.

**پێرۆ:** ناوچەیەکە لە دەستپێکی دۆڵی ئاکۆیان، بەهاران خەڵکێکی زۆر بۆ سەیران ڕووی تێدەکەن.

**بێشۆران، گۆمی شەومۆ، تاوک، بانەزێوک، کەرۆک:** زەوییە کشتوکاڵیەکانی گوندی کانیەقوڕن،

ساڵی ١٩٧٤، بەعس بە بڕیارێک بەهۆی ئەوەی خاوەنەکانیان پێشمەرگە بوونە تەملیکی کردوون، بەڵام لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ جارێکی دیکە بۆ خاوەنەکانیان گەڕاونەتەوە، بەهارن ئەو زەویانە نێرگزی لێ شین دەبێ، بۆیە کوڕ و کچان دەچن ئەو شوێنە چەپکە نێرگز دەڕنن.

**بەردی بازنا:** بەردێکی گەورەیە لە ناوی گەلیی عەلیبەگ لە دەڤەری ڕواندز.

**پیروسوان:** گوندێکی سەر بە قەزای ڕواندزە، کەتووەتە ڕۆژهەڵاتی چیای زۆزک شوێنەکەی لاتەریک هەڵکەوتووە خەڵکەکەی ئەوسا زیاتر خەریکی ئاژەڵداری بوونە.

**جۆلەمێرگ و شەڕکان و ئالانە و ڕماوێژ:** چەند گوندێکن کەوتوونەتە ڕۆژئاوای چیای کوڕەک لە کۆنەوە تێکەڵاویان لەگەڵ گوندەکانی سەر بە ڕواندز هەبووە لە ڕووی ئیدارییەوە سەربە خەلیفانن کە لەم دوایانە بڕیاری بوونە قەزای بۆ دەرچووە.

**چیای ڕەشمارۆک، ئارموشە، گەروی بێجان، کێل کێل، گۆڕنۆک، دارەقەسپ، باسکە کرۆسک:** ناوی ئەو چیایەن کە دەورەی چیای کوڕەکیان داوە.

**حەسارەک:** ئەو گەرەکەی کەرج بوو کە ئێمەی ئاوارەی لێ نیشتەجێ کرابووین.

**خارەڕەش:** گەلییەکە درێژکراوەی خەرەندی ڕواندزە، لە پردی کاولۆکان دەستپیدەکات لە ئاوەی بێخاڵ بە کۆتا دێت.

**خەرەند:** دۆڵێکی قوڵە کە دەورەی شاری ڕواندزی داوە، لە بێرۆ دەستپێدەکات لە گوندی کاولۆکان کۆتایی دێت، ئەو گەلییە قوڵە، ڕواندز لە شاخی هەندرێن جیادەکاتەوە، بوونی ئەو گەلییە لە دەوری شاری ڕواندز هاوکار بووە بۆ خۆپارێزی لە سوپا و لەشکری دوژمنان، هاوشێوەی خەرەند لە دیوی ڕۆژئاوای ڕواندز گەلیی خارەڕەشی پێدەڵێن کە ئەویش لە کاولۆکان درێژ دەبێتەوە تا گەلیی بێخاڵ.

**خەیلانی و بارەکی:** دوو عەشیرەتی نیشتەجێی شاری هەولێر بوون ئەوسا زیاتر لە گەڕەکی بەستەپیازە نیشتەجێ بوون.

**دارەقەسپ:** لە زنجیرە چیای کوڕەکە، چەندین جار بووەتە مەیدانی شەڕی نێوان پێشمەرگە و سوپا و جاش لە ١٩٧٤/٤/٤، شەڕێکی گەورەی لێ ڕوودەدات و لەو شەڕە دوو برا بە ناوەکانی سەعید ئەحمەد، حوسێن بەیەکەوە شەهیددەبن، کە خەڵکی گوندی ئاکۆیان بوون.

**دۆڵی ئاڵانە:** خەڵکی ناوچەکە ئارانەی پێدەڵێن ئەو دۆڵەیە کە دەکەوێتە نێوان زنجیرە چیای کوڕەک و بەنی هەریر، دۆڵەکە لە چەند گوندێک پێکدێت و بەشێکیان سەر بە ناحیەی خەلیفانن و بەشەکەی دیکە سەر بە ناحیەی بالیسان، لەسەردەمی شۆڕش هەمیشە ئەو دۆڵە ناوچەی ئازادکراوی پێشمەرگە بووە.

**دەرگەڵە:** گوندێکی سەربەقەزای ڕواندزە، کەوتووەتە دامێنی چیای کارۆخ، تا بڵێی سروشتێکی

جوانی هەیە، خەڵکەکەی بە میوانداری ناسراون، ژمارەیەک لە خەڵکی ئەو گوندە بۆ پشتیوانی لە کۆماری کوردستان دەچنە مهاباد و دواتر ئاوارەی یەکێتی سۆڤیەت دەبن، لە هەموو بوارەکان خەڵکی تێدا هەڵکەوتووە.

**رواندز:** شارێکی کۆنی مێژوویە، مێژووی دامەزراندنی ئەم شارە بۆ سەردەمانی پێش زایین دەگەڕێتەوە و لەگەڵێک سەردەمدا پایتەخت بووە. لە ساڵی (٧٢٢ پ. ز - ٧٠٥ پ. ز) پایتەختی دەوڵەتی ئۆراتۆ بووە کە بە (موساسر) ناویان دەبرد، لە سەردەمی میرنشینی سۆرانیشدا پایتەختی ئەم میرنشینە بووە، ئەم شارۆچکەیە لە ڕابردوو و ئێستادا مەڵبەندێکی پێشکەوتوو بووە لە ناوچەکەدا و لە ساڵانی (١٨١٣ز) دا کارگەی دروست کردنی چەک و تەقەمەنی و سکەی ڕاکێشانی دراوی لێ بووە، کە (وەستا ڕەجەب) سەرپەرشتی دەکرد. هەر لەم شارۆچکەیەدا لە ساڵی (١٩٢٤) یەکەم ژمارەی گۆڤاری (زاری کرمانجی) لەلایەن حوزنی موکریانی بەچاپ گەیەنراوەو ئێستا ڕواندز یەکێکە لەم شارۆچکانەی کە گەشتیاران ساڵانە سەردانی دەکەن.

**ڕێگای هاملتۆن:** دەکەوێتە سنوری پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، کۆی درێژی ئەم ڕێگایە ١١٥ میلە (نزیکەی ١٨٥کم) لەناوەندی شاری هەولێر دەست پێدەکات و سنوری نێودەوڵەتی – دەروازەی نێودەوڵەتی - لەگەڵ وڵاتی ئێران لەحاجی هۆمەران کۆتایی دێت، لە سەدەی ڕابردوو دوای جەنگی جیهانی یەکەم و لەژێر دەسەڵاتی پاشایەتی لە ساڵەکانی ١٩٢٧ بۆ ١٩٣٢، واتە بە پێنج ساڵ لەلایەن ئەندازیارێکی شارستانی – نیوزلەندی- لەسوپای بەریتانی بەناوی (ئارچیبالد میلنی هاملتۆن- "Archibald Milne Hamilton بەئەنجام گەیشت و بەناوی ئەویشەوەو ناوزەند کرا. ئارچیبالد هاملتۆن لە کتیبەکەی دا بە ناونیشانی "Road Through Kurdistan: The Narrative of an Engineer in Iraq ") زۆر شتی لەسەر کوردو کوردستان وتۆمار کردووە، کە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری لندن بۆ یەکەمجار بە چاپی گەیاندووە.

**زیندانی خەلان:** زیندانی شۆڕشی ئەیلول بوو، خەلان، دەکەوێتە سەر سنوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەر بە قەزای چۆمانە، لەو زیندانەدا دەیان تێکۆشەری کورد لە پاڵ خەڵکی دیکە زیندانی کراوە.

سرێشمە: بەم دواییانە گوندی سرێشمە بە هۆی فراوانبوونی گوندەکە و زۆری ژمارەی دانیشتوانی کراوەتە ناحیە، خەڵکی سرێشمە تێکەڵاوی زۆریان لەگەڵ سەیدەکانی بێخاڵ هەبووە، لە کۆندا هاوینان بەیەکەوە دەچوونە کوێستان و لە شاخی کوڕەکییش لەوەڕ و پاوانی هاوبەشیان هەیە، سەید سەلیم تێکەڵاوی کۆمەلایەتی لەگەڵیان هەبووە بەتایبەت لەگەڵ بەرەبابی ئەحمەد شاباز و لە سەرەتایی ساڵانی شەستەکان لەگەڵ کچی ئەحمەد ئاغای سرێشمەی ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، لە ڕووی سیاسی و پێشمەرگایەتیشەوە لە زۆربەی وێستگەکانی تێکۆشان

سەرێشمە و سرێشمەییەکان پشت و پەنای سەید سەلیم بوونە.

**سندی و گلی:** دوو عەشیرەتی گەورەی دەڤەری بادینان.

**سینەما حەمرا:** یەکێک لە سینەما بەناوبانگەکانی شاری هەولێر بوو.

**شیوەڵۆک:** گوندێکی دەڤەری باڵەکایەتییە.

**کانی قرژاڵە:** ئۆردگایەکە لە ڕۆژئاوای شاری هەولێر دەکەوێتە سەر ڕێگای کەڵەک.

**کانی مام ئارەبی، کانی مێو، کانی خێوبیر، کانی ماران، هەواری سەید نەبی:** ناوی چەند کانیەکن کە لە سەر چیا و دامێنی چیای کوڕەک هەن.

**کاولۆکان:** ڕواندزی کۆن لە کاولۆکان بووە، ئەو شوینە دەکەوێتە سەر ڕوباری ڕواندز، ئەو ڕوبارەی لە باڵەکایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت تا لەناو گەلیی عەلیبەگ تێکەڵاوی دوو ڕوباری دیکە دەبێت. ئێستا بووەتە گەڕەکێکی ڕواندز، ناوی نراوە گەڕەکی پاشای گەورە، بەڵام خەڵکەکە هەر بە کاولۆکان ناوی دەبەن، جاران دانیشتوانەکەی زۆربەیان شیوعی بوونە، لە شۆڕشەکانی کوردستان دەیان تێکۆشەری لێهەڵکەوتووە و خاوەنی دەیان شەهیدن.

**کەرەج:** شارێکە لە ئیران ناوەندی پارێزگای البرزە، ٢٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای تاران دوور بوو ئێستا تێکەڵاوی تاران بووە، دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ماڵی بارزانی لەوێ نیشتەجێ کران.

**گوندی فەقیان:** یەکێک لە گوندە خۆش و جوانەکانی دۆڵی ئاکۆیانە، خەڵکەکەی بە جوامێری و ئازایەتی ناسراون کە لە شۆڕشەکانی کوردستاندا جێپەنجەیان دیاربووە، گوندەکە هەمیشە جێگای داڵدەدانی پێشمەرگە بووە، خاوەنی چەندین شەهیدە، لەناویاندا شەهیدی قارەمان حەمەزیاد. ئەو گوندە ماڵە خاڵوانی شەهید سەید سەلیم بووە، دایکی لە خێزانێکی تێکۆشەر بووە، لە شۆڕشی نوێدا گوندی فەقیان جێگای حەسانەوەی شەهید سەید سەلیم بووە، دایکە سێوێ کە خێزانی خاڵ عەزیز ناسراو بە (خارعەزۆ) خاڵی سەید سەلیم بووە، ژنێکی ئازا بووە، کە وەک دایکی پێشمەرگە لەو گوندە هەڵسوکەوتی کردووە.

**گوندەکانی سەرچیا:** هەموو ئەو گوندانە دەگرێتەوە کە لە چیای سپیلک دەستپێدەکەن تا دەگاتە ڕوباری خەلان نمونەی (کەلەکین، بەنۆکە، جۆنەرە، گۆڕەز، دەربەندۆک، کنەک، ساوا، کانی وەتمان، تد).

**گەلیی مام ونس:** گەلییەکە دەکەوێتە دامێنی چیای کوڕەک نزیک لە گوندی بێخاڵ دوو ئەشکەوتی تێدایە کە پێشمەرگەکانی سەید سەلیم کردبوویان بە بارەگای خۆیان.

**گەلیی مێگر:** گەلییەکە دەکەوێتە دامێنی چیاکانی (ڕەشماڵۆک و ئارمووشە و کوڕەک) لە ڕۆژئاوای شاری ڕواندز، جاران سەروچاوەی سەرەکیی دابینکردنی ئاوی ڕواندز بووە، بە جۆگا لەوێوە ئاو

هێندراوەتە ڕواندز، لەو دەڤەرە خێزانەکان کوڕەکانیان لە خۆشی ئەو ناوچە جوانە ناو دەنێن مێگر، لەم ساڵانەی دوایيدا گروپی شاخەوانی زۆر دەچنە ئەو شوێنە.

» **هەندرێن:** چیایەکی دەڤەری ڕواندزە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ئەم شارە، ساڵی ١٩٦٦ گەورەترین داستانی پێشمەرگەی تێدا تۆمارکراوە، ئەو داستانەی هاوکێشەی سیاسیی لە بەرژەوەندیی شۆڕشی کورد گۆڕی.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی:


1- ڕەفیق حیلمی، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، چاپی یەکەم ٢٠٢٠

2- ڕەسول بۆسکێنی، شەڕی عروسان، چاپی یەکەم. ٢٠٢١

3- زرار سلێمان دەرگەلەیی، بیرەوەریەکانم لە ساڵانی ١٩٤٣(-١٩٧٧) چاپی یەکەم

4- مەغدید حاجی، سەرهەڵدان و پەرەسەندنی بزوتنەوەی چەپ لە ڕواندز (١٩٣٩-١٩٤٩)

5- شەکیب ئاکرەیی، ساڵانی مەینەتی لە کوردستان، چاپی یەکەم ٢٠٢٣

6- خدر بچکۆڵ، سەرۆک نامە، چاپی یەکەم ٢٠٢٢.

7- نەوشێروان مستەفا، لە کەناری دانوبەوە بۆ خای ناوزەنگ، دوخی سیاسی لە کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٥ تاکو ١٩٧٩، (کوردستان. زەرگەتە: ١٩٩٧)

8- نەوشێروان مستەفا، پەنجەکان یەکتری دەشکێنن، دوخی سیاسی لە کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٩ تاکو ١٩٨٣، (کوردستان. زەرگەتە: ١٩٩٧)

9- کەریمی حسامی، لە بیرەوەرییەکانم، بەرگی دووەم، ٢٠١٨

10- +مەلا ڕەسولی پێشنماز، سەربردەی ژیانم، چاپی یەکەم ٢٠١٦

11- حەمید ڕەشاش، تولە ڕێیەکانی کوردایەتی. چاپی یەکەم ٢٠٢٢

12- عزەت سلێمان بەگ، شانێک بەبن باری نیشتمانەوە، چاپی یەکەم ٢٠٢١

13- زرار مستەفا، هونەر لە ڕواندزێ، چاپی یەکەم

14- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەرگی سێیەم٢٠٢٣

15- عەبدوڵلا مەلا زادە، شێوەی تەشکیلاتی عەسکەری شۆڕشی ئەیلول، چاپی یەکەم ٢٠٢٠

16- ئیسماعیل تەنیا، حزبی سۆسیالستی کوردستان(هەڵکشان، داکشان، پەرتەوازەبوون) چاپی یەکەم .٢٠١٩

17- گۆڤاری پێشکەوتن ، حزبی سۆسیالستی کوردستان، ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێر ژمارە ٥، ساڵی ١٩٨٨

18- سەنگەر ئیبراهیم خۆشناو، ڕووداوە سەربازییەکانی شۆڕشی ئەیلوول، چاپی یەکەم ٢٠٢٢

19- ساڵح موحەمەد ساڵح، ڕواندز مێژوو و بیرەوەرییەکان، چاپی یەکەم ٢٠١٨

20- ئیسماعیل تەنیا، لە ڕێگای ئازادیدا، بەرگی یەکەم ٢٠٢١

21- گۆڤاری چیا، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، ژمارە ١٦، ساڵی ٢٠٠٨

22- گۆڤاری K٢١ ژمارە (٢-٣) ٢٠٠٨

23- عەبدوڵڵا عوسمان عەلی، حەمە جەزا هونەرمەند و پێشمەرگە ٢٠٠٩

24- ڕەواندز توێژینەوەیەکی مێژوویی- سیاسییە ١٩١٨-١٩٣٩، ئەحمەد حمەد ئەمین ئۆمەر ٢٠٠٨

**سەرچاوەی عەرەبی:**

25- فريق اول الركن ابراهيم انسارى، (ايام لا تنسى)

26- سعيد حمو مذكرات امر لوا مشاة ١٩٧٧

27- محي الدين محمد يونس الصراع العلني و الخفي بين السلطة في العراق و الحركة الكردي ١٩٦٨-١٩٧٥ اربيل ٢٠٢١

**دیمانەکان :**

28- دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول خولێخۆشبوو سەید عەبدوڵڵا سەید نەبی، ٢٠٠٣/٧/١٧

29- دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول ئەسعەد ئەحمەد کاروانچی ٢٠٢٣/٩/٢٤

30- دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول ئیبراهیم حەمەدئەمین چاوەش ٢٠٢٣/٩/٢٩

31- دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول حەمەدئەمین شەریف گەڵاڵی ٢٠٢٣/١٠/١٧

32- دیمانە لەگەڵ عوسمان سەیدە شیوەڵۆکی ٢٠٢٢/٥/٦

33- دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین ئەحمەدی مەڕان ١٩٩٩/٩/٦

34- دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین کەوسەر عەزیز ئاغای کاولۆکی ٢٠٢٣/٩/٢١

35- دیمانە لەگەڵ دلاوەر حوسێن ئەفەندی ڕواندزی، ٢٠٢٣/٨/٣

36- دیمانە لەگەڵ ئاغەی خار سەید سرێشمەیی ، ٢٠٢٣/٨/٢٢

37- دیمانە لەگەڵ فەرماندە و پێشمەرگەی دێرین عەبدوڵلا بۆر، ٢٠٢٣/١٢/٢٠

38- دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول عەبدوڵلا سەرانەیی، ٢٠٢٣/١٢/٢٠

39- دیمانە لەگەڵ موسا سەید نوری ٢٠٢٣/٨/٧

40- دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین ساڵح هەولێری ، ٢٠٠٠/٤/٦

41- دیمانە لەگەڵ نوسەر و پێشمەرگەی دێرین ڕێباز مستەفا ٢٠٢١/٩/٧

42- دیمانە لەگەڵ زیندانی سیاسی مامۆستا ئەنوەر عەبدوڵلا ٢٠٢٢/٦/١٤

43- دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین مەحمود هەینی، ٢٠٢٣/١٢/٦

44- دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین خالید سەرنێلی، ٢٠٢٣/١٢/٢٤

45- دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین عومەر قەندی، ٢٧ / ٩/ ٢٠٢٣

46- دیمانە لەگەڵ پێشمەرگەی دێرین مستەفا سەڵتە ٢٠٢٣/٩/٢٧

47- دیمانە لەگەڵ فەرهاد شاکر مەجرووم ٢٠٢٤/٩/٢٢

## ژیاننامەی سەید سەلیم

سەلیم نەبی تەها، ناسراو بە سەید سەلیم، لە ١٩٤٠ لە شاری ڕواندز لە خێزانێکی کوردپەروەر لەدایکبووە. لە ١٩٦١، لە تەمەنی گەنجیەتی وەک یەکەمین دەستەی پێشمەرگە پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لە شۆڕشی ئەیلول.

زۆربەی پلەکانی پێشمەگایەتی حزبیی بڕیوە، وەک فەرماندەیەک دوا پلەی لە شۆڕشی ئەیلول فەرماندەی بەتالیۆن بووە. لەو شۆڕشەدا بەشداری شەڕ و داستانە بە ناوبانگەکانی (هەیبەسوڵتان، کوڕەک، هەندرێن، زۆزک، سەرتیز، سەرچیا، گەلی عەلیبەگ، تد) کردووە و سێ جار لەو شەڕانەدا بریندار بووە، هەروەها بەهۆی ئازایەتی بە قارەمانی داستانی کوڕەکی ١٩٧٤ ناوی دەرکردبوو.

سەید سەلیم، لە سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ ڕۆڵی گرنگ لە ڕێکخستن و ماندانی خەڵک بۆ پەیوەندیکردن بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبینێت، لە بەهاری ١٩٧٨وەک فەرماندەیەک بەشداری لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش دەکات، لەبەر لێهاتووی لە کاتی دامەزراندنی هەرێمەکان دەکرێتە فەرماندەی هەرێمی ١٢ هەندرێن ساڵی ١٩٧٩، وەک فەرماندەیەکی پێشمەرگە بۆ هاوکاریی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچێتە شاری مهاباد، لە شۆڕشی نوێ سەرپەرشتی چەندین داستان دەکات، تا دواجار لە پلەی ئەندامی مەکتەبی عەسکەری و سەرپەرشتیاری هەرێمەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ لە داستانی سماقولی لە ٢٤ /١٩٧٩/١٢، قارەمانانە شەهید دەبێت.



ئەریَ، ئەمە سەرگوزەشتەی فەرماندەیەک بوو کە لە سی و نۆساڵی تەمەنیدا (١٩٤٠-١٩٧٩)، شازدە ساڵی تەرخانکرد بۆ پێشمەرگایەتی لەپێناوی ئازادی و سەرفرازیی گەلەکەی. قارەمانی داستانی کوڕەک، خودان رێچکەی پێشمەرگانەی تایبەت بە خۆی بوو، عاشقی کێو و تەلان و یەکەم بەردی سەنگەر بوو، لە سەرەمەرگیشدا بزەیەکی هێنایە سەر لێوی و گوتی ئیدی بۆتە سەدەقەی کوردستان، ئەوانی دی درێژە بە کاروانەکە بدەن.

کاتێک دەستم دایە نوسینی ئەم کتێبە، ژمارەیەک لە هاوسەنگەر و هەڤاڵانی لە ژیاندا نەمابوون. هەندێکی دیکە دەیانگوت زەینیان هاریکار نابیَ رووداوەکانمان بۆ بگێڕنەوە، هەندێکیشیان چون پەراوێز خراون، یان دڵشکاون، ئامادەنەبوون بمانبەنەوە ئەوان رۆژان، خۆشبەختانە هەندێکی دیکە لە هەڤاڵانی هاندەر و هاوکارم بوون، بە زانیاری و بەڵگەنامە و ئەرشیفی ناو هزردان و دەستیان گێڕانەوەکەیان دەوڵەمەندکرد.